RAND EDUCATION

CHILDREN AND FAMILIES
EDUCATION AND THE ARTS
ENERGY AND ENVIRONMENT
HEALTH AND HEALTH CARE
INFRASTRUCTURE AND TRANSPORTATION
INTERNATIONAL AFFAIRS
LAW AND BUSINESS
NATIONAL SECURITY
POPULATION AND AGING
PUBLIC SAFETY
SCIENCE AND TECHNOLOGY
TERRORISM AND HOMELAND SECURITY

The RAND Corporation is a nonprofit institution that helps improve policy and decisionmaking through research and analysis.

This electronic document was made available from www.rand.org as a public service of the RAND Corporation.

Skip all front matter: Jump to Page 1

## Support RAND

Purchase this document

Browse Reports & Bookstore

Make a charitable contribution

## For More Information

Visit RAND at www.rand.org

Explore RAND Education

View document details

### Limited Electronic Distribution Rights

This document and trademark(s) contained herein are protected by law as indicated in a notice appearing later in this work. This electronic representation of RAND intellectual property is provided for non-commercial use only. Unauthorized posting of RAND electronic documents to a non-RAND website is prohibited. RAND electronic documents are protected under copyright law. Permission is required from RAND to reproduce, or reuse in another form, any of our research documents for commercial use. For information on reprint and linking permissions, please see RAND Permissions.

This product is part of the RAND Corporation monograph series. RAND monographs present major research findings that address the challenges facing the public and private sectors. All RAND monographs undergo rigorous peer review to ensure high standards for research quality and objectivity.

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان، وەزارەتی پەروەردە

# پێشینەی ستراتیجی بۆ باشترکردنی جۆری پەروەردە لە هەرێمی کوردستان



جۆرجز ڤێرنێ
شێلی کولبەرتسن
لوئەی کۆنستانت

پەروەردە
RAND

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان، وەزارەتی پەروەردە

# پێشینەی ستراتیجی بۆ باشترکردنی جۆری پەروەردە لە هەرێمی کوردستان

به چاودێری حکومەتی هەرێمی کوردستان


جۆرجز ڤێرنێ

شێلی کولبەرتسن

لوئەی کۆنستانت



RAND پەروەردە

توێژینەوەی ناو ئەم ڕاپۆرتە بە چاودێری حکومەتی هەرێمی کوردستان، و لەلایەن بەشی پەروەردەی ڕەند (RAND) ەوە ئەنجام دراوە، کە بەشێکە لە دەزگای ڕەند.

دەزگای رەند دەزگایەکی قازانج-نەویستە کە هاوکاریی پێشکەش دەکات لە بواری باشترکردنی سیاسەت و بڕیاردان بە پشت بەستن بە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە. مەرج نیە بڵاوکراوەکانی ڕەند ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونی خزمەتخواز یان چاودێری لێکۆڵینەوەکان بێت.

RAND® مارکەیەکی بازرگانیی تۆمارکراوە

*وێنەکانی سەر بەرگەکە موڵکی دەزگای ڕەندە.*

مافی لە چاپدانی پارێزراوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، 2014©

تەنها بۆ بەکارهێنانی کەسیی بوار بە وێنەگرتنەوەی ئەم بەڵگەنامەیە دەدرێت بە مەرجێک بێ گۆڕانکاری و بە تەواوەتی بکرێت. نابێت بۆ مەبەستی بازرگانی وێنەی لێبگیرێت. بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەی ڕەند لەسەر ماڵپەڕێک کە هی ڕەند نەبێت، قەدەغەیە. بەڵگەنامەکانی ڕەند بە گوێرەی یاسای مافی چاپ، پارێزراون. بۆ زانیاری لەسەر وەرگرتنی مۆڵەت بۆ لەبەرگرتنەوە و سازکردنی لینک، تکایە سەردانی لاپەڕەی مۆڵەتی ڕەند بکە (http://www.rand.org/publications/permissions.html).

لە 2012 لەلایەن دەزگای RAND چاپکراوە
1776 Main Street, P.O. Box 2138, Santa Monica, CA 90407-2138
1200 South Hayes Street, Arlington, VA 22202-5050
4570 Fifth Avenue, Suite 600, Pittsburgh, PA 15213-2665
RANDURL:http://www.rand.org/
بۆ داواکردنی بەڵگەنامەکانی ڕەند یان بۆ زانیاری زیاتر، پەیوەندی بکە بە:
بەشی خزمەتگوزارییەکانی دابەشکردن: تەلەفۆن: 7002-451 (310)
فاکس: 6915-451 (310)، ئیمێڵ: order@rand.org

# دەستپێک

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2007 ەوە دەستی بە بەرنامەیەکی مژدەبەخش کرد بۆ چاکسازی لە سیستمی خوێندنی (باخچەی ساوایان- پۆلی 12). بەشێکی چاکسازییەکە لەبەر پێویستبوونی هاوچەرخکردنی پەیڕەوە کۆنەکانی سیستمەکە بوو کە دەیان ساڵ بوو داڕێژرابوون، هەروەها بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی قوتابخانەکان، و باشترکردنی تافی خوێندن (کات و ماوەی خوێندن). خوێندن، کە تا پۆلی 6بە زۆر بوو، بەرز کرایەوە بۆ پۆلی 9، پەیڕەوێکی نوێی تۆکمەتر هێنرایە ئاراوە، و دوو زمان (ئینگلیزی و عەرەبی) لە بەرنامەی خوێندن دانران، و سەرەڕای زمانی کوردی لە خوێندنی سەرەتاییەوە دەگوترێنەوە. هەروەها هەیکەلی سیستمەکە داڕێژرایەوە و کرا بە دوو قۆناغ– بنەڕەتی (پۆلەکانی 1–9) و ئامادەیی (پۆلەکانی 10–12) – لە جیاتی ئەوەی جاران کە سێ قۆناغ بوو، هەروەها پێویستە ئەو مامۆستا نوێیانەی کە لەمەودوا دادەمەزرێن هەڵگری پلەی بەکالۆریۆس بن. هەموو ئەم گۆڕانکارییانە هاوکات پێکەوە ئەنجامدران، بێجگە لە گۆڕینی پەیڕەوەکە، کە لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا پۆلی زیاتری دەگرتەوە.

پێشبینی دەکرێت ئەم سیاسەتە نوێیانە لە ئاییندەدا کاریگەری گەورەیان هەبێت لەسەر وەرگرتنی قوتابی و خوێندکاران، ژمارەی قوتابخانە پێویستەکان، و ژمارە و جۆری مامۆستا پێویستەکان. هەروەها ڕەنگە وا پێویست بکات مامۆستاکان شێوازی فێرکاری خۆیان بگونجێنن، و ببێتە هاندەرێک بۆ گۆڕانکاری لە ئاکار و ڕەفتاری بەڕێوەبەرەکان، مامۆستاکان، دایک و باوکان، و قوتابییان.

لە ڕەوشێکدا کە سیستمی پەروەردە لە گۆڕانکارییدا بوو، حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای لە دەزگای ڕەند کرد لێکۆڵینەوەیەکی یەک ساڵی ئەنجام بدات بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەوشی سیستمی هەنووکەیی، داڕشتنی پێشینەی ستراتیجی، و پێشکەشکردنی راسپاردەی کرداری بۆ چاکترکردنی دابینکردنی پەروەردە و باشترکردنی جۆرایەتیی پەروەردە لە کوردستان.

لێکۆڵینەوەکە لەلایەن (بەشی پەروەردە) ی دەزگای ڕەندەوە ئەنجام درا، و حکومەتی هەرێمی کوردستان چاودێری کرد. دەرەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە جێی بایەخی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، و کارگێڕ و بەرپرسانی بواری پەروەردە، بەڕێوەبەرەکان، مامۆستایان، و هەموو ئەو کەسانەیەکە بایەخ بە باشترکردنی پەروەردە دەدەن لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

بۆ پەیوەندی بە نوسەری سەرەکی ئەم کارەوە، جۆرجز ڤێرنێ، دەتوانیت بە پۆستی ئەلیکترۆنی vernez@rand.org یان بە ژمارەی تەلەفۆنی 310-393-0411 بە هێڵی6211 پەیوەندیی پێوە بکەیت. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بەشی پەروەردەی ڕەند، پەیوەندی بکە بە بەڕێوەبەری بەشەکە، خاتوو دکتۆر دارلیین ئۆپفێر، بە ئیمێڵیdopfer@rand.org یان بە ژمارەی تەلەفۆنی 310-393-0411، بە هێڵی4926 یاخود بە ناردنی پۆستە بۆ دەزگای ڕەند: RAND Corporation, 1776 Main Street, P.O. Box 2138, Santa Monica, CA 90407-2138. بۆ زانیاری زیاتر، تکایە بڕوانە وێبسایتی ڕەند: www.rand.org

# ناوەڕۆک

**دەستپێک** ............ iii
**شێوەکان** ............ ix
**خشتەکان** ............ xi
**پوختە** ............ xiii
**پێزانین** ............ xix
**کورتکراوەکان** ............ xxi

**چاپتەری یەک**
**پێشەکی** ............ 1
باکگراوند ............ 2
ئابووری، دانیشتوان، ودەستیکار ............ 2
پەروەردە ............ 4
شێواز ............ 6
سێ ئامانجی ستراتیجی بۆ باشتر کردنی خوێندنی (باخچەی ساوایان-پۆلی 12) لە کوردستان ............ 8
ڕیزکردنی ئەولەویەتیی جێبەجێکردن ............ 10
بەرتەسکی و کۆتوبەند ............ 10
هێڵکاریی ڕاپۆرتەکە ............ 11

**چاپتەری دوو**
**سیستمی ئێستای خوێندنی (K-12) لە کوردستان** ............ 13
وەرگرتنی قوتابیان ............ 13
توانای قوتابخانەکان ............ 19
گەیاندنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان ............ 21
تایبەتمەندیی مامۆستا ............ 22
مەنهەجی نوێ و مومارەسەکردنی فێرکاری ............ 26
تافی فێرکاری ............ 27
ڕەخساندنی دەرفەت بۆ قوتابیانی ئاست-بەرز ............ 28
تەمویلکردنی قوتابخانەکان ............ 28
دەسەڵاتی کارگێڕی و بڕیاردان (بڕیاردروستکردن، صنع القرار) ............ 29
ڕێوشوێنی بەرپرسیاربوون و حەوافز ............ 29
ئەدای قوتابی ............ 30

چاپتەری سێ

**یەکەم ئەولەوییەتی ستراتیجی: بەرفراوانکردنی تواناکان بۆ وەڵامدانەوەی ئەو زیادبوونە خێرایەی لە داواکارییدا ڕوودەدات بۆ پەروەردە ........ 33**
ژمارەی داخڵبوونی قوتابیان تا 2021 ........ 33
ژمارەی ئەو پۆلە نوێیانەی پێویستن بۆ بەرسڤی بەرزبوونەوەی ڕێژەی داخڵبوون ........ 36
قەرەباڵغیی پۆلەکان گرفتێکە تا دێت زیاتر دەبێت لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان ........ 37
ژمارەی ئەو پۆلە نوێیانەی پێویستن بۆ کەمکردنەوەی قەرەباڵغی ........ 37
ڕاسپاردە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستبوونی پۆلی نوێ ........ 40
بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی داخڵبوونی قوتابی تا ساڵی 2021، پێویستە مامۆستای نوێ دابمەزرێت ........ 47
ڕاسپاردەبۆدابینکردنی مامۆستا وەک پێویست ........ 49

چاپتەری چوار

**سێیەم ئەولەوییەتی ستراتیجی: پتەوترکردن و باشترکردنی بەرپرسیاربوون و حەوافزەکان ........ 53**
پێویستە باشتر مەشق بە مامۆستاکان بکرێت و ئامادە بکرێن –مامۆستا موماریسەکان و مامۆستا نوێیەکانیش ........ 53
ڕاسپاردە بۆ مەشقکردن بە مامۆستا موماریسەکان ........ 60
ڕاسپاردە لەسەر بەرەوپێشبردنی مەشقی مامۆستا نوێیەکان ........ 66
قوتابیان پێویستیان بە کاتی زیاتری تافی فێرکاریە ........ 68
ڕاسپاردە بۆ زیاترکردنی (تافی فێرکاری) ........ 69
قوتابیانی ئاست-بەرز پێویستیان بە دەرفەتی زیاترە لە بواری خوێندنی خێرا ........ 72
ڕاسپاردە بۆ بەرفراوانکردنی دەرفەت بۆ قوتابیانی ئاست-بەرز ........ 73

چاپتەری پێنج

**سێیەم ئەولەوییەتی ستراتیجی: پتەوترکردن و باشترکردنی بەرپرسیاربوون و حەوافزەکان ........ 75**
بابەتەکانی بەرپرسیاربوون و حەوافز ........ 75
ڕاسپاردە بۆ چاکترکردنی بەرپرسیاربوون و حەوافزەکان بۆ مامۆستایان، بەڕێوەبەری قوتابخانەکان، و دایکان و باوکان ........ 79

چاپتەری شەش

**ڕێنمایی بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان ........ 83**
کۆکردنەوەی هەر پێنج تیمی کارەکە بۆ پلاندانان بۆ جێبەجێکردنەکە ........ 84
جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان بە قۆناغ و بە کاتبەندی ........ 89
هەماهەنگی جێبەجێکردنەکە لەنێوان سەرجەم تیمەکانی کار ........ 91

پاشینە

**ئاریشە درێژخایەنەکانی پەروەردە لە کوردستان ........ 93**
ئامادەکردنی قوتابیان بۆ بازاڕی کار ........ 93
پتەوکردنی هەیکەلییەتی ئیداری و سیستمی حەوافز بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئیدارەکردنەکە و ئاستی جۆرایەتیی خوێندن ........ 94

پاشکۆی A

**ئامرازەکانی پێشبینیکردنی داواکاری (طلب) لەسەر خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و ئامادەیی لە هەرێمی کوردستان ........ 95**

پاشکری B

**دابەشبوونی ئەو خوێندکارانەی قوتابخانەیان بەجێهێشتووە بە گوێرەی ناحیە ........ 105**

**پاشکۆی C**
**شیکردنەوەی شێوازەکانی دروستکردنی قوتابخانە لە هەرێمی کوردستان - عێراق** ........................... 107

**پاشکۆی D**
**ژمارەی پۆلی نوێی پێویست بە گوێرەی شار، و ئاستی خوێندن** ............................................ 119

**بیبلۆگرافی** ........................................................................................ 121

# شێوەکان


1-1 سنووری جوگرافیی ئێستای هەرێمی کوردستان 2
1-2 زیادبوونی ژمارەی قوتابیان، قوتابخانەکان، و مامۆستاکان لە 2003-2004 تا 2009-2010 ............. 14
2-2 زیادبوونی ژمارەی داخڵبوونی قوتابی، بە گوێرەی قۆناغی خوێندن، 2003-2004 تا 2009-2010 ....... 14
3-2 زیادبوونی داخلبوونی قوتابی لە باخچەی ساوایان، خوێندنی خێرا و قوتابخانە پیشەییەکان و پەیمانگەکان، 2003-2004 تا 2009-2010 ........ 15
4-2 کۆ و پوختەی داخڵبوونی قوتابیان بە گوێرەی قۆناغی خوێندن، 2007-2008 ............ 16
5-2 کۆی داخڵبوون، بە گوێرەی شارنشینی و قۆناغی خوێندن، 2007-2008 ............ 17
6-2 ڕێژەی قوتابیان کوڕان-بۆ-کچان، بە گوێرەی قۆناغی خوێندن، 2004-2005 تا 2009-2010 ........... 18
7-2 دابەشبوونی قوتابخانە یەک شەفتییەکان و دوو شەفتییەکان و بەکارهێنانی بینای قوتابخانە بە هاوبەشی لە هەرێمی کوردستان، 2007-2008 ........ 20
8-2 دابەشبوونی قوتابخانە یەک شەفتییەکان و دوو شەفتییەکان و بەکارهێنانی بینای قوتابخانە بە هاوبەشی، بە گوێرەی شارنشینی و قۆناغی خوێندن، 2007-2008 ........ 21
9-2 تێکڕای قەبارەی پۆل، بە گوێرەی شار و قۆناغی خوێندن، 2007-2008 ........ 22
10-2 ڕێژەی سەدیی دابینکردنی کارەبا بۆ قوتابخانەکان لە هەرێمی کوردستان، بە گوێرەی قەزا، 2007-2008 .. 23
11-2 ڕێژەی سەدیی دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ قوتابخانەکان لە هەرێمی کوردستان، بە گوێرەی قەزا، 2007-2008 ........ 24
12-2 ڕێژەی قوتابیان-بۆ-مامۆستایان، بە گوێرەی شارنشینی و قۆناغی خوێندن، 2007-2008 ........ 25
13-2 ئاستی خوێندەواریی مامۆستاکان، بە گوێرەی قۆناغ و کۆ، 2007-2008 ........ 25
14-2 پسپۆڕیی ئەکادیمی مامۆستایانی سەرەتایی، 2007-2008 ........ 26
15-2 ڕێژەی سەدیی ئەو قوتابیانەی کە ساڵێک ماونەتەوە، بە گوێرەی شوێن، قۆناغی خوێندن، و کۆ، 2007-2008 ........ 31
16-2 ڕێژەی سەدیی ئەو قوتابیانەی کە ماونەتەوە، بە گویرەی تەمەن و ژمارەی ساڵانی مانەوە، 2007 ....... 31
17-2 پلەی قوتابیان لە ئەزموونی نیشتمانیی پۆلی 9، بە گوێرەی وانە، 2008-2009 ........ 32
1-3 خوێندنەوەی (پێشبینی) زیادبوونی زیادبوونی داخڵبوونی قوتابی لە هەرێمی کوردستان، 2010-2021 ... 34
2-3 خوێندنەوەی (پێشبینی) داخلبوونی قوتابی تا 2021، بە گوێرەی قۆناغی خوێندن (مەزەندەی گەشەی مامناوەندیی) ........ 36
3-3 ڕێژەی سەدیی قوتابخانە قەرەباڵغەکان، بە شارنشینی و قۆناغی خوێندن، 2007-2008 ........ 38
4-3 ڕێژەی سەدیی قوتابخانە قەرەباڵغەکان، بە گوێرەی قەزا، 2007-2008 ........ 40
5-3 ڕێژەی سەدیی گەنجانی تەمەن 13-15 کە قوتابخانەیان بەجێهێشتووە، 2009-2010 ........ 41
6-3 ئەگەری دابەشکردنەوەی قوتابیانی قوتابخانە قەرەباڵغەکان بەسەر ناقەرەباڵغەکاندا. ........ 44
7-3 ئەگەری ئەو ناوچانەی دەگونجێت بۆ ناوچەی کۆکردنەوە بۆ دروستکردنی قوتابخانەی ئاوێتە ........ 48
8-3 مامۆستای نوێی پێویست، بە گوێرەی وانە (مەزەندەی مامناوەندی) 2010-2021 ........ 49
1-4 ڕێژەی ئەو مامۆستایانەی کە گوتویانە ئامادەباشن، یان زۆر باش ئامادەن، بە گوێرەی چالاکیی فێرکاریی پەیوەست بە مەنهەجە نوێیەکە، 2010 ........ 54
2-4 ڕێژەی سەدیی ئەو مامۆستایانەی ناڕازین یان بە توندی ناڕازین لە هەندێک شتی مەنهەجە نوێیەکە، 2010 .. 55

3-4 ڕێژەی ئەو مامۆستایانەی کە گوتویانە مەشقیان بینیوە لە دوو ساڵی ڕابردوودا بە گوێرەی وانەکان، 2010-2008 ........ 56
4-4 ڕێژەی سەدیی ئەو مامۆستایانەی گوتویانە ئەو مەشقەی بینیویانە وەک پێویست بووە، بە گوێرەی وانەکان، 2008-2010 ........ 57
5-4 ڕێژەی ئەو مامۆستایانەی وانەی تر دەڵێنەوە نەوەک وانەی پسپۆڕێتی خۆیان، بە گوێرەی وانە، 2010 ... 57
6-4 ڕێژەیی ئەو مامۆستایانەی وتیان کە کۆتوبەند هەیە لەسەر بەکارهێنانی شێوازی فیرکاریی (قوتابی تیشکۆ)، بە گوێرەی کۆتوبەندەکە، 2010 ........ 58
7-4 ڕێژەی ئەو مامۆستایانەی کە پشتگیرییان وەرگرتووە، بە گوێرەی جۆری پشتگیرییەکە، 2009-2010 .... 65
8-4 ژمارەی کاتژمێرەکانی (تافی فێرکاری) لەساڵێکدا لە خوێندنگەکانی وڵاتانی OECD و هەرێمی کوردستان، بۆ پۆلەکانی 1-6 ........ 69
9-4 کاتژمێرەکانی فێرکاری لە قوتابخانەکانی وڵاتان و هەرێمی کوردستان، بە گوێرەی قۆناغی خوێندن، ماوەی ساڵی خوێندن، و درێژیی ماوەی شەفتی ڕۆژانە ........ 70
1-5 ڕێژەی سەدیی ئەو مامۆستایانەی کارلێک لەگەڵ سەرپەرشتیاران دەکەن، بە گوێرەی ژمارەی کارلێکەکان و قۆناغی خوێندن، 2009-2010 ........ 76
2-5 ڕێژەی سەدی ئەو مامۆستایانەی کارلیک لەگەڵ سەرپەرشتیاران دەکەن، بە گوێرەی بابەتی باسکراو و سوودی کارلێکەکە، 2009-2010 ........ 78
1-6 قۆناغەکانی جێبەجێکردنی گۆڕانکارییەکان لە سیستمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان ........ 89
2-6 تیمی کار، لیژنەی لاوەکی، و پردی هەماهەنگی ........ 92
1-B ڕێژەی سەدیی بەجێهێشتنی قوتابخانە لەناو گەنجانی تەمەن 6-12 ساڵ، 2009-2010 ........ 105
2-B ڕێژەی سەدیی بەجێهێشتنی قوتابخانە لەناو گەنجانی تەمەن 16-18 ساڵ، 2009-2010 ........ 106
1-C نموونەی جۆراوجۆری قوتابخانەی دروستکراو لە کەرەستەی ئامادە ........ 109
2-C نموونەی قوتابخانەی کواڵیتی بەرزی کەرەستەی ئامادە بە خەسڵەتی سەوزەوە ........ 110
3-C نموونەی پۆلی زانست لە کەرەستەی ئامادە ........ 111
4-C نموونە لەسەر قوتابخانەی دروستکراو لە کەرەستەی ئامادە لە عێراق ........ 111
5-C نموونەی پلانی تەلارسازیی بۆ قوتابخانەی 12 پۆلی لە کەرەستەی ئامادە لە عێراق ........ 112
6-C نموونەی پلانی تەلارسازیی بۆ قوتابخانەی 21 پۆلی لە کەرەستەی ئامادە لە عێراق ........ 113

# خشتەکان


1-1. ڕێژەی سەدیی مووچەخۆران، بە گوێرەی بواری ئابووریی ... 3
2-1. ڕێژەی سەدیی ئەو گەنجانەی لە قوتابخانە نین، بە گوێرەی گروپی تەمەن، جێندەر، و هۆ، 2007 ... 19
2-2. یەکەکانی مەنهەج، بە گوێرەی قۆناغی خوێندن و وانەکە ... 27
3-1. مەزەندەی زیادبوونی داخڵبوونی قوتابیان و ژمارەی پۆلی نوێی پێویست، 2010-2021 ... 36
3-2. ژمارەی پۆلی پێویست بۆ کەمترکردنەوەی قەرەباڵغی، بە گوێرەی شوێن و قۆناغی خوێندن، 2010-2021 ... 38
3-3. مەزەندەی ژمارەی پۆلی پێویست بۆ دابینکردنی پێداویستیی زیادبوونی داخڵکردنی قوتابیان و کەمترکردنەوەی قەرەباڵغی، 2010-2021 ... 39
3-4. ژمارەی هاوتای ئەو پۆلانەی دەست دەکەون لە قوتابخانە نا-قەرەباڵغەکان ... 44
3-5. ژمارەی هاوتای ئەو پۆلانەی دەست دەکەون بە زیاترکردنی شەفتێک دەوام بۆ ئەو قوتابخانانەی یەک شەفت دەوام دەکەن. ... 45
3-6. ڕێگەچارە بۆ وەڵامدانەوەی پێداویستبوونی پۆلی نوێ، 2010-2021 ... 47
3-7. ژمارەی پێشبینیکراوی مامۆستای پێویست، بە گویرە قۆناغی خوێندن، 2010-2021 ... 48
3-8. تێکڕای کرێ، بۆ هەندێک پیشەی دیاریکراو، 2007 ... 51
4-1. بەراورد لە نێوان مەنهەجی کۆلیژی مامۆستایانی هەرێمی کوردستان و کۆلیژی مامۆستایانی ویلایەتە یەکگرتووەکان ... 59
4-2. ئەولەوییەتەکانی مەشق بە بۆچوونی مامۆستاکان ... 62
A-1. ژمارەی قوتابیان داخڵکراو بە گوێرەی جێندەر و پۆل، 2003-2004 تا 2009-2010 ... 97
A-2. مەزەندەکاری – کوڕان: ڕێژەی زیادبوونی دانیشتوانی شایستە و ئەگەری گواستنەوە لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێک بۆ کوڕان، 2010-2011 تا 2020-2021 ... 98
A-3. مەزەندەکاری – کچان: ڕێژەی زیادبوونی دانیشتوانی شایستە و ئەگەری گواستنەوە لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێک بۆ کچان، 2010-2011 تا 2020-2021 ... 99
A-4. مۆدیلی لێشاو- کوڕان: خوێندنەوە (پێشبینی)، کۆی فاکتەرەکان، زیادبوونی دانیشتوان، داخڵکردن لە پۆلی 1، و گواستنەوەی قوتابی کوڕ لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێکی تر، 2010-2011 تا 2020-2021 ... 101
A-5. مۆدیلی لێشاو- کچان: خوێندنەوە (پێشبینی)، کۆی فاکتەرەکان، زیادبوونی دانیشتوان، داخڵکردن لە پۆلی 1، و گواستنەوەی قوتابی کچ لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێکی تر، 2010-2011 تا 2020-2021 ... 102
C-1. ژمارە و شوێنی قوتابخانە سەرەتاییەکان (پۆلەکانی 1-9) لە هەرێمی کوردستان، 2010 ... 107
C-2. کولفەی نزیکەیی بۆ دروستکردنی قوتابخانەی سەرەتایی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بە بیناسازی بە شێوەی تەقلیدی و بیناسازیی بە کەرەستەی ئامادە. ... 113
C-3. لایەنە باش و خراپەکانی بیناسازیی بە کەرەستەی ئامادە لە هەرێمی کوردستان-عێراق ... 114
C-4. لایەن باش و خراپەکانی بیناسازیی بە کەرەستەی ئامادە لە شانشینی یەکگرتوو ... 115
C-5. هێڵکاریی ڕێژەی نرخی کرێکاری جیهانی، 2009 ... 115
C-6. هێڵکاری کولفەی کەرەستەی بیانسازی، 2009 ... 116
C-7. هێڵکاری کولفەی بینای بازرگانی، 2009 ... 116
C-8. زانیاری لەسەر کۆمپانیاکان و ناونیشانیان ... 117

D-1. ژمارەی پۆلی نوێی پێویست بۆ وەڵامدانەوەی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و کەمکردنەوەی قەرەباڵغیی قوتابخانەکان بە گوێرەی شارنشینی، جۆری مەزەندەکە، و جۆری ڕێگەچارەکە، 2021-2010 ..... 119
D-2. ژمارەی پۆلی نوێی پێویست بۆ وەڵامدانەوەی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و کەمکردنەوەی قەرەباڵغیی قوتابخانەکان بە گوێرەی جۆری مەزەندەکە، قۆناغی خوێندن، و جۆری ڕێگەچارەکە، 2010-2021 ..... 119

## پوختە

ساڵی2007، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی بە بەرنامەیەکی مژدەبەخش کرد بۆ چاکسازی لە سیستمی خوێندنی (باخچەی ساوایان- پۆلی 12): بنەڕەتی (پۆلەکانی 1–9) و ئامادەیی (پۆلەکانی 10–12). هەروەها سیاسەتی نوێی دارِشت بۆ کەمکردنەوەی دەرنەچوون (مانەوە)ی قوتابیان لە پۆلە بەراییەکاندا، و دوو تاقیکردنەوەی بەکالۆری ئاستی نیشتمانیی هێنایە ئاراوە. سەرەڕای ئەمەش، مەشقکردن بە مامۆستاکان بەشێک بوو لە چاکسازییەکە، هەروەها، پێویستە مامۆستاکانی لەمەودوا هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بن.

لەم ڕەوشەدا کە گۆڕانکارییەکی گەورە لە سیستمی پەروەردەدا ئەنجام دەدرا، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە 2010 داوای لە دەزگای ڕەند کرد ڕەوشی هەنووکەی سیستمی (باخچەی ساوایان - پۆلی 12) هەڵبسەنگێنێت و ڕاسپاردە پێشکەش بکات لەسەر ڕێوشوێنەکانی زیاترکردنی دابینکردنی پەروەردە و خوێندن بۆ قوتابیانی هەرێمی کوردستان و چاکترکردنی کوالێتی (جۆرایەتیی) خوێندن. ئامانجی گەورەتر و درێژخایەنتری ڕەند بریتی بوو لە سوودوەرگرتن لەو چاکسازییەی لەم دواییەدا دەستی پێکردبوو، هەروەها هاوکاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان تا بە شێوەیەکی خێراتر دەستی بگات بە پەروەردەیەکی باش، جیهانی، و بنەڕەتی. ڕەند لێکۆڵینەوەیەکی یەک ساڵەی فرە شێوازی دارِشت کە تێیدا زانیاری سەرەتایی قوتابخانەکانی وەزارەتی پەروەردەی شیکردەوە، زانیاری سەرەتایی سەرچاوەی تری هەرێمی کوردستان و عێراقی شیکردەوە، چاوپێکەوتنی لەگەڵ ژمارەیەکی بەرفراوان لایەنی پەیوەندیدار کرد، رووپێوی مامۆستاکانی کرد[1]، پێداچوونەوەی مەنهەجە نوێیەکەی سیستمی (باخچەی ساوایان - پۆلی 12) و مەنهەجی کۆلیژەکانی مامۆستایانی کرد، مۆدیلێکی دارِشت تا ببێت بە پرۆژەیەک بۆ وەرگرتنی قوتابیان لە ئایندەدا، نەخشەکێشانی سیستمی زانیاریی جوگرافی (GIS) ی بەکارهێنا بۆ پیشاندانی دابەشکردنی جوگرافیی قوتابخانە و خوێندنگەکان، و هەڵسەنگاندنی گونجاوێتیی کارە پێشنیارکراوەکان، و پێداچوونەوەی ئەدەبیاتی باشترین نموونە و پراکتیس و سیاسەتە پەروەردەییەکانی کرد.

ئەم بەرهەمە سێ ئەولەوییەتی ستراتیجی پێشنیاردەکات بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی چاکترکردنی سیستمی (باخچەی ساوایان - پۆلی 12):

- بەرفراوانکردنی توانا بۆ وەڵامدانەوەی ئەو داواکاری و پێویستییەی بەردەوام لە زیادبووندایە لەسەر پەروەردە.
- باشتر کردنی تافی خوێندن (تافی خوێندن واتە کات و ماوەی خوێندن).
- تۆکمەکردنی ڕێوشوێن و کاری بەرپرسیاربوون (مسائەلە) و زیادکردنی حەوافز بۆ لایەنە بەشدارەکان.

### یەکەم ئەولەوییەتی ستراتیجی: بەرفراوانکردنی توانا بۆ پڕکردنەوەی ئەو پێویستییەی بەردەوام لە زیادبووندایە لەسەر پەروەردە

لە چەند ساڵی ڕابردوودا (لە ساڵانی خوێندنی 2004-2005 تا 2009-2010) سیستمی پەروەردەی (باخچەی ساوایان پۆلی-12) بە خێرایی لە هەرێمی کوردستان گەشەی کرد. بە تێکڕا، ساڵانە 67,000 قوتابی نوێ چوونەتە قوتابخانە. لە پۆلەکانی ناوەندی (7-9) و ئامادەیی (10-12) ڕێژەی زیادبوونی ژمارەی خوێندکارانگەورە بووە (ساڵانە ژمارەی قوتابییەکان بە تێکڕای 4.9 لە سەت و 13.8 زیادی کردووە)، ئەمە زیاترە وەک لە زیادبوونی ژمارەی قوتابی پۆلەکانی سەرەتایی (باخچەی ساوایان-6). لە

[1] لەناویدا ستافی وەزارەتی پەروەردە و مامۆستای کۆلیژەکان، بەڕێوەبەری قوتابخانەکان، و سەرپەرشتیارەکانی قوتابخانەکان.

پۆلەکانی سەرەتایی ڕێژەی (پوختەی چوونە قوتابخانە، پوختەی داخڵبوون لە قوتابخانە) نزیکەی 100 لە سەت بووە، بەڵام بۆ پۆلەکانی (7-9) (0.47) بووە و بۆ پۆلەکانی (10-12) (0.22) بووە، کە ئێجگار کەمترە لەوەی قوتابخانەی سەرەتایی.

خوێندنگە و قوتابخانەکان نەیاندەتوانی وەڵامی ئەم زیادبوونە خێرایەی ژمارەی قوتابیان بدەنەوە. لە ئەنجامدا، شەفتێک دەوام زیاد کرا بۆ زیاتر لە نیوەی قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان، یاخود دوو قوتابخانە پێکەوە بینایەکەیان بە هاوبەشی بەکارهێنا. ئەمەش بە تایبەتی بۆ ناوچە شارنشینەکان و بۆ پۆلەکانی 7-12 ڕاستە. لەسەر ئەم گرفتەشەوە، قوتابخانەکانی شارەکان – شەفتی تاک و شەفتی دوو دەوامیش وەک یەکتری - ئێجگار قەرەباڵغ بوون، تێکڕای قەبارەی پۆلێک 42 خوێندکار بوو.[2]

پێناچێت لە دەساڵی داهاتوودا ئەم فشارە لەسەر توانای قوتابخانەکان کەم بکات، تەنانەت ڕەنگە زیاتر بکات. بە گوێرەی خوێندنەوەی ئێمە، داخڵبوونی قوتابی نوێ لە قوتابخانە ساڵانە بە ڕێژەی لای کەمی 69,000 تا لای زۆری 111,000 قوتابی زیاد دەکات.[3] ئەمەش مانای ئەوەیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دە ساڵی داهاتوودا 21,400 تا 34,700 پۆلی نوێ دروست بکات (بەو گریمانەیەی کە تێکڕای قەبارەی پۆلێک بریتییە لە 35 قوتابی). بۆ چارەسەرکردنی گرفتی قەرەباڵغیی قوتابخانەکانی شارەکان، پێویستە 5,200 پۆلی تریش دروست بکرێت.

ئاریشەیەکی تری بواری تواناکان بریتییە لەوەی تا دێت زیاتر مامۆستا پێویست دەبن، و دەبێت مامۆستای زیاتر دابین بکرێن. بۆ دابینکردنی مامۆستا بۆ ئەو قوتابییە خوێندکارانەی وەردەگیرێن، کە تا دێت ژمارەیان زۆر زیاتر دەکات، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵانە تا دە ساڵی داهاتوو 4,800 تا 6,900 مامۆستای تر دابمەزرێنێت. مامۆستای کوردی، ماتماتیک، و زانست زۆر پێویست دەبن.

**دروستکردنی قوتابخانە و پۆلی نوێ**

بۆ وەڵامدانەوەی پێداویستبوونی قوتابخانەی نوێ، و بە مەبەستی کەمترکردنەوەی قەرەباڵغیی قوتابخانەکانی ئێستا، حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە ساڵانە تا ساڵی 2021 هەموو ساڵێک 202 قوتابخانەی 18 پۆلی دروست بکات بۆ ئەوەی لەلایەک قوتابخانە دابین بکات بۆ زیادبوونی ژمارەی قوتابییەکان و لەلایەکی تریش قەرەباڵغیی قوتابخانەکان کەم بکاتەوە. ئەو سەرمایەی ساڵانە بۆ بنیاتنانی ئەو ژمارە قوتابخانەیە پێویستە، ئەگەربە کەرەستە و شێوازیی تەقلیدییانە دروست بکرێن، بریتییە لە 200 تا 300 ملیۆن دۆلار، ئەمە سەرەڕای ئەو وەبەرهێنانە ساڵانەیەی کە ئێستا بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کراوە. بۆ کەمترکردنەوەی بڕی ئەم وەبەرهێنانە بە 15 تا 30 لە سەت، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت بینایەکان لە کەرەستەی ئامادەکراو (بینای جاهز) دروست بکات. لایەنێکی تری باشی ئەم جۆرە قوتابخانەیە ئەوەیە کە بە 6-8 مانگ دروست دەکرێت، بە بەراورد لەگەڵ دروستکردنی بە کەرەستە و شێوازی تەقلیدی کە 18-24 مانگ دەخایەنێت.

ئەگەر سەرمایەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشی دروستکردنی ئەم ژمارە قوتابخانە نوێیە نەکات، ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین چوار ڕێوشوێن پیادە بکات، کە بە شێوەیەکی سەرەکی دەتوانرێت لە شارەکان پیادە بکرێت:

- دابەشکردنەوەی قوتابییەکانی قوتابخانە قەرەبالغەکان بەسەر ئەو قوتابخانانەدا کە قەرەبالغ نین.
- کەمکردنەوەی هێشتنەوە (کەوتن)ی قوتابیان لە پۆلە سەرەتاییەکان (1-6).
- زیاترکردنی شەفتێک بۆ هەموو ئەو قوتابخانانەی تەنها یەک شەفت دەوامیان تێدا دەکرێت.
- دوو شەفت دەوام بکرێت لە هەموو ئەو قوتابخانانەی تازە دروست دەکرێن.

ئەم ڕێوشوێنانە بە ڕێژەی نزیکەی 60 لە سەت ژمارەی ئەو قوتابخانە نوێیانە کەم دەکەنەوە کە پێویستە دروست بکرێن. بەڵام هێشتا پێویستە ساڵانە نزیکەی 50 تا 85 قوتابخانەی 18 پۆلی دروست بکرێت.

لە دەرەوەی شارەکان، شێوازێکی مژدەبەخش بۆ کەمکردنەوەی پێداویستبوون بە قوتابخانەی نوێ بریتییە لەوەی هەموو قوتابییەکانی ناوچەیەکی دیاریکراو لە یەک قوتابخانەی گەورە دەوام بکەن لە جیاتی ئەوەی بچن بۆ چەند قوتابخانەیەکی بچووک. بەڵام لەم حاڵەتەدا پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان هۆی گواستنەوە (وسائل

---

2 لە بەرامبەردا، قەبارەی پۆلەکان لە دەرەوەی شارەکان بە تێکڕا بریتییە لە 14 خوێندکار.

3 ئەم ژمارانە پشت بە چەند مەزەندەیەکی گۆڕاو دەبەستن وەک ڕێژەی لەدایکبوون، زیادبوونی ساڵانەی ژمارەی ئەو قوتابیانەی خوێندنی بنەڕەتی تەواو دەکەن، و خێرایی بەدەستهێنانی یەکسانیی جێندەر.

النقل) دابین بکات بۆ ئەو قوتابیانەی کە ماڵیان دوورە و ناتوانن بە پێ بچن بۆ قوتابخانە نوێیە گەورەکە. پێویستە ئەو خەرجییەی لە ژمارەی مامۆستاکان و بەڕێوەبەرەکان دەگەڕێتەوە، و هەروەها پەروەردەیەکی باشتر بتوانێت قەرەبووی ئەو خەرجییانە بکاتەوە کە لەم حاڵەتەدا بۆ هاتووچۆ سەرف دەکرێت.

**وەرگرتنی مامۆستای نوێ**

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پێویستییەی دێتە ئاراوە لە بواری دابینکردنی مامۆستا بۆ قوتابخانە نوێیەکان، پێویستە کۆلیژەکانی مامۆستایان ژمارەی قوتابییە دەرچووەکان زیاتر بکەن (ئێستا ساڵانە نزیکەی 1,000 قوتابی لەو کۆلیژانە دەردەچن)، پێویستەئەم ژمارەیە بۆ بڕی چوار تا پێنج ئەوەندە (واتە 4,000 - 5,000) زیاد بکرێت. بەڵام، تا ئەو کاتە، پێدەچێت کەمیی ڕوونەدات لە ژمارەی ئەو مامۆستایانەی لە دەرچووانی کۆلیژی پەروەردە و کۆلیژەکانی تری زانکۆکانەوە دادەمەزرێن(بە مامۆستای ماتماتیک و زانستیشەوە). وەزارەتی پەروەردە دەتوانێت دەرچووانی ئەم کۆلیژانە وەک مامۆستا دابمەزرێنێت لەخوێندنگە ئامادەییە نوێیەکان بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەمییەی کە هەیە لە دەرچووانی کۆلیژەکانی مامۆستایان.

## دووەم ئەولەوییەتی ستراتیجی: چاکترکردنی تافی خوێندن

زانیاری و زانیاری سەرەتایی سەبارەت بە نمرە و کارتی قوتابیان ئەوە دەردەخەن کە قوتابیانی هەرێمی کوردستان ئەدایان لاوازە. لە نزیکەی دوو-سێی قوتابخانەی شارەکان، زیاتر لە 50 لە سەتی قوتابییەکان لە تاقیکردنەوەکانی ساڵی 2007-2008 دەرنەچوون. زیاتر لە دوو-سێی قوتابیانی کورد تا ئەو کاتەی گەیشتوونەتە پۆلی 9 بە لای کەمەوە ساڵێک ماونەتەوە. نزیکەی یەک-سێی قوتابیانی پۆلی نۆ لە تاقیکردنەوەی بەکالۆریی ئینگلیزی، فیزیا، و ماتماتیک دەرنەچوون لە 2008-2009.

سێ فاکتەر کار دەکەنە سەر ئەم ئەنجامانە. یەکەم: توانای مامۆستا موماریسەکان بۆ وتنەوەی مەنهەجە نوێیەکە لاوازە، ئەمەش لەبەر هۆی جۆراوجۆر. زۆر مامۆستا هەیە هێندەی پێویست ئاشنا نییە بەو بابەتەی کە دەیڵێتەوە لە مەنهەجە نوێیەکە. هەندێک مامۆستا ناچار بوون وانەی ئەوتۆ بڵێنەوە کە جیاوازە لە پسپۆڕێتی خۆیان. مامۆستاکان پەروەردە و مەشقێکی کەمی عەمەلی دەبینن. زۆربەی مامۆستاکان هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس نین. سەرەڕای ئەمانەش، وەک پێویست مەشق بە مامۆستا نوێیەکان نەکراوە لەسەر شێوازەکانی فێرکاری (طرق التدریس)، و پێش ئەوەی بڕوانامەیان پێبدرێت ئەزموونی عەمەلییان نەبینیوە.

دووەم: قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان کاتێکی ئێجگار کەم بۆ وانە وتنەوە تەرخان دەکەن. لە قوتابخانە یەک دەوامییەکان لە ساڵێکدا 693 کاتژمێر وانە دەگوترێتەوە، لە قوتابخانە دوو دەوامییەکان 539 کاتژمێر وانە دەگوترێتەوە – هەردووکیان زۆر لە خوار ئاستی ستانداردی وڵاتانی (OECD)ن، کە بریتییە لە 794 کاتژمێر وانە لە ساڵێکدا. بڕی ئەو کاتەی لەناو پۆل سەرف دەکرێت لە پۆلەکانی 7-12 زۆر کەمترە لەوەی وڵاتانی (OECD). سەرەڕای ئەمەش، مەنهەجە نوێیەکە پێویستی بە (تافی فێرکاریی) زیاترە، مامۆستاکانیش دەڵێن ناتوانن بە تەواوەتی ڕووماڵی مەنهەجەکە بکەن بەو کاتژمێرانەی ئێستا بۆ پۆلەکان تەرخان کراوە.

سێیەم، بە شێوەیەکی گشتیی دەرفەتێکی کەم هەیە لە پێش قوتابیانی بەهرەدار. ئەگەرچی چەند قوتابخانەیەکی "نموونەیی" هەیە کە خوێندنی خێرا پێشکەش دەکەن.[4] بەڵام ئەم قوتابخانانە بەشی ئەوە ناکەن پەروەردە و مەشق بە سەرکردەکانی نەوەی داهاتووی هەرێمی کوردستان بدەن.

**باشتر کردنی مەشقی مامۆستایان بۆ مامۆستایانی موومارس و مامۆستا نوێیەکان**

**بەرزکردنەوەی ئاستی شارەزایی و ئەزموونگەریی مامۆستا موماریسەکان.** ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین حکومەتی هەرێمی کوردستان بنکەی مەشقی هەرێمایەتی بکاتەوە، و مامۆستای کۆلیژەکانی بۆ تەرخان بکات. پێویستە کەسانی پسپۆڕ و ڕاهێنەری ئەوتۆ بۆ ئەم بنکانە تەرخان بکرێت کە لە ڕیزی هەرە باشترین سەرپەرشتیار و مامۆستاکانی هەرێمی کوردستان بن. پێش ئەوەی ئەم کەسانە دەست بکەن بە مەشقکردن بە مامۆستاکانی تر، پێویستە مەشقی تێروتەسەل بە خۆیان بکرێت لەسەر مەنهەجە نوێیەکە. پێویستە کەرەستە و بابەتی ستانداردی تێروتەسەلی مەشق دابڕێژرێت و

---

4 ڕێژەی وەرگرتن لە قوتابخانەی نموونەیی لە ئێستادا بریتییە لە 1 لە سەتی کۆی گشتیی ژمارەی قوتابیانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

ئامادە بکرێت بۆ بەکارهێنانیان لەم بنکانە بە مەبەستی جەختکردنەوە لەوەی مەشقکردن بە مامۆستاکان لە سەرتاسەری هەرێم چوونیەک و هەمان شت بێت.

پێویستە لە بەراییدا بنکەکانی مەشق جەخت بخەنە سەر زیاترکردنی ئاشنایەتی مامۆستا موماریسەکان بە وانەکان بۆ ئەوەی مامۆستاکان بتوانن بە شایستەییەوە مەنهەجە نوێیەکە ڕووماڵ بکەن.[5] ئنجا دوای ئەمە پێویستە مەشقیان پێبکرێت لەسەر (شێوازەکانی فێرکاری، طرق التدريس). پێویستە مەشقەکەبە شێوازێک دابڕێژرێت کە مامۆستا موماریسەکان پێی ئاشنا بن (بۆ نموونە شێوازی وانەبێژیی، لە جیاتی ئەو شێوازانەی کە داڕشتنی زۆر لاوازە و قوتابی بە تیشکۆ دادەنێت)، پێویستە جەخت بخرێتە سەر ئەو تەکنیکانەی باشترین تەکینکن بۆ پۆلی گەورە.

ڕێوشوێنێکی تر بۆ باشتر ئامادەکردنی مامۆستا موماریسەکان بریتییە لە داڕشتنی "نەخشەی مەنهەج". ئەم نەخشەیە بریتی دەبێت لە ڕێنماییەکی هەنگاو-بە-هەنگاو لەسەر ئەوەی مامۆستاکان چۆن وانە بڵێنەوە و چی بڵێنەوە، هەروەها ناوەڕۆکە پێشنیارکراوەکان، و ڕاسپاردە لەسەر شێوازەکانی فێرکاری و ڕاهێنانی ناو پۆل، هەڵسەنگاندنی قوتابی، و پلانی چاودێری و فێرکاری لەخۆدەگرێت. نەخشەکان (ئەگەر مامۆستاکان جێبەجێیان بکەن) جەخت لەوە دەکەنەوە مامۆستاکان بە شێوازێکی ستاندارد مەنهەجەکە پێشکەش بکەن.

ڕێوشوێنی سێیەم بریتییە لەوەی لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا ژێرخانێکی پتەوی مەشق دابڕێژرێت کە بتوانێت ڕاهێنەری پسپۆڕ دابین بکات بۆ ئەو مامۆستایانەی پێویستیان بە ڕاهێنەرە، ئەم ژێرخانە کۆڕبەند پێکدەهێنێت لە مامۆستایانی پسپۆری سەرجەم قوتابخانەکان، بە مەبەستی ئاڵوگۆڕی مەعریفە لەگەڵ یەکتری و بۆ باشتر ڕێکخستنی مەنهەجەکە.

**باشترکردنی ئامادەکردنی مامۆستا نوێیەکان.** پێویستە مەنهەجی کۆلیژەکانی مامۆستایان دابڕێژرێتەوە ئەمەش بەهاوکاریی مامۆستای کۆلیژی دەرەکی. پێویستە ئامانجەکان بریتی بن لە:

- زیاترکردنی ژمارەی خولەکانی تایبەت بە شێوازەکانی فێرکاری
- مەرج بێت مامۆستای نوێ بۆ ماوەی یەک کۆرس ئەزموونی کارکردنی هەبێت وەک یاریدەدەری مامۆستا.
- مەرج بێت تایبەتمەندێتی سەرەکی و لاوەکی هەبێت.
- بە شێوەیەکی باشتر ناوەڕۆکی مەنهەجە بنچینەییە نیشتمانییەکە بڵێتەوە.

کاتێک دەرچوویەکی زانکۆ وەک مامۆستا دادەمەزرێت، ئنجا مامۆستای سەرەکی بێت یان لاوەکی، پێویستە مەرج بێت لە سەری کە کۆرسێک وەربگرێت لەسەر (شێوازەکانی فێرکاری) و بە لای کەمەوە یەک کۆرس ئەزموونی هەبێت لە کارکردن وەک مامۆستای یاریدەدەر.

بۆ ئەوەی بتوانرێت کەسانی شایستە و پەرۆش ڕابکێشرێت بۆ بواری پەروەردە، پێویستە پلەی پێویست بۆ وەرگیران لە کۆلیژەکانی بواری پەروەردە بەرز بکرێتەوە، واتە،بۆ ئەوەی قوتابییەک لە پەروەردە وەربگیرێت، پێویستە لە تاقیکردنەوەی سەری ساڵی پۆلی 12 پلەیەکی بەرز بەدەست بهێنێت. سەرەڕای ئەمە، پێویستە ئەو قوتابیانەی کە پلەی بەرز بەدەست دەهێنن لە تاقیکردنەوەی سەری ساڵ (ئەم قوتابییانە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ڕەوانە دەکرێن بۆکۆلیژی جیاوازلە بواری پەروەردە)، و ئەو کەسانەی پەرۆشن ببن بە مامۆستا، بواریان پێبدرێت لە کۆلیژی مامۆستایان یان پەروەردە بخوێنن.

**زیاترکردنی (تافی خوێندن)**

ئێمە پێشنیار دەکەین حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارەی ڕۆژانی خوێندن زیاتر بکات، ئێستا ڕۆژانی خوێندن لە ساڵێکدا 170 ڕۆژە، پێشنیار دەکەین بەرز بکرێتەوە بۆ 190 ڕۆژ، هەروەها ماوەی دەوام زیاتر بکرێت لە قوتابخانە دوو دەوامییەکان، لە چوار کاتژمێرەوە بکرێت بە پێنج کاتژمێر. ئەم گۆڕانکارییانە دەبێتە مایەی ئەوەی تافی خوێندن لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان تەبا بێت لەگەڵ ستاندارده نێودەوڵەتییەکان.

**داینکردنی دەرفەتی خوێندنی بەرفراوان بۆ قوتابیانی ئاست بەرز (بەهرەدار)**

پێویستە دەستنیشانکردنی ئەو قوتابیانەی ئاستیان بەرزە لە ڕێی پرۆسەیەکی شەفافەوە بێت و ئنجا بخرێنە ناو قوتابخانەی جیاواز. لە پۆلی حەوتەم یان لە پۆلی دەیەمەوە ڕەوانە بکرێن بۆ ئەم قوتابخانانە. دەتوانرێت لە سەرەتادا بەرنامەکە بچووک بێت، بەڵام پێویستە ئامانجەکە ئەوە بێت کە دواجار 10 – 15 لە سەتی کۆی گشتیی قوتابیانی هەرێمی کوردستان بچنە ئەم قوتابخانانە.

---

[5] لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە شارەزایی و ئاشنایەتی بە بابەتی وانەکان گرنگترن بۆ فێرکردنی قوتابیان وەک لە شێوازەکانی فێرکاری.

## سێیەم ئەولەوییەتی ستراتیجی: تۆکمەکردنی لێپرسراوێتی لایەنە پەیوەندداره‌کان و حەوافزەکان

پرۆسەی لێپرسراوبوون (بەرپرسیاربوون، مسائەلە، Accountability) بریتییە لە چاودێریی ئەدای سیستمی پەروەردە، حەوافزەکانیش بریتین لە هاندانی بەرپرسانی خوێندن، بەڕێوەبەری قوتابخانەکان، مامۆستاکان، و دایکوباوکان بۆ ئەوەی بە شێوەیەک ڕەفتار بکەن کە ئەدای قوتابی باشتر بکات. لە ئێستادا، لە هەرێمی کوردستان سیستمێکی بەرتەسکی بەرپرسیاربوون و حەوافز لە ئارادایە، دەتوانرێت لە هەندێک بواردا پتەوتر بکرێت. بۆ نموونە، ئەو سیستمەی ئێستا لە ئارادایە بۆ هەڵسەنگاندنی مامۆستا پشت بە شێوازی سەرپەشتیار دەبەستێت. وەزارەتی پەروەردە 830 سەرپەرشتیاری هەیە بۆ پەروەردەی بنەڕەتی. سەرپەرشتیارەکان لە ساڵێکدا سێ جار سەردانی قوتابخانەکان دەکەن، لە میانی سەردانەکاندا لەلایەک مامۆستاکان هەڵدەسەنگێنن و لەلایەکی ترەوە مەشقیان پێدەکەن. بەڵام پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنەکە دیاریکراو و چەسپاو نین. زۆر سەرپەرشتیاروەک پێویست ئاشنا نییەبە وانەکە یان وەک پێویست کات سەرف ناکات لە قوتابخانەکە تا بتوانێت حوکم لەسەر ئەدای قوتابخانەکە یان مامۆستاکە بدات. ئەو حەقیقەتەی کە داوا لە سەرپەرشتیارەکان دەکرێت دوو ڕۆڵ ببین، لەلایەک وەک هەڵسەنگێنەر و لە لایەکی ترەوە وەک ڕاهێنەر، دەبێتە مایەی ئەگەری پێکدادانی بەرژەوەندی (تضارب المصالح).

بڕیاردان (پرۆسەی دروستکردنی بڕیار) بە شێوەیەکی مەرکەزییە و بە دەست وەزارەتی پەروەردەیە. بەڕێوەبەری قوتابخانەکان هیچ زانیاریەکی سەرەتاییان پێ ناگات لە لایەن وەزارەتەوە کە بواریان بۆ بڕەخسێنێت ئەدای قوتابییەکانیان بەراورد بکەن لەگەڵ قوتابیانی قوتابخانەکانی تر یان بتوانن سەیری ڕێچکەی ئەدای قوتابییەکانیان بکەن لە ماوەیەکی دیاریکراودا. بەڕێوەبەرەکان هەروەها بە شێوەیەکی سنووردار دەتوانن بۆچوون و سەرنجی خۆیان بڵێن لەسەر هەڵسەنگاندنی مامۆستاکان و هیچ گوێیان لێ ناگیرێت لە تەرخانکردنی مامۆستا بۆ قوتابخانەکانیان. ڕاستییەکەی، ڕۆڵی بەڕێوەبەرەکان تەنها کارگێڕییە: چاوەڕوانی ئەوەیان لێ ناکرێت ڕۆڵی سەرکردەی بواری فێرکاری ببین.

دواجار، بەشداریی دایک و باوکان و جەماوەر لە سیستمی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی عێراقدا لە نزمترین ئاستدایە.

#### داڕشتنەوەی هەیکەلییەتی ڕۆڵی سەرپەرشتیاران

پێویستە ڕۆڵی سەرپەرشتیاران سنووردار بێت و تەنها بریتی بێت لە کاری چاودێری و هەڵسەنگاندنی ئەدای قوتابخانە و مامۆستاکان. پێویستە ئەم گۆڕانکارییە تەریب بێت لەگەڵ زیاترکردنی پسپۆڕێتی ڕاهێنەرەکان (ئەو کەسانەی ڕاهێنان بە مامۆستاکان دەکەن).

#### داڕشتنەوەی سیستمی هەڵسەنگاندنی ئەدای مامۆستایان

پێویستە پێوەری هەڵسەنگاندن تەبا و گونجاو بێت لەگەڵ مەنهەجە نوێیەکە. هەروەها، پێویستە بۆ دەستنیشانکردنی ئەدای مامۆستاکان لەناو پۆلەکانیان، ڕێوشوێنی بابەتییانەی تر بەکاربهێنرێت، وەک ئەدای قوتابیان.

#### زیاترکردنی ڕۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان

لە ئێستادا، سەرنج و بۆچوونی بەڕێوەبەرەکان لەسەر هەڵسەنگاندنی مامۆستاکانیان تەنها بایی 25 لە سەتی کۆی نمرەکانی هەڵسەنگاندنی مامۆستاکەیە. ڕاسپاردەی ئێمە ئەوەیە کە ئەم ڕێژەیە بەرز بکرێتەوە بۆ 50 لە سەت و تەنانەت بۆ 75 لە سەت. لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا، پێویستە دەسەڵاتی زیاتر بدرێت بە بەڕێوەبەرەکان لە بواری دابینکردن و تەرخانکردن و دامەزراندن و دەرکردنی مامۆستاکاندا.

#### خەڵاتکردنی ئەو قوتابخانەی ئەدایان بەرزە

پێویستە دانپێدانان و خەڵاتکردنی قوتابخانەکان بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی ئەدایان بە گوێرەی ستاندارده بەرزەکان بێت.

#### پێوانەکردنی پلە و پێشکەوتنی قوتابییەکان، و بڵاوکردنەوەی ئەنجامەکان

پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان درێژە بدات بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی ئاستی نیشتمانی بۆ پۆلەکانی 6، 8، و 9 بۆ پێوانەکردنی گەشەی پەروەردەیی. ئنجا پێویستە ئەم زانیارییانە بخرێتە پێش بەڕێوەبەرەکان، مامۆستاکان، و دایک و باوکان. ئێمە هەروەها پێشنیار دەکەین حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداری بکات لە یەکێک لە هەڵسەنگاندنە نێودەوڵەتییەکانی ئەدای قوتابیان (یان پلەی قوتابیان) بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانێت ئەدای قوتابیانی هەرێمی کوردستان بەراورد بکات لەگەڵ هی قوتابیانی وڵاتانی تر.

**بەشدارپێکردنی دایک و باوکان و خەڵک لە بەرەوپێشبردنی پەروەردە**

پێویستە پرۆسەیەک بهێنرێتە ئاراوە کە بوار بڕەخسێنێت بۆ کۆبوونەوەی دایک و باوکان و خەڵک لەگەڵ بەڕێوەبەرەکان، مامۆستاکان، و لایەنی تری پەیوەنددار. بەم شێوەیە، دەتوانرێت بەشدارییان پێبکرێت لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار لەسەر چاکترکردنی پەروەردە و خوێندن.

## جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان

ڕەنگە ئەو کۆششەی دەکرێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو گۆڕانکارییانەی پێشنیارمان کردووە، لە بەراییدا سەخت بێت، بەڵام مەرج نییە هەموو گۆڕانکارییەکان لە یەک کاتدا و پێکەوە ئەنجام بدرێن. دیدی ئێمە ئەوەیە کە وەزارەتی پەروەردە لە ماوەی چەند ساڵێکدا کار بەم ڕاسپاردانە بکات، بەشێکی بۆ ئەوەی بە یەکجار بارێکی گران لە گۆڕانکاریی سەخت نەخرێتە ئەستۆی بەڕێوەبەران و مامۆستاکان، و بەشێکی تری بۆ ئەوەی بتوانرێت هەماهەنگی لە نێوان کۆششەکان بکرێت و ڕێک بخرێن.

بۆ کاروباری کارگێری، ئێمە پێشنیار دەکەین شێوازێکی هەماهەنگکراوی سێ ڕەهەندیی بەکاربهێنرێت:

- بۆ هەر ڕاسپاردەیەکی سەرەکی، تیمی ئەرک پێکبهێنە بۆ ئەوەی بڕیاری سەرەکی بۆدەربکەن: سیاسەتی نوێ و بەرنامە و ڕێنمایی تەشغیلی دابڕێژن، و پلانی تێروتەسەلی جێبەجێکردن دابنێن
- بە چەند قۆناغێک جێبەجێکردنەکە تەواو بکە.
- هەماهەنگی بکەن لە نێوان ئەو بەشە جێبەجێکارانەی وەک یەک کار دەکەنە سەر تیمەکانی ئەرک.

# پێزانین

بە پێویستی دەزانین سوپاسی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین بۆ پشتگیری کردن لەم لێکۆڵینەوەیە. بەتایبەتی سوپاسی بەڕێزدکتۆر عەلی عوسمان سندی، وەزیری پلاندانان دەکەین، کە پشتگیریی و ڕێنمایی پێشکەش کردین، هەروەها سوپاسی بەڕێزسەفین دزەیی، وەزیری پەروەردە دەکەین. هەردووکیان بوونە مایەی دەوڵەمەندکردنی شیکردنەوە و ڕاسپاردەکانمان.

چەند کەسێکیش شایانی پێزانینی تایبەتن وەک زاگرۆس فەتاح، بەڕێوەبەری گشتی هاوکاری و هەماهەنگی پەرەپێدان لە وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پەرژین عەبدولڕەحمان عەلی، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان لە وەزارەتی پەروەردە، و داستان عەلی، ڕێکخەری باڵا لە وەزارەتی پەروەردە، کە هەموویان بەرسڤی داواکارییە زۆرەکانی ئێمەیان دایەوە و دەرگایان بە ڕووماندا کردەوە. زۆر هاوکارییان کردین.

هەروەها دەمانەوێت سوپاسی هەموو بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین کە بە مەبەستی چاکترکردنی پەروەردە کاتی خۆیان پێداین و کۆبوونەوەیان لەگەڵ کردین، بیروبۆچوون و سەرنجەکانی خۆیان پێڕاگەیاندین، بە ڕاشکاوی وەڵامی پرسیارە زۆرەکانیان دایەوە، و زانیاری ئەوتۆیان پێدان کە زۆربەی ئەم ڕاپۆرتەی لەسەر بنیات نرا.

زۆر لە بەڕێوەبەرەکانی پەروەردە لە پارێزگا و شارەکانی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەری قوتابخانەکان، مامۆستاکان، و سەرپەرشتیاران باسی ئەزموونی خۆیان و نیگەرانییەکانی خۆیان کرد و شایانی سوپاسێکی تایبەتین. بە هەمان شێوە، ڕاگر و مامۆستای کۆلێژ و زانکۆکان کە زانیاری و بۆچوونی خۆیان پێڕاگەیاندین لەسەر مەرج و ڕەوشی خوێندن لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

هەروەها سوپاسی یوسف عوسمان یوسف، بەڕێوەبەری گشتیی پلاندانانی پەروەردە لە وەزارەتی پەروەردە، و کافیە ئەحمەد بەڕێوەبەری ئامار لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پلاندانانی پەروەردە دەکەین، کە زانیاری تێروتەسەلیان پێدان و رووپێوی مامۆستاکانیان کرد.

وریا مەحمود، عومەر عابد، و بەختیار کەریم لە وەزارەتی پلاندانان ماندوونەناسانە وەرگێڕانیان بۆ کردین و هاوکاریی لۆجیستیکیان پێشکەش کردین. زۆر سوپاسیان دەکەین.

چەند کەسێک لە ڕەند هاوکاریی گەورەی لێکۆڵینەوەکەیان کرد. تیتۆس گالاما شێوازی پێشبینیکاری داڕشت کە بۆ پرۆژەی وەرگرتنی قوتابیان بەکارهێنرا لە 2021 لە چاپەری سێ. ئەدریان ئۆڤەرتن نەخشەکانی سیستمی زانیاری جوگرافی دروست کرد کە شوێنی قوتابخانەکان و زانیاری سەرەتایی تری لەسەرە. کۆنستانتین سەماراس پێداچوونەوەی ئەزموونی ئەو قوتابخانەی کرد کە لە کەرەستەی سازکراو دروست کراون، و بەشداری لە تاوتوێکانی دروستکردنی قوتابخانەی بە کەرەستەی ئامادە کرد. سەرەڕای ئەمەش، چەند ستافێکی ڕەند هاوکارییان کردین لە لێکۆڵینەوەی لە ئەدەبیات و شیکردنەوەی زانیاری سەرەتایی: سارا ئەلددۆرانی، ماری فو، کیم یوان، ئێمە سوپاسی هەموویان دەکەین.

لوریشیا سانتیبانێز لە ڕەند، و دۆمینیک بریوێر، لە زانکۆی ساوزەرن کالیفۆرنیا، پێداچوونەوەی دەقەکەیان کرد، زۆر پێشنیاریان پێشکەش کرد و زۆر پرسیاریان لەسەر داڕشت کە بوونە مایەی باشتر کردنی. سوپاسیان دەکەین. هەر هەڵەیەکی تر مابێت تەنها هی ئێمەیە.

دواجار، دەمانەوێت سوپاسی سوزان بۆهاندی بکەین، کە هاوکاری کردین لە ڕێکخستنی ئەم ڕاپۆرتە، و سوپاسی لویس رامیرێز دەکەین، کە بەوپەڕی کارامەییەوە چەند ڕەشنووسێکی نووسییەوە، لەوانە دوایین نوسخە.

# کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| DG | بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی |
| GIS | سیستمی زانیاریی جوگرافی |
| ID | دیناری عێراقی |
| IHSES | ڕووپێوی کۆمەڵایەتی-ئابووریی خانەوادەی عێراقی |
| KRG | حکومەتی هەرێمی کوردستان |
| KRI | هەرێمی کوردستان- عێراق |
| MOE | وەزارەتی پەروەردە |
| OECD | ڕێکخراوی گەشەی ئابووری و هاوکاری |
| PISA | بەرنامەی هەڵسەنگاندنی نێودەوڵەتیی قوتابیان |
| RFP | تەندەر، داواکاری بۆ پێشکەشکردنی پرۆپۆزەڵ |
| TALIS | ڕووپێوی نێودەوڵەتیی فێرکاری و فێربوون |
| TIMSS | ڕەوتی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتیی ماتماتیک و زانست |
| U.A.E. | ئیمارات، ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو |
| U.S. | ویلایەتە یەکگرتووەکان |
| UK | شانشینی یەکگرتوو |
| UNESCO | ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانست و رۆشنبیری |

# پێشەکی

لەساڵی 2007، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی بە چاکسازییەکی مژدەبەخش کرد لە سیستمی پەروەردەی (باخچەی ساوایان-پۆلی 12). ئەم چاکسازییە چەند هۆکار و هاندەرێکی هەبوو. دوای چەندین ساڵ گۆشەگیری و دابڕان لە جیهان لەژێر سزاکاندا، پاشان پێکدادانی هەرێمایەتی، هەرێمی کوردستانی عێراق تا ڕادەیەک سەقامگیری و سەرچاوەی نوێی وزەی بەخۆیەوە بینی. لەم ژینگە نوێیەدا کۆدەنگییەکی گشتی هەبوو لەسەر پێداویستبوونی هاوچەرخکردنی سیستمی پەروەردەی وڵات: مەنهەجی خوێندن کۆن و هی دەیان ساڵ بوو، قوتابخانەکان زۆر قەرەباڵغ بوون، ژمارەی دانیشتوان بە خێرایی زیادی دەکرد، مامۆستای بابەتە گرنگەکان وەک ماتماتیک و ئینگلیزی ژمارەیان کەم بوو، و ژمارەیەکی کەم قوتابیان ئامادەییان تەواو دەکرد.

بۆ ئەوەی سیستمی (باخچەی ساوایان- پۆلی12) بگاتە ئاستێکی نێودەوڵەتی، وەزارەتی پەروەردە لە 2007 کۆنفرانسێکی ساز کرد و زیاتر لە 500 پسپۆڕی ناوخۆیی و بیانی بانگهێشت کرد بۆ کۆکردنەوەی ڕاسپاردە لەسەر چاکسازیی پەروەردە. ڕێکخەرانی کۆنفرانسەکە لێکۆڵینەوەیان ئامادە کرد و ئامادەبووان ڕاسپاردەیان داڕشت بۆ گۆڕانکاری لە سیستمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان. ڕاسپاردەکان پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کران بۆ پەسەندکردنیان، و پەرلەمانی کوردستانیش تەبەننی کردن.

لە ئەنجامی ئەم هەوڵەدا، لە ساڵی خوێندنی 2008- 2009 ەوە چەند چاکسازییەکی گەورەی پەروەردەیی ئەنجام درا. خوێندن کرا بە ئیلزامی تا پۆلی 9، کە پێشتر تا پۆلی 6 بوو. مەنهەجێکی تۆکمەتری نوێ بۆ هەموو پۆلەکان ئامادە کرا. هەیکەلییەتی سیستمەکە داڕێژرایەوە و کرا بە دوو قۆناغ: بنەڕەتی (پۆلەکانی 1 – 9) و ئامادەیی (پۆلەکانی 10 – 12) – لە جیاتی ئەوەی پێشوو کە سێ قۆناغ بوو: سەرەتایی (پۆلەکانی1- 6)، ناوەندی (پۆلەکانی 7- 9)، و دواناوەندی (پۆلەکانی 10 - 12). مەرج دانرا کە مامۆستاکان ئاستێکی خوێندنی بەرزتر لە جاران تەواو بکەن، ئێستا پێویستە مامۆستا نوێیەکان هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بن. سیاسەت و ڕێوشوێن داڕێژرا بۆ کەمترکردنەوەی ڕێژەی کەوتن (مانەوە)ی قوتابیان لە پۆلەکانی بەراییدا. دوو تاقیکردنەوەی نیشتمانیی لەسەر ئاستی هەرێم دامەزرێندرا.

بێجگە لە مەنهەجە نوێیەکە، کە قۆناغ بە قۆناغ پیادە کرا، هەموو چاکسازییەکان هاوکات بوون. ئەو گۆڕانکارییانەی ڕوودەدەن لە هەر سیستمێکی پەروەردەی 12 پۆلیدا ئێجگار زۆرن و بە زەحمەت بەڕێوە دەبرێن، ئەوەی کوردستان زۆرتر و زەحمەتتریشە. بۆ نموونە، پێشبینی دەکرێت ئەم سیاسەتە نوێیانە کاریگەری مەزنیان هەبێت لە ماوەی کورتخایەن و مامناوەندیدا لەسەر: زیاترکردنی داواکاری (طلب، demand) لەسەر پەروەردە لە کوردستان، ژمارەی قوتابخانەی پێویست، ژمارە و جۆری مامۆستای پێویست.

لەم رەوشەدا کە سیستمەکە بۆ سیستمی پەروەردەی 12 پۆلی لە گۆڕاندایە، حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای لە (ڕەند، RAND) کرد لێکۆڵینەوەیەکی یەک ساڵە ئەنجام بدات، بۆ هەڵسەنگاندنی سیستمەکە بەو شێوەیەی ئێستای، و دووەم، راوێژ و ئامۆژگاری عەمەلی پێشکەش بکات بۆ جێبەجێکردنی چاکسازیەکان بە تەواوەتی و بۆ زیاتر بەرەوپێشبردنی ئەو پەروەردە و تافی خوێندنەی کە پێشکەش بە قوتابیان دەکرێت. ئامانجی گەورەی ئەم کارە بریتی بوو لە سوود وەرگرتن لەو چاکسازییانەی لەم دواییەدا داڕێژران و هاوکاریکردنی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بە خێراتر هەنگاو بنێت بەرەو پەروەردەیەکی بنەڕەتیی باش و جیهانی.

## باکگراوند

هەرێمی کوردستانی عێراق ناوچەیەکی خۆبەڕێوەبەرییە لە عێراق، دەکەوێتە بەشی باکوورەوە، لە خۆرهەڵاتەوە سنووری لەگەڵ ئێران هەیە، لە باکوور لەگەل تورکیا، و لە خۆرئاواش لەگەڵ سوریا. ڕووبەرەکەی وەک ڕووبەری هۆڵەندا و سویسرایە. چەسپاندنی هەرێمی کوردستانی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ئازاری 1970 کاتێک ڕێکەوتننامەی ئۆتۆنۆمی لە نێوان بزووتنەوەی کورد و حکومەتی عێراق لە پاش ساڵانێک شەڕی سەخت، ئیمزا کرا.

لەو ماوەیەدا، هەرێمی کوردستان شەڕی سەختی بەخۆیەوە بینی لەگەڵ سوپای عێراق. دوابەدوای ڕاپەڕینی خەڵکی عێراق دژی سەدام حسین لە 1991، ژمارەیەکی زۆر کورد ناچار بوون کۆڕەو بکەن بۆ وڵاتانی تر بۆ پەناهەندەیی لە ناوچە سنوورییەکانی ئێران و تورکیا. لە کۆتایی یەکەم جەنگی کەنداودا، هێزەکانی عێراق کوردستانیان بەجێهێشت و ناوچەیەکی دژە-فڕین دامەزرێندرا، ئەمە بواری بۆ گەڕانەوەی کوردە ئاوارەکان ڕەخساند، ناوچەکە بوو بە خاوەن سەربەخۆییەکی دیفاکتۆ. لەشکرکێشیی 2003 بۆ سەر عێراق و گۆڕانکارییە سیاسییەکانی دوای ئەوە بوونە مایەی متمانەدان بە دەستوری نوێی عێراق لە 2005 کە کوردستانی عێراق بە قەوارەیەکی فیدراڵیی عێراق دەناسێنێت و کوردی و عەرەبی دەکات بە زمانی فەرمی لە عێراق. ئەمڕۆ کوردستانی عێراق خاوەنی دیمۆکراتییەکی پەرلەمانییە و پەرلەمانەکەی لە 111 کورسی پێکدێت.

هەرێمی کوردستانی عێراق لە سێ پارێزگا پێک دێت، دهۆک، هەولێر، و سلێمانی، هەر یەکێکیان قەزایەکی ناوەندی خۆی هەیە بە هەمان ناوی خۆیەوە. هەر پارێزگایەک بۆ چەند قەزایەک دابەش بووە، بە کۆی 31 قەزا، و هەر قەزایەکیش لە چەند ناحیەیەک پێک دێت. (شێوەی1-1)

## ئابووری، دانیشتوان، و هێزی کار

ئابووری هەرێمی کوردستانی عێراق پشت بە پیشەسازی نەوت، کشتوکاڵ، و گەشتیاری دەبەستێت. ئەو سەقامگیر و تەناهییە بەرچاوەی لە هەرێم هەیە بواری ڕەخساندووە بۆ حکومەتی هەرێم بتوانێت ژێرخانی نیشتەجێکردن، ڕێگەوبان، و کارەبا، و ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشی

**شێوەی 1.1**
**سنووری جوگرافیی ئێستای هەرێمی کوردستانی عێراق**




RAND *MG1140-1.1*

هاووڵاتیانی دەکات، چاکتر بکات.[1] لە ساڵی 2003-ەوە ئابووریەکی بەهێز نزیکەی 20,000 کرێکاری لە بەشەکانی تری عێراقەوە بۆ هەرێم ڕاکێشاوە. ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان 17 لە سەت لە داهاتی حکومەتی عێراق وەردەگرێت، دوای لێدەرکردنی خەرجییەکانی بەرگری و خەرجیی تری سەروەریی.

دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە نزیکەی 3.9 ملیۆن مەزەندە کراوە لە 2007.[2] لاوان50 لە سەتی دانیشتوان پێکدەهێنن و تەمەنیان لە خوار 20 ساڵانە. ڕێژەی نەخوێندەواری بەرزە. نزیکەی 27 لە سەتی هاووڵاتیانی تەمەن 20 تا 29 نەخوێندەوارن، نزیکەی 46 لە سەتی هاوڵاتیانی تەمەن 30 ساڵ و سەرووتر نەخوێندەوارن. قەبارەی خێزان تا ڕادەیەک گەورەیە، بە تێکڕای 7.7 کەس بۆ هەر خێزانێک.[3]

زمانی کوردی و عەرەبی زمانی فەرمیین لە هەرێمی کوردستانی عێراق، بەڵام دانیشتوانەکە زیاتر بە کوردی قسە دەکەن و لێی تێدەگەن. کوردی دوو دایەلێکتی سەرەکیی هەیە، کرمانجیی باکوور و کرمانجیی باشوور. کەمینە نەتەوەییەکانیش بە زمانی خۆیان بە ئاشوری نیوئارامییەکان و کلدانیی نیوئارامییەکان، و تورکمانیش قسە دەکەن.

ئایینی سەرەکی لە هەرێمی کوردستان ئیسلامە، زۆربەیان سوننەن. کریستیانەکان (ئاشورییەکان و کلدانییەکان) و ئێزدییەکان کەمینەی بەرچاون.

نزیکەی 70 لە سەتی ئەو پیاوانە و 13 لە سەتی ئەو ژنانەی تەمەنیان 15 ساڵ و زیاترە لە ساڵی 2007 داهاتیان پەیدا کردووە. زۆربەی داهاتەکە (نزیکەی 60 لە سەت) لە کارکردنە لە کەرتی گشتیی.

زیاتر لە 50 لە سەتی مووچەخۆرەکان لە بواری خزمەتی مەدەنیدا کار دەکەن. نزیکەی 19 لە سەتی مووچەخۆرەکان لە بیناسازی کار دەکەن، 6 لە سەت لە گواستنەوە و گەیاندن، 6 لە سەت لە زەویوزار و چالاکیی بزنس و 4 لە سەت لە کارگەکان کار دەکەن. (بڕوانە خشتەی 1-1)

**خشتەی 1-1**
**ڕێژەی سەدی مووچەخۆران، بە گوێرەی چالاکیی ئابووریی**

| گوێرەی چالاکیی ئابووریی | ڕێژەی مووچەخۆران |
|---|---|
| چالاکییەکانی حکومەت | |
| ئیدارەی گشتیی و بەرگری | 22 |
| خزمەتگوزراریی کۆمەڵگەیی، کۆمەڵایەتی، و کەسیی | 16 |
| پەروەردە | 12 |
| تەندروستی و کاری کۆمەڵایەتی | 3 |
| کارەبا، غاز، و ئاو | 2 |
| هی تر | |
| بیناسازی | 19 |
| گواستنەوە، هەڵگرتن و گەیاندن | 6 |
| زەویوزار، کرێ، و بزنس | 6 |
| جوملەفرۆشیی، و بە تاک فرۆشیی، چاککردنەوەی ئۆتۆمبیل، کەلوپەلی ناوماڵ | 5 |
| کارگە و کارخانە | 4 |
| ئوتێل و چێشتخانە | 2 |
| کشتوکاڵ، ڕاو، دارستان | 2 |
| هی تر | |
| کۆی گشتیی | 100 |

سەرچاوە: IHSES، 2007.

سەرنج: ڕەنگە کۆی گشتیی ژمارەکان نەکاتە 100 لە سەت لەبەر لێکنزیکردنەوەی ژمارەکان.

---

[1] لە 1991 ەوە دوو-سێی ئەو 4500 گوندەی لە لایەن ڕژێمی سەدام حسێنەوە وێران کرابوو، ئاوەدان کراونەتەوە.

[2] ڕووپێوی سۆسیۆ-کۆمەڵایەتی خانەوادەی عێراق (IHSES)، 2007، ئەمە هەر مەزەندەیە، چونکە لەم دواییەدا هیچ سەرژمێرێک نەکراوە.

[3] نەخوێندەواری وەها پێناسە دەکرێت کە بریتییە لەوەی کەسێک نەتوانێت بە زمانی ڕەسەنی خۆی بخوێنێتەوە و بنووسێت.

## پەروەردە

### وەزارەتی پەروەردە

سیستمی خوێندنی (باخچەی ساوایان - 12) تا ڕادەیەکی زۆر مەرکەزییە، زۆربەی سیاسەتەکان لە لایەن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەردەکرێت، کە سەرپەرشتی سەرجەم لایەنەکانی خوێندنی گشتیی دەکات و خوێندنی کەرتی تایبەت ڕێکدەخات. وەزارەتی پەروەردە 12 بەڕێوەبەرایەتی گشتیی هەیە (DGs)، ئەمانە کار لەسەر هەموو بابەتەکان دەکەن هەر لە پلاندانانەوە تا دەگاتە خوێندنی بنەڕەتی و باخچەی ساوایان، خوێندنی ئامادەیی و پیشەیی، مەنهەج، بینایەکان، سەرپەرشتی، مەشقی مامۆستایان، تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی قوتابیان، و چالاکییە هونەری و وەرزشییەکان.

جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی پەروەردە لە بەرپرسیارێتیی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردەیە لە پارێزگاکان لەگەڵ 26بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە. بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان لە پارێزگاکان ڕاپۆرت بۆ وەزارەتی پەروەردە بەرز دەکەنەوە.

وەزارەتی پەروەردە نزیکەی 145,000 کارمەندی هەیە، کە نزیکەی 60 لە سەتیان مامۆستا و بەڕێوەبەری قوتابخانەن. بەشێکی زۆری مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان سەر بە وەزارەتی پەروەردەن. نزیکەی 23 لە سەتی کۆی گشتیی کارمەندانی حکومی و 11 لە سەتی کۆی مووچەخۆران پێکدەهێنن.

خوێندنی سەرەتایی تا دوای ئامادەییش بۆ هەمووان بە خۆڕاییە. تا ساڵی 2009 خوێندن تا پۆلی6 تەوزیمی بوو، پاشان تا پۆلی 9 کرا بە تەوزیمی. هیچ میکانیزمێک لە ئارادا نییە بۆ جەختکردنەوە لەوەی قوتابییان ناچار بکرێن تا ئەو قۆناغە بخوێنن.

### قوتابخانە گشتییەکان

ساڵی خوێندن لە ناوەڕاستی ئەیلولەوە دەست پێدەکات بۆ ماوەی نۆ مانگ، لەو نێوانەدا لە کۆتایی کانونی یەکەم یەک هەفتە پشوو هەیە و لە ناوەڕاستی مانگی ئازاریشدا دوو هەفتە پشوو هەیە. ساڵی خوێندن بۆ دوو کۆرس (سیمیستەر) دابەش کراوە، لە کۆتایی هەر یەکێکیان قوتابیانی پۆلەکانی 4–12 تاقیکردنەوەیەک دەدەن کە لیژنەی تاقیکردنەوەی قوتابخانەکە دایڕشتووە. ئەنجامەکانی ئەم تاقیکردنەوەیە بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن کە ئاخۆ قوتابی دەربچێت بۆ پۆلی قۆناغی داهاتوو. بەڵام، قوتابیانی پۆلی 1–3 بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەردەچن. تاقیکردنەوەی کۆتایی بۆ قوتابیانی پۆلی 12، کە وەزارەتی پەروەردە دایدەڕێژێت، بڕیار لەسەر سەرکەوتوویی و شایستەیی خوێندنی قوتابی دەدات لە قۆناغی دوای ئامادەیی.

لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، قوتابیان لە هەفتەیەکدا شەش ڕۆژ، و هەر ڕۆژێک بۆ ماوەی پێنج کاتژمێر، لە قوتابخانە دەخوێنن. لەو قوتابخانەی کە دەوامەکەیان دوو شەفت یان زیاترە، قوتابییەکان چوار کاتژمێر دەخوێنن. قوتابییەکان بە گوێرەی ناوچەی جوگرافیی دەچنە قوتابخانەیەکی دیاریکراو. نزیکەی 36لە سەتی خوێندکاران لە قوتابخانەکانی مەرکەزی سێ شارەکەن.

لە ساڵی2009، خوێندنی سەرەتایی (پۆلەکانی 1- 6) و ناوەندی (پۆلەکانی 7- 9) ئاوێتەکران، بە هەردووکی بوو بە خوێندنی قۆناغی بنەڕەتیی، قوتابییەکانی ئەم پۆلانە پێکەوە لە یەک قوتابخانە دەستیان کرد بە دەوام. لە بواری عەمەلییدا، خوێندنی پۆلەکان لە زۆربەی قوتابخانەکان بەم شێوەیەیە: 1- 6، 1- 9، 7- 9، و10–12، قۆناغی ئامادەیی کە بریتییە لە پۆلەکانی 10 تا 12دەکرێت بە دوو بەشەوە: زانستی و ئەدەبی. سەرەڕای قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی، وەزارەتی پەروەردە هەروەها باخچەی ساوایان و چەند قوتابخانەیەکی سنووورداری پیشەیی و تەمەن-گەورە (پێی دەگوترێت خوێندنی خێرا)بەڕێوە دەبات. ڕەنگە قوتابخانەکان بەس بۆ کوڕان بن، یان کچان، یان تێکەڵ. خوێندنی سەرەتایی لە تەمەنی 6 ساڵانەوە دەست پێدەکات.

لە 2009-2010، 421 باخچەی ساوایان، و 5,162 قوتابخانەی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندی هەبوو، لەگەڵ 32 قوتابخانەی پیشەیی، و73 قوتابخانەی خوێندنی خێرا. ئەم قوتابخانانە دەرگاکانیان بۆ 1.3 ملیۆن قوتابی دەکردەوە و نزیکەی 89,000 مامۆستا و بەڕێوەبەر خزمەتیان تێدا دەکرد.

**دامەزراندن و ئامادەکردنی مامۆستا**

زۆربەی مامۆستاکان دەرچووی پەیمانگەی مامۆستایانن، کە ژمارەیان26 پەیمانگەیە. ئەو کەسانەی دەبوون بە مامۆستا پێویست بوو خوێندنی ئامادەییان تەواو کردبێت و پاشان بۆ ماوەی دوو ساڵی تریش خوێندبێتیان. پەیمانگاکانیش چەند قوتابییەکیان وەرگرتبوو کە دەرچووی خوێندنی سەرەتایی بوون پاشان بۆ پێنج ساڵ مەشقیان پێکرابوو. سەرەڕای دەرچووانی پەیمانگەکان، دەشێت مامۆستایانی سەرەتایی و ناوەندی لە دەرچووانی زانکۆ یان بەرنامەی تری خوێندن بن.

وەک بەشێک لەو چاکسازییەی لەم دواییەدا جێبەجێ کرا، پەیمانگەکانی مامۆستایان دادەخرێن و لە جێگەیان کۆلیژی مامۆستایان دادەنرێت، کە ئێستا چوار دانەن – هەر پارێزگایەک دانەیەکی لێیە و دانەیەکیش لە پارێزگای گەرمیان هەیە.[4] کۆلیژەکانی مامۆستایان، کە خوێندنگەیە بۆ ئەو کەسانەی پاش دەرچوونیان دەبن بە مامۆستای خوێندنگەی بنەڕەتی، ئێستاش وەک جاران، ستافەکەی بریتین لە دەرچووانی کۆلیژی جۆراوجۆری زانکۆ.

ئەگەرچی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەیمانگەکان بەرپرسیارە لە دابینکردنی مەشق یان گەشەی پیشەیی بۆ مامۆستاکان لە کاتێکدا لە قوتابخانەکان خزمەت دەکەن، بەڵام ئەم مەشقە لە ئاستێکی نزمدایە. مەشقکردن بە گوێرەی پێداویستییە، و بۆ ئەم مەبەستە سوود لە سەرپەرشتیاران یان پرۆفیسۆری پەیمانگەکان وەردەگیرێت. لە ئێستادا وەزارەت مەشقی بەردەوامی نییە بۆ مامۆستا لە کاتی خزمەتکردنیدا.

مامۆستایانی بنەڕەتی و ئامادەیی بەگوێرەی بابەتی خوێندن (وانە) پسپۆڕێتییان جۆراوجۆرە و هەر مامۆستایەک لە بواری تایبەتمەندێتی خۆیدا وانە دەڵێتەوە.

**خوێندنی باڵا[5]**

پێش 1991، تەنها یەک زانکۆی گشتیی هەبوو، زانکۆی سەلاحەددین، کە لە سلێمانی بوو و دواتر سەدام حسێن لە سەروەختی ناڕەزایی و چالاکیی قوتابیاندا گواستییەوە بۆ هەولێر. دوای [6] سەپاندنی ناوچەی دژە-فڕین و سەقامگیربوونی هەرێمەکە، دوو زانکۆی تر کرانەوە، یەکێک لە دهۆک و یەکێک لە سلێمانی، بەم شێوەیەش هەر پارێزگایەک دەستگای خوێندنی پاش ئامادەیی بۆ دابین کرا. دوای 2003، هەرێمی کوردستانی عێراق گەشەیەکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی لە ژمارەی زانکۆکاندا. چوار زانکۆی تری گشتیی کرانەوە، دووان لە هەولێر و دووان لە قەزاکانی سۆران و کۆیە. لە پلاندایە پێنج زانکۆی تری گشتیی دوای 2011 بکرێتەوە. تا 2009، نزیکەی 12,000 قوتابی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستانی عێراق دەوامیان دەکرد . قوتابی بە گوێرەی ئەو پلەیەی لە تاقیکردنەوەی سەری ساڵی ئەزموونی نیشتمانییدا وەریدەگرێت، لە کۆلیژ وەردەگیرێت. وا باوە بەرزترین پلە لە کۆلیژی پزیشکی وەربگیرێت، دوای ئەوە لە کۆلیژەکانی ئەندازیاری، و بەم شێوەیە، ئەمەش بە گوێرەی هەرەمێکی بواری خوێندن کە حکومەت بە شێوەیەکی مەرکەزی بەڕێوەی دەبات.

سەرەڕای زیادبوونی دەستگا گشتییەکانی خوێندنی باڵا، چەند زانکۆیەکی ئەهلی لە 2003-ەوە کراونەتەوە، لەناویاندا زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی، شەش زانکۆ لە هەولێری پایتەخت.

**چاکسازییەکانی ئەم دواییە لە بواری پەروەردەدا**

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە 2009–ەوە دەستی کرد بە جێبەجێکردنی کۆمەڵێک چاکسازیی مژدەبەخش بە مەبەستی باشتر کردنی خوێندنی (باخچەی ساوایان - پۆلی 12) لە کوردستان، ئەم چاکسازییانە ڕاسپاردەی پسپۆڕانی کۆنفرانسێک بوو کە لە 2007 لە هەولێر ساز کرا. ئامانجەکانی ئەم چاکسازییە بریتییە لە "بەدەستهێنانی فەلسەفەیەکی پەروەردەی دیمۆکراتی کە ڕێگە

---

4 ئەم پارێزگایە کەرکوک لەخۆدەگرێت و ناوچەیەکە ناکۆکی لەسەرە لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق.

5 زانیارییەکانی ئەم بەشە بە شێوەیەکی سەرەکی لە Krieger,2007 وەرگیراوە.

6 دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، 2011

خۆش دەکات بەرەو ئامادەکردن و پەروەردەکردنی نەوەی داهاتوو بۆ ئەوەی دڵسۆزی هاووڵاتیان و نیشتمان بن و خاوەن بیرکردنەوەی شیکارانە بن[7] چاکسازییەکان چوار گۆڕانکاریی سەرەکییان لەخۆگرت:

1. خوێندنی ئیلزامی لە پۆلی 6 –ەوە کرا بە پۆلی9 .
2. مەنهەجێکی نوێ تەبەننی کرا کە جەخت دەخاتە سەر خوێندنی دوو زمان، عەرەبی و ئینگلیزی، هەر لە پۆلەکانی بەراییەوە، سەرەڕای زمانی کوردی. مەنهەجەکە هەروەها جەختی خستە سەر خوێندنی ماتماتیک و زانست. بابەتی وانەکانی ئەم مەنهەجە نوێیە لە بابەتی وانەی هەنووکەیی خۆرئاواوە وەرگیران و بۆ زمانی کوردی وەرگێڕدران.
3. سیستمە باوەکەی خوێندن کە سێ قۆناغ بوو –سەرەتایی، ناوەندی، دواناوەندی - گۆڕدرا بۆ سیستمێک کە لە دوو قۆناغ پێک دێت کە بریتییە لە خوێندنی بنەڕەتی (پۆلەکانی 1-9) و ئامادەیی (پۆلەکانی 10-12).
4. مەرجەکانی مامۆستایەتی بۆ مامۆستایانی خوێندنی بنەڕەتی زیاتر کرا، و ئێستا مەرجە مامۆستاکان هەڵگری بەکالۆریۆس بن. لە جیاتی ئەو پەیمانگە دوو ساڵەییەی مامۆستایان کە وەزارەتی پەروەردە بەڕێوەی دەبرد، مامۆستا نوێیەکان پێویستە چوار ساڵ کۆلیژی مامۆستایان بخوێنن (هەروەها کۆلیژەکانی بنیات) کە وەزارەتی خوێندنی باڵا بەڕێوەیان دەبات. ئەم مامۆستایانە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس دەبن.

بۆ پشتگیریی لەم گۆڕانکارییە گەورانە، چەند گۆڕانکارییەکی تر لە شێوازەکانی فێرکاریی مامۆستایان ئەنجام درا، وەک گۆڕینی سیاسەتی هێشتنەوەی قوتابیان، و هەڵسەنگاندنی قوتابیان. هانی مامۆستاکان درا پێداچوونەوە بە شێوازە باوەکانی فێرکاری خۆیاندا بکەن و چاکسازیی تێدا بکەن، کە بریتی بوو لە دەرخ کردن، و تەکنیکی فێرکاری ئەوتۆ بگرنە بەر کە قوتابی بکات بە تیشکۆ، و جەخت بخاتە سەر گەشەپێدانی توانای داهێنەرانە و شیکارییانە. هەروەها هان دران کاری ماڵەوە (هۆم ۆرک) بدەن بە قوتابیان.

هێشتنەوەی قوتابیان، کە بە دەست مامۆستا و بەڕێوەبەری قوتابخانەکان بوو، گۆڕا و قوتابییەکان تا پۆلی 4 بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە پۆلەکانیان دەردەچن.

دواجار، دوو ئاستی هەڵسەنگاندن داڕێژرا، ئێستا قوتابخانەکان بەرپرسیارن لە داڕشتنی ئەزموون و تاقیکردنەوە لە هەموو کۆرس (سیمستر)ێک. ئەنجامەکانی ئەم تاقیکردنەوانە بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن ئاخۆ قوتابی بچێتە پۆلەکەی دوای ئەوە یان نا. سەرەڕای ئەمە، تاقیکردنەوەیەکی بەکالۆری نیشتمانی دامەزرا بۆ هەندێک پۆلی دیاریکراو. دواجار، تاقیکردنەوەیەکی وەزاری هەیە لە کۆتایی خوێندنی ئامادەیی، ئەنجامەکانی بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن کە قوتابییەکە لە کام بەرنامەی زانکۆ و کۆلیژ وەردەگیرێت.

## شێواز

بە ڕەچاوکردنی مەودای بەرفراوانی لێکۆڵینەوەکە، ڕەند توێژینەوەیەکی فرە-شێوازیی داڕشت کە بریتی بوو لە پێداچوونەوەی ئەدەبیات، پێداچوونەوەی بەڵگەنامە پەیوەنددارەکان و زانیاری سەرەتایی لاوەکی، چاوپێکەوتنی مەیدانی، سەردانی قوتابخانەکان و چاودێری، ڕووپێوی مامۆستایان، وەرگرتنی سامپڵ و مۆدیول، و نەخشەکێشانی سیستمی زانیاری جوگرافی (GIS).

### پێداچوونەوەی ئەدەبیات

تیمی ڕەند پێداچوونەوەی سەرجەم ئەو ئەدەبیاتانەی بواری پەروەردەی کرد کە لە هەرێمی کوردستان لەبەردەستن. لە دووتوێی ئەمەشدا ڕاپۆرتەکانی (رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانست و رۆشنبیریی، UNESCO) لەسەر پەروەردە لە عێراق، کتێبی ساڵانەی نووسینگەی ئاماری

[7] حکومەتی هەرێمی کوردستان (KRG)، 2009، ل 6.

وەزارەتی پلاندانانی هەرێمی کوردستان، و پرۆفایلی پارێزگاکانی دهۆک، هەولێر، و سلێمانی[8] ئێمە هەروەها پێداچوونەوەی ڕووماڵی میدیای ئینگلیزیی کوردستانمان کرد بۆ بواری پەروەردە. سەرەڕای ئەمە، بە تێروتەسەلی پێداچوونەوەی ئەدەبییاتی وڵاتانی پیشەسازی و گەشەسەندوومان کرد بۆ هاوکاری لە دەستنیشانکردنی باشترین کار و مومارەسەکان بۆ کارکردن لەسەر ئەو بابەتانەی بواری جێبەجێکردن، دابینکردن، و چاکترکردنی خوێندن کە دەستنیشانمان کردوون.

**بەڵگەنامە و زانیاری سەرەتایی لاوەکی**

بە مەبەستی تێگەیشتن لە ڕەوش و بارودۆخ و پێگەی پەروەردە لە هەرێمی کوردستانی عێراق، بەڵگەنامە و زانیاری سەرەتایی پەیوەندیداری وەزارەتی پەروەردەمان کۆکردەوە و پێداچوونەمان کرد، لەوانە بەڵگەنامە یاساییەکان، بڕیارەکان، بابەتی مەنهەجەکان، و پلەی قوتابیانی پۆلی 8 و9. پلەی تاقیکردنەوەکانمان بەکارهێنا بۆ شیکردنەوەی ئاستی قوتابیان لە وانەکانی خوێندندا.

سەرەڕای ئەمە، ئێمە نوسخەی (ڕووپێوی ئابووریی کۆمەڵایەتیی خانەوادەی عێراقی، IHSES) ی 2007 و ڕووپێوی ساڵانەی ساڵی 2007-2008 ی وەزارەتی پەروەردەمان شیکردەوە. سوودێکی زۆر لەم زانیاریە سەرەتاییانە وەرگیرا بۆ ئەو زانیارییە تێروتەسەلانەی لەسەر قوتابیان، قوتابخانەکان، و مامۆستاکان هاتووە لە چاپتەری دوو. نووسینگەی ئاماری وەزارەتی پەروەردە هەروەها زانیاری سەرەتایی مێژووی قوتابیانی پێداین بە گوێرەی پلە و جێندەر، ژمارەی قوتابخانەکان و مامۆستاکان، و وەبەرهێنان لە قوتابخانە نوێیەکاندا.

**چاوپێکەوتنی مەیدانی**

تیمی ڕەند لە نێوان شوباتی 2010 و شوباتی 2011 چەند سەردانێکی کوردستانی کرد، ماوەی شەش هەفتە لە هەرێمەکە بوون. ئێمە لەم سەردانانەدا 36 چاوپێکەوتنمان کرد لەگەڵ سەرجەم بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەتی پەروەردە، ستافی پارێزگاکانی هەولێر، سەرۆکی بەڕێوەبەری پەروەردە لە دهۆک، هەولێر، و سلێمانی، ڕاگری سێ کۆلێژەکەی مامۆستایان، و سەرپەرشتیارانی پسپۆڕ لە وانەکانی ماتماتیک، زانست، و ئینگلیزی. چاوپێکەوتنەکان نهێنیپارێزراو بوون و بە شێوەیەکی سەرەکی تایبەت بوون بە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر خاڵە لاواز و بەهێزەکانی سیستمی پەروەردەی ئێستا، ڕەوشی جێبەجێکردنی چاکسازییەکە، و بیروبۆچوون لەسەر چاکتر و باشتر کردن. ئەگەرچی هەندێک چاوپێکەوتن بە ئینگلیزی کرا، بەڵام زۆربەیان بە کوردی بوون بە سوود وەرگرتن لە وەرگێڕ.

**سەردانی قوتابخانەکان و چاودێری**

ستافی ڕەند سەردانی 16قوتابخانەی هەرێمی کوردستانی کرد کە تایبەتمەندییان جۆراوجۆر بوو، قوتابخانەی قۆناغی جۆراوجۆر بوون –پۆلەکانی 1-6، 7- 9، 1-9 و 10-12– لە هەر سێ پارێزگاکە. هەندێک قوتابخانە کۆن بوون، هەندێک لە شارەکان و هەندێکیان لە دەرەوەی شارەکان بوون (ناوچە دوورەکان)، و لە گەڕەکی ئاستی جیاوازی سۆسیۆ-ئابووری بوون. لە میانی ئەم سەردانانەوە، چاوپێکەوتنمان لەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانەکان کرد، گروپی هەڵبژاردە (المجاميع المنتقاة)ی سێ گروپی دە مامۆستاییمان دروست کرد، و بە هاوڕێیەتی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان،دەستگاکانی خوێندن گەڕاین. ناوبەناو، لەناو پۆلەکانی خوێندن چاودێری وانەوتنەوەمان کرد.

سەردانەکان زانیارییان پێداین لەسەر خەسڵەتە فیزیکییەکان و بارودۆخی قوتابخانەکان، ڕێکخستنی پۆل و قەبارەی پۆلەکان، و ئاستی کارلێکی نێوان قوتابی و مامۆستا. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەرەکان و گروپی هەڵبژاردەی مامۆستاکان زانیارییان پێداین لەسەر خاڵە بەهێز و لاوازەکانی مەنهەجە نوێیەکە و چاکسازییەکانی تر، هەروەها لەسەر ئامادەیی مامۆستاکان و توانایان بۆ وتنەوەی ناوەڕۆکەکە و ڕووماڵکردنی سەرجەم مەنهەجەکە، و ئەگەری هەر ڕێگەیەک کە بتوانرێت باشتر مامۆستاکان ئامادە بکرێن و پشتگیرییان بکرێت لەناو پۆلەکانیانادا.

---

[8] یونسکۆ، 2004، حکومەتی هەرێمی کوردستان، 2008، 2010b ، 2010a ، و 2010c.

**ڕووپێو (مسح)ی مامۆستاکان**

ڕووپێوێکمان دارشت و ئەنجامدا بۆ 2,904 مامۆستای226 قوتابخانە کە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێدرابوون بە گوێرەی وەرگیرانی قوتابی لەو 11 قەزایەی بە شێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێدرابوون. سامپڵەکە هەموو پارێزگاکان، قوتابخانەکانی شار و دەرەوەی شار، و قۆناغەکانی سەرەتایی، ناوەندی و ئامادەیی گرتەوە. شیکردنەوەی وەڵامەکان چڕیی ڕێژەی مامۆستاکان بۆ ڕێژەی دانیشتوانەکە بە گوێرەی قۆناغی خوێندن و پارێزگاکە پیشان دەدات. مەبەستی سەرەکیی لە ڕووپێوەکە بریتی بوو لە دەستنیشانکردنی پێداویستییەکانی مەشقپێکردن بە مامۆستاکان. لە ڕووپێوەکەدا پرسیار لە مامۆستاکان کرابوو لەسەر ئاستی خوێندنی مامۆستاکە، ئەو وانەیەی دەیڵێتەوە، گونجاوێتیی ئامادەکاری بۆ بەکارهێنانی کەرەستەی فێرکاری و شێوازەکانی فێرکاری، ئەولەوییەتی مەشق، بۆچوون و سەرنج لەسەر فێرکاری (لەناویدا سەرنج و بۆچوونی سەرپەرشتیار)، توانای وتنەوە و فێرکاری و ڕووماڵکردنی مەنهەجەکە، و بۆچوونیان لەسەر ئامادەباشی قوتابیان بۆ مەنهەجە نوێیەکە. ڕەند ستراتیجی سامپڵەکە و ئامرازەکانی ڕووپێوەکەی دارشت، نووسینگەی ئامار لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پلاندانان ڕووپێوەکەی ئەنجام دا و زانیاریە سەرەتاییەکەی داخڵ کرد.

**دانانی مۆدیل**

تیمی ڕەند مۆدیلێکی دارشت بە ناوی لێشاوی-قوتابی بۆ مەزەندەکردنی داخڵبوونی قوتابی نوێ لە قۆناغەکانی بنەڕەتی و ئامادەیی بە گوێرەی مەزەندەی جۆراوجۆری زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، خێرایی زیاتربوونی ئەو کەسانەی دەچنە خوێندنی تەوزیمی بۆ پۆلەکانی 7-9، و خێراتربوونی بەدیهاتنی یەکسانیی جێندەر لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا.

**نەخشەکێشانی (سیستمی زانیاریی جوگرافی، GIS)**

تیمی ڕەند نەخشەکێشانی (سیستمی زانیاریی جوگرافی) بەکارهێنا بۆ پیشاندانی دابەشبوونی جوگرافیی قوتابخانەکان و زانیاری سەرەتایی تر لە سەرتاسەری بەڕێوەبەرایەتی و قەزاکانی هەرێمی کوردستان.

## سێ ئامانجی ستراتیجی بۆ چاکترکردنی خوێندنی (باخچەی ساوایان-پۆلی 12) لە کوردستان

هەڵسەنگاندنی ڕەوشی ئێستای خوێندنی (باخچەی ساوایان-12) لە کوردستان بووە مایەی دەستنیشانکردنی سێ جۆر گرفت، کە ئاماژە بوون بە سێ ئامانجی ستراتیجیی سەرەکی بۆ دە ساڵی داهاتوو:

- بەرفراوانکردنی توانای قوتابخانەکان بۆ ئەوەی بتوانن ئەو زیادبوونە تێر بکەن کە پێشبینی دەکرێت ڕووبدات لە ژمارەی ئەو قوتابیانەی دەچنە قوتابخانە.
- چاکترکردنی کواڵیتی تافی خوێندن.
- پتەوکردنی بەرپرسیاربوون (مسائەلە) و زیاترکردنی حەوافزەکانی لایەنە بەشدارەکان.

بۆ هەر ئامانجێک لەو ئامانجانە، ئێمە چەند ڕێوشوێنێکمان دارشت بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پیادەیان بکات، لە چاپتەرەکانی داهاتوودا بە تێروتەسەلی باسی ئەم ڕێوشوێنانە دەکەین.

**بەرفراوانکردنی توانای قوتابخانەکان بۆ وەڵامدانەوەی ئەو زیادبوونەوەی لە ژمارەی قوتابییە نوێیەکاندا ڕوودەدات**

لە ئەنجامی زیادبوونی ڕێژەی لەدایکبوون و پابەندێتی (ئیلتزام)ی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ستاندارده نێودەوڵەتییەکانی پەروەردەی بنەڕەتییەوە بۆ کوڕان و کچان، و بە گوێرەی خوێندنەوەکان داخڵ بوون لە قوتابخانە لە هەرێمی کوردستان ساڵانە بە بڕی 69,000 تا 111,000زیاد دەکات لە ماوەی دە ساڵی داهاتوودا.[9]

[9] ئەم ڕێژە بەرفراوانەی مەزەندەکان بریتییە لە ڕەنگدانەوەی گریمانەی جۆراوجۆر بۆ زیادبوونی ژمارەی ساڵانەی لەدایکبوون، داخڵکردنی کچان لە قوتابخانە بەرەو یەکسانی جێندەری، و بەردەوامبوونی خوێندن لە پۆلەکانی 6 و 9.

شیکردنەوەکانی ئێمە ئەوە دەردەخات کە ژمارەی ئەو خوێندنگە و مامۆستایانەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەن بەشی وەڵامدانەوەی ئەم گەشە و داواکارییانە ناکات. هەروەها تەنانەت دەرچووانی کۆلیژەکانی مامۆستایان بەشی ئەوە ناکەن ئەو پێداویستییە پڕ بکەنەوە ئەگەر ئەم کۆلیژانە هەمان ژمارەی ئێستا مامۆستا دەربچێنن. ئەم بابەتە بوارێکی تریش دەکاتەوە بۆ تاوتوێ: چۆن بە باشترین شێوە سوود لە توانای ئێستای سیستەمەکە وەربگیرێت —پۆلەکان، بینای قوتابخانەکان، و مامۆستاکان- هەروەها چۆن بەرفراوان بکرێن بۆ ئەوەی شانبەشانی ئەو گەشەیە بڕۆن کە لە ژمارەی قوتابییەکاندا ڕوودەدات لە دە ساڵی داهاتوودا.

**باشتر کردنی چۆنایەتیی (تافی خوێندن)**

مەنهەجە نوێیەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێتە مایەی دروستبوونی داواکاری (طلب)ێکی ئەوتۆ لەسەر مامۆستایان کە پێشتر نموونەی نەبووە: لەلایەک بۆ ئەوەی بتوانن بە باشی بابەتی وانەکان بگەیەنن (بۆ نموونە، لە زانستەکان، ماتماتیک، و ئینگلیزی) و لە لایەکی تر بۆ گۆڕینی شێوازەکانی فێرکاری. لە کاتێکدا ڕێژەی 60 لە سەتی ئەوانە هەندێک مەشقیان بینیوە لەسەر مەنهەجە نوێیەکە، بەڵام ئەمە بەش ناکات. ئەو مامۆستا نوێیانە کە لە کۆلیژەکانی مامۆستایان بوون کەمترین ڕێنماییان پێدراوە لەسەر مەنهەجە نوێیەکە و شێوازەکانی فێرکاری، و ئەزموونێکی کەمی عەمەلییان پێدەدرێت. ئەوەی کێشەکەی ئاڵۆزتر کردووە بریتییە لە دەگمەنیی مامۆستای ماتماتیک، زانست، و ئینگلیزی، کە بووەتە مایەی ئەوەی زۆر مامۆستای مومارس وانەی ئەوتۆ بڵێنەوە کە هیچ مەشقێکیان لەسەر نەکردووە.

نەگونجانی تافی خوێندن گرفتێکی ترە. مامۆستاکان ژمارەی پێویست کاتژمێریان نییە لە ڕۆژانی خوێندندا تا بە تەواوەتی مەنهەجە نوێیەکە ڕوومالْ بکەن. ئەم گرفتە ئاڵۆزتریش بووە لە ئەنجامی کەمیی بینای قوتابخانە کە ئەمەش وای لە زۆر قوتابخانە کردووە بە شەفت دەوام بکەن، بەم شێوەیەش هێندەی تر تافی فێرکاری ناو پۆل کەمتر بۆتەوە.

دواجار، سیستمی ئێستا دەرفەتی کەم دەڕەخسێنێت بۆ وەبەرهێنانی قوتابی نایاب کە دەبنە ڕابەری داهاتووی هەرێمی کوردستان. لە جیاتی ئەمە، بێجگە لە هەندێک حاڵەتی دەگمەن نەبێت، هەموو قوتابیانی هەرێمی کوردستان — بە بێ ڕەچاوکردنی توانایان- دەچنە هەمان جۆر قوتابخانە و هەمان مەنهەج دەخوێنن.

ئەم ڕێگەیە بە سێ شێواز کار دەکات بۆ دابینکردنی خوێندن و پەروەردەیەکی باش بۆ خوێندکارانی کوردستان: (1) باشترکردنی مەشقی مامۆستایان، (2) زیاترکردنی تافی خوێندن وەک پێویست بۆ تواناسازکردنی مامۆستاکان لە ڕووماڵکردنی مەنهەجەکە بە تەواوەتی، و (3) دابینکردنی دەرفەتی خوێندنی تایبەتمەند بۆ قوتابیانی ئاست-بەرز.

**باشترکردنی حەوافز و بەرپرسیارێتیی لایەنە بەشدار و پەیوەندداره‌کان**

حەوافزەکان بریتین لە هاندەر بۆ لایەنە بەشدارەکان لە سیستمی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەک بەڕێوەبەری قوتابخانەکان، مامۆستاکان، خوێندکارەکان، و دایک و باوکان. بەرپسیارێتیی (مسائەلە، Accountability) بریتییە لە کارتێکردن لەسەر ئەدای بەڕێوەبەر و مامۆستاکان لەناو پۆل. هەروەها بریتییە لە توانای قوتابیان و دایک و باوکان لە چاکترکردنی دەرەنجامە پەروەردەییەکان بە شێوەیەکی گشتیی.[10]

لە سیستمی ئێستای حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، حەوافزەکان و بەرپرسیارێتییەکان لاوازن لە هەموو ئاستەکاندا. لەبەرئەوەی وەرگرتن لە کۆلیژەکان بە گوێرەی پلەی تاقیکردنەوەیە نەک بە خواست و ئارەزوو، ئەو قوتابییانەی دەچنە بواری پەروەردە و فێرکردن ئەو خوێندکارانەن کە نزمترین پلەیان بەدەست هێناوە و زۆربەی جار بە ئارەزووی خۆیان نەچوونەتە ئەو بوارە. پێوەری هەڵسەنگاندنی ئەدای مامۆستا تەماوییە و ڕوون نییە، و پەیوەندیی نییە بە پلە-بەرزکردنەوە (تەرفیع). سیستمەکە هیچ ڕێوشوێنێکی دانەناوە بۆ ڕێزلێنانی باشترین مامۆستاکان و بەڕێوەبەرەکان. بەڕێوەبەری قوتابخانەکان، بە شێوەیەکی زۆر سنووردار سەرنج و بۆچوونیان وەردەگیرێت لە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی مامۆستاکاندا

[10] بانکی جیهانی، 2008، شوتز، وێست، و ۆزمان، 2007.

و هیچ بۆچوونێکیان وەرناگیرێت لە تەرخانکردنی مامۆستا بۆ قوتابخانەکەیان. هەروەها هیچ زانیاریەکی سەرەتاییان پێنادرێت تا بتوانن ئەدای قوتابییەکانیان بەراورد بکەن لەگەڵ ئەدای قوتابی قوتابخانەکانی تر، یان شوێنپێی ئەدایان هەڵبگرن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو. سەرپەرشتیارەکان لە لایەن مامۆستاکان هەڵدەسەنگێنن و لە لایەکی ترەوە مەشقیان پێدەکەن، بەم شێوەیەش ئەگەری پێکدادانی بەرژەوەندیی (تضارب المصالح) دێتە ئاراوە. دواجار، بەشداریی جەماوەری و دایک و باوکان لە پەروەردەدا، لە نزمترین ئاستدایە.

چارەسەرکردنی ئەم گرفتە بریتییە لە دۆزینەوەی ڕێگە بۆ هاندانی لایەنە جۆراوجۆرەکانی بەشدار لە سیستمەکە، و بەرپرسیار ڕاگرتن (مسائەلە)ی قوتابخانە و کارمەندانی قوتابخانە لە بەرامبەر ئەدایان.

## ڕیزکردنی ئەولەویەتیی جێبەجێکردن

شیکردنەوەکەی ئێمە ئەوەی دەرخست کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم سێ ئامانجە ستراتیجییە بکات بە ئەولەوییەت بۆ دە ساڵی داهاتوو :-بەرفراوانکردنی توانای قوتابخانەکان لە وەرگرتنی قوتابیان بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو ژمارە زۆرەی قوتابیان وەربگرێت کە بە خێرایی زیاد دەکەن، باشتر کردنی جۆرایەتیی فێرکاریی، و باشترکردنی حەوافز و بەرپرسیاربوونی لایەنە بەشدارەکان. بەڵام هەوڵدان بۆ کارکردن لەسەر ژمارەیەکی زۆر ئاریشەی پەروەردەیی بە چەند سەرچاوەیەکی سنووردارەوە وا دەخوازێت حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەولەوییەت دابنێت بۆ ئەو گۆڕانکارییە پێویستانە بە گوێرەی خشتەی کات. داڕشتنی ئەولەوییەت هەروەها گرنگە بۆ ئەوەی بارێکی سەخت و گران نەخرێتە سەر شانی ئەو ستافەی داوایان لێ دەکرێت ڕاسپاردەکان جێبەجێ بکەن.

پێویستە لە سەرەتادا جەخت بخرێتە سەر بەرفراوانکردنی تواناکانی سیستمی خوێندنی بنەڕەتی (پۆلەکانی 1- 9) بە مەبەستی دابینکردنی پێویستییە نوێیەکان. لەبەرئەوەی پێشبینی دەکرێت دروستکردنی پۆل و خوێندنگەی نوێ پێویستی بە سەرچاوەیەکی مەزن بێت، ڕەنگە بەدیهێنانی ئەم ئامانجە ببێتە مایەی ئەوەی سەرچاوەیەکی کەم بمێنێتەوە بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانی تر. ناتوانرێت لە ماوەیەکی کەمدا تواناکان بەرفراوان بکرێت، لەبەرئەوە، پێویستە چالاکییەکی بەردەوام بێت.

پێویستە بایەخێکی بەپەلە بدرێت بە مەشق بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی مامۆستاکان – کە بەشێکە لە باشتر کردنی کواڵیتی فێرکاری-. بەڵام هەروەها پێویستە چالاکییەکان بۆ ئەم مەبەستە درێژخایەن و بەردەوام بن. ڕاسپاردەکانی ئێمە لەم بوارەدا ڕەنگە کاتێکی درێژ بخایەنێت، بە بێ ئەوەی کاریگەری نەرێنی هەبێت.

دوو ڕاسپاردەکەی ترمان بۆ چاکترکردنی جۆرایەتی فێرکاری-بریتییە لە زیاترکردنی تافی فێرکاری و دابینکردنی هەلی خوێندن بۆ ئەو کەسانەی ئەدایان بەرزە – و سێیەم ئامانجی ستراتیجی سەرەکی بریتییە لە باشترکردنی بەرپرسیاربوون و حەوافزەکان، دەتوانرێت لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا دواتر دەست بە هەموویان بکرێت.

ئەو ماوەیەی کە پێویستە بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانمان – لەلایەک لە ماوەی کاتی سێ ئەولەوییەتە ستراتیجییە سەرەکییەکە و لە لایەکی ترەوە لەگەڵ یەکتری- پشت دەبەستێت بە بڕی سەرچاوەکانی بەردەست، درێژیی کاتی پێویست بۆ جێبەجێکردنەکە، و توانای سەرکردایەتی و ستافەکە بۆ جێبەجێکردنی چەند گۆڕانکارییەکی جۆراوجۆر هاوکات پێکەوە. پێویستە تێچووەکانی دەستپێشخەرییەکان، بە بەراورد لەگەڵ ئاستی ئەدای پەروەردەییان، ڕەچاو بکرێت لە پرۆسەی ڕیزکردنی ئەولەوییاتەکاندا.

## بەرتەسکی و کۆتوبەند

لێکۆڵینەوەیەکی کورتخایەن ئەم ماوە دوورودرێژە هەندێک کەموکووڕیی دەبێت. یەکەم، ئامانجی ئێمە بریتی بوو لە پێشکەشکردنی ڕاوێژی عەمەلی بۆ جێبەجێکردن و بەرەوپێشبردنی چاکسازییەکانی خوێندنی K - 12 کە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستیکردووە بە جێبەجێکردنی، ئامانجی

ئێمە بریتی نییە لە داڕشتنەوەی سیستمی پەروەردە. بڕوامان وابوو کە ئەم شێوازی کارە بە گوێرەی قۆناغ و هەنگاو لەم کاتەدا سەرکەوتنی زیاتر دەبێت وەک لە گۆڕینی سەرلەبەری هەیکەلییەتەکە.

دووەم، ئەگەرچی مەبەستمان بوو تێروتەسەل و چڕوپڕ بێت، بەڵام باسی دوو بابەتمان نەکرد ئەگەرچی پێویستە لە ئاییندەدا بایەخیان پێبدرێت. یەکێکیان سەبارەت بە ئامادەکارییە بۆ کارکردن و ئیش لە دوای دەرچوون (تخرج). لەم ماوانەی دواییدا، لە هەرێمی کوردستان بایەخ و جەخت خراوەتە سەر ئامادەکاری بۆ خوێندنی پاش ئامادەیی. بۆ پشتگیری لە بەرفراوان و فرەچەشنکردنی ئابووری، پێویستە بایەخی زیاتر بدرێت بە ئامادەکردنی زۆربەی قوتابیان بۆ کار و ئیش، هەندێک قوتابی ناچنە ئامادەیی یان قۆناغی دوای ئامادەیی و واز لە خوێندن دەهێنن. ئێستا، تەنێ بەشێکی کەمینەی قوتابییان هەندێک مەشقی پیشەیی دەبینن. بابەتێکی تری جێی بایەخ بریتییە لە چوستی و کارایی بەڕێوەبردن و چالاکییەکانی سیستمەکە. لە ئێستادا، بڕیاردان و بەڕێوەبردن و بەرپرسیاربوون لە خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی ئێجگار مەرکەزییە، تەنانەت بۆ وردەکاریی ورد هەر لە ئاستی وەزارەتدا بڕیار دەدرێت. لەگەڵ بەرفراوانبوونی سیستمەکە و ئەنجامدانی گۆڕانکارییدا، پێویستە لێکۆڵینەوە بکرێت بۆ دۆزینەوەی ڕێگەی تر بۆ پەیکەربەندییەکی کارا و کارامەی بڕیاردان و کارگێڕی. ئەم دوو بابەتە دواتر لە چاپتەری حەوت باس دەکەین.

دوایین کۆتوبەند ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانمان. هێندەی بکرێت ئێمە باسی خاڵە باش و خراپەکانی راسپاردەکانی خۆمان کردووە لە بواری کاریگەریان لەسەر دابینکردن و باشترکردنی جۆرایەتیی پەروەردە. بەڵام، ئێمە خۆمان نەدا لە قەرەی کاریگەری سیاسی، دارایی و کارگێریی و هەندێک لایەنی تری ڕاسپاردەکانمان. لە چاپتەری شەش، ئێمە پرۆژەی پرۆسەیەک پێشکەش دەکەین بۆ دەستنیشانکردنی ئەم بابەتانە و کارکردن لەسەریان، لەگەڵ پلانێکی جێبەجێکردن بۆ هەر ڕاسپاردەیەک لە ڕاسپاردەکانمان.

## هێڵکاریی ڕاپۆرتەکە

لە چاپتەری دوو، ئێمە وەسفێکی چەندایەتی ڕەوشی سیستمی پەروەردەی (K-12)مان پێشکەش کردووە لە هەرێمی کوردستان. سێ چاپتەرەکەی دوای ئەوە تایبەتن بە سێ ئامانجە ستراتیجییە سەرەکییەکە. یەکەمیان، چاپتەری سێ، جەخت دەخاتە سەر بەرفراوانکردنی تواناکان. ئێمە باسی ئەو بارودۆخانە دەکەین کە بوونەتە مایەی ئەوەی ئەم ئامانجە یەکێک بێت لە هەرە پێویستییە بەپەلەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق، لەگەڵ ڕاسپاردەکانمان بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی نێوان داواکاری (طلب) و دابینکردن (عرض). چاپتەری ڕێچکەی هاوشێوە دەگرێتە بەر بۆ تاوتویی ئامانجی چاکترکردنی جۆرایەتیی فێرکاری. ئەم چاپتەرە لە سێ بەش پێکدێت، بە گوێرەی سێ ڕاسپاردە سەرەکییەکانمان بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە، کە بریتین لە: چاکترکردنی مەشقی مامۆستایان، زیاترکردنی تافی خوێندن، و بەرفراوانکردنی دەرفەتەکانی فێرکاری بۆ ئەوانەی ئاستیان بەرزە. لە دەستپێکی هەر بەشێکدا تاوتوێی کێشەکان کراوە لەگەڵ ڕاسپاردەکان بۆ کارکردن لە سەریان. چاپتەری پێنج بریتییە لە تاوتوێی ئامانجی چاکترکردنی حەوافزەکان و بەرپرسیاربوونی لایەنە بەشدارەکان.

چاپتەری شەش بریتییە لە چوارچێوەیەک بۆ ڕێکخستنی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانمان. (پاشخان) ەکە، کە کۆتایی بەشی سەرەکی ئەم ڕاپۆرتەیە، بە کورتی تاوتوێی دوو بابەتی درێژخایەن دەکات کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پەروەردە بایەخی پێبدەن لە ساڵانی داهاتوودا. دوابەدوای (پاشخان)ەکە چوار پاشکۆ دێن کە ئەم بابەتانەیان لەخۆگرتووە: یەکەم دانە بریتییە لە ئامرازێک بۆ پێشبینیکردنی داواکاری و پێداویستیی خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندی لە کوردستان، دووەم دانە بریتییە لە دابەشبوونی قوتابیانی دەرەوەی قوتابخانە بە گوێرەی ناحیەکان، سێیەم بریتییە لە شیکردنەوەی بەدیلەکانی بنیاتنانی خوێندنگە، و چوارەم بریتییە لە زانیاری سەرەتایی لەسەر ژمارەی ئەو پۆلانەی کە لەمەودوا پێویست دەبێت.

# سیستمی ئێستای خوێندنی (K–12) لە کوردستان

لەم چاپتەرەدا وەسفی سیستمی خوێندنی (باخچەی ساوایان- پۆلی 12) دەکەین لە کوردستان و شێوازی کارکردنی ڕوون دەکەینەوە. لە دەستپێکدا باسی ڕەوتەکانی وەرگرتنی قوتابییەکان دەکەین، ئنجا توانای قوتابخانەکان و دابینکردنی خزمەتگوزارییە بنچینەییەکان. پاشان باسی خەسلەتەکانی مامۆستاکان دەکەین، لەگەڵ خەسڵەتەکانی مەنهەجە نوێیەکە (کە وەزارەتی پەروەردە لە ساڵی خوێندنی 2008–2009 -ەوە دەستی بەجێبەجێکردنی کردووە قۆناغ بە قۆناغ) لەگەڵ شێوازەکانی فێرکاری. ئنجا بە کورتی دەرەنجامەکانمان داڕشتووە، وەسفی پەیکەربەند (هەیکەلییەت)ی دەسەڵاتی کارگێڕی و بڕیاردانمان کردووە، و باسی ئەو میکانیزمانەمان کردووە کە ئێستا بەکاردەهێنرێن بۆ بەرپرسیاربوون و حەوافز. دوایین بەشی ئەم چاپتەرە بریتییە لە وەسفکردنی ئەدای گشتیی سیستمی (K–12) لەم ساڵانەی دواییدا.

بەشێکی زۆری زانیاری سەرەتایی ئەم چاپتەرە هی ساڵی خوێندنی 2007–2008 –ە (ئەگەر ساڵی تر بێت ئەوا ئاماژەی پێدراوە)، چونکە ئەوە نوێترین ساڵە کە زانیاری سەرەتایی هەموو قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان بەردەست بێت بە شێوەی ئەلیکترۆنی. بەم شێوەیە، ئەم زانیاریە سەرەتاییانە دەکەونە پێش جێبەجێکردنی ئەو ڕیفۆرمانەی کە لە کۆنفرانسی 2007 ی وەزارەتی پەروەردە بڕیاریان لەسەر درا (لە چاپتەری یەک باسی کرا).

## وەرگرتنی قوتابیان

**وەرگیرانی خوێندکاران بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە.**

ژمارەی خوێندکاران لە ماوەی پێنج ساڵی خوێندندا لە2004–2005 تا 2009–2010 لە سیستمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی 31لە سەتا زیادی کردووە (شێوەی 2.1). بە ژمارەی ڕەها، ئەمە مانای ئەوەیە لەو ماوەیەدا ساڵانە 67,000 قوتابی نوێ هاتوونەتە ناو سیستمی خوێندن.[1]

**زۆرترین ژمارەی قوتابی لە پۆلەکانی سەرەتایی (1– 6) بووە**[2] لە 2004–2005 دا 675,000 خوێندکاری کورد لە خوێندنی سەرەتایی خوێندوویانە (بڕوانە شێوەی 2.2). تا 2009–2010 ئەم ژمارەیە بەرز بۆتەوە بۆ 813,000 قوتابی، واتە لە ساڵێکدا 28,000 قوتابی نوێ چوونەتە قوتابخانە. ئەمە دەکاتە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی 4.1لە سەتا.

لە ماوەی ئەم پێنج ساڵەدا لە پۆلەکانی 7 – 9 زیادبوونی ژمارەی چوونە قوتابخانە بە خێراییەکی زیاتر ڕوویداوە بە بەراورد لەگەڵ پۆلەکانی سەرەتایی – بە تێکڕای ساڵانەی 4.9 لە سەت. ژمارەی ئەو قوتابیانەی لە 2004–2005 داخڵ بوون لە 254,000 قوتابییەوەوە زیادی کردووە بۆ زیاتر

[1] ساڵی 2004–2005 یەکەم ساڵە کە زانیاری سەرەتایی کۆکراوەی جێی متمانە و بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و بەردەوام هەبێت

[2] بە ڕەچاوکردنی ئەوەی هەیکەلییەتی سیستمەکە داڕێژراوەتەوە بۆ دوو قۆناغ (بنەڕەتی، پۆلەکانی 1–9 و ئامادەیی:10–12) لە ساڵی خوێندنی 2008–2009 دا. پێش ئەو کاتە سێ قۆناغ هەبوو (سەرەتایی، ناوەندی، ئامادەیی)، و ژمارەیەکی زۆری قوتابخانەکان هێشتا هەر وەک ئەوسا کاردەکەن

لە 316,000 قوتابی لە 2009 –2010. بەڵام ڕێژەی زیادبوونەکە بە شێوەیەکی بەرچاو لە 2006 – 2007 خاو بۆتەوە، تا 2009– 2010 ساڵانە بە ڕێژەی 2.9 دابەزیوە.

**شێوەی 2-1**
**زیادبوونی ژمارەی خوێندکاران، قوتابخانەکان، و مامۆستایان، 2003–2004 تا 2009 – 2010**




سەرچاوە: ڕەند، بە پشتبەستن بە زانیاری سەرەتایی نووسینگەی ئامار/وەزارەتی پەروەردە، 2003–2004 تا 2009–2010،

RAND *MG1140-2.1*

**شێوەی 2-2**
**زیادبوونی داخڵبوونی قوتابی بە گوێرەی ئاستی خوێندن، 2003 – 2004 تا 2009 – 2010**




سەرچاوە: ڕەند، بە پشتبەستن بە زانیاری سەرەتایی نووسینگەی ئامار/وەزارەتی پەروەردە، 2003 – 2004 تا 2009 – 2010،

RAND *MG1140-2.2*

**داخڵبوون لە پۆلەکانی ئامادەیی (10 – 12)** بە خێرایی زیادی کردووە ئەگەرچی خوێندنی ئامادەیی هێشتا ئارەزوومەندانەیە، زیادبوونی داخڵبوون لەم گرووپەدا دوو ئەوەندە خێراتر بووە وەک لە پۆلەکانی خوێندنی تەوزیمی سەرەتایی و ناوەندی – بە تێکڕای 13.8لە سەت. کە لە 2003 – 2004 دا 129,000 قوتابی داخڵی پۆلەکانی 10 – 12 بوون، ئەم ژمارەیە تا 2009 – 2010 بووە بە 218,000. دوو فاکتەر کاریان کردۆتە سەر ئەم گەشە ناڕاستەوانەیە. یەکێکیان بریتیە لەوەی کە تاقیکردنەوەی نیشتمانی پۆلی 9

چیتر کاری پێنه‌کراوه‌ وه‌ک ده‌روازه‌یه‌ک بۆ خوێندنی ئاماده‌یی، واته‌ لابردنی سنووردارێتی له‌سه‌ر ژماره‌ی ئه‌و قوتابیانه‌ی پاش پۆلی 9 ده‌خوێنن. دووه‌م فاکته‌ر بریتییه‌ له‌ زیادبوونی خێرایی دابینکاری (عرض) ی خوێندنی پاش ئاماده‌ییی که‌ له‌ چاپه‌ری یه‌ک دا ئاماژه‌ی پێدرا و ڕه‌نگه‌ هانده‌رێک بووبێت بۆ ئه‌و قوتابیانه‌ی که‌ ئێستا ده‌یانه‌وێت خوێندنی پاش ئاماده‌یی بخوێنن.

**داخڵبوون له‌ باخچه‌ی ساوایانیش به‌ خێرایی زیادی کردووه‌** ژماره‌ی قوتابیانی کورد له‌ باخچه‌ی ساوایان به‌ ڕێژه‌ی 50 له‌ سه‌ت زیادی کردووه‌ له‌ ماوه‌ی پێنج ساڵدا، چونکه‌ وه‌زاره‌تی په‌روه‌رده‌ جه‌ختی خسته‌ سه‌ر دروستکردنی قوتابخانه‌ بۆ ئه‌م قۆناغه‌ی خوێندن. نزیکه‌ی 25,000 قوتابی له‌ 2004 – 2005 داخڵ بوون. له‌ 2009 – 2010 دا 37,500 قوتابی داخڵ بوون (شێوه‌ی 2.3).

داخڵبوون له‌ قوتابخانه‌کانی خوێندنی خێرا، که‌ جه‌خت ده‌خاته‌ سه‌ر خوێنده‌واری بۆ گه‌وره‌ ساڵان، وه‌ک خۆی به‌ چه‌سپاوی مایه‌وه‌ له‌ 2004 – 2005 تا 2007 – 2008، که‌ بریتی بوو له‌5,000خوێندکار. به‌ڵام له‌ دوو ساڵه‌که‌ی دواتر بوو به‌ دوو ئه‌وه‌نده‌ و گه‌یشته‌ نزیکه‌ی 10,000 به‌شداربوو. له‌ به‌رامبه‌ردا، داخڵبوون بۆ په‌یمانگه‌کانی ئاماده‌کردنی مامۆستایان به‌رده‌وام له‌ دابه‌زیندا بووه‌ له‌ 2006–2007 ه‌وه‌، له‌ نزیکه‌ی 15,000 ه‌وه‌ دابه‌زیوه‌ بۆ 6,000 . ئه‌م په‌یمانگایانه‌ داخراون له‌ ئه‌نجامی سیاسه‌تی نوێی حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستان که‌ مه‌رجی داناوه‌ مامۆستایانی ئاینده‌ هه‌ڵگری بڕوانامه‌ی به‌کالۆریۆس بن له‌ کۆلیژێکی مامۆستایانی خوێندنی چوار ساڵه‌ نه‌وه‌ک له‌ په‌یمانگه‌یه‌کی مامۆستایانی خوێندنی دوو ساڵه‌.

دابه‌زینی هه‌ره‌ زۆر له‌ داخڵبوونی قوتابیان له‌ قوتابخانه‌ پیشه‌ییه‌کان ڕوویداوه‌، که‌ قوتابیانی پۆلی 10 – 12 تێیدا ده‌خوێنن. له‌ 2005 – 2006 که‌متر له‌ 15,000 قوتابی چوونه‌ته‌ ئه‌م قوتابخانه‌، و ئه‌م ژماره‌یه‌ دابه‌زیوه‌ بۆ 6,000 له‌ 2009 – 2010. چاوپێکه‌وتنه‌کانی ئێمه‌ له‌گه‌ڵ کارمه‌ندانی قوتابخانه‌ پیشه‌ییه‌کان ئه‌وه‌ی ده‌رخست که‌ ڕه‌نگه‌ ئه‌مه‌ له‌ ئه‌نجامی چه‌ند فاکته‌رێکه‌وه‌ بێت، له‌وانه‌ ئه‌وه‌ی که‌ ده‌رچووانی پیشه‌یی به‌ زه‌حمه‌ت ئیش ده‌دۆزنه‌وه‌ چونکه‌ ئه‌و بابه‌تانه‌ی له‌ قوتابخانه‌ فێری ده‌بن جیاوازه‌ له‌و شاره‌زاییانه‌ی بازاڕی کار پێویستی پێیه‌تی، به‌ زه‌حمه‌ت ده‌رچووانی قوتابخانه‌ پیشه‌ییه‌کان له‌ زانکۆ وه‌رده‌گیرێن، و پرێستیژی قوتابخانه‌ پیشه‌ییه‌کان نزمه‌ به‌ به‌راورد له‌گه‌ڵ پرێستیژی خوێندنگه‌ی ئاماده‌یی. له‌ ساڵانی ڕابردوو، هه‌ندێک قوتابی ده‌چوونه‌ قوتابخانه‌ پیشه‌ییه‌کان، به‌ڵام واز له‌م نه‌ریته‌ هێنراوه‌.

**شێوه‌ی 2.3**

**زیادبوونی داخڵبوونی قوتابی له‌ باخچه‌ی ساوایان، فێربوونی خێرا، و قوتابخانه‌ و په‌یمانگه‌ پیشه‌ییه‌کان، 2003 – 2004 تا 2009 – 2010**




سه‌رچاوه‌: ره‌ند، به‌ پشتبه‌ستن به‌ زانیاری سه‌ره‌تایی نووسینگه‌ی ئامار/وه‌زاره‌تی په‌روه‌رده‌، 2003–2004 تا 2009–2010،

RAND *MG1140-2.3*

**کۆی داخڵبوون بەرزتر بووە لە داخڵبوونی پەتی، بە تایبەتی لە پۆلە بەرزەکان** ڕێژەی داخڵبوون بە کۆ و بە پەتی دوو پێوەری زۆر گرنگن بۆ پێوانەی گەشە بەرەو ئاستی خوێندنی جیهانیی. کۆی داخڵبوون واتە کۆی ژمارەی ئەو قوتابییانەی چوونەتە پۆلێکی دیاریکراو، لەوانا ئەو قوتابیانەی کە ناکەونە دووتوێی گروپی تەمەنەی قوتابیانی ئەو قۆناغە. پوختەی داخڵبوون هەموو ئەو قوتابییانە دەگرێتەوە کە لە پۆلێکی دیاریکراو داخڵ بوون بەڵام لە گروپی تەمەنی خۆیانن، ئەو تەمەنی کە مەفروزە لەو قۆناغەدا بێت.

**لە 2008، پۆلە سەرەتاییەکانی خوێندنی کوردستان لە ئاستی خوێندنی جیهانیی نزیک بۆوە لەگەڵ جیاوزییەکی کەم لە نێوان کۆی داخڵبوون و داخڵبوونی پەتیی.** داخڵبوونی پەتیی لە پۆلەکانی 1 – 6 گەیشتە 0.90، کە مانای ئەوەیە 90 لە سەتی منداڵانی ئەو تەمەنەی کە پێویستە لەو پۆلانەدا بن بە ڕاستیی لەو پۆلانە خوێندوویانە.[3] نزیکەی دوو-سێی ئەو منداڵانەی کە دەبوایە لە پۆلی سەرەتایی گروپی خۆیان بوونایە بەڵام وا لەو پۆلانە نەبوون، لەبەرئەوە بووە کە لە بنەڕەتەوە داخڵ نەکراون، یەک-سێیەکەی تریش ئەو منداڵانە بوون کە درەنگتر داخڵی پۆلی سەرەتایی کراون (بۆ نموونە، لە تەمەنی7 ساڵیی یان درەنگتر ڕەوانە کراون بۆ خوێندن، نەوەک لە تەمەنی 6 ساڵی).

کۆی داخڵبوونی قوتابیان هەندێک بەرزتر بووە، بە1.10 (شێوەی 2.4) . ئەمەش مانای ئەوەیە قوتابی زیاتر خراونەتە پۆلی 1 –6 بە بەراورد لەگەڵ ئەو منداڵانەی سەر بە گروپی تەمەنی ئەو پۆلانە بوون.[4] ئەمەش بە شێوەیەکی سەرەکی لە ئەنجامی ئەوەی کە هەندێک قوتابی گروپی تەمەنی 12 بۆ 14کە بۆ ساڵی دووەم لە هەمان پۆل خوێندویانەتەوە، و دووەم، لەبەر ئەو قوتابیانەی درەنگ چوونەتە قوتابخانە.

**کەلێنی نێوان کۆی داخڵبوون و داخڵبوونی پەتی زۆر بەرفراوانترە بۆ 7 – 9 بە بەراورد لەگەڵ پۆلەکانی 1 – 6.** داخڵبوونی پەتی لە پۆلەکانی 7 – 9 لە ساڵی 2007 – 2008 بریتی بوو لە 0.47 – کە زۆر کەمترە وەک لە هی پۆلەکانی1 – 6 . ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو ساڵە نزیکەی نیوەی ئەو قوتابییانەی کە سەر بەو گروپی تەمەنە بوون، لە ناوەندیی بوون لەو ساڵەدا. بەڵام کۆی داخڵبوون، بە ڕێژەی 1.14، زۆر بەرزتربووە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە زیاتر لە نیوەی قوتابیانی پۆلەکانی 7– 9 تەمەنیان گەورەتر بووە لەو گروپی تەمەنەی لەگەڵیان بوون لەو پۆلانە. هۆی ئەمەش هاوشێوەی هۆیەکانی بەرزیی ڕێژەی کۆی داخڵبوونە لە پۆلەکانی 1 – 6.

**شێوەی 2.4**
**کۆی داخڵبوون و داخڵبوونی پەتی، بە گوێرەی قۆناغی خوێندن، 2007–2008**




سەرچاوە: IHSES, 2007.
RAND *MG1140-2.4*

---

3 پوختەی داخڵبوون بۆ قۆناغی (1–6) بریتییە لە قوتابیانی تەمەن 6–12 کە لە قوتابخانەن، دابەشی کۆی ژمارەی هەموو ئەو منداڵانەی تەمەنیان 6–12 ساڵە.

4 کۆی داخڵبوون بۆ قۆناغی (1–6) بریتییە لە کۆی ژمارەی قوتابییەکانی ئەو قۆناغە، دابەشی کۆی ژمارەی منداڵانی تەمەن 6–12 ساڵ.

**کۆی داخڵبوون و داخڵبوونی پەتی هەرە نزمترین بوون لە پۆلەکانی 10 – 12.** تەنێ 20 لە سەتی قوتابیانی سەر بە گروپی تەمەنی 16 تا 18 لە ساڵی خوێندنی 2007 – 2008 دا لە قوتابخانە خوێندوویانە (واتە، داخڵبوونی پەتی). کۆی داخڵبوون هەندێک زیاتر بوو لە دوو ئەوەندە (0.55)، و نزیکەی نیوەی قوتابیانی ئەو پۆلانە گەورەتر بوون بە تەمەن لەو گروپی تەمەنە.

**لە پۆلە بەرزەکان، ئەو مندالانەی لە قوتابخانەی شارەکان داخڵ بوون زیاتر بووە لە ژمارەی ئەو منداڵانەی لە قوتابخانەی ناوچە دوورەکان داخڵ بوون.**

شێوەی 2.5 ئەوە دەردەخات لە ساڵی خوێندنی 2007–2008 دا لە شارەکان و دەرەوەی شارەکان بەنزیکەیی هەمان ڕێژەی منداڵ چوونەتە قوتابخانەی سەرەتایی، بەڵام خوێندنی ناوەندی بەم شێوەیە نەبووە، لە شارەکان زۆر منداڵ چوونەتە خوێندنی ناوەندی بەڵام لە دەرەوەی شارەکان نەچوون. هەروەها لە ڕێژەی درێژەدان بە قۆناغی خوێندنی ئامادەییش جیاوازی هەبووە.

گەنجانی دەرەوەی شارەکان کەمتر چوونەتە قوتابخانە بە بەراورد لەگەڵ گەنجانی شارەکان لەبەر: نەبوونی قوتابخانە، هۆی ئابووری (لەبەر مەسرەف، یان کەسەکە کار دەکات بۆ پەیداکردنی پارە بۆ خێزانەکەی) – یاخوددایک و باوک مەبەستیان نەبووە بیانخەنە بەر خوێندن. لە هەردوو ناوچەکە گەنج هەبووە لە ئەنجامی نەخوازراوێتی (نەیویستوە) یان لەبەر کەمئەندامێتی (IHSES, 2007) نەچووە بۆ قوتابخانە.

**پێدەچێت کچان کەمتر لە کوڕان ڕەوانە بکرێن بۆ خوێندن**

پێوەری یەکسانیی جێندەر بریتییە لە ڕێژەی ژمارەی ئەو کوڕانەی چوونەتە قوتابخانە بۆ ژمارەی ئەو کچانەی چوونەتە قوتابخانە. تا ڕێژەی داخڵبوونی کوڕان بۆ کچان بچووکتر بێت ئەوا مانای ئەوەیە ڕێژەی یەکسانی جێندەریی بەرزە.

لە هەرێمی کوردستان-عێراق، ژمارەیەکی زیاتری کوڕان وەک لە کچان چوونەتە قوتابخانە. بەڵام یەکسانی جێندەریی لە پێنج ساڵی ڕابردوودا هەندێک بەرز بۆتەوە، بە لای کەمەوە لە ئاستی سەرەتاییدا (شێوەی 2.6). لە ساڵی خوێندنی 2004–2005 دا ڕێژەی کوڕان بۆ کچان لە پۆلەکانی 1 – 6 لەسەروو 1.15بوو. لە ساڵی خویندنی 2009 – 2010 دابەزی بۆ 1.11. ئەم ڕێژەیە کەمێک زیاترە لە تێکڕای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کە بریتییە لە 1.06.

**شێوەی 2.5**
**کۆی داخلبوون، بە گوێرەی شارنشینی و پۆلی خوێندن، 07 –2008**




سەرچاوە: IHSES, 2007.

RAND *MG1140-2.5*

**شێوەی 6-2**
**ڕێژەی قوتابییانی کوڕان بۆ کچان، بە گوێرەی پۆلی خوێندن، 2004 – 2005 تا 2009 – 2010**




سەرچاوە: ڕەند، بە گوێرەی زانیاریە سەرەتاییەکانیقوتابیان لە لای نووسینگەی ئاماری وەزارەتی پەروەردە، 2004-2005 تا 2009-2010

**RAND** *MG1140-2.6*

لە پێنج ساڵی رابردوودا لە پۆلەکانی بەرزتر، ڕێژەکە تا ڕادەیەک بە نەگۆڕی ماوەتەوە، ئەگەرچی کەمێک جیاوازی هەبووە لە نێوان ساڵێک و ساڵێکی تر. نزیکەی 1.30 بوو لە قۆناغی ناوەندی و 1.10 بوو لە قۆناغی دواناوەندی. تێکڕای (هەرێمی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست) بۆ قوتابخانەکانی ناوەندی و دواناوەندی بریتییە لە 1.04.[5]

جیاوازی نێوان ڕێژەی داخڵبوونی کوڕان و کچان لە هەرێمی کوردستان ڕەنگە لەبەر چەند فاکتەرێک بێت. ڕێژەی بەرزی جێندەر لە پۆلەکانی ناوەندی ڕەنگە ئاماژە بێت بە مەیلی بەجێهێشتنی قوتابخانە لە لایەن کچانەوە دوای پۆلی 6. بەڵام کچان و کوڕان لە تەمەنەکانی 6 – 11 وەک یەکتری بوون لە داخلبوون لە قوتابخانە لە ساڵی خوێندنی 2007 – 2008 (93 و 94 لە سەتا، یەک لە دوای یەک). کچانی تەمەن 12 – 14 ساڵ کەمتر داخڵی قوتابخانە دەکران بە بەراورد لەگەڵ کوڕانی هەمان تەمەن (ڕێژەی سەدی 80 لە بەرامبەر بە 90).[6] لە تەمەنی 15– 17 ساڵییدا کچان کەمتر دەچنە قوتابخانە بە بەراورد لەگەڵ کوڕان (ڕێژەی سەدی 63 بەرامبەر بە 75).

هۆیەکانی بەجێهێشتنی قوتابخانە بە گشتی هەمان هۆ بوون بۆ کوڕان و کچانی تەمەن 12 – 17 ساڵ. پەنجا تا 60لە سەتی کوڕان و کچان لەبەر کۆتوبەندی دابینکردن (عرض) قوتابخانەیان بەجێهێشتووە (یان قوتابخانەی لێ نەبووە یان هۆی گواستنەوە)، یان لەبەرئەوەی نەیانویستوە درێژە بدەن بە خوێندن (خشتەی 2.1). بێجگە لەم هۆیانە کچان زیاتر وازیان لە قوتابخانە هێناوە بە بەراور لەگەڵ کوڕان، چونکە دایک و باوک مەبەستیان نەبووە بخوێنن. لە چاوپێکەوتن لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە و بەرپرسانی قوتابخانەکان ئەوە دەرکەوت کە باوکان ودایکان زیاتر کوڕەکانیان ڕەوانە دەکەن بۆ قوتابخانە نەوەک کچەکانیان، بە تایبەتی لە دەرەوەی شارەکان (ناوچە دوورەکان، المناطق النائية، rural areas) چونکە قوتابخانەکان دوورترن. دواجار، کوڕان زیاتر لەبەر کەمئەندامی یان نەخۆشی نەدەچوون بۆ قوتابخانە، زۆربەی لە ئەنجامی ساڵانێکی دوورودرێژ لە شەڕ و نەداری.

---

5 بانکی جیهانی 2008.

6 ڕووپێوی سۆسیۆئابووری/کۆمەڵایەتی-ئابووریی خانەوادەی عێراقی، 2007 (IHSES,2007)

**خشتەی 2.1**
**ڕێژەی ئەو گەنجانەی لە قوتابخانە نین، بە گوێرەی تەمەن، جێندەر، و هۆ، 2007**

| | ئەو گەنجانەی لە قوتابخانە نین (%) | | | |
|---|---|---|---|---|
| | تەمەنی 12–14 | | تەمەنی 15–17 | |
| هۆ | کوڕان | کچان | کوڕان | کچان |
| کۆتوبەند لەسەر دابینکردن | 9 | 11 | 15 | 16 |
| کۆتوبەندی ئابووری | 20 | 18 | 24 | 20 |
| خێزان نەیویستووە | 4 | 33 | 8 | 20 |
| گەنج نەیویستووە | 20 | 17 | 22 | 19 |
| کەمئەندامێتی یان نەخۆشیی | 23 | 9 | 18 | 4 |
| هی تر | 24 | 12 | 13 | 21 |
| کۆ | 100 | 100 | 100 | 100 |

سەرچاوە: IHSES, 2007.

## توانای قوتابخانەکان

**لە قوتابخانەکان یان یەک دەوام دەکرێت یان دوو، یاخود دوو قوتابخانە بینایەیەک بە هاوبەشی بەکاردەهێنن**

**لە نێوان ساڵانی 2003 – 2004 و 2009** – خێرا نەبوو وەک گەشەی ژمارەی ئەو قوتابیانەی دەچوونە قوتابخانە. لە ساڵانی 2003 – 2004 تا 2004 – 2005 ژمارەی قوتابخانەکان بە خێرایی زیادی کرد، لە کەمتر 4,000لە بۆ 4,750. بەڵام دوای ئەوە گەشەکە خاو بۆوە بۆ ڕێژەی نزیکەی 155 قوتابخانەی نوێ لە ساڵێکدا[7] لە ساڵانی 2009 – 2010 دا نزیکەی 5,500 قوتابخانە لە هەرێمی کوردستانی عێراق هەبوو.

لەبەئەوەی ژمارەی قوتابخانە نوێیەکان شانبەشانی گەشەی داخڵبوونی قوتابیان نەبوو، زۆر قوتابخانە ناچار بوون بە دوو شەفت یان زیاتر دەوام بکەن، هەندێک قوتابخانە ناچاربوون بینایەکە لەگەڵ قوتابخانەیەکی تر بە هاوبەشی بەکاربهێنن. لە 2007 – 2008 دا، لە 25 سەتی قوتابخانەکان لە ڕۆژێکدا دوو شەفت یان زیاتر دەوامیان تێدا دەکرا، 21 سەتای قوتابخانەکان لەگەڵ قوتابخانەیەکی تر لەناو یەک بینایە دەوامیان کرد (شێوەی 2.7). باقیی54 لە سەتاکە قوتابخانەی یەک شەفتی بوون و قوتابخانەی تریان لەگەڵ نەبوو لە بینایەک. لەو کاتەوە، قوتابخانە یەک شەفتییەکان کەمتر بوونەتەوە، چونکە هەندێکیان ناچار بوون بیکەن بە چەند شەفتێک.

لەناو قوتابخانە دوو شەفتییەکان وا باوە بەیانیان دەوامێک دەکرێت و لە پاش نیوەڕوانیش دەوامێکی تر. دەوامی هەر یەکێکیان چوار کاتژمێرە، بەڵام لە قوتابخانە یەک شەفتیەکان دەوام پێنج کاتژمێرە. قوتابخانەکەی دەوامی بەیانیان و ئەوەی پاش نیوەڕوان دوو قوتابخانەی نیمچە جیاوازن، مامۆستاکان جیاوازن، بەڵام لەوانەیە بەڕێوەبەر هەمان بەڕێوەبەر بێت. بە هەمان شێوە، ئەو قوتابخانانەی لە یەک بینایەدا دەوام دەکەن بەیانیان یەکێکیان دەوامی تێدا دەکات و پاشنیوەڕوان قوتابخانەیەکی تر. لەم حالەتەشدا چوار کاتژمێر دەوام دەکرێت. ئەو قوتابخانانەی پێکەوە لە یەک بینایەدان مامۆستا و بەڕێوەبەی جیاوازیان هەیە. ئەو مامۆستا و بەڕێوەبەرانەی چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کردن لەم دوو جۆرە قوتابخانەیە باسی ئەوەیان کرد کە لەبەرئەوەی بە هاوبەشی بینایەکە بەکاردەهێنن ناتوانن شتی قوتابییەکان لە پۆل یان قوتابخانە هەڵبواسن یان دابنێن، هەموو شتێکی ناو دەستگاکە بە هاوبەشی وەک یەک بەکارئەهێنن، لەناویدا بابەتەکانی خوێندن بێجگە لە کتێبی مەنهەج.

[7] هەموو ئەم قوتابخانە "نوێ" انە لە نوێ دروست نەکراون، بەڵکو ئەو قوتابخانانەش دەگرێتەوە کە لەگەڵ قوتابخانەیەکی تر لەناو یەک بینایە دەوام دەکەن

**شێوەی 2-7**
**دابەشبوونی قوتابخانەی یەک دەوام و دوو دەوام و بە هاوبەش بەکارهێنانی بینایە لە هەرێمی کوردستان، 2007 – 2008**




سەرچاوە: ڕەند، بە پشتبەستن بە زانیاری سەرەتایی نووسینگەی ئامار/وەزارەتی پەروەردە، 2007 – 2008
RAND *MG1140-2.7*

**دابەشبوونی سێ جۆرەکەی قوتابخانەکان بە گوێرەی شار و لادێ و قۆناغی خوێندن جۆراوجۆر و جیاوازە.** لە 2007 – 2008دا، لە75 لە سەتی قوتابخانەکانی ناوچە دوورەکاندا یەک شەفت دەوام دەکرا لە بەرامبەردا ڕێژەی قوتابخانەی شارەکان 25 بوو. سێ چارەکەکەی تری قوتابخانەکانی شار، 42 لە سەتا دوو شەفتی بوون و 32 لە سەت لە یەک بینایە بە هاوبەشی دەوامیان دەکرد. (بڕوانە شێوەی 2.8).

سەبارەت بە قۆناغی خوێندن، زۆربە (نزیەکی دوو-سێ)ی قوتابخانە سەرەتاییەکان یەک شەفت دەوامیان دەکرد، لە بەرامبەردا، زۆربەی قوتابخانەکانی ماماناوەندی و ئامادەیی یان یەک قوتابخانە بوون کە دوو شەفت دەوامیان دەکرد، یان لەگەڵ قوتابخانەیەکی تر بینایەکەیان بە هاوبەش بەکاردەهێنا (هەر شەفتێک، قوتابخانەیەک دەوامی لە بینایەکە دەکرد).

**زیادبوونی قەبارەی قوتابخانەکان، زیادبوونی ژمارەی قوتابییەکانی قوتابخانەکان**

لە نێوان ساڵانی 2004 – 2005و 2009 – 2010ژمارەی قوتابیانی قوتابخانەکان بە تێکرا لە 224 قوتابییەوە لە یەک قوتابخانە زیاد بوو بۆ 252 قوتابی. لە ساڵی خوێندنی 2007– 2008 دا کە تێکرای ژمارەی قوتابییەکان 489 قوتابی بوو لە یەک قوتابخانە، قوتابخانەکانی شار زێدە قەرەباڵغ بوون بە بەراورد لەوانەی ناوچە دوورەکان، ئەمیان بە تێکرای81 قوتابی بۆهەر قوتابخانەیەک. قوتابخانە سەرەتاییەکان، کە تێکڕای ژمارەی قوتابییەکانیان 204 قوتابی بوو، بە گشتیی کەمتر قەرەبالغ بوون وەک لە قوتابخانەکانی ناوەندی و ئامادەیی، کە تێکڕایان 334 و 380 بوو یەک لە دوای یەک.

قەبارەی قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان بچووکە بە گوێرەی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان. بۆ نموونە، تێکڕای قەبارەی قوتابخانەی ناوەندی لە 23 وڵاتی بەشدار لە (ڕووپێوی نێودەوڵتی بۆ فێرکردن و فێرکاری، Teaching and Learning International Survey) بریتی بوو لە 489 قوتابی لە 2009.[8] نەرویج و پۆڵەندا لەو وڵاتانە بوون کە کەمترین تێکڕای قەبارەی قوتابخانەیان هەیە (243قوتابی لە هەر قوتابخانەیەک)، بەڵام مالیزیا و تورکیا لەو وڵاتانە بوون کە بەرزترین تێکڕای قەبارەی قوتابخانەیان هەیە (800 یان زیاتر).

**قەبارەی پۆلەکان گەورە بوون**

پۆلەکانی هەرێمی کوردستان بە گشتیی قەرەباڵغن، بە تایبەتی لە شارەکان. هەشتا و دوو لە سەتی قوتابیانی کورد لە شارەکان نیشتەجێن. لە کاتێکدا قەبارەی پۆل لە نێوان 15و 25 قوتابی بە پەسەند دادەنرێت، لە شارەکان تێکڕای قەبارەی پۆلەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق 42 قوتابییە. لە بەرامبەردا، قەبارەی پۆلەکان لە دەرەوەی شارەکان تێکڕایان 13 قووتابییە.

---

[8] (OECD)، 2009a، خشتەی 4-2.

**شێوەی 8-2**
**دابەشبوونی قوتابخانەی یەک شەفتی و دوو شەفتی، و هاوبەشکردنی یەک بینا، بە گوێرەی شار و پۆلی خوێندن، 2007– 08**




سەرچاوە: ڕەند، بە پشتبەستن بە زانیاری سەرەتایی نووسینگەی ئامار/وەزارەتی پەروەردە، 2007 – 2008
RAND *MG1140-2.8*

قەبارەی پۆلەکان هەروەها بە شێوەیەکی بەرچاو لە قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی گەورەترە وەک لە قەبارەی پۆلەکانی سەرەتایی (بڕوانە شێوەی 2.9)

لە کاتێکدا قەبارەی قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان عێراق لە ئاستی ئێجگار نزمدایە بە گوێرەی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان، قەبارەی پۆلەکانی هەرێمی کوردستان لە بەرزترین ئاستدایە، بە تایبەتی لە ناوچە شارنشینەکان. بۆ نموونە، لە وڵاتانی OECD، تێکرای قەبارەی پۆلی قوتابخانەکانی ئامادەیی بریتیە لە 25 قوتابی.[9] لە ئاستی ئەوپەڕییدا، هیچ قوتابخانەیەکی ئامادەیی هیچ وڵاتێک نییە لەو 65 وڵاتەی بەشدارییان کرد لە (بەرنامەی نێودەوڵەتی هەڵسەنگاندنی قوتابی، PISA) لە تێکڕای زیاتر لە 40 قوتابی بۆ یەک پۆل تێپەڕیبێت. ئەو وڵاتانەی لە ئاستی زۆر بەرزدا بوون بریتی بوون لە ئوردن (32)، کۆریا (36)، و سنگافورە (35)، ئەو وڵاتانەی لە لایەکەی ترن بریتین لە سویسرا (19)، فنلەندا (19)، و ڕوسیا (21).

## گەیاندنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان[10]

زۆربەی قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان خزمەتگوزاریە بنەڕەتییەکانی وەک کارەبا و ئاوی نییە.

---

[9] (OECD)، 2010، خشتەی IV.3.2

[10] ژێرخانی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان، کارەبا، ئاو، و ئاوەڕۆ، بەرپرسیارێتی وەزارەتی پەروەردە نییە، گەشەپێدانی ژێرخان، بە تایبەتی کارەبا، ئەولەوییەت بووە لای حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**شێوەی 2-9**
**تێکڕای قەبارەی پۆل، بە گوێرەی شار، و قۆناغی خوێندن، 2007–08**




سەرچاوە: ڕەند، بە پشتبەستن بە زانیاری سەرەتایی نووسینگەی ئامار/وەزارەتی پەروەردە، 2007 – 2008
سەرنج: هەشتا لە سەتی قوتابخانەکان وەڵامی ئەم بابەتەیان دایەوە.
RAND *MG1140-2.9*

**کارەبا بۆ قوتابخانەکانی شارەکان زیاتر دابین دەکرێت وەک لە قوتابخانەکانی دەرەوەی شارەکان.** تا 2007 – 2008 نزیکەی 62 لە سەتی قوتابخانەکانی شار و 26 لە سەتی قوتابخانەکانی ناوچە دوورەکان کارەبایان هەبوو. شێوەی 2.10 بریتییە لە هێڵکاری دابەشبوونی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان بە گوێرەی قەزاکان. لە لایەکی ترەوە، کەمتر لە 14 لە سەتی قوتابخانەکان لە 21 قەزا کارەبایان پێگەیشتووە. لە لایەکی ترەوە، 62 لە سەتی قوتابخانەکان کارەبایان هەبووە لە 16 قەزا (یان ڕێژەی 12لە سەت). بە گشتیی، ژمارەیەکی زۆرتر قوتابخانەکانی قەزای نزیک شارەکان—وەک سلێمانی و ناوەندی هەولێر—کارەبای پێگەیشتووە وەک لە قەزا دوورەکان

**زۆربەی قوتابخانەی شارەکان گرفتی کارەبا و ئاوی خواردنەوەیان هەبوو**

نزیکەی 91 لە سەتی قوتابخانەکانی شارەکان و 62 لە سەتای قوتابخانەی ناوچە دوورەکان ئاوی خواردنەوەیان نەبوو لە ساڵی خوێندنی 2007–2008. بەڵام لە 37 ناحیەی 136 ناحیەکەی هەرێمی کوردستانی عێراق، کەمتر لە 57 لە سەتای قوتابخانەکان ئاوی خواردنەوەیان هەبوو.لە زیاتر لە نیوەی ناحیەکان، تەنێ لە 57 لە سەت تا 88 لە سەتی قوتابخانەکان ئاوی خواردنەوە هەبوو (بڕوانە شێوەی 2.11)

**تۆڕی ئاوەڕۆ لە شارەکان زیاتر هەبوو**

لە 2007 – 2008 نزیکەی نیوەی قوتابخانەکانی ناوچە دوورەکان (دەرەوەی شارەکان) تۆڕی ئاوەڕۆیان هەبوو، نیوەکەی تر سەپتیک تانکیان بەکاردەهێنا. بەڵام لە شارەکان، نزیکەی 75لە سەتی قوتابخانەکان بەسترابوونەوە بە تۆڕی ئاوەڕۆوە. 25 لە سەتەکەی تر سیستمی سەپتیک تانکیان بەکاردەهێنا.[11]

## تایبەتمەندیی مامۆستا

لە ماوەی پێنج ساڵدا، نزیکەی 6,000 مامۆستای نوێ ساڵانە هاتوونەتە ڕیزی هێزی فێرکاریی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە. لە 2004 – 2005 نزیکەی 60,000 مامۆستای موماریس هەبوون. ئەم ژمارەیە لە 2009 – 2010 زیادی کرد بۆ 89,000. بە شێوەیەکی تەریب، ڕێژەی مامۆستا-بۆ-قوتابی دابەزی. لە کاتێکدا لە 2004 – 2005 بۆ هەر 18 قوتابییەک یەک مامۆستا هەبوو، لە 2009 – 2010 دا بۆ هەر15قوتابییەک، یەک مامۆستا هەبوو.

11 نزیکەی 39 لە سەتی قوتابخانەکان وەڵامی ئەم بابەتەیان دایەوە.

**شێوه‌ی10-2**
**ڕێژه‌ی سه‌دیی ئه‌و قوتابخانانه‌ی كاره‌بایان بۆ دابینكراوه‌ له‌ هه‌رێمی كوردستان، به‌ گوێره‌ی به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تیی په‌روه‌رده‌، 2007–08**




سه‌رچاوه‌: ره‌ند، به‌ پشتبه‌ستن به‌ زانیاری سه‌ره‌تایی نووسینگه‌ی ئامار/وه‌زاره‌تی په‌روه‌رده‌، 2007 – 2008
سه‌رنج: هه‌شتا و دوو له‌ سه‌تی قوتابخانه‌كان وه‌ڵامی ئه‌م بابه‌ته‌یان دایه‌وه‌.
RAND *MG1140-2.10*

سه‌ره‌ڕای قه‌باره‌ی ئێجگار گه‌وره‌ی پۆله‌كان له‌ شاره‌كان، ژماره‌ی قوتابییه‌كان بۆ مامۆستا تا ڕاده‌یه‌ك نزمه‌ – له‌ 2007 – 2008 به‌ تێكڕا24 قوتابییه‌ بۆ هه‌ر مامۆستایه‌ك (شێوه‌ی 2.12)[12] له‌ ده‌ره‌وه‌ی شاره‌كان له‌و ساڵه‌دا، تێكڕاكه‌ بریتی بوو له‌ 14 قوتابی بۆ یه‌ك مامۆستا. به‌ هه‌مان شێوه‌ ڕێژه‌كه‌ جۆراوجۆر بوو له‌ قوتابخانه‌ سه‌ره‌تاییه‌كان و پۆله‌ به‌رزه‌كان. له‌ قوتابخانه‌ سه‌ره‌تاییه‌كان، تێكڕاكه‌ بریتی بوو له‌ 14 قوتابی بۆ یه‌ك مامۆستا، له‌ قوتابخانه‌كانی ناوه‌ندی و ئاماده‌یی ڕێژه‌كه‌ 27 قوتابی بوو بۆ یه‌ك مامۆستا.

**مامۆستایانی مومارس ئاستی خوێندنیان زۆر جیاوازه‌**

له‌ 2007– 2008، نزیكه‌ی نیوه‌ی مامۆستاكان (په‌نجاوچوار 54 له‌ سه‌ت) دیپلۆمیان هه‌بوو له‌ یه‌كێك له‌ په‌یمانگه‌ كۆنه‌كانی مامۆستایان، 27 له‌ سه‌ت به‌كالۆریۆسیان هه‌بوو، 18 له‌ سه‌تیش بڕوانامه‌ی ئاماده‌یی یان ناوه‌ندییان هه‌بوو.

[12] ئه‌و قه‌باره‌ی پۆله‌ كه‌ زیاتره‌ له‌ ڕێژه‌ی قوتابی-مامۆستا ئاماژه‌یه‌ به‌وه‌ی كه‌ هه‌ندێك مامۆستا به‌ ته‌واوه‌تی ته‌رخان نه‌كراون بۆ وانه‌وتنه‌وه‌، سه‌رقاڵی كاری ئیدارین، یان هه‌ردووكیان. سه‌ره‌ڕای ئه‌مه‌، ستافی وه‌زاره‌تی په‌روه‌رده‌ ئاماژه‌یان به‌وه‌ كرد كه‌ ڕێژه‌یه‌كی زۆر مامۆستا ڕه‌نگه‌ له‌ مۆڵه‌تی دایكایه‌تی بن یان مۆڵه‌تی تر. مۆڵه‌تی دایكایه‌تی یه‌ك ساڵه‌. به‌ ڕه‌چاوكردنی سه‌رچاوه‌ سنوورداره‌كانی حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان، پێویسته‌ به‌ وردی پێداچوونه‌وه‌ی ئه‌م بابه‌ته‌ بكرێت.

**شێوەی 2-11**
**رێژەی سەدیی قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان کە ئاوی خواردنەوەیان هەیە، بە گوێرەی قەزاکان، 2007–08**




سەرچاوە: رەند، بە پشتبەستن بە زانیاری سەرەتایی نووسینگەی ئامار/وەزارەتی پەروەردە، 2007 – 2008
سەرنج: هەشتا و دوو لە سەتی قوتابخانەکان وەڵامی ئەم بابەتەیان داوەتەوە.
RAND *MG1140-2.11*

(شێوەی 2.13). ژمارەیەکی کەم لە مامۆستایانی سەرەتایی –کە زیاتر لە 70 لە سەتی کۆی مامۆستایانی هەرێمی کوردستان پێک دەهێنن- بەکالۆریۆسیان هەبوو. لە بەرامبەردا، زۆربەی زۆری مامۆستایانی پۆلە بەرزەکان ( 7–9 و 10 – 12) هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بوون.

یەکێک لەو گۆڕانکارییانەی لە سیاسەتی پەروەردەدا ئەنجام درا لە 2008 – 2009 بریتی بوو لە مەرجێکی نوێی وەزارەتی پەروەردە کە پێویستە مامۆستاکان هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بن بۆ ئەوەی بتوانن وانە بە هەر قۆناغێک بڵێنەوە. پێش ئەوە، مامۆستای پەیمانگەکان (کە وەزارەتی پەروەردە بەڕێوەی دەبات) وانەیان بە مامۆستاکانی پۆلەکانی 1 – 6 دەگوتەوە بۆ پێنج ساڵ. قوتابییەکان پاش تەواوکردنی پۆلی 9 دەچوونە پەیمانگەکە. دەرچوانی ئامادەییش دەیانتوانی بچنە پەیمانگەی مامۆستایان، دوو ساڵ خوێندنیانتەواو دەکرد دوای تەواوکردنی پۆلی 12 بۆ ئەوەی ببن بە مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی.

بەم مەرجە نوێیە، پەیمانگەکانی مامۆستایان نامێنن و لە جێگەیان کۆلێژی مامۆستا دادەنرێت کە مەشق بە مامۆستاکانی پۆلی 1 تا 9 دەکەن. ئەم کۆلێژی مامۆستایانە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە بەڕێوە دەبرێن نەوەک وەزارەتی پەروەردە. بەڵام، وانەکانی کۆمپیوتەر، پەروەردەی وەرزشی، و هونەر وەک خۆیان دەمێننەوە. وەرگرتنی مامۆستایانی پۆلی 10 تا پۆلی 12 بەردەوام دەبێت لە دەرچووانی کۆلیژەکان و زانکۆکانی تری هەرێمی کوردستانی عێراق.

**شێوه‌ی2-12**
**ڕێژه‌ی خوێندکار-بۆ-مامۆستا، به‌ گوێره‌ی شارنشینی و قۆناغی خوێندن، 2007–08**




سه‌رچاوه: ره‌ند، به‌ پشتبه‌ستن به‌ زانیاری سه‌ره‌تایی نووسینگه‌ی ئامار/وه‌زاره‌تی په‌روه‌رده، 2007 – 2008
سه‌رنج: نه‌ووه‌د و نۆ له‌ سه‌تای قوتابخانه‌کان وه‌ڵامی ئه‌م بابه‌ته‌یان دایه‌وه
RAND *MG1140-2.12*

**شێوه‌ی 2-13**
**ئاستی خوێنده‌واریی مامۆستایانی هه‌رێمی کوردستان، به‌ پۆل و کۆ، 2007–08**




سه‌رچاوه: ره‌ند، به‌ پشتبه‌ستن به‌ زانیاری سه‌ره‌تایی نووسینگه‌ی ئامار/وه‌زاره‌تی په‌روه‌رده، 2007 – 2008
RAND *MG1140-2.13*

**مامۆستایانی هه‌رێمی کوردستان تایبه‌تمه‌ندێتییان هه‌بوو له‌ هه‌موو ئه‌و ئه‌و وانانه‌ی له‌ سه‌رجه‌م پۆله‌کان ده‌گوترێنه‌وه.**
له‌ 2007–2008 نزیکه‌ی 17 له‌ سه‌تی له‌ مامۆستایانی سه‌ره‌تایی له‌ بابه‌تی گشتییدا تایبته‌مه‌ند بوون (شێوه‌ی 2.14) نزیکه‌ی هه‌مان ژماره‌ی مامۆستا له‌ بواره‌کانی تردا تایبه‌تمه‌ند بوون: کوردی، 16 له‌ سه‌ت، عه‌ره‌بی، 12له‌ سه‌ت، ئینگلیزی، 12 له‌ سه‌ت، ماتماتیک، 14له‌ سه‌تا، و کۆمه‌ڵایه‌تی (کۆمه‌ڵایه‌تی و ڕه‌فتاری کۆمه‌ڵایه‌تی)، 12 له‌ سه‌تا، نزیکه‌ی 5له‌ سه‌تی مامۆستاکان له‌ زانسته‌کان تایبه‌تمه‌ند بوون، و 7 له‌ سه‌ت له‌ هونه‌ر و وه‌رزش.

**شێوەی 2-14**
**تایبەتمەندێتیی مامۆستا سەرەتاییەکان، 2007–08**




سەرچاوە: رەند، بە پشتبەستن بە زانیاری سەرەتایی نووسینگەی ئامار/وەزارەتی پەروەردە، 2007 – 2008
RAND *MG1140-2.14*

## مەنهەجی نوێ و مومارەسەکردنی فێرکاری

**مەنهەجە کۆنەکە گۆڕا و مەنهەجێکی نوێتر و پڕ تەحەددی جێگەی گرتەوە**

لە سالی خوێندنی 2008 – 2009 مەنهەجێکی نوێ درا بە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان. تا ڕادەیەکی زۆر جەخت دەخاتە سەر زمانەکان بە تایبەتی زمانی کوردی و ئینگلیزی، لە هەموو پۆلەکان. ئینگلیزی ئێستا لە پۆلی 1 ەوە دەخوێندرێت، عەرەبی لە پۆلی 4. یەک-سێ یان زیاتری کۆی وانەکانی هەفتە بۆ یەکەی زمانە. ماتماتیک و زانست یەک سێی تری کۆی یەکەکان لە پۆلەکانی 1–9 و نیوەی یەکەکانی ئامادەیین بەشی زانستی. لە ئامادەیی ئەدەبی، لە جیاتی زانست وانەی زانستە کۆمەڵایەتیەکان دەخوێندرێت، لەناویدا جوگرافیا، کۆمەڵناسی، ئابووریزانی، و مێژوو، هەفتانە جوار یەکە تەرخان دەکرێت بۆ هونەر و وەرزش، و دوو یەکەش هەفتانە بۆ پەروەردەی ئیسلامی (بڕوانە خشتەی 2-2)

لە وانەکاندا، ناوەڕۆکەکە بریتییە لە وەرگێڕانیی کوردی وانە نێودەوڵەتییەکان بۆ وانەکانی ماتماتیک، زانست، و ئینگلیزی.[13] مەنهەجە نوێیەکە تەنێ ناوەڕۆکەکەی نەگۆڕیوە بەڵکو هەروەها ئاستی زەحمەتیی ئەو وانەیەی بە خوێندکاران دەگوترایەوە، بەرز کراوەتەوە، بە تایبەتی بۆ زانست، ماتماتیک، کوردی، و ئینگلیزی.

[13] وەزارەتی پەروەردە کتێبی وانەکانی هارکۆرت و ماکمیلیانی وەرگرتووە و کردوویەتی بە کوردی بۆ مەنهەج، کتێبەکانی ماتماتیک، زانستەکان، و ئینگلیزی

**خشتەی 2.2**
**یەکەکانی مەنهەج، بە گوێرەی قۆناغی خوێندن، و وانە**

| | قۆناغی خوێندن | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | 12–10 | |
| بابەتی وانە | 3–1 | 5–4 | 9–7 | ئەدەبی | زانستی |
| زمانەکان | | | | | |
| زمانی کوردی | 10 | 5 | 4 | 4 | 4 |
| ئینگلیزی | 3 | 5 | 5 | 5 | 5 |
| عەرەبی | 0 | 4 | 4 | 4 | 4 |
| ماتماتیک/زانستەکان | | | | | |
| ماتماتیک/کۆمپیوتەر | 6 | 6 | 7 | 5 | 7 |
| زانستەکان | 5 | 5 | 6 | 0 | 12 |
| هی تر | | | | | |
| کۆمەڵایەتی | 0 | 4 | 4 | 11 | 0 |
| پەروەردەی ئیسلامی | 2 | 2 | 2 | 2 | 1 |
| هونەر/وەرزش | 5 | 4 | 4 | 4 | 2 |
| پەروەردەی پیشەیی | 0 | 0 | 2 | 0 | 0 |
| کۆی یەکە | 31 | 35 | 38 | 35 | 35 |

سەرچاوە: وەزارەتی پەروەردە، حکومەتی هەرێمی کوردستان

**سیاسەتە نوێیەکە داوا لە مامۆستاکان دەکات شێوازی خۆیان بگۆڕن**

هاوکات، سیاسەتی پەروەردە نوێیەکە هانی مامۆستایان دەدات تەبەننی شێوازی جیاواز بکەن بۆ فێرکاری. ڕاسپێدراوێتیەک هەیە، بۆ نموونە، بۆ دوورکەوتنەوە لە شێوازی وانەبێژی بەرەو فێرکاریی کە قوتابی بە تیشکۆ وەربگرێت. هەروەها داوا لە مامۆستایان کراوە وانەکان بە گوێرەی قوتابیان ڕێک بخەن. بیرۆکەکە ئەوەیە کە ئەمە دەبێتە مایەی پڕکردنەوەی "کەلێنەکانی نێوان ئاستی تێگەیشتنی قوتابییەکان و بە شێوەیەکی باشتر کارلێکیان لەگەڵ دەکات". [14]

## تافی فێرکاری

قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق لە هەفتەیەکدا شەش ڕۆژ، بۆ ماوەی 170 رۆژ لە ساڵێکدا،دەوام دەکەن. تافی فێرکاری بە گوێرەی قۆناغەکە و بە گوێرەی ژمارەی شەفتی دەوامی قوتابخانەکە دەگۆڕێت. ئەو قوتابخانە سەرەتاییانەی هەرێمی کوردستان کە یەک شەفت دەوام دەکەن لە پۆلەکانی 1–6 دا 693 کاتژمێر وانەیان تێدا دەگوترێتەوە لە یەک ساڵدا، ئەو قوتابخانەی دوو شەفت دەوام دەکەن بۆ هەمان ئەو پۆلانە 539 کاتژمێر وانە دەڵێنەوە لە ساڵێکدا. هەر دوو بڕەکە کەمترن لە تێکڕای OECD کە بریتییە لە 794 کاتژمێر وانەی فێرکاری لە ساڵێکدا بۆ ئەو پۆلانە. بە هەمان شێوە، پۆلەکانی 7–9 ی قوتابخانە یەک شەفتییەکانی هەرێمی کوردستان 765 کاتژمێر وانە دەڵێنەوە، و دوو شەفتەکان 595 کاتژمێر وانە دەڵێنەوە – هەردووکیان کەمترن لە تێکڕای OECD کە بریتییە لە 892 کاتژمێر بۆ ئەو پۆلانە.

مەنهەجە نوێیەکە پشت بە وەرگێڕانی دەقی وانەی نێودەوڵەتی دەبەستێت – مەنهەجە نوێیەکە بە شێوەیەک داڕێژراوە کە کاتی وانەبێژی زیاتر بێت.

سەرەڕای ئەمە، ئەو حەقیقەتەی کە بە گوێرەی مەنهەجە نوێیەکە قوتابیان سێ زمان دەخوێنن –کوردی، ئینگلیزی، و عەرەبی – بابەتی تافی فێرکاری ئاڵۆزتر دەکات. لە کاتێکدا هۆی خوێندنی سێ زمان ئاشکرایە، قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان ئێستا کاتێکی زیاتر سەرف دەکەن بە خوێندنی زمانەوە لە قۆناغە بەراییەکاندا زیاتر لەوەی زۆربەی وڵاتانی OECD تەرخانیان کردووە. لە قۆناغەکانی بەراییدا، ئینگلیزی هەفتانە سێ یەکەیە و عەرەبی چوار یەکەیە. بەڵام ئەم دوو پۆلە کاتێکی ئەوتۆیان دەوێت کە وا باوە بدرێت بە زمانی ڕەسەن و ماتماتیک.

[14] حکومەتی هەرێمی کوردستان (KRG)، 2009، لاپەڕە 35.

## ڕەخساندنی دەرفەت بۆ قوتابیانی ئاست-بەرز

قوتابیانی هەرێمی کوردستان بە گوێرەی شوێنی نیشتەجێبوونیان لە قوتابخانەیەک وەردەگیرێن و هەمووان هەمان مەنهەج دەخوێنن، بێجگە لە یەک حاڵەت نەبێت. لە ساڵی 2001 ەوە، ئەوەی پێی دەگوترێت قوتابخانەی "نموونەیی/بەهرەداران" دامەزران (ئەمە هاوشێوەی قوتابخانەکانی ماگنێتە کە لە هەندێک وڵات هەیە، وەک ویلایەتە یەکگرتووەکان). ئەمڕۆ 30 قوتابخانەی لەم جۆرە هەیە، تا ڕادەیەک هەندێک بەرنامەی پڕ تەحەددی دەخوێنن جیاواز لەوەی قوتابخانەکانی تر و ژمارەی قوتابیانیان زۆر سنووردارە. نزیکەی 7000 قوتابی لە قوتابخانەی نموونەیی دەخوێنن، کە دەکاتە ڕێژەی 1 لە سەتای سەرجەم قوتابیانی هەرێمی کوردستانی عێراق. تێکڕای قەبارەی ئەم قوتابخانانە نزیکەی 235 قوتابییە.

قوتابخانە نموونەییەکان پۆلەکانی 7 –12 لەخۆ دەگرن و کوڕ و کچ تێکەڵاون. قەبارەی پۆلەکان بچووکترە لەوانەی قوتابخانەکانی تر، قەبارەی پۆلەکانیان بە تێکڕا 25 قوتابییە، بە بەراورد لەگەڵ پۆلی قوتابخانەکانی تر کە 40 قوتابی یان زیاترن. لە قوتابخانە نموونەییەکان یەک شەفت دەوام دەکرێت، و تا ڕادەیەک تافی فێرکاری درێژترە و نزیکەی شەش کاتژمێرە لە ڕۆژێکدا، نەوەک پێنج کاتژمێر وەک قوتابخانە یەک شەفتییەکان. لەگەڵ ئەمەشدا، مەنهەجی قوتابخانە نموونەییەکان بە گشتیی هەمان ئەوەی قوتابخانە گشتییەکانی ترە. لە 30 قوتابخانەی نموونەیی، لە 11 دانەیان خوێندن بە زمانی ئینگلیزییە.

دەگوترێت مامۆستاکانی ئەم جۆرە قوتابخانەیە لە باشترین ئەو مامۆستایانە هەڵبژێردراون کە سەرپەرشتیارەکان دەستنیشانیان کردوون. وەرگرتنی خوێندکار لەم قوتابخانانە نیوەی پشت دەبەستێت بە پلەی قوتابییەکە لە تاقیکردنەوەکانی ماتماتیک و زانست و زمانەکان و نیوەکەی تری لەسەر تاقیکردنەوەیەکە. دەگوترێت دایک و باوکان زیاتر بەشداری دەکەن لە قوتابخانەکەدا وەک لە دایک و باوکانی قوتابیانی قوتابخانە گشتییەکانی تر.

بە وتەی ئاخێوەرەکان، قوتابخانە نموونەییەکان لە ساڵی خوێندنی 2010 – 2011 چیتر نامێننەوە بەشێکی لەبەرئەوەی پێویستە گەشە بە هەموو قوتابخانەکان بدرێت لەسەر شێوازی قوتابخانەی نموونەیی و بەشێکی تریشی لەبەرئەوەی زەحمەتە بەرەنگاری فشاری دایکوباوکان بکرێتەوە کە دەیانەوێت منداڵەکانیان بچنە ئەم قوتابخانانە، و هاوکات ئەم قوتابخانانە ژمارەیەکی سنووردار قوتابی وەردەگرن.

## تەمویلکردنی قوتابخانەکان

خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی بە تەواوەتی بە خۆڕاییە و حکومەت دارایی دەکات. دایک و باوکان هیچ پارەیەک نادەن. تەمویلی پەروەردە و خوێندنی گشتیی لە هەرێمی کوردستان لە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەرخان دەکرێت کە لە حکومەتی عێراقەوە دێت لە بەغدادەوە. هەرێمی کوردستان بە گشتیی بڕی 17 لە سەتا لە کۆی بودجەی عێراقی بۆ تەرخان دەکرێت، ئەو تەمویلانەی لێ دەردەکرێت کە بۆ ئەرکە سیادییەکانی حکومەتی مەرکەزییە.[15] لەم بڕە پارەیە، ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕێک بودجە بۆ پەروەردەی ناوخۆ تەرخان دەکات.

وەزارەتی پەروەردە چاودێری پرۆسەی داڕشتنی بودجە دەکات بۆ سیستمی پەروەردەی (باخچەی ساوایان– پۆلی 12)، ئنجا بودجەیەکی گشتیی بۆ پەروەردە ئامادە دەکات. ئەم پرۆژەی بودجەیە ڕەوانە دەکرێت بۆ وەزارەتی دارایی، ئنجا ئەمیش بڕیار دەدات چەند بودجە تەرخان بکات بۆ ئەو بودجە پێشنیارکراوە.

---

[15] چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ بەڕێز وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

## دەسەڵاتی کارگێڕی و بڕیاردان (بڕیاردروستکردن، صنع القرار)

بڕیاردان لەسەر سیاسەتی پەروەردەیی و چاودێریکردنی لە هەرێمی کوردستانی عێراق زۆر مەرکەزییە و لە دەسەڵاتی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە. وەنەبێت ئەمە جیاواز بێت لە زۆر وڵاتی تر. لە ڕێی 12 بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکەیەوە، وەزارەتی پەروەردە بریار دەدات لەسەر مەنهەج، داڕشتنی تاقیکردنەوەی نیشتمانی و وەزاری، دامەزراندن و تەرخانکردنی مامۆستا و بەڕێوەبەری قوتابخانە بۆ قوتابخانەکان، گەشە و مەشقی 2008-2009 پسپۆڕانە، دانانی پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی مامۆستا و بەڕێوەبەرەکان، دیزاینی قوتابخانەکان، و شوێنی دروستکردنی(زۆربەی) قوتابخانەکان و کامیان نۆژەن بکرێتەوە.

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەربەخۆ و خاوەن دەسەڵاتی خۆیەتی و جیاوازە لە وەزارەتی پەروەردەی عێراق لە بەغداد. ئەگەرچی هەردوو وەزارەتەکە هەماهەنگی لەگەڵ یەکتریدەکەن، وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان چالاکتر بووە لە هاوشانەکەی لە جێبەجێکردنی چاکسازیی پەروەردەیی.[16] لە سێ پارێزگاکەی دهۆک، هەولێر، وسلێمانییدا 33 بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەschool districts هەیە. ئەم بەڕێوەبەرایەتییانە چاکسازییەکە لە زیاتر لە 5,500 قوتابخانە لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستانی عێراقبەڕێوە دەبەن. و چاودێری ئیدارەی هەموو قوتابخانەکان دەکەن.

وەزارەتی پەروەردە مامۆستا تەرخان دەکات بۆ قوتابخانەکان، بەڵام بەڕێوەبەری قوتابخانەکان بەرپرسیارن لە تەرخانکردنی پۆل بۆ مامۆستاکان. بەڕێوەبەرەکان هەروەها خشتەی پۆلەکانی قوتابخانەکەیان ڕێک دەخەن، و کار لەگەڵ قوتابییەکان و دایک و باوکان دەکەن، لایەنە کارگێرییەکانی قوتابخانەکە بەڕێوە دەبەن، و کار لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکە دەکەن بۆ کەرەستە و پێویستییەکانیان. چاوەڕێی ئەوە لە بەڕێوەبەرەکان ناکرێت سەرکردەی فێرکاری بن. لە ئاستێکی بچووکدا ڕۆڵی سەرپەرشتیاری و هەڵسەنگاندنی ئەدای مامۆستاکانیان ئەنجام دەدەن و ڕێنمایی لەسەر شێوازەکانی فێرکاریدەدەن. زیاتر ڕۆڵەکەیان کارگێرییە.

## ڕێوشوێنی بەرپرسیاربوون و حەوافز

وەزارەتی پەروەردە لە ڕێی 830 سەرپەرشتیاری قوتابخانە بنەڕەتییەکانەوە (پۆلەکانی 1–9) جەخت لەوە دەکاتەوە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان پابەندن بە ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە و جێبەجێکردنی مەنهەجەکەوە. ئەم سەرپەرشتیارانە چاودێری زیاتر لە 4700 قوتابخانەی بنەڕەتی و 70000 مامۆستای ئەم قوتابخانانە دەکەن. ژمارەی ئەو مامۆستایانەی کە سەرپەرشتیارێک چاودێرییان دەکات جۆراوجۆرە بە گوێرەی بابەتی وانەکە، لە لای کەمی 60 مامۆستای زانستەوە تا دەگاتە لای زۆری 123 مامۆستای ئینگلیزی. سەرپەرشتیارەکان مامۆستای خاوەن ئەزموونن و لە وانەیەکداپسپۆڕن، بە گوێرەی هەڵسەنگاندنێکی ساڵانە هەڵدەبژێردرێن.

سەرپەرشتیارەکان ساڵانە سێ جار سەردانی قوتابخانە دەکەن. یەکەم سەردان کە لە سەرەتای ساڵی خوێندندایە جەخت دەخاتە سەر ئەم خاڵانە:

- چاوخشاندنەوە بە مەنهەجەکە، کتێبی وانەکان و ئەو بابەتانەی بەکاردەهێنرێن، و هەر گۆڕانکارییەک کە لەوەی ساڵی ڕابردوو ڕوویدابێت.
- ڕێنمایی لەسەر شێوازەکانی فێرکاریی و بەڕێوەبردنی پۆل
- بیرخستنەوەی هەر ڕێسا و فەرمانێکی وەزاری.

[16] تیمێکی کار پێکهێنراوە بۆ چاکسازیی پەروەردە لە عێراق، ڕێکخراوی جۆراوجۆری نێودەولەتی لەخۆدەگرێت وەک نوێنەرانی بانکی جیهانی و نەتەوە یەکگرتووەکان. وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ئەندامە تێیدا. بەڵام، تا 2010 تیمی کارەکە پێشکەوتنێکی گەورەی بەخۆوە نەبینیوە بە گوێرەی ڕاپۆرتی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پلاندانانی وەزارەتی پەروەردە.

سەردانی دووەم، لە کۆتایی کۆرسی یەکەم یان لە سەرەتای کۆرسی دووەم ئەنجام دەدرێت، وەک بەدواداچوونێک بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەو ڕێنماییانەی کە لە سەردانی یەکەمدا پێشکەش مامۆستاکە کراون. سەرپەرشتیارەکان جەخت لەوە دەکەنەوە ئاخۆ مامۆستاکان لەگەڵ مەنهەجەکە دەڕۆن بە بەکارهێنانی وانەی پێویست و کەرەستەی تر، یان پلانی تاقیکردنەوەی وانەکان.

دوایین سەردان، کە لە نزیک کۆتایی ساڵی خوێندندا ئەنجام دەدرێت تایبەتە بە هەڵسەنگاندێکی فەرمیی مامۆستاکە. لەم کاتەدا، سەرپەرشتیارەکە هەڵسەنگاندنێکی فەرمی دەکات بە بەکارهێنانی فۆرمێک کە نیشاندەری جۆراوجۆری تێدایە لەسەر کاتێکی شەش خاڵی کە ئنجا دوایی کۆدەکرینەوە. ئەو مامۆستایەی پلەکەی "لاواز" بێت یان "مامناوەندی" ئەوسا ڕەنگە داوای لێبکرێت بچێتە خولی مەشق، کە زۆر جار مامۆستایەکی تر ئەم خولە دەڵێتەوە.

سەبارەت بە حەوافزەکان، مووچە و سەرمووچە و دەرماڵە لەسەر ئەدا نییە. مامۆستاکان و ستافی تر بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی و بە تێپەرینی کات بەرز دەکرێنەوە، دەستێوەردان لە بەرامبەر ئەدای لاواز، بۆ نموونە مەشقی ئیلزامی، بە شێوەیەکی بەردەوام جێبەجێ ناکرێت. دەسەڵاتی دەرکردن یان گواستنەوەی مامۆستا یان ستافی تر تەنێ لە دەست وەزارەتی پەروەردەیە، و بە دەگمەن مامۆستا لەسەر ئەدای لاواز دەردەکرێت، یان شتی وا هەر ڕوونادات. بۆچوون و سەرنجی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان ڕۆڵێکی زۆری نییە لە هەڵسەنگاندنی مامۆستاکان. ئەگەرچی ساڵانە زانیاری سەرەتایی لەسەر قوتابی و مامۆستاکان کۆدەکرێتەوە، ئەم زانیاریە سەرەتاییانە ناخرێتە پێش بەڕێوەبەری قوتابخانەکان و دایکان و باوکان.

## ئەدای قوتابی

**ژمارەی قوتابیانی کەوتوو (دەرنەچوو) لە هەرێمی کوردستان زۆرە**

لە ساڵی خوێندنی 2007–2008 نزیکەی 25 لە سەتی قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان ڕاپانگەیاندووە کە نیوە یان زیاتری قوتابییەکانیان لە تاقیکردنەوەی قوتابخانەکان دەرنەچوون (شێوەی 2.15). ڕێژەی دەرنەچوون لە شارەکان زیاتر بوو وەک لە دەرەوەی شارەکان: لە 49 لە سەتای قوتابخانەکانی شار زیاتر لە نیوەی قوتابییەکان راسب بوون. لە بەرامبەردا، تەنێ لە 5 لە سەتی قوتابخانەکانی دەرەوەی شارەکان دوورەکان زیاتر لە نیوەی قوتابیان راسب بوون.[17] ژمارەی قوتابیانی کەوتوو لە ئامادەیی دوو هێندە بووە بە بەراورد لەگەڵ قوتابیانی بنەڕەتی. لە 18 لە سەتی قوتابخانە بنەڕەتییەکان، زیاتر لە نیوەی قوتابییەکان راسب بوون. بەڵام لە قوتابخانە ئامادەییەکان ئەم ڕێژەیە 50 لە سەت بوو.

ڕێژەی بەرزی کەوتنی قوتابیان تەبایە لەگەڵ ڕێژەی بەرزی ئەو قوتابییانەی لە 2007 ڕاپانگەیاندووە کە لە ماوەی خوێندنیاندا ساڵێک یان زیاتر ماونەتەوە. بە گوێرەی راپۆرتەکان، تا ئەو کاتەی قوتابیان دەگەنە تەمەنی 13 ساڵی (ئەمە بە نزیکەیی بریتییە لە کۆتایی خوێندنی سەرەتایی) نیوەیان بە لای کەمەوە جارێک لە دەرسێک راسب بووە. لە تەمەنی 15 ساڵی (کۆتایی خوێندنی بنەڕەتی) نزیکەی دوو-سێی قوتابیان بە لای کەمەوە لە وانەیەک راسب بوون، و 40 لە سەتا لە دوو دەرس یان زیاتر راسب بووە. (بڕوانە شێوەی 2.16)، لە بەرامبەردا، نزیکەی یەک سێی سەرجەم قوتابییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان مەزەندە دەکرێت بە لای کەمەوە جارێک راسب بوون تا ئەو کاتەی گەیشتوونەتە قۆناغی ئامادەیی.[18] لە وڵاتانی OECD تێکڕای 13 لە سەتی قوتابیانی تەمەن 15 ساڵان لە پۆلێک یان زیاتر ڕاسب بوون.[19]

---

17 مەزەندەی ڕوونکردەوەیەک ئەوەیە کە ڕەنگە مامۆستاکان لە قوتابخانەکانی دەرەوەی شار ستانداردێکی نزمتریان دانابێت بۆ دەرچوون بە بەراورد لەگەڵ قوتابخانەی شارەکان. تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ لە لایەن لیژنەیەکی قوتابخانەوە دادەنرێت کە پێک دێت لە بەڕێوەبەری قوتابخانە و چەند مامۆستایەکی دیاریکراو.

18 ماکۆمبس، کربی و ماریانۆ، 2009، ناگۆکا و ڕۆدریک، 2004.

19 جیاوازییەکی گەورە هەیە لە ڕێژەی دووبارەکردنەوەدا لە نێوان ئەو وڵاتانە. ئەو وڵاتانەی ڕێژەی دووبارەبوونەوەیان بەرزە بریتین لە فەرەنسا و پورتگال و تونس و بەرازیل، کە ڕێژەی 35 دەرسەد و زیاتری قوتابیانی 15 ساڵ بە لای کەمەوە یەک پۆلی خوێندیان دووبارە کردۆتەوە. ئەو وڵاتانەی کە ڕێژەی دووبارەکردنەوەیان کەمە بریتین لە فنلەندا، کۆریا، و شانشینی یەکگرتوو، و تایلاند، کە ڕێژەی کەمتر لە 3 لە سەتی قوتابیانی 15 ساڵ پۆلێکیان دووبارە خوێندۆتەوە.

**شێوەی 2-15**
**ڕێژەی سەدی قوتابیان کە وتویانە ساڵێک ڕاسب بوون، بە گوێرەی شوێن، قۆناغی خوێندن، و کۆی گشتی، 2007–08**




سەرچاوە: رەند، بە پشتبەستن بە زانیاری سەرەتایی نووسینگەی ئامار/وەزارەتی پەروەردە، 2007 – 2008
RAND *MG1140-2.15*

**شێوەی2-16**
**ڕێژەی سەدیی قوتابیانی ڕاسب، بە گوێرەی تەمەن و ژمارەی ساڵەکان، 2007**




سەرچاوە: IHSES, 2007.
RAND *MG1140-2.16*

**ئەدای قوتابییەکان لە تاقیکردنەوە نیشتمانییەکاندا کەمتر بوو لەوەی پێشبینی دەکرا.**

ئەنجامەکانی سالی 2008 ی تاقیکردنەوەی نیشتمانیی پۆلی 9 ئەوە دەردەخەن کە ئەدای قوتابیانی هەرێمی کوردستان نزمە بە گشتی، بە لای کەمەوە بە گوێرەی ئەو ستانداردەی لە دووتوێی تاقیکردنەوەکەدا دانراوە. نزیکەی یەک-سێی قوتابییەکان لە ئینگلیزی، فیزیا، یان ماتماتیک دەرنەچوون، و لە 50 کەمتریان هێناوە (پلەی دەرچوون). زۆربەی ئەو قوتابیانەی کە دەرچوون لای کەمی پلەی دەرچوونیان بەدەست هێناوە، بە پلەی 50 تا 69 لە سەد. کەمتر لە 5 لە سەتای قوتابییەکان زیاتر لە 85 یان هێناوە لە هەر بابەتێک (بڕوانە شێوەی 2.17).

ئەم ئەنجامە نزمانە ڕەنگە بەرهەمی تاقیکردنەوەی مەنهەجە نوێیەکە بێت بۆ مامۆستایان و بۆ قوتابیانیش کە هێشتا هەردوولا کێشەیان هەیە تێیدا. هەروەها ڕەنگە لە ئەنجامی گرفتی وەک نەبوونی هاندەر بێت لای قوتابی، نەبوونی شارەزایی لە تاقیکردنەوە، یان فاکتەری تری پەیوەست بە فێرکاریی کە پێویستە بە وردی پێداچوونەوەی بکرێت.

لە ئێستادا، ناتوانرێت ئەنجامی تاقیکردنەوەی نیشتمانی بکرێت بە پێوەر بۆ ئەدای قوتابیانی هەرێمی کوردستانی عێراق بە بەراورد لەگەڵ قوتابیانی وڵاتانی تر. چونکە تاقیکردنەوەکانی هەرێمی کوردستان بەراورد نەکراون لەگەڵ ستانداردە نێودەوڵەتییەکان، و هەرێمی کورستانی عێراق لە ئێستادا بەشداری ناکات لە هیچ تاقیکردنەوەیەکی نیودەڵەوتی.

**شێوەی 2-17**

**پلە و دەرچوونی قوتابیان لە تاقیکردنەوە نیشتمانییەکانی پۆلی 9، بە گوێرەی وانەکان**




سەرچاوە: ڕەند، بە پشتبەستن بە زانیاری سەرەتایی نووسینگەی ئامار/وەزارەتی پەروەردە، 2007 – 2008

RAND *MG1140-2.17*

# یەکەم ئەولەوییەتی ستراتیجی: بەرفراوانکردنی تواناکان بۆ وەڵامدانەوەی ئەو زیادبوونە خێرایەی لە داواکاریدا ڕوودەدات بۆ پەروەردە

ڕەنگە ئەو ئاریشەیەی کەڕووبەڕووی سیستمی پەروەردەی (باخچەی ساوایان-پۆلی 12) ی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە و لە هەمووان زیاتر پێویستی بە چارەسەری خێرا هەبێت، بریتی بێت لە توانا. بە پوختی (ئێمە لە چاپتەری دووەمدا بە چڕوپڕی باسی ئەم گرفتەمان کردووە)لە نێوان ساڵانی 2004 و 2010 دا ڕێژەی داخڵکردنی قوتابیان زۆر بە خێرایی زیادی کرد، بەڵام ژمارەی ئەو قوتابخانە نوێیانەی دروست دەکران شانبەشانی ئەم زیادبوونە نەدەڕۆیشت. زیادبوونی ژمارەی مامۆستایان هاوشان بوو لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی ئەو قوتابیانەی داخڵی قوتابخانە دەبوون، بەڵام لەناو ستافی فێرکارییدا کەسانی خاوەن شارەزایی سەرەکی تێدا نەبووە. ئەمڕۆ، هێشتا زیادبوونی ژمارەی ئەو قوتابیانەی داخڵ دەبن وەک خۆی ماوە. لە ڕاستییدا، سەرەڕای ئەوەی پێشبینی دەکرێت ژمارەی قوتابییان بەردەوام لە زیادبووندا بێت،سەرەڕای زیادبوونی ڕێژەی لەدایکبوون، لەگەڵ ئەمانەشدا لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەی سیاسەتی پەروەردەکە خوێندن دەکات بە ئیلزامی تا پۆلی 9 لە جیاتی پۆلی 6، دەتوانین پێشبینی ئەوە بکەین لە دە ساڵی داهاتوودابەردەوام ژمارەی داخڵ بوون لە قوتابخانە بە هەمان ئەو ڕێژەیە زیاد دەکات – ئەگەر خێراتریش نەبێت-.

ئاریشەی توانای قوتابخانەکان هێندەی پەیوەستە بە قوتابخانەی نوێ، هێندەش پەیوەستە بە مامۆستای نوێوە. پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارەی قوتابخانەکان و ژمارەی مامۆستاکانیش زیاتر بکات تا بتوانێت شانبەشانی ئەو داواکاری (طلب)ە بڕوات کە لە ئەنجامی زیادبوونی داخڵبوونی قوتابییەوە سەرهەلدەدات. ڕەنگە ئەمەش ئاستەنگی گەورە لەخۆبگرێت. لەم چاپتەرەدا، ئێمە لێکۆڵینەوە لە پێداویستبوونی قوتابخانەش و مامۆستاش دەکەین.

یەکەم، ئێمە بە گوێرەی چەند سیناریۆیەکی جیاواز مەزەندەی زیادبوونی ژمارەی قوتابیان دەکەین، باسی ئەوە دەکەین کە زیادبوونەکە کاریگەری چییە لەسەر ژمارەی قوتابخانە پێویستەکان لە دە ساڵی داهاتوودا. هەروەها تاوتوێی گرفتی قەرەباڵغیی پۆلەکان دەکەین. ئنجا ڕاسپاردە پێشکەش دەکەین لەسەر ئەو شتانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت ئەنجامیان بدات بۆ ئەوەی توانای پۆلەکان شانبەشانی داخڵبوونەکە بێت.

پاش ئەوە، باسی دابینکردنی مامۆستا دەکەین، بە بەکارهێنانی هەمان ئەو ژمارانەی مەزەندەمان کردبوو، مەزەندەی ژمارەی ئەو مامۆستایانە دەکەین کە پێویستە لە دە ساڵی داهاتوودا دابمەزرێن. ئنجا چەند ڕاسپاردەیەک پێشکەش دەکەین بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بتوانرێت وەک پێویست دەستەی فێرکاریی دابین بکرێت.

## ژمارەی داخڵبوونی قوتابیان تا 2021

شێوەی 3-1 بریتییە لە چەند مەزەندەیەک لەسەر بڕی زیادبوونی ژمارەی قوتابیان لە هەرێمی کوردستان لە دە ساڵی داهاتوودا، لە 2010 ەوە بۆ 2021 (بڕوانە خانەی 3-1 بۆ ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی داڕشتنی ئەم مەزەندانە)

- بە گوێرەی *مەزەندەی لای کەم، یان، کەمترین مەزەندە)* ساڵانە ژمارەی قوتابییەکان 69,000 قوتابی زیاد بکات. بە گوێرەی ئەو مەزەندەیەی کە ژمارەی لەدایکبوون ساڵانە بە ڕێژەی 5 لە سەد گەشە دەکات، و هیچ گۆڕانکارییەک ڕوونادات لە ڕێژەی تەواوکردنی قۆناغی بنەڕەتی، و یەکسانیی جێندەری.

**شێوەی 3-1**
**پێشبینی زیادبوونی ژمارەی قوتابیان لە هەرێمی کوردستان، 2010 – 2021**




سەرچاوە: مۆدیلی لێشاوی قوتابیان RAND.
RAND *MG1140-3.1*

- بە گوێرەی *(مەزەندەی مامناوەندی)* تێکرای زیادبوونی ژمارەی قوتابیان بریتی دەبێت لە 85,000 قوتابیی لە ساڵێکدا. لە (مەزەندەی مامناوەندی) دا پێشبینی ئەوە دەکرێت زیادبوونی ساڵانە لە ژمارەی لەدایکبوون بە ڕێژەی 6.5 لە سەت بێت، و گەشەیەکی لەسەرخۆ ڕوو‌بدات بەرەو پەروەردەی بنەڕەتیی سەرتاپاگیر.
- بە گوێرەی (مەزەندەی لای زۆر) زیادبوونی ساڵانەی قوتابیان بە بڕی 111,000 قوتابی دەبێت. گریمانی ئەوە دەکات کە ژمارەی لەدایکبوون بە ڕێژەی 7.5 لە سەت گەشە بکات، و ڕێژەی دەرچوون لە قۆناغی بنەڕەتی 90 لە سەت بێت، و یەکسانی جێندەری ڕوو‌بدات تا 2021.

ئەم سێ مەزەندە جۆراوجۆرەی ژمارەی داخڵبوون بۆ پێنج ساڵی یەکەمی 2010-2021 وەک یەکن، بەڵام دوای ئەوە، بە شێوەیەکی بەرچاو دەگۆڕێن. چونکە ئەوانەی لە نێوان 2005 و 2009 لەدایک دەبن، کە پێشبینی دەکرێت لە نێوان 2011-2015 بچنە پۆلی 1، ژمارەیان زانراو دەبێت. بەم شێوەیەش، بۆ هەر سێ مەزەندەکە وەک خۆیان دەبن.[1]

سەرەڕای ئەو گریمانەیەی سەرەوە، ئێمە هەروەها لە پێشبینی لای کەم و لای زۆری مەزەندەکان گریمانەی ئەوەمان کرد کە قوتابییەکان پێویستیان بە هاندەری تایبەت نابێت بۆ تەواوکردنی خوێندنی بنەڕەتی، بێجگە لە مەرجە نوێیەکە بۆ خوێندنی ئیلزامی. بەرچاوکردنی گەشەی خێرای داخڵبوون لە پێنج ساڵی داهاتوودالە 2006-2006 تا 2009-2010، ناتەباییەک لە زیادبونی خێرا بۆ خوێندنی ئامادەیی، و گەشەی بەردەوامی ئابووری کە ڕەنگە هانی خێزانەکان بدات منداڵەکانیان بنێرن بۆ خوێندن و بەردەوام بن لەسەری، ئێمە پێمان وایە ئەمە مەزەندەیەکی مەعقولە، بە لای کەمەوە هەر نەبێت تا ئەو کاتەی داینکردنەکە زیاتر دەبێت لە داواکارییەکە، بەڵام، ئەگەر هەر کاتێک بڕی ئەو قوتابیانە چەسپاو دەبێت کە درێژە بە خوێندن دەدەن لە پۆلی 6 ەوە بۆ پۆلی 9 و لە چەند ساڵی داهاتوودا سەقامگیر دەبێت، پێویستە بایەخ بدرێت بە هاندانی قوتابیان تا بایەخ بدەن بە قوتابخانە. ڕەنگە هەندێک لە بەرنامەکان بریتی بن لە ئاشناکردنی دایک و باوکان بە سوودەکانی خوێندن، و پێشکەشکردنی حەوافزی دارایی یان حەوافز بۆ خێزانەکان و قوتابخانەکان یاخود دارشتنی سیاسەت یان چالاکیی هاندانی خێزانەکان بۆ ناردنی کچەکانیان بۆ قوتابخانە لەبەر یەکسانیی جێندەری (بۆ نموونە، وەک چارەسەرکردنی گرفتی هاتووچۆ یان دەستشۆر و ئاودەستخانەی پێویست).[2]

---

1 قەبارەی ئەم یەکە زانراوانە ناکەوێتە ژێر کاریگەری مەزەندەکانی ئێمە لە بواری زیابوونی ژمارەی لەدایکبوون لە 2010 و بە دواوە.

2 کانبور (Kanbur)، 2009

**خانەی 3-1**

**شێوازی داڕشتنی مەزەندەکان بۆ پێشبینی داخڵبوونی قوتابیان**

بۆ مەزەندەکردنی زیادبوونی داخڵبوونی قوتابیان بە گوێرەی قۆناغی خوێندن، ئێمە مۆدیلێکی پێشبینیمان داڕشت. مۆدیلەکە لە ژمارەی ئەو قوتابییانە پێک دێت کە لە نێوان ساڵەکانی 2004 و 2010 چوونەتە هەر پۆلێک (لە پۆلی 1 تا پۆلی 12) لەگەڵ ئەگەرەکانی گواستنەوە (دەرچوون) لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێکی تر (ڕێژەی سەدی ئەو قوتابییانەی بەردەوام دەبن لە خوێندن)، واتە لە پۆلێکەوە دەچنە پۆلەکەی دواتر. مۆدیلەکە ئەو گۆڕانکارییانە پیشان دەدات کە لە سێ گۆڕاوی سەرەکییدا ڕوودەدات و کار دەکەنە سەر داخلبوونی قوتابیان لە ئایندەدا:

- زیادبوونی ساڵانەی ژمارەی ئەو کەسانەی شایستەن بچنە پۆلی 1.
- زیادبوونی سالانە لە ژمارەی ئەو قوتابیانەی خوێندنی بنەڕەتی تەواو دەکەن و ئنجا بەردەوام دەبن لە خوێندنی ئامادەیی.
- خێرایی بەدیهاتنی یەکسانیی جێندەریی لە بواری ئەو کوڕ و کچانەی دەخرێنە بەر خوێندن

مۆدیلەکە سێ گریمانە لەخۆدەگرێت: یەکەم، لەبەرئەوەی زانیاری سەرەتایی لەبەردەست نییە سەبارەت بە کۆچ لە هەرێمی کوردستانەوە و کۆچ بەرەو کوردستان، ئێمە گریمانەی ئەوەمان کرد کە ژمارەی ئەو خەڵکانەی تەمەنیان لە نێوان 6 و 18 ساڵانە و دێنە ناو هەرێمی کوردستان یەکسانە بە ژمارەی خەڵکانی هەمان تەمەن کە هەرێمی کوردستان بەجێدەهێڵن، بەم شێوەیە یەکتری دەسڕنەوە. دووەم، زانیاری سەرەتایی نییە لەسەر کۆچی قوتابیانی دەرەوەی شارەکان بۆ ناو شارەکان، گریمانەکەی ئێمە بریتی بوو لەوەی ڕێژەی قوتابیانی ناو شارەکان-دەرەوەی شارەکان وەک خۆی دەمێنێتەوە و ناگۆڕێت لەو ماوەیەدا. سێیەم، گریمانەی ئەوەمان کرد کە ڕێژەی ئەو قوتابیانەی لە پۆلی 9 بەردەوام دەبن لە خوێندن بۆ ئامادەیی ناگۆڕێت – بە مانایەکی تر، زیادبوونی ژمارەی ئەو قوتابیانەی بەردەوام دەبن لە خوێندنی ئامادەیی ڕاستەوانە دەگۆڕێت لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی ئەو قوتابییانەی خوێندنی بنەڕەتی تەواو دەکەن. پێمان وایە ئەمە گریمانەیەکی میانڕەوانەیە. پاشگری A وردەکاریی زیاتری تێدایە لەسەر مۆدیلەکە.

لەبەرئەوەی هێشتا کاریگەری سیاسەت و ڕەوشی ئابووری لەسەر ئەم گۆڕاوانە دیار نییە، ئێمە پێشبینییەکەمان بەکارهێنا بۆ دانانی 27 پێشبینی جۆراوجۆر بۆ داخلبوونی قوتابی بە گوێرەی تێکەڵێکی جۆراوجۆری سێ گۆڕاوەکە – زیادبوونی ژمارەی لەدایکبوون، ڕێژەی تەواوکردنی خوێندنی بنەڕەتی، و یەکسانیی جێندەریی. لەم 27 پێشبینییە، ئێمە سێ مەزەندەمان هەڵبژارد: مەزەندەی لای زۆر، مەزەندەی مامناوەندی، و مەزەندەی لای کەم، بۆ ئەوەی بتوانێت تێکڕای ئەو گۆڕانکارییە پیشان بدات کە چاوەڕێ دەکرێت لە ژمارەی داخلبوونی قوتابیان لە نێوان ساڵەکانی 2010 و 2021:-

- ***مەزەندەی کەمترین (مەزەندەی لای کەم)*** گریمانەی کەمترین زیادبوون دەکات لە ژمارەی لەدایکبوون (5 لە سەت) لەگەڵ ئەوەی کە هیچ گۆڕانکارییەک ڕوونەدا لە ڕێژەی تەواوکردنی خوێندنی بنەڕەتی و ڕێژەی یەکسانیی جێندەر.
- ***مەزەندەی مامناوەندی*** گریمانەی ئەوە دەکات کە زیادبوونی ژمارەی لەدایکبوون بە نزیکەیی یەکسانەوە بەوەی ئەم 13 ساڵەی دوایی (6.5 لە سەت)، بەرەوپێشچوونێکی لەسەرخۆ بەرەو خوێندنی بنەڕەتی بۆ هەمووان، و هیچ گۆڕانکارییەک نەبێت لە ڕێژەی جێندەر
- ***مەزەندەی بەرزترین*** (مەزەندەی لای زۆر) گریمانەی ئەوە دەکات کە زیادبوونی ڕێژەی ساڵانەی ژمارەی لەدایکبوون یەکسانە بەوەی لەم پێنج ساڵەی دواییدا ڕوویداوە (7.5 لە سەت)، خوێندن بۆ هەمووان لە 2021 بەدیدەهێنرێت (ڕێژەی تەواوکردن بریتییە لە 90 لە سەت)، و تا 2021 یەکسانی جێندەریی بەرقەرار دەبێت لە بواری پەروەردەدا.

زیادبوونی پێشبینیکراو لە داخڵبوونی قوتابی لە ئایندەدا ئاستەنگی گەورە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست دەکات. بەڵام پێویستە خوێنەران سەرنجی ئەوە بدەن کە مەزەندەکانی ئێمە بریتین لە: مەزەندە. زۆر گرنگە بەلای کەمەوە دوو ساڵ جارێک پێداچوونەوەیان بکرێت و ڕێک بخرێنەوە، ئەگەر ساڵانە نەکرێت، چونکە ژمارەی ڕاستەقینەی لەدایکبوون و ژمارەی ڕاستەقینەی قوتابیانی داخڵبوو بە گوێرەی پۆل، ساڵ بە ساڵ زانراو دەبێت.

**داخڵبوون لە پۆلەکانی (7 تا 9) زۆر خێراتر زیاد دەکات**

خێرایی زیادبوونی داخڵبونی قوتابیان بۆ قۆناغەکانی خوێندن جۆراوجۆر دەبێت. بۆ نموونە، بە گوێرەی مەزەندەی مامناوەندی ئێمە، داخڵبوون بۆ پۆلەکانی 7-9 پێشبینی دەکرێت بە ڕێژەیەکی تێکڕای ساڵانەی 6.8 لە سەت زیاد بکات. لە بەرامبەردا، ڕێژەکە 6.4 دەبێت بۆ پۆلەکانی 1-6 و 5.5 لە سەت دەبێت بۆ پۆلەکانی 10-12 (بڕوانە شێوەی 3-2).

**شێوەی 3-2**
**داخڵبوونی پێشبینیکراوی قوتابیان تا 2021، بە گوێرەی قۆناغی خوێندن (مەزەندەی زیادبوونی مامناوەندی)**




سەرچاوە: مۆدیلی لێشاوی-قوتابیانی ڕەند
سەرنج: زانیاریە سەرەتاییەکان پشتیان بە مەزەندەی زیادبوونی مامناوەندیی داخڵبوونی قوتابی نوێ بەستووە بۆ هەر ساڵێک
RAND *MG1140-3.2*

هەروەها بە گوێرەی مەزەندەی بەرزترینی ئێمە، زیادبوونی ساڵانە لە داخڵبوونی قوتابیان پێشبینی دەکرێت لە پۆلەکانی 7-9 زۆترین بێت، ئنجا پۆلەکانی 1-6 و پاشان پۆلەکانی 10-12. بە گوێرەی مەزەندەی لای کەمترین، بەرزترین ڕێژەی زیادبوونەکە پێشبینی دەکرێت لە پۆلەکانی 1-6 ڕوبدات.

## ژمارەی ئەو پۆلە نوێیانەی پێویستن بۆ بەرسڤی بەرزبوونەوەی ڕێژەی داخڵبوون

ژمارەی ئەو پۆلانەی پێویستە زیاتر بکرێن بۆ وەڵامدانەوەیزیاتربوونی ژمارەی داخڵبوونی قوتابیان لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە نێوان 2010 و 2021 ژمارەیەکی گەورەیە (خشتەی 3-1) .نزیکەی 21,400 پۆل دەبێت لە ماوەی دە ساڵدا بە لای کەمەوە، و نزیکەی 34,700 دەبێت بە لای زۆرەوە، بەو مەزەندەیەی کە قەبارەی هەر پۆلێک 35 قوتابییە (بڕوانە خانەی 3-2 بۆ ڕوونکردنەوەی تێروتەسەل کە بۆچی ئێمە ئەم قەبارەیەمان هەڵبژاردووە بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق، هەروەها ڕاگرتنی هاوسەنگێتی لە هەڵبژاردنی قەبارەیەکی لەم جۆرە بۆ مەبەستی پلاندانان). ئەگەر پلاندانەرانی وەزارەت وایان بە پەسەند زانی کە قەبارەی بچووکتری 25 ی دروست بکەن، ئەوسا ژمارەی ئەو پۆلە نوێیانەی پێویستن دەگۆرێت و بە لای کەمەوە بریتی دەبن لە 30,000 و بە لای زۆرە بریتی دەبن لە 48,600 .[3]

**خشتەی 3-1**
**مەزەندەی زیادبوونی ژمارەی داخڵبوون و ژمارەی پۆلی نوێی پێویست، 2010-2021**

| مەزەندە | زیادبوونی داخڵبوون 2010–2021 | ژمارەی پۆلی نوێی پێویست |
|---|---|---|
| کەمترین | 750,000 | 21,430 |
| مامناوەندی | 924,000 | 26,400 |
| بەرزترین | 1,216,000 | 34,740 |

سەرچاوە: مۆدیلی ڕەند بۆ لێشاوی قوتابیان

[3] بۆ ئاسانکردنی بەراورد لە نێوان پێویستییەکانی شارەکان و دەرەوەی شارەکان لە بواری پەروەردەدا، ئێمە هەمان قەبارەی پۆل بۆ شارەکان و دەرەوەی شارەکان بەکاردەهێنین لە سەرتاسەری چاپتەرەکەدا. بەڵام، پێدەچێت پێویست نەکات پۆلەکان لە هەندێک ناوچەی دەرەوەی شار گەورە بن، تەنانەت ئەگەر سیاسەتی یەکخستنی قوتابخانە بچووکەکان بۆ ناو یەک قوتابخانەی گەورە پیادە بکرێت. (بڕوانە خوارەوەی ئەم چاپتەرە بۆ بەشی "یەکخستنی قوتابخانە بچووکەکان لە ناوچە دوورەکان"). لەم حاڵەتەدا پێویستە ژمارەی پۆلەکانی ناوچە دوورەکان بە ڕێژەی 35 زیاتر بکرێت بۆ ئەو قەبارەیە.

**خانەی 3-2**
**هەڵبژاردنی قەبارەی پۆل بۆ بەکارهێنانی لە پلان دانان**

هەڵبژاردنی قەبارەی پۆل بۆ بەکارهێنانی بۆ مەبەستی پلاندانان بڕیارێکی بواری سیاسەتی پەروەردەیە و کاریگەری ئێجگار پڕبایەخی هەیە. هەندێک هاوسەنگی ڕادەگرێت لە نێوان کولفەکان، دابینکردنی پەروەردە، و کواڵیتی پەروەردە. لە لایەک، تا قەبارەی پۆل بچووکتر بێت، ئەوسا پێویستە ژمارەیەکی زیاتر پۆلی نوێی خوێندن دروست بکرێت، و تا ژمارەی پۆلە نوێیەکانیش زیاتر بێت واتە کولفەکە زیاتر دەبێت. لە لایەکی ترەوە، لێکۆڵینەوەکان ئەوە دەردەخەن کە تا قەبارەی پۆل بچووکتر بێت ئەوسا پلە و دەرچوونی قوتابی بەرز دەبێتەوە (Schanzenbach, 2010). هاوکات، لێکۆڵینەوە نێودەوڵەتییەکان ئەوەیان دەرخستووە کە لە هەندێک لەو وڵاتانەی قەبارەی پۆلەکان گەورەیە (وەک کۆریا، چین، تایپی، و سنگافورە)، پلە و دەرچوونی قوتابیان بەرز بووە (OECD, 2010). هەروەها، هەندێک لێکۆڵینەوەی تر ئەوە دەردەخەن کە قەبارەی پۆل هێندە کاریگەری نییە لەسەر چاکترکردنی ئەدای قوتابی هێندەی فاکتەری تر، وەک بابەتی وانەکە، تافی فێرکاری، بینایەکی پاک و خاوێن و سەلامەت (Scheerens, 2000; Ehrenbergeretal., 2001). لەبەرئەوە وا پەسەندە سەرچاوە داراییەکان بە شێوەیەکی کاراتر لەسەر ئەم فاکتەرانە سەرف بکرێت.

ئێمە بڕیارماندا پۆلێک بە قەبارەی تێکڕای 35 قوتابی بەکاربهێنین بۆ مەزەندەکردنی ژمارەی ئەو پۆلانەی پێویستن بۆ وەڵامدانەوەی داخڵکردنی قوتابیان لە ئاییندەدا لە هەرێمی کوردستان. ئەمە هەندێک کەمترە لە تێکڕای ژمارەی قوتابیانی هەرێمی کوردستان لە پۆلەکانی شارەکاندا (42 قوتابی)، ئەگەرچی زۆرە (گەورەیە) بە گوێرەی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان: لە وڵاتانی OECD تێکڕاقی قەبارە پۆل جۆراوجۆر و جیاوازە، لە نێوان 21 و 24 قوتابی لە پۆلەکانی 7-9 (OECD, 2009). بەڵام شتێکی ئاساییە بۆ هەندێک وڵاتی ئاسیایی ئەدا-بەرز، وەک یابان (33) و کۆریای باشوور (36).

ئێمە لەم هەڵبژاردەیە پشتمان بە چەند بناغەیەک بەس. هەڵبژاردنی پۆلی بچووک پێویستی بە تەرخانکردنی پارەی زیاترە بۆ کولفەی بینایەکان. هێندەی پێویست بەڵگەمان نەبینی لەسەر کاریگەری ئەرێنی قەبارەی پۆل تا ببێت بە بەهانە بۆ ئەم داراییە زیادانە. بە تایبەتی کە دەتوانرێت پارەکە لە جیاتی ئەوە بەکاربهێنرێت بۆ چاکترکردنی تر کە کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر فێرکاریی قوتابیان. سەرەڕای ئەمە، لەبەرئەوەی وەزارەتی پەروەردە ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبێتەوە لە بیناکردنی ژمارەی پێویستی قوتابییەکان بە خێرایی بۆ ئەوەی بتوانێت وەڵامی زیادبوونی خێرای ژمارەی داخڵبوون بداتەوە، پێمان وابوو وا عەمەلیتر و بەکارهێنانی باشتری سەرچاوەکانە کە ئامانجەکە بریتی بێت لە پۆل بە قەبارەی 35 قوتابی. بە لای کەمەوە تا ئەو کاتەی ژمارەی پێشبینیکراوی داخلبوون دادەبەزێت و دەتوانرێت کۆتایی بهێنرێت بە دەوامی دوو شەفتی. ئەگەر ژمارەی ئەو قوتابخانانەی دروست دەکرێن کەمتر بێت، ئەوسا ئەگەری ئەوە زیاتر دەبێت کە وەزارەتی پەروەردە بتوانێت خێرایی دروستکردنی بیناکان هاوشان بکات لەگەڵ داواکاریی (طلب) ەکە.

## قەرەباڵغیی پۆلەکان گرفتێکە تا دێت زیاتر دەبێت لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان

25 لە سەتی پۆلەکانی ئێستای هەرێمی کوردستان بە قەرەباڵغ دادەنرێت، کە ئێمە بەوەی دادەنێین پۆلێک زیاتر لە 35 قوتابی تێدا بێت. ئەم گرفتە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازە. زیاتر قوتابخانەکانی شارەکان قەرەباڵغترن (65 لە سەت) وەک لە ناوچە دوورەکان (5 لە سەت). قەرەباڵغیی پۆلەکان بە گوێرەی قۆناغی خوێندنەکەش جۆراوجۆرە، قوتابخانەی پۆلەکانی 7-9 و 10-12 زۆر قەرەباڵغترن لەو قوتابخانانەی پۆلەکانی 1-6 دەخوێنن (بڕوانە شێوەی 3-3)

## ژمارەی ئەو پۆلە نوێیانەی پێویستن بۆ کەمکردنەوەی قەرەباڵغی

بە گشتیی، بۆ کەمترکردنەوەی قەرەباڵغیی ئەم پۆلانە لە دە ساڵی داهاتوودا، پێویستە پۆل دابین بکرێت بۆ زیاتر لە 183,000 خوێندکاری تر.[4] ئەمەش مانای ئەوەیە کە پێویستە حکومەتی هەرێم نزیکەی 5,200 پۆلی تر دروست بکات، بە تێکڕای 35 قوتابی بۆ هەر پۆلێک (خشتەی 3-2). نەوەد و چوار لە سەتی ئەم پۆلە نوێیانە بۆ شارەکان

[4] ئێمە ژمارەی ئەو قوتابیانەمان حساب کردووە کە پێویستە شوێنی تریان بۆ دابین بکرێت، ئەمەش لە ڕێی کۆکردنەوەی ژمارەی قوتابییانی ئەو پۆلانەی کە لە 35 قوتابی زیاترن لەو 39 لە سەتە قوتابخانەیەی کە پۆلەکانیان زیاتر لە 35 قوتابی تێدایە

**شێوەی 3-3**
**ڕێژەی قەرەباڵغیی قوتابخانەکان، بە گوێرەی شارنشینی و قۆناغی خوێندن، 2007–08**




سەرچاوە: ڕەند، بە پشتبەستن بە زانیاری سەرەتایی نووسینگەی ئامار/وەزارەتی پەروەردە،
سەرنج: قەرەبالغ مانای ئەوەیە کە پۆلێک 35 قوتابی یان زیاتری تێدایە
RAND *MG1140-3.3*

دەبن، 75 لە سەتی ئەم ژمارەیە بۆ پۆلەکانی 1-6 دەبێت. چونکە ئەگەرچی تەنێ ڕێژەیەکی کەمیی سەدی قوتابخانەی پۆلەکانی 1-6 قەرەباڵغن، بەڵام قوتابخانەی زیاتری پۆلەکانی 1-6 هەیە، بە بەراورد لەگەڵ هەر قۆناغێکی تر.

**پێداویستبوونی پۆلی نوێ گرفتێکە تایبەتە بە شارەکانی هەرێمی کوردستان**

شارەکانی هەرێمی کوردستان پێنج ئەوەندەی ناوچە دوورەکان پێویستیان بەپۆلی نوێیە، ئەمەش بۆ پڕکردنەوەی داخڵبونی قوتابیان و بۆ کەمترکردنەوەی قەرەباڵغی لە دە ساڵی داهاتوودا (بڕوانە خانەی 3-3 بۆ شێوازی مەزەندە).[5] مەزەندەی لای کەمی ئێمە بۆ پێشبینی پۆلی پێویست لە شارەکان نزیکەی 21,900 پۆل بوو. بەڵام ڕەنگە بگاتە 32,200 پۆلی نوێ. بە پێچەوانەوە، ناوچە دوورەکان تەنها پێویستیان بە 4,800 تا 7,700 پۆلی نوێ دەبێت (بڕوانە خشتەی 3-3)

**خشتەی 3-2**
**ژمارەی ئەو پۆلانەی پێویست دەبن بۆ کەمکردنەوەی قەرەباڵغیی، بە گوێرەی شوێن و قۆناغی خوێندن 2010-2021**

| قۆناغی خوێندن | شار | ن. دوور | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| 1–6 | 3,575 | 259 | 3,834 |
| 7–9 | 786 | 31 | 817 |
| 10–12 | 585 | 6 | 591 |
| Total | 4,946 | 296 | 5,242 |

سەرچاوە: ڕەند، بە پشتبەستن بە زانیاری سەرەتایی نووسینگەی ئامار/وەزارەتی پەروەردە، 2007-2008

[5] لەبەر نەبوونی زانیاری سەرەتایی لەسەر کۆچی شار-گوندەکان، دوو فاکتەری پێچەوانەی یەکترمان بەکارهێنا، بە مەزەندەکردنی گۆڕانکارییەکی کەم لە ڕێژەی داخڵبوونی قوتابیان لە دەرەوەی شارەکان، وەک لە خانەی 3.3 دەبینرێت. لە لایەکەوە، لە ماوەی شەڕی دژی ڕژێمی سەدام حسێن و ماوەیەکی زۆر لە نا ئارامی کۆچکردنێکی گەورە ڕوویداوە لە دەرەوەی شارەکانەوە بۆ ناو شارەکان. سەرەڕای ئەوەی تا ئەمڕۆ بەشێکی زۆری هاووڵاتیان (79 لە سەت) لە شارەکان دەژین، هێشتا پێشبینی دەکرێت خەڵکی زیاتر لە گوندەکانەوە بەرەو شارەکان کۆچ بکەن. لە لایەکی ترەوە، حکومەتی هەرێمی سیاسەتێکی پیادەکردووە بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو گوندانەی لە ماوەی شەڕەکەدا وێران کراون (دەگوترێت زیاتر لە 65 لە سەتی 4,500 لادێ وێرانکراوەکانی ئاوەدانکردۆتەوە و هانی خێزانەکان دەدات لەوێ بمێننەوە، یان بگەڕێنەوە بۆ گوندەکانیان). لە مەزەندەکاندا، ئێمە گریمانەی ئەوەمان کردووە کە هەر یەکێک لەم دوو فاکتەرە ئەوەی تر دەسڕێتەوە و دەیکات بە سفر.

### خانەی 3-3
### ئەو گریمانکارییەی بەکارهێنرا بۆ مەزەندەی دابەشکردنی پۆلی پێویست لە نێوان شارەکان و دەرەوەی شارەکان

بۆ مەزەندەکردنی چۆنیەتی دابەشکردنی پۆلە پێویستەکان بەسەر شارەکان و دەرەوەی شارەکان، ئێمە گریمانەی ئەوەمان کرد کە کۆی ژمارەی قوتابیان لە هەموو ئاستەکانی خوێندندا، ڕێژەی قوتابیانی ناوچەکانی دەرەوەی شارەکان بۆ قوتابی شارەکان لە پۆلی 1-6 دا وەک خۆی دەمێنێتەوە ( 33 لە سەت) بۆ هەر سێ مەزەندەکارییەکەی لای کەم و مامناوەندی و زۆر. بەڵام ئێمە گریمانەی ئەوەمان کرد کە لە قۆناغەکانی تر ئەو ڕێژەیە دەگۆڕیت، لە پۆلەکانی 7-9 بریتی دەبێت لە 17.8 (مەزەندەی لای کەم) تا دەگاتە 24.9 (مەزەندی لای زۆر)، و بۆ قوتابییانی پۆلەکانی 10-12 لە 11.0 لە سەت (مەزەندەی لای کەم بۆ 17.6 لە سەت (مەزەندەی لای زۆر). ئەم زیادبوونانە لە ئاییندەدا ڕەنگ دەداتەوە، ڕەنگە پێشبینی ئەوە بکەین گەنجان لە شارە دوورەکان بەردەوام دەبن لە خوێندن لە بنەڕەتییەوە بۆ ئامادەیی بە هەمان ئەو ڕێژەیەی ئەمڕۆی گەنجانی شارەکان.

بە گشتیی، بۆ هەموو پۆلەکان پێکەوە، ڕێژەی ئەو قوتابیانەی دەرەوەی شارەکان بۆ قوتابی شارەکان وەک خۆیەتی، بە ڕێژەی نزیکەی 27 لە سەت، بۆ هەر یەکێک لە مەزەندەکانمان. بەڵام ئەگەر خەڵک بە ژمارەیەکی زۆر بگەڕێنەوە بۆ لادێکان کە ئێستا کار ئاوەدانکردنەوەیان دەکرێت، ئەوسا ئەم ڕێژەیە زۆر نزمە. لە لایەکی ترەوە، ڕەنگە بەرز بێت. نوێکردنەوەی ئەم گریمانانە هەموو ساڵێک دوو جار کارێکی زۆر گرنگە.

لە کاتی شیکردنەوەی پێداویستی شارەکان بە گوێرەی قۆناغی خوێندن، جیاوازییەکی گەورە بەرچاو دەکەوت: لە کۆی ئەو پۆلە نوێیانەی پێویستە دروست بکرێن، 52 تا 65 لە سەتیان بۆ پۆلەکانی 1-6 بوون، 22 تا 29 لە سەتیان بۆ پۆلەکانی 7-9، و تەنێ 11 تا 19 لە سەتیان بۆ پۆلەکانی 10-12 بوون، بە گوێرەی مەزەندەکانی داخڵبوونی قوتابیان. بە پێچەوانەوە، ئەوانەی کەمتر قەرەباڵغن لە ناوچە دوورەکانن. ئەوانەی ئێجگار قەرەباڵغن دەبن بە ئەولەوییەت بۆ وەبەرهێنانی پۆلی نوێ لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

**خشتەی 3-3**
**مەزەندەی ژمارەی پۆلی پێویست بۆ پڕکردنەوەی زیادبونی ژمارەی داخڵبوونی خوێندکاران و کەمترکردنەوەی قەرەباڵغی، 2010-2021**

| | مەزەندەی زیادبوونی داخڵبوون | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | لای کەم | | مامناوەندی | | لای زۆر | |
| شوێن/قۆناغ خوێندن | ژمارەی پۆل | % | ژمارەی پۆل | % | ژمارەی پۆل | % |
| دەرەوەی شارەکان | | | | | | |
| 1–6 | 3,750 | 14 | 4.211 | 13 | 4,466 | 11 |
| 7–9 | 778 | 3 | 1,202 | 4 | 2,192 | 5 |
| 10–12 | 249 | 1 | 462 | 1 | 1,062 | 3 |
| کۆی لاوەکی | 4,777 | 18 | 5,875 | 19 | 7,720 | 19 |
| شارەکان | | | | | | |
| 1–6 | 14,104 | 53 | 15,494 | 49 | 16,266 | 41 |
| 7–9 | 4,992 | 19 | 6,386 | 20 | 9,435 | 24 |
| 10–12 | 2.773 | 10 | 3,914 | 12 | 6,563 | 15 |
| کۆی لاوەکی | 21,869 | 82 | 25,794 | 81 | 32,264 | 81 |
| کۆی گشتی | 26,646 | 100 | 31,669 | 100 | 39,984 | 100 |

سەرچاوە: مۆدیلی لێشاوی قوتابیان-ڕەند.

سەرنج: ڕەنگە کۆی ستوونەکان نەکاتە 100 لە سەت لەبەرئەوەی ژمارەکان نزیک کراونەتەوە.

**شێوەی 3-4**
**ڕێژەی سەتیی قەرەباڵغیی قوتابخانەکان، بە گوێرەی قەزا. 2007-2008**




سەرچاوە: ڕەند، بە پشتبەستن بە زانیاری سەرەتایی نووسینگەی ئامار/وەزارەتی پەروەردە، 2007-2008 ،
**RAND** *MG1140-3.4*

شێوەی 3-5 دابەشبوونی گەنجانی تەمەن 13-15 پیشان دەدات کە ئێستا لە قوتابخانە نیین. مەخمور، کەلار، ئامیدی، و ڕەواندز زۆرترین ژمارەی گەنجی ئەم تەمەنەیان هەیە کە ناچنە قوتابخانە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەم شوێنانە پێویستییەکی بەپەلەتریان هەیە بۆ خوێندن و پەروەردە و ڕەنگە ژمارەیەکی زیاتر داخڵبوونی قوتابیان بە خۆیانەوە ببینن و ڕەنگە داواکاری لەسەر پۆلەکانی 7-9 زیاتر ببێت بە گوێرەی خوێندنی تەوزیمی تا پۆلی 9. (پاشکۆی B بریتییە لە هێڵکارییەکی هاوشێوە بۆ گەنجانی تەمەن 6-12 و 16-18 ساڵ)

## ڕاسپاردە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستبوونی پۆلی نوێ

ژمارەیەکی ئێجگار زۆریینای قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان چەند شەفتێک دەوامیان تێدا دەکرێت، یان زیاتر لە یەک قوتابخانە بەکاریدەهێنن، ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین، ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرچاوەی پێویستی لەبەردەست بێت، قوتابخانەی نوێ و/یان پۆلی نوێ دروست بکات لە قوتابخانەکان و قەبارەی پۆلەکان بە 35 قوتابی لە هەر پۆلێک، دابڕێژێت. لایەنی باشەی ڕاسپاردەکانمان ئەوەیە کە دەبێتە مایەی ئەوەی پێویست نەکات قوتابخانەی تر بکرێن بە دوو شەفت یان بینایە بە هاوبەشی بەکاربهێنرێت. هەروەها ناهێڵێت گرفتی قەرەباڵغیی

**شێوەی 5-3**
**ڕێژەی سەدی گەنجانی نێوان 13-15 ساڵ کە لە قوتابخانە دەوام ناکەن، 2009 - 2010**




سەرچاوە: ڕەند، بە پشتبەستن بە زانیاری سەرەتایی قوتابخانەکان، نووسینگەی ئاماری وەزارەتی پەروەردە، 2007-2008، مەزەندەکانی ژمارەی دانیشتوان پێش سەرژمێری - 2010 ی وەزارەتی پلاندانان و IHSES
RAND *MG1140-3.5*

قوتابخانەکان لەوە زیاتر زیاد بکات. و هەروەها بوار دەرەخسێنێت بۆ وەزارەتی پەروەردە ژمارەی کاتژمێرەکانی خوێندنی قوتابیانی (باخچەی ساوایان-12) زیاتر بکات، ئەمەش شتێکە ئێمە وەک شێوازێک بۆ باشترکردنی جۆرایەتی خوێندن و فێرکاری پێشنیاری دەکەین بۆ سیستمی (باخچەی ساوایان-12) (بڕوانە چاپتەری چوار).

لە دە ساڵی داهاتوودا، حکومەتی هەرێم پێویستی بە دروستکردنی لای کەمی 134 قوتابخانەی 18 پۆلی هەیە هەر ساڵێک (بە گوێرەی لای کەمی مەزەندەکانمان بۆ ئاییندەی داخڵبوونی قوتابیان) و بە لای زۆرەوە پێویستی بە 202 قوتابخانەیە (بە گوێرەی مەزەندەی لای زۆر). بە بەکارهێنانی شێوازی ئێستای بیناسازی لە هەرێمی کوردستان، کولفەی یەک بینایەی 18 پۆلی نزیکەی 1,5 ملیۆن دۆلارە.[6] بەم نرخە، کۆی سەرمایەی وەبەرهێنانی پێویست بۆ دروستکردنی هەموو قوتابخانە پێویستەکان لە نێوان 201 ملیۆن دۆلارە بە لای کەمەوە تا 303 ملیۆن دۆلار بە لای زۆرەوە. تەنانەت ئەگەر بڕوامان وا بێت کە ئەمە باشترین شێوازە بۆ کارکردن لەسەر گرفتی توانای پۆلەکان، ئێمە دان بەوەدا دەنێین کە ئەم بڕە دۆلارە زۆر زیاترە لەو وەبەرهێنانە ساڵانەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەرخانی کردووە بۆ دروستکردنی قوتابخانەی نوێ و چاککردنەوە و نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان. بەم شێوەیەش، زۆر پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێگە بدۆزێتەوە بۆ بەکارهێنانی سەرچاوەکانی بە شێوەیەکی کارا. بۆ دروستکردنی هێندەی پێویست قوتابخانە بەو بودجەیەی کە لەبەردەستە و کەمترکردنەوەی کولفەی

[6] بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بینای قوتابخانەکان لە وەزارەتی پەروەردە مەزەندەی کولفەی دروستکردنی قوتابخانەیەکی نوێی 18 پۆلی پێداین.

بیناسازی و هاوکات دروستکردنی دەستگای باش. حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە دروستکردنی قوتابخانەی نوێ و پۆلی ترە بە خێرایی و لە شوێنی گونجاودا.

**بەکارهێنانی کەرەستەی ئامادە لە جیاتی شێوازی تەقلیدیی بیناسازی دەبێتە مایەی کەمترکردنەوەی کولفەی دروستکردنی قوتابخانەی نوێ**

یەکێک لە ڕێگەچارەکان بۆ گرفتی کولفە و پێویستبوونی بەپەلە بریتییە لە بەکارهێنانی بیناسازیی ئامادە لە جیاتی بەکارهێنانی شێوازیی تەقلیدیی بیناسازی. هەندێک وڵاتی تر بە سەرکەوتویی ئەم شێوازەیان بەکارهێناوە – شانشینی یەکگرتوو، بۆ نموونە، کە زۆر خوێندنگەی ئامادەیی بەم شێوەیە دروست کردۆتەوە. ویلایەتە یەکگرتووەکان، تورکیا، ئیسپانیا، ئوسترالیا، پاکستان، و ناوچەی تری عێراقیش قوتابخانەیان لە کەرەستەی ئامادە دروست کردووە.

دەتوانرێت بە شێوەیەی خێراتر بینای کەرەستەی ئامادەکراو دروست بکرێت و هەرزانتریشە بە بەراورد لەگەڵ ئەو بینایانەی بە شێوازی تەقلیدی دروست دەکرێن. سەرەڕای ئەوەی دروستکردنی قوتابخانەیەکی 18 پۆلی کە بە شێوازی تەقلیدی 1.5 ملیۆن دۆلاری تێدەچێت (و ڕەنگە بگاتە 2 ملیۆن دۆلار)، هەروەها دروستکردنەکە 8 مان تا 18 مانگ دەخایەنێت.[7] لە بەرامبەردا، قوتابخانەی دروستکراو لە کەرەستەی ئامادە لە نێوان 0,7 ملیۆن دۆلار تا 1,3 ملیۆن دۆلاری تێدەچێت و تەنێ 3 تا 8 مانگ دەخایەنێت. کولفەی دروستکردنی هەر قوتابخانەیەک بە کەرەستەی ئامادە 35 لە سەت کەمترە وەک لەو پارەیەی ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرفی دەکات لەسەر دروستکردنی قوتابخانە. بینای کەرەستەی ئامادە بیانەیەکی هەمیشەییە، باشە، و سەرنجڕاکێشە. هەروەها "سەوز"ن، واتە دەبنە مایەی کەمتر بەکارهێنانی ئاو و کارەبا. خانەی 3,4 تاوتوێی جۆرایەتیی قوتابخانەی کەرەستەی ئامادەکراوە (بڕوانە پاشکۆی C بۆ زانیاری وردتر لەسەر قوتابخانەی دروستکراو بە کەرەستەی ئامادە).

پێویستە یەکەم هەنگاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرەو ستراتیجی دروستکردنی بینا کە جەخت بخاتە سەر کەرەستەی ئامادە (کۆنکریتی جاهز) بریتی بێت لە ڕاگەیاندنی تەندەر (داواکاری بۆ پێشکەشکردنی پرۆپۆزەڵ) بۆ ئەو کۆمپانیا نێودەوڵەتییانەی بینای جاهز دروست دەکەن (پاشگری C بریتییە لە لیستێک ناوی ئەم جۆرە کۆمپانیایە). لەبەرئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە ژمارەیەکی زۆر خوێندنگەی نوێیە، لە ئایندەدا (ئەگەرچی لە ماوەی نزیکخایەنیشدا نەبێت) داوا لە کۆمپانیاکان یان کۆمپانیاکانی وەرگری تەندەر بکات پارچە ئامادەکانی بینا جاهیزەکە لەناو کوردستان دروست بکەن. ئەمەش ڕۆڵی دەبێت لە ئابووریی خۆماڵی لە ڕێی دابینکردنی هەلی کاری نوێوە، سەرەڕای مەشقکردن بە کرێکارانی ناوخۆیی لەسەر بەستنەوەی بینای ئامادە.

**دروستکردنی قوتابخانەی نوێ لەگەڵ هەندێک ڕێگەچارەی تر. بەدیلی هەرزانتر ڕەنگە باشترین ڕێگە بێت ئەگەر تەمویلەکان سنووردار بن**

ڕەنگە حکومەتی هەرێم نەتوانێت هێندە سەرمایەی پێویست تەرخان بکات کە بتوانێت تەنێ پشت بە بیناکردنی قوتابخانە و پۆلی نوێ ببەستێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیی چاوەڕوانکراو لەسەر پەروەردە. ئەگەر ئەمە ڕوویدا، چەند بەدیلێکی هەرزان هەیە وەزارەت دەتوانێت ڕەچاویان بکات شانبەشانی دروستکردنی بینای قوتابخانەی نوێ:

- بەکارهێنانی توانای بەردەست لە هەندێک قوتابخانە.
- زیاترکردنی شەفتێک بۆ ئەو قوتابخانەی یەک شەفتن و هەموو قوتابخانە نوێیەکان.
- کەمترکردنەوەی ژمارەی ئەو قوتابیانەی تا پۆلی 6 دەهێڵرێنەوە.
- پێکەوە بەکارهێنانی هەموو ئەم ڕێگەچارە کەم-مەسرەفانە.

[7] بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بینای قوتابخانەکان لە وەزارەتی پەروەردە زانیاری سەرەتایی دروستکردنی قوتابخانەکانی پێداوین.

**خانەی 3-4**

**جەختکردنەوە لە باشێتی بینا جاهیزەکانی قوتابخانەکان**

بیناسازیی جاهیز کۆمەڵێک دیزاینی ئامادەی ستاندارد بەکاردەهێنێت کە دەتوانرێت بۆ هەر داواکارییەک ڕێک بخرێت و دەستکاری بکرێت. توخمە سەرەکییەکان، یان هەندێک جار تەواوی پارچە سەرەکییەکان، لە کارگەکان دەبەسترێن پاشان دەگوزارێنەوە بۆ شوێنی بینایەکە بۆ بەستنیان، بەم شێوەیەش کەرەستەی بەفیڕۆدراو کەم دەکرێتەوە و بەرهەمی دەستی کار زیاتر دەکرێت. ئەم شێوازە دەبێتە مایەی کەمترکردنەوەی کولفەی دروستکردنی قوتابخانە بە ڕێژەی 25 تا 60 لە سەت. ژینگەی کۆنترۆڵکراوی کارگەکان دەبێتە مایەی باشترکردنی کواڵیتی توخمەکان و بەستن بە بەراورد لەگەڵ بارودۆخی شوێنی بینایەکە (Pons, Oliva, andMaas, 2010). ئەم سیستمە بە تایبەتی بۆ ئەو ناوچانە باشە کە دەیانەوێت لە ماوەیەکی کەمدا ژمارەیەکی زۆر قوتابخانە دروست بکەن.

ئەگەرچی بە شێوەیەکی بەرچاو کواڵیتی بینای جاهیز پێشکەوتووە (Pons, Oliva, and Maas, 2010)، بەڵام هێشتا کواڵیتی، دیزاین، خەسڵەت و خەرجییەکانی قوتابخانەی بینای جاهیز جۆراوجۆرە و لە قوتابخانەیەکەوە بۆ قوتابخانەیەکی تر زۆر جیاوازن. هەندێک قوتابخانەی بینای جاهیز جۆرایەتییەکی باشترە، نرخەکەی گرانترە وەک لەو قوتابخانانەی بە شێوازی تەقلیدی دروست دەکرێن، لەگەڵ ئەمەشدا بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ کەمترکردنەوەی کاتی بیناسازیی پەنا بۆ بینای جاهیز دەبرێت.

دەتوانرێت چەند ڕێوشوێنێک پیادە بکرێت بۆ جەختکردنەوە لە کواڵیتی بەرزی بیناسازیی قوتابخانەی جاهیز. یەکەم، هەڵسەنگاندنێکی هەمەلایەنی بەراوردکاریی کولفە و جۆرایەتی ئەنجام بدرێت بۆ بەراوردکردنی شێوازەکانی تەقلیدی و جاهیز لە ناوچەکە. ئەگەر شێوازی بینای جاهیز بە پەسەند دانرا، ئەوسا پێویستە بەرنامەیەکی بچووک پیادە بکرێت کە تێیدا چەند قوتابخانەیەک تەواو بکرێت، بە مەبەستی ساخکردنەوە و بنیاتنانی متمانە بە کواڵیتیی ئەو قوتابخانانەی کۆمپانیاکە دابینی دەکات. دەرفەتی بەرفراوانکردنی گرێبەستی ئایندەیی دەبێت بە هاندەر بۆ کۆمپانیاکە تا قوتابخانەی کواڵیتی بەرز دابین بکات. هەروەها، زۆر گرنگە لایەنە بەشدارەکان لەنێو خۆیاندا بە روونی وەسفی مەترسییەکان بکرێت لە بواری کولفە، کواڵیتی، و تەواوکردنی قوتابخانەکان و بۆ ڕەواندنەوەی هەر گومانێک لە پرۆژەکە (French, 2006).

پیادەکردنی ئەم شێوازە دەبێتە مایەی کەمترکردنەوەی پێداویستبوونی دروستکردنی قوتابخانەی نوێ، بەڵام بە بێ ئەوەی قوتابخانەکان زۆر قەرەباڵغ بکرێن. ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین شانبەشانی دروستکردنی قوتابخانەی نوێ وەک دوایین ڕێگە چارە هەندێک بەدیلی تر پیادە بکرێت کە مەسرەفیان کەمتر بێت. ئەم بەدیلانە تەنێ لەو حاڵەتانە باشترین ڕێگەچارەن بۆ بەرەوپێشچوون کە سەرچاوە داراییەکانی بەردەست بەشی ئەوە نەکات زیادبوونی خێرای ژمارەی داخڵبوونی قوتابی داپۆشن.

**بنیاتنانی قوتابخانەی نوێ و بەکارهێنانی ئەو توانایەی لەبەردەستە.** هەندێک قوتابخانە و پۆلی هەرێمی کوردستان زۆر قەرەباڵغن، هەندێکی تریان قەرەباڵغ نین. بە گشتیی 36 لە سەتای قوتابخانەکانی شارەکان 35 قوتابی یان زیاتریان هەیە لەناو یەک پۆل، و نزیکەی 93 لە سەتی قوتابخانەکانی ناوچە دوورەکانیش بەم شێوەیەن.دەتوانرێت سوود وەربگیرێت لەم قوتابخانە ناقەرەباڵغانە بۆ ئەوەی جێگەی قوتابیان تێدا بکرێتەوە. شێوەی 3.6 ئەوە دەردەخات کە ڕەنگە ئەمە سەرکەوتوو بێت: قوتابیانی قوتابخانە قەرەباڵغەکان (بە سێگۆشەیەک ئاماژەیان پێکراوە) دەگوازرێنەوە بۆ ئەو قوتابخانانەی قەرەباڵغ نین (بە خاڵ ئاماژەیان پێکراوە) و دەکەونە تیرەی مایل لەو نزیکانەوە.

بەکارهێنانی ئەوپەڕی توانای قوتابخانە ناقەرەباڵغەکانی شارەکان دەبێتە مایەی پەیداکردنی 250 پۆل و هەر پۆلێکیان بۆ 35 قوتابی (خشتەی 3-4). زۆرینەی ئەم پۆلانە تایبەتن بە قۆناغی 1-6، و 59 لە سەتی قوتابخانەکان قەرەباڵغ نین. یەک سێی قوتابخانەکانی قۆناغی 10-12 هێندەی پێویست شوێنیان هەیە قوتابییان بۆ بگوازرێتەوە. هەندێک بواری کەم هەیە بۆ گواستنەوەی قوتابی بۆ هەندێک قوتابخانەی قۆناغەکانی 7-9. لە ناوچە دوورەکان بە تیۆری دەتوانرێت بایی 6,000 پۆل شوێن بکرێتەوە بە بەکارهێنانی ئەم شێوازە، هەموویان قوتابخانەی قۆناغی 1-6 ن، کە 96 لە سەتیان قەرەباڵغ نین.

ڕەنگە ئەم ڕێوشوێنە ببێتە مایەی دابەزینی پێداویستبوونی بەپەلە لە ماوەی مامناوەندییدا و لە ڕێی کەمترکردنەوەی ژمارەی قوتابیان لە قوتابخانە قەرەباڵغەکان بتوانیت هاوسەنگییەک دروست بکات. سەرەڕای ئەوەی هەندێک مەسرەفی دارایی تێدەچێت. جێبەجێکردنیشی ڕووبەڕووی چەند ئاستەنگێک دەبێتەوە. ڕەنگە گەورەترینیان ئەوە بێت کە بە پێچەوانەی قوتابیانی شارەکانەوە، قوتابیان لە قوتابخانەیەکی قەرەباڵغی شوێنە دوورەکان ڕەنگە هۆی گواستنەوەیان لەبەردەست نەبێت تا هاتووچۆ بکەن بۆ قوتابخانەیەکی ناقەرەباڵغ. ڕەنگە ئەم واقعە ببێتە مایەی ئەوەی وەزارەت ئەم ڕێگەچارەیە لە شوێنە دوورەکان پایدۆز بکات. لە شارەکان، بابەتی دابینکردنی قوتابخانەکان

**شێوەی 3-6**
**ئەگەری دابەشکردنەوەی قوتابیانی قوتابخانە قەرەبالغەکان بەسەر قوتابخانە ناقەرەباڵغەکان**




سەرچاوە: رەند، بە پشتبەستن بە زانیاری سەرەتایی نووسینگەی ئامار/وەزارەتی پەروەردە، 2007-2008.
**RAND** *MG1140-3.6*

پێدەچێت تەنێ بۆ پۆلەکانی 1 – 6 بێت. ئاستەنگێکی تر کە دێتە پێش ئەگەر دایکوباوکی قوتابیانی قوتابخانەی ناقەرەباڵغ دژی گواستنەوەی قوتابی بۆ ئەم قوتابخانانە ڕاببوەستن.

**دروستکردنی هەندێک پۆلی نوێ، زیاترکردنی شەفتێک بۆ ئەو قوتابخانانەی یەک شەفت دەوام دەکەن، و دروستکردنی قوتابخانەی نوێ.** دانانی قوتابخانەی تری دوو شەفت لە هەرێمی کوردستان لە ڕێی زیاترکردنی شەفتێک دەوام بۆ ئەو قوتابخانەی یەک شەفت دەوامیان تێدا دەکرێت ڕەنگە نزیکەی 3,700 پۆل دابین بکات لە شارەکان و نزیکەی 9,000 پۆلیس لە ناوچە دوورەکان. لە قوتابخانەکانی شارەکان، نزیکەی نیوەی ئەو پۆلانەی بەم شێوەیە دروست دەکرێن بۆ قوتابیانی پۆلی 7-9 و 10-12 دەبێت (بڕوانە خشتەی 3.5). لە ناوچە دوورەکان لە واقعدا دەتوانرێت تەنێ چەند پۆلێکی کەم (ڕەنگە بگاتە 600 پۆل) لە کۆی 9,000 پۆلەکە بەکاربهێنرێت لەبەر هۆی گواستنەوە و هاتووچۆ.
دەتوانرێت دوو شەفت دەوام بکرێت لەو قوتابخانەی کە تازە دروست دەکرێن، بەم شێوەیەش ژمارەی ئەو قوتابخانەی پێویستە دروست بکرێن، کەم دەکرێتەوە بۆ نیوە.

**خشتەی 3-4**
**ژمارەی ئەو پۆلانەی دەست دەکەون لە قوتابخانە ناقەرەباڵغەکان**

| قۆناغی خوێندن | شارەکان | دەرەوەی شارەکان |
|---|---|---|
| 1–6 | 143 | 5,798 |
| 7–9 | 21 | 134 |
| 10–12 | 87 | 99 |
| کۆ | 251 | 6,031 |

سەرچاوە: رەند، بە پشتبەستن بە زانیاری سەرەتایی نووسینگەی ئامار/وەزارەتی پەروەردە، 2007-2008.

**خشتەی 3-5**
**ژمارەی ئەو قوتابخانانەی پەیدا دەبن دوای زیاتکردنی شەفتێک دەوام بۆ قوتابخانەکان**

| قۆناغی خوێندن | شارەکان | دەرەوەی شارەکان |
|---|---|---|
| 1–6 | 2,033 | 8,423 |
| 7–9 | 865 | 342 |
| 10–12 | 767 | 342 |
| کۆ | 3,665 | 9,107 |

سەرچاوە: ڕەند، بە پشتبەستن بە زانیاری سەرەتایی نووسینگەی ئامار/ وەزارەتی پەروەردە، 2007-2008.

زیادکردنی شەفتێک دەوام بۆ قوتابخانەکان یان بۆ ئەو قوتابخانانەی تازە دروست دەکرێن دەبێتە مایەی دەستگرتن بەو پارەیەوە کە بۆ بیناکردنی بینایەک بۆ شەفتی دووەمەکە سەرف دەکرێت. کولفەیەکی تریش دروستیش دەبێت کە بریتییە لە دابینکردنی مامۆستا و بەڕێوەبەر بۆ شەفتی دووەم و بۆ چاککردنەوەی دەستگاکە.

یەکێک لە هۆیەکانی بەرپەرچدانەوەی جێبەجێکردنی ئەم ڕێوشوێنە بریتی دەبێت لەوەی زیاترکردنی شەفتێک بۆ قوتابخانەی تری کوردستان دەبێتە مایەی دابەزینی جۆرایەتیی (کواڵیتی، النوعیة، quality). لە زۆر شوێن دوو شەفت دەوام لە قوتابخانەکان دەکرێت، وەک ئەندەنوسیا، هۆنگ کۆنگ، سەنگافورە، کۆریای باشوور، جامایکا، و بەرازیل. لە هەندێک لەم ناوچانە، ئەدای قوتابییەکان نزمە، لە هەندێکی تریان بەرزە. تەنها چەند لێکۆڵینەوەیەکی کەم ئەنجام دراوە لەسەر کاریگەری دوو شەفتی لەسەر پلە و دەرچوونی قوتابیان. بەڵام هەندێک لەم لێکۆڵینەوانە – کە لە چەند وڵاتێکی جیا کراون وەک بەرازیل، چیلی، هند، و گینیا- ئەوە دەردەخەن کە ئەدای قوتابیانی قوتابخانەی دوو شەفتی وەک هی قوتابیی یەک شەفتییە، بە مەرجێک هەمان بڕی کاتی فێرکارییان بۆ تەرخان بکرێت[8]. بەڵام، هەبوونی دوو شەفت دەبێتە مایەی کەمبوونەوەی سوود وەرگرتن لە دەستگاکانی قوتابخانەکە بۆ چالاکیی تری قوتابیان. هەروەها دەبێتە مایەی ئەوەی بەیانی زوو و ئێوارانی درەنگ دەوام بکرێت، کە ڕەنگە کەم گونجاو بێت.

**بنیاتنانی هەندێک پۆلی نوێ و کەمترکردنەوەی هێشتنەوەی قوتابیان لە پۆلی 1 تا پۆلی 6.** نزیکەی نیوەی قوتابیانی تەمەن 12 ساڵان لە هەرێمی کوردستانی عێراق بە لای کەمەوە لە یەک پۆل راسب بوون، و نزیکەی نیوەی ئەو قوتابیانەی کە لە پۆلێک ماونەتەوە دوو ساڵ یان زیاتر راسب بوون. تا ئەو کاتەی وەجبەیەک قوتابی کورد ئامادەیی تەواو دەکەن، تەنها نزیکەی 20 لە سەتیان بە بێ راسب بوون سەرجەم قۆناغەکانیان بڕیوە (بڕوانە چاپتەری دوو). ئەمانە ژمارەیەکی بەرزن.[9]

لە دووتوێی سیاسەتی ریفۆرمی 2008 دا مەرجێک هەیە کە نابێت قوتابیان تا پۆلی 3 بهێڵرێنەوە. بە مانایەکی تر، نابێت قوتابی تا ئەو پۆلە راسب بکرێت[10]. بە درێژکردنەوەی ئەم سیاسەتە تا پۆلی 6 و کەمترکردنەوەی ڕێژەی مانەوە (راسب) تا بڕی نیوە، حکومەتی هەرێم نزیکەی 1500 پۆل لە شارەکان چۆڵ دەکات لەگەڵ نزیکەی 300 قوتابی لە ناوچە دوورەکان لە پۆلەکانی 1 – 6.[11]

لەگەڵ ئەمەشدا، ئەگەری زۆرە وەزارەت ڕووبەڕووی نارەزایی ببێتەوە لە کاتی جێبەجێکردنی ئەم ڕێوشوێنەدا، بۆ نموونە، ئەو مامۆستایانەی چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کردن نیگەرانی خۆیان دەربڕی لە سیاسەتەکانی ئەم دواییەی دەرچوونی قوتابی بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی تا پۆلی 3، پێیان وایە دەبێتە ئاستەنگ لە پێش فێربوونی قوتابی و پۆلەکانی دواتر. درێژکردنەوەی دەرچوونی ئۆتۆماتیکی قوتابیان تا پۆلی 6 نیگەرانیی هاوشێوە دروست دەکات.

---

8 Fuller et al., 1999; Farrell and Schiefelbein, 1974; PASEC, 2003; Bray, 2008; Linden, 2001.

9 لە بەرامبەردا، لە وڵاتانی OECD تێکڕای 13 لە سەتی قوتابیانی تەمەن 15 ساڵان بە لای کەمەوە لە یەک پۆل کەوتوون. بەڵام ئەم ژمارەیە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر زۆر جیاوازە. لە فەرەنسا و تونس ڕێژەکە نزیکەی 40 لە سەتە، لە شانشینی یەکگرتوو و فنلەندا ڕێژەی دووبارەکردنەوەی پۆل (واتە کەوتن) نزیکەی 2 لە سەتە (OECD, 2010, Table IV.3.1).

10 لە سەر زەمینی واقع، وەنەبێت قوتابخانەکان بە تەواوەتی پابەند بوو بن بەم سیاسەتەوە.

11 ئەم مەزەندانە لەسەر بناغەی مۆدیلی لێشاو دامەزراوە کە بۆ پێشبینیکردنی داخلبوونی قوتابیان لە ساڵانی 2020-2021 بەکارهێنراوە، ئەمەش لە ڕێی مەزەندەکردنی ڕێژەی گواستنەوە (واتە دەرچوون لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێک) بە 0.99 بۆ پۆلەکانی 1 تا پۆلی 6.

پێویستە لێکۆڵینەوەکە ئەم نیگەرانییە کەم بکاتەوە. لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە ئەو قوتابییانەی دەکەون (راسب دەبن) کەمتر قوتابخانە تەواو دەکەن و گرفتی هەست و سۆز و ئاکاریان لەلا دروست دەبێت[12]. لێکۆڵینەوەیەکی قوتابخانەکان لە ئەمریکای لاتین کە بریتی بوو لە بەراورد لە نێوان مانەوە (راسبێتی) و پلەی دەرچوون و تەواوکردنی خوێندن، ئەوەی دەرخستووە کە کەمترکردنەوەی ڕاسبکردن دوو سوودی هەیە، یەکەم، کۆی گشتیی مەعریفە زیاتر دەکات، چونکە ژمارەیەکی زیاتری قوتابیان خوێندنگەی ئامادەیی تەواو دەکەن، بە لای کەمەوە ئەم قوتابییانە زیاتر دەزانن لەو کەسانەی وازیان لە قوتابخانەی سەرەتایی هێناوە. دووەم، هەمان فێرکاری بەدەست دەهێنریت بە کولفەیەکی کەمتر، و بەم شێوەیەش دەتوانرێت سەرچاوەکان تەرخان بکرێن بۆ وەبەرهێنان لە بواری تردا.[13]

پێدەچێت دەرچواندنی ئەو قوتابییانەی ئەدایان لاواز بووە کاریگەری نەبێت لەسەر پلە و دەستکەوتی قوتابییەکانی تر (مەبەستەکە بریتییە لەوەی لەگەڵ گروپی تەمەنی خۆیان بمێننەوە – پێی دەگوترێت دەرچواندنی کۆمەڵایەتی)، راسب کردنیشیان هەروەها کاریگەری نەبووە. لە جیاتی ئەمە، باشترکردنی ئەدا پشت دەبەستێت بە پێشکەشکردنی هاوکاریی زیاتر. دەرچواندنی ئەو قوتابیانەی بە زەحمەت تێدەگەن، بە بێ ئەوەی هاوکاریی زیاتریان پێشکەش بکرێت، نابێتە مایەی بەرزکردنەوەی ئاست و پلە. لە لایەکی ترەوە، هێشتنەوە (راسب کردن)ی ئەم قوتابییانە بە بێ ئەوەی هاوکاریی زیاتریان پێشکەش کرابێت نابێتە مایەی باشترکردنی پلە و دەستکەوتەکان. بەڵام کاتێک پشتگیریی پەروەردەیی زیاتر بۆ ئەو قوتابیانە دابین بکرێت کە گرفتیان هەیە لە تێگەیشتن، ئەوسا هێشتنەوەیان یان دەرچواندنیان کاریگەریکی زۆر زیاتری دەبێت[14]. لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییانەی ئەم دواییانە لە نێوان کۆی ئەدا لە چەند وڵاتێک کە شێوازی جیا جیا بەکاردەهێنن لە هێشتنەوەی قوتابیان ئەوەی دەرخستووە ئەو وڵاتانەی ڕێژەی راسبکردنیان کەمترە، ئەدای گشتیی قوتابیان بەرزترە و پێدەچێت ئەو منداڵانەی لە باکگراوندێکی هەژار و نەدارەوە هاتوون زیاتر دووچاری ڕاسبێتی ببنەوە.[15]

ئەگەر وەزارەتی پەروەردە بیەوێت دەرچواندنی ئۆتۆماتیکی بەرز بکاتەوە تا پۆلی 6، ئەوا پێویستە هەندێک ڕێوشوێنی لەگەڵدا پیادە بکات بۆ زیاترکردنی وانەوتنەوە و فێرکاری. ڕەنگە ئەمەش پێویستی بە دارایی تر هەبێت وەک پارە بۆ مامۆستایان لەبەرامبەر ئەو پشتگیرییە زیادەیەی پێشکەشی دەکەن، وەک وانەی زیاتر، پێداچوونەوەی کۆتایی هەفتە، یان قوتابخانەی هاوینان.

**دروستکردنی قوتابخانەی نوێ و بەکارهێنانی هەموو ڕێگەکانی کەمکردنەوەی کولفە.** جێبەجێکردنی سەرجەم ئەو شێوازانەی کولفەیان کەمە بە شێوەیەکی بەرچاو کار دەکاتە سەر ژمارەی ئەو پۆلانەی لە دە ساڵی داهاتوودا پێویست دەبن. بە گوێرەی مەزەندەی لای کەمی ئێمە بۆ بڕی زیادبوونی ژمارەی ئەو قوتابییانەی داخڵ دەبن، ئەم شێوازە دەبێتە مایەی کەمکردنەوەی ژمارەکە بە بڕی 6,600 پۆل، لە نزیکەی 26,600 پۆلەوە بۆ 20,000، بە گوێرەی مەزەندەی لای زۆری ئێمە بۆ بڕی زیادبوونی ژمارەی ئەو قوتابیانەی داخڵ دەبن، کەمکردنەوەکە نزیک دەبێت لە 6,600 پۆل، لە 40,000 پۆلەوە بۆ 33,400 (خشتەی 3-6). سەبارەت بە ژمارەی ئەو قوتابخانە 18 پۆلییانەی کە پێویستە حکومەتی هەرێم دروستیان بکات، کەمکردنەوەی ژمارەی خوێندنگەکان بەم شێوەیە دەبێت: لە 134 قوتابخانەوە بۆ 101 قوتابخانە ( بە گوێرەی مەزەندەی لای کەم) و لە 202 قوتابخانەوە بۆ 168 قوتابخانە ( بە گوێرەی مەزەندەی لای زۆر). بە گشتیی، ئەم بەدیلە دەبێتە مایەی کەمترکردنەوەی پێداویستبوونی بنیاتنانی پۆلی نوێ بە ڕێژەی 17 تا 25 لە سەت. کەمترکردنەوەکە زیاتر پۆلەکانی 1-6 دەگرێتەوە وەک لە پۆلەکانی 7-12 (بڕوانە پاشکۆی D).

بۆ ئەوەی هێشتا ژمارەی پۆلی نوێی پێویست کەمتر بکرێتەوە، وەزارەت دەتوانێت دەوامی قوتابخانە نوێیەکان بکات بە دوو شەفت، ئەمە سەرەڕای زیادکردنی شەفتێک بۆ ئەو قوتابخانانەی کە یەک شەفتن. ئەمەش دەبێتە مایەی کەمکردنەوەی ژمارەی قوتابخانەی نوێی پێویست بە بڕی نیوە لە دە ساڵی داهاتوودا. بۆ نموونە، لە جیاتی ئەوەی ساڵانە وەک پێویست 101 تا 202 قوتابخانەی 18 پۆلی دروست بکرێت بە گوێرەی لای کەم و لای زۆری مەزەندەکەمان بۆ داخڵبوونی قوتابیان لە ئاییندەدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنێ 50 تا 100 قوتابخانە دروست دەکات.

---

12 Wolff,Schiefelbein,andSchiefelbein,2002; McCombs,Kirby, andMariano,2009; NagaokaandRoderick,2004. لە دووەم و سێیەم ژێدەردا، نووسەرەکان پێداچوونەوەی تیۆرتەسەلی ئەدەبییاتەکەیان کرد پێش ئەوەی بگەنە ئەو دەرەنجامەی کە کەوتن (راسبێتی) دەبێتە مایەی زیاترکردنی وازهێنان لە قوتابخانە.

13 Wolf, Schiefelbein, and Schiefelbein, 2002.

14 McCombs, Kirby, and Mariano, 2009; Nagaoka and Roderick, 2004.

15 OECD, 2010, p. 35.

**خشتەی 3-6**
**ئەگەرەکانی وەڵامدانەوەی داواکاری (طلب) لەسەر پۆلی نوێ، 2010 - 2021**

| | مەزندەی لای کەم | مامناوەندی | مەزندەی لای زۆر |
|---|---|---|---|
| ژمارەی قوتابخانەی پێویست | 26,646 | 31,669 | 39,984 |
| ڕێگەچارەکان | | | |
| بەکارهێنانی تواناکانی ئێستا | 551 | 551 | 551 |
| زیاترکردنی شەفتێک | 4,265 | 4,265 | 4,265 |
| کەمترکردنی کەوتنی قوتابی | 1,800 | 1,800 | 1,800 |
| کۆی لاوەکی | 6,616 | 6,616 | 6,616 |
| دروستکردنی پۆلی نوێ | 20,030 | 25,053 | 33,368 |
| ئەگەر دوو شەفت دەوام بکرێت لە قوتابخانە تازەکان | 10,015 | 12,527 | 16,834 |

سەرچاوە: خشتەکانی 3-3, 3-4, و3-5.

**تێکەڵاوکردنی قوتابخانە بچووکەکانی دەرەوەی شارەکان (ناوچە دوورەکان)**

ئەو بەدیلانەی لە سەرەوە باسمان کرد وەک بەدیلی هەرزان بۆ بنیاتنانی قوتابخانەی نوێ، زیاتر بۆ شارەکان گونجاوترن وەک لە ناوچە دوورەکان. لە ناوچە دوورەکان، بەدیلێکی تر بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی ئەو قوتابخانانەی پێویستە دروست بکرێن بریتییە لەوەی کە قوتابخانەی گەورە دروست بکرێت، قوتابخانەیەکی گەورە بکەوێتە ناوەڕاستی ناوچەیەکی دوور بۆ سەرجەم قوتابییەکانی ئەو ناوچەیە. لە کاتێکدا ئەم ڕێگەچارەیە پیادە بکرێت لە جیاتی هەبوونی چەند قوتابخانەیەکی بچووک لە ناوچە دوورەکان پێویستی بە دابینکردنی هۆی گواستنەوە و هاتووچۆیە بۆ ئەو قوتابیانەی ماڵیان هێندە نزیک نییە کە بتوانن بە پێ بچن بۆ قوتابخانەکە، هەروەها هەندێک کولفەی ئابووری هەیە کە پێویستە ڕەچاویان بکەین. بێگومان دەبێتە مایەی دەستکردن بە سەرچاوەی دارایی و بە خەرجیی تەشغیلییەوە چونکە ژمارەیەکی کەمتر مامۆستای پێویستە لەگەڵ یەک بەڕێوەبەر (لە جیاتی چەند بەڕێوەبەرێک). سەرەڕای ئەمانەش قوتابخانەکە دەرفەتی زیاتری خوێندن و دەرەوەی خوێندن دابین دەکات بۆ قوتابییەکان وەک لەوەی کە هەیە.

شێوەی 3-7 ناوچەیەکی مەزندەکراو پیشان دەدات بە ناوی (ناوچەی کۆکردنەوە). نۆ قوتابخانەی لێیە کە قەبارەیان جیاوازە لە 9 تا 114 قوتابی لەخۆدەگرن، هەر یەکێکیان پێنج میل دوورە لە ناوەندی (ناوچەی کۆکردنەوە). هەندێک قوتابخانەیان لەسەر ڕێگە سەرەکییەکەن، ئەوانەی تریش دەتوانرێت بە پێ ببردرێت (نیو میل) (بڕوانە خانەی 3.5 بۆ شێوازەکەی ئێمە[16]). ئەگەر هەموو قوتابخانەکان تێکەڵ بکرێن، قوتابخانەیەکی 400 قوتابیی پێک دەهێنن. یاخود، دەتوانرێت دوو قوتابخانەی بۆ دروست بکرێت، هەر یەکێکیشان بواری هەبێت دواتر گەورەتر بکرێت.

## بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی داخڵبوونی قوتابی تا ساڵی 2021، پێویستە مامۆستای نوێ دابمەزرێت

پێدەچێت ژمارەی ئەو مامۆستا نوێیانەی کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دە ساڵی داهاتوودا دایانبمەزرێنێت لە نێوان 35,000 بە لای کەمەوە تا 76,000 مامۆستا بن بە لای زۆرەوە (خشتەی 3-7).[17] ئەمەش مانای ئەوەیە ساڵانە 4,800 تا مامۆستا 6,900 دابمەزرێنێت، کە دوور نییە لە ژمارەی ئەو مامۆستایانەی ساڵانە لەم چەند ساڵەی دواییدا دایمەزراندووە.[18] بەم شێوەیە، لایەنی مامۆستا لە بابەتی توانای زیادبووی قوتابخانەکاندا بە گیروگرفت دانانرێت وەک بینای قوتابخانەکان.

---

16 ئامرازێکی سوودبەخش بۆ دەستنیشانکردنی ناوچەکانی کۆکردنەوە بۆ ئەوەی قوتابخانەی ئاوێتەکردنی گەورەی لێ دروست بکرێت بریتییە لە نەخشەکێشانی (سیستمی زانیاری جوگرافی). بەڵام بۆ ئەوەی بە وردی ئەم ناوچەیە دیاری بکرێت، پێویستە نەخشەکێشانی (سیستمی زانیاریی جوگرافی)ی ڕێگەوبانەکانی کوردستان نوژەن و ئەپدێت بکرێتەوە.

17 ئەم مەزندانە پشت دەبەستن بەوەی ڕێژەی قوتابی-بۆ-مامۆستای 2009-2010 بۆ هەموو قۆناغەکان وەک خۆیان بمێننەوە. لە دەرەوەی شارەکان ئەم ڕێژەیە بریتییە لە 10 قوتابی بۆ یەک مامۆستا. لە شارەکان بریتییە لە 18، 29، و 27 قوتابی بۆ یەک مامۆستا لە قۆناغەکانی سەرەتایی، ناوەندی، و ئامادەیی، یەک لە دوای یەک.

18 سەرەڕای مامۆستاکان، ستافی تریش پێویستە، وەک کارمەندی کتێبخانە، و کارمەندی کارگێڕی.

**شێوەی 7-3**
**ئەگەری ناوچەی کۆکردنەوەی قوتابخانە ئاوێتەکراوەکان**




سەرچاوە: ڕەند، بە پشتبەستن بە زانیاری سەرەتایی نووسینگەی ئامار/وەزارەتی پەروەردە، 2007-2008.
سەرنج: ژمارە لارەکان بریتین لە ژمارەی قوتابیانی قوتابخانە سەرەتاییەکان.
RAND *MG1140-3.7*

**خانەی 3-5**
**شێوازێک بۆ دەستنیشانکردنی شوێنی کۆکردنەوەی قوتابخانە بۆ قوتابخانە ئاوێتەکراوەکانی دەرەوەی شارەکان**

دەتوانرێت سوود لە نەخشەکێشانی (سیستمی زانیاری جوگرافی) وەربگیرێت بۆ دەستنیشانکردنی شوێنی کۆکردنەوەی قوتابخانە بۆ قوتابخانە ئاوێتەکراوەکانی ناوچە دوورەکان. ئێمە لە وێنەکێشانەکەدا ئەم پێوەرەمان بەکارهێنا: پێویستە ناوچەکە چەند قوتابخانەیەکی لێ بێت (پۆلەکانی 1-6) و لە تیرەیەکی نزیکدا بن (پێنج میل) و ڕێگەوبانیان هەبێت. ئەو قوتابخانانەی کە دەتوانرێت بە پێ بگەنە ئەو ناوچەیە، دووریی یەک مایل، لە ڕیزی گروپەکە دانران.

**زۆربەی مامۆستا نوێیەکان بۆ پۆلی 1-6 پێویستن**

ژمارەی مامۆستای پێویست بە گوێرەی قۆناغی خوێندن جۆراوجۆر و جیاوازە (خشتەی 3-7). قۆناغی (1-6) پێویستی بە زۆرترین ژمارەیە، لە دە ساڵی داهاتوودا نزیکەی40,000 تا 47,000 مامۆستای نوێ پێویست دەبێت. قۆناغەکانی (7-9) بە شێوەیەکی بەرچاو پێویستیی بە مامۆستای کەمترە، نزیکەی 8,500 تا 19,500 مامۆستای نوێی پێویستە. بۆ پۆلەکانی (10-12)، هێشتا لەوە کەمتریش پێویستە، نزیکەی 4,000 تا 11,000مامۆستا پێویستە.

**خشتەی 3-7**
**ژمارەی پێشبینیکراوی مامۆستای نوێی پێویست، بە گوێرەی قۆناغی خوێندن، 2010-2011**

| مەزەندە | قۆناغی خوێندن 1–6 | 7–9 | 10–12 | الإجمالي |
|---|---|---|---|---|
| لای کەم | 40,250 | 8,580 | 4,250 | 53,080 |
| مامناوەندی | 44,650 | 11,380 | 6,250 | 62,280 |
| لای زۆر | 46,950 | 19,680 | 10,950 | 75,580 |

سەرچاوە: مۆدیلی ڕەند بۆ لێشاوی قوتابی.

**داواکارییەکی زۆر لەسەر مامۆستای کوردی، ماتماتیک، و زانست دەبێت**

پێداویستبوونی مامۆستای تر بە گوێرەی وانەکانی ناو مەنهەجە نوێیەکە جۆراوجۆر و جیاوازە (شێوەی 3-8) (بڕوانە خانەی بۆ شێوازەکەی ئێمە). بە گوێرەی مەزەندەی مامناوەندیی بۆ کۆی ژمارەی مامۆستای پێویست لە دە ساڵی داهاتوودا، مامۆستای نوێ بۆ وانەی کوردی زۆرترین داواکاری لەسەر دەبێت: سیستمی (باخچەی ساوایان- پۆلی 12) پێویستی بە نزیکەی 12,000 مامۆستا دەبێت لەم بوارەدا. ئنجا مامۆستای ماتماتیک و پاشان مامۆستای زانست داواکارییان لەسەر دەبێت، ئنجا مامۆستای ئینگلیزی. مامۆستاکانی پەروەردەی ئیسلامی، زانستە کۆمەڵایەتییەکان، وەرزش و هونەر کەمترین پێویستییان بە مامۆستای نوێ دەبێت – نزیکەی 3,700 بۆ هەر وانەیەکیان.[19]

## ڕاسپاردە بۆ دابینکردنی مامۆستایان وەک پێویست

بۆ وەڵامدانەوەی پێداویستبوونی بەرچاو بە مامۆستای نوێ لە دە ساڵی داهاتوودا، پێویستە دوو ڕێوشوێن ئاوێتەی یەکتری بکرێت: بەرفراوانکردنی توانای کۆلیژەکانی مامۆستایان بۆ دەرچوواندنی مامۆستای قۆناغی بنەڕەتی، و درێژەدان بە دامەزراندنی دەرچووەکانی کۆلیژەکانی تر وەک مامۆستای ئامادەیی.

**شێوەی 3-8**
**مامۆستایانی نوێی داواکراو بەگوێرەی بابەتەکانی خوێندن (بەرێژەی مامناوەند)، 2010-2021**




سەرچاوە: ڕەند، بە پشتبەستن بە مەزەندەی مامناوەندیی زیادبوونی داخڵبوون و ئەو کاتژمێرانەی تەرخان دەکرێت بۆ هەر وانەیەک
RAND *MG1140-3.8*

---

**خانەی 3-6**
**شێوازی مەزەندەکردنی ژمارەی مامۆستای نوێی پێویست بە گوێرەی وانەکان**

بۆ مەزەندەکردنی ژمارەی مامۆستای نوێی پێویست بۆ وانەکانی مەنهەجە نوێیەکە، ئێمە ژمارەی کاتژمێرەکانی هەموو وانەکانی سەرجەم پۆلەکانمان ژمارد. ڕێژەی مامۆستای پێویست بۆ هەر وانەیەک پشت دەبەستێت بە ڕێژەی کاتژمێرەکانی ئەو وانەیە لە مەنهەجەکەدا. کوردی بایی 19 لە سەتی مەنهەجەکەی بۆ تەرخان کراوە، ماتماتیک 17 لە سەت، زانست 15 لە سەت، ئینگلیزی 13 لە سەت، و عەرەبی 8 لە سەتی بۆ تەرخان کراوە. پەروەردەی ئیسلامی، زانستە کۆمەڵایەتییەکان، وەرزش، و هونەر هەر یەکێکیان 6 لە سەتی کۆی مەنهەجەکەی بۆ تەرخان کراوە.

---

[19] ئەم پێشبینیانە (خەمڵاندن projections) بۆ ساڵانی داهاتوون، بە مەبەستی وەڵامدانەوەی زیادبوونەکان.

**بەرفراوانکردنی توانای کۆلیژەکانی مامۆستایان بۆ دەرچواندنی مامۆستایانی خوێندنگەی بنەڕەتی**

کۆلیژەکانی مامۆستایانی هەرێمی کوردستان نزیکەی 1,000 مامۆستا بەرهەم دەهێنن لە ساڵێکدا – ئەم ژمارەیە ئێجگار کەمترە لەو 4,440 تا 6,000 مامۆستا نوێیەی قوتابخانەی بنەڕەتی کە ساڵانە تا دە ساڵی داهاتوو پێویستن. بۆ ئەوەی بە تەواوەتی وەڵامی پێویستبوونی مامۆستا بدرێتەوە بۆ پۆلەکانی 1-9، پێویستە توانای کۆلیژەکانی مامۆستایان چوار ئەوەنە بکرێت (بەو مەزەندەیەی کە هەموو مامۆستایانی خوێندنی بنەڕەتی پێویستە لەو کۆلیژانە پەروەردە و مەشق ببینن).

لە ماوەی کورتخایەنییدا، تەنها پشتبەستن بە مامۆستای کۆلیژەکان بۆ پڕکردنەوەی ئەو داواکارییە زۆرە لەسەر مامۆستای بنەڕەتی، کارێکی گونجاو نییە. لە جیاتی ئەوە، وەزارەتی پەروەردە دەبێت درێژە بدات بە راکێشانی مامۆستا لە قوتابیانی دەرچووی کۆلیژەکانی تر. ڕاستییەکەی، بەرپرسانی وەزارەت لە بواری دامەزراندن و تەرخانکردنی مامۆستادا باسی ئەوەیان کرد کە ئێستا پشت بەم دەرچووانە دەبەستن و گیروگرفتیان نییە لە دۆزینەوەی دەرچووەکانی ئەم دواییە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان.

**درێژەدان بە دامەزراندنی دەرچووانی کۆلیژەکانی تر وەک مامۆستای قوتابخانەی ئامادەیی**

ژمارەیەکی زۆر لەو قوتابییانەی کۆلیژ تەواو دەکەن بە زەحمەت ئیش و کاریان بۆ دەدۆزرێتەوە. بەم شێوەیەش، پێشبینی دەکەین وەزارەتی پەروەردە گیروگرفتی نەبێت لە دامەزراندنی 400 تا 1000 مامۆستای نوێ کە ساڵانە پێویستی پێیەتی بۆ وەڵامدانەوەی زیادبوونی ژمارەی قوتابیانی داخڵبوو لە پۆلەکانی 10-12 لە دە ساڵی داهاتوودا. سەبارەت بە خوێندنی بنەڕەتی، ستافی بەرپرسیار لە دامەزراندن و تەرخانکردنی مامۆستایانی قوتابخانەی ئامادەیی لە وەزارەت رایانگەیاند کە هیچ زەحمەتیەکیان تووش نەبووە لە پڕکردنەوەی پۆستە بەتاڵەکان لە ڕابردوودا و پێشبینی ناکەن لە ئاییندەدا ڕووبەڕووی هیچ سەختییەک ببنەوە. خەڵک لە کوردستان زۆر پەرۆشن لەلای حکومەت دابمەزرێن چونکە ئیشەکە سەقامگیرە و خانەنشینیی هەیە، کە کەرتی تایبەت نییەتی، و وانەوتنەوە بوارێکە کە حکومەت زۆر بەرفراوانی دەکات. هەروەها، مووچەی مامۆستا باشە بە بەراورد لەگەڵ پیشەی هاوشێوەی تر، وەک پیشەی بواری بیرکاری، ئەندازیاریی، و زانست، و کارمەندانی بواری ژیان و تەندروستی. مووچەی مامۆستایان هەروەها زیاترە لە مووچەی پیشەکانی خزمەتگوزاری و دەستڕەنگینی. (بڕوانە خشتەی 3-8).

**خشتەی 3-8**
**تێکڕای مووچە، بە گوێرەی پیشە، 2007**

| پیشە | تێکڕای مووچەی مانگانە (هەزار دیناری عێراقی) |
|---|---|
| پیشەییەکان | |
| بەرپرسی گەورەی حکومەی | 1,277 |
| بەڕێوەبەری کۆمپانیا | 706 |
| بەڕێوەبەری گشتیی | 597 |
| پیشەییەکان | |
| زانستەکانی ئەندازیاری و فیزیا | 745 |
| تەندروستی و زانستی ژیان | 413 |
| فێرکاری | 413 |
| یاریدەدەری زانستەکانی ئەندازیاری و فیزیا | 365 |
| یاریدەدەرەکانی تەندروستی و زانستی ژیان | 327 |
| هی تر | 270 |
| خزمەتگوزارییەکان | |
| نووسەر | 297 |
| خزمەتگوزاریی کەسی و پارێزگاریی | 323 |
| فرۆشیار | 192 |
| دەستڕەنگینی | |
| کرێکاری وردەواڵە و چاپ | 267 |
| کرێکاری مەکینە و کانزا | 308 |

سەرچاوە:IHSES, 2007.

# دووەم ئەولەوییەتی ستراتیجی: چاکترکردنی کواڵیتی پەروەردە

سیستمی ئێستای پەروەردەی کوردستان لە پرۆسەی باشتر کردنی کواڵیتیی پەروەردە و خوێندندا ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ دەبێتەوە. ئێمە لە چاپتەری دووەمدا بە تێروتەسەلی باسی ئەم ئاریشانەمان کرد: ڕێژەیەکی زۆر خوێندکار لە تاقیکردنەوەی ساڵانەی وانەکان دەرناچن بە تایبەتی لە پۆلە بەرزەکان، ژمارەیەکی زۆریان دەمێننەوە (واتە، ئاستێکی بەرزی ڕاسبێتی)، و لە تاقیکردنەوەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستاندا ئەدایان لاوازە. ئەمانە نیشاندەری سەرەکیین بۆ دەرچوونی قوتابیان. چەندین شێواز هەیە بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە سیستمی پەروەردە بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئەدای قوتابییەکان.

شیکردنەوەی ئێمە ئەوە دەردەخات کە سێ فاکتەری ئەم گیروگرفتانە پەیوەندییان هەیە بە جۆرایەتیی پەروردە و خوێندنەوە. یەکەم، ستافی فێرکاری وەک پێویست ئاشنا نییە بە مەنهەجە نوێیەکەی 2008–2009 و مەشقی نەبینیوە لەسەر وتنەوەی ئەم مەنهەجە نوێیە. دووەم، قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان لە ئێستادا کاتێکی ئێجگار کەم تەرخان دەکەن بۆ ڕووماڵکردنی مەنهەجە نوێیەکە(تافی فێرکاریی کەمە). سێیەم، دەرفەتی کەم لە ئارادایە لە پێش قوتابیانی ئاست-بەرز تا لە خوێندنی خێرا بخوێنن. کارکردن لەسەر ئەم بابەتانە دەبێتە مایەی چاکترکردنی جۆرایەتیی ئەو پەروەردەیەی پێشکەشی قوتابیانی (باخچەی ساوایان-پۆلی 12) دەکرێت.

ئێمە پێشنیار دەکەین لەم سێ بوارە سەرەکییەدا گۆڕانکاری ئەنجام بدرێت:

1. باشتر مەشقپێکردن و ئامادەکردنی مامۆستاکان (موماریسەکان و مامۆستا نوێیەکانیش).
2. زیاترکردنی (تافی فێرکاری).
3. دابینکردنی دەرفەتی خوێندنی زیاتر بۆ قوتابیانی ئاست-بەرز.

ئەم چاپتەرە جەخت دەخاتە سەر هەر سێ فاکتەرەکە. لە باسکردنی هەر فاکتەرێکدا، یەکەمجار بە تێروتەسەلی باسی ئاریشەکە دەکەین و ئنجا ڕاسپاردەکانمان بۆ ئەو گۆڕانکارییانە پێشکەش دەکەین کە وەزارەتی پەروەردە دەتوانێت کاریان لەسەر بکات بۆ چارەسەرکردنیان.

## پێویستە باشتر مەشق بە مامۆستاکان بکرێت و ئامادە بکرێن –مامۆستا مومارسەکان و مامۆستا نوێیەکانیش

لاوازیی مەشقپێکردن و شارەزایی ستافی مامۆستایانی هەرێمی کوردستان ئاریشەیەکی گرنگە کە مامۆستا مومارسەکان و نوێیەکانیش دەگرێتەوە.

### مامۆستا مومارسەکان پێویستیان بە شارەزایی زیاترە لەسەر وتنەوەی مەنهەجە نوێیەکە

بە گشتیی ستافی فێرکاریی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی گونجاو ئامادە نەکراوە بۆ وتنەوەی مەنهەجە نوێیەکە. هەندێک گیروگرفت لە ئارادایە، وەک نەبوونی مەعریفە و مەشقی پێویست، تا دەگاتە ئەوەی مامۆستاکان ناچارکراون وانەیەک بڵێنەوە کە لە دەرەوەی بواری پسپۆڕێتی خۆیانە، تا دەگاتە ئەوەی بە زەحمەت دەتوانرێت شێوازی فێرکاریی (قوتابی تیشکۆ) پیادە بکرێت کە سیاسەتە نوێیەکە لێیان دەخوازێت.

**زۆر مامۆستای مومارس وەک پێویست شارەزای بابەتەکە نین کە بتوانن بە شێوەیەکی کارا مەنهەجە نوێیەکە بڵێنەوە.** مامۆستا مومارسەکان ئاشنا نین بە بەشێکی زۆری بابەتی وانەکانی مەنهەجە نوێیەکە، ئەمانە ڕاهاتوون مەنهەجە کۆنەکە بڵێنەوە – کە ساڵانێک مەشقیان لەسەر بینیوە. کەمتر لە نیوەی مامۆستایان خۆیان بە ئامادەباش یان زۆر ئامادەباش

وەسف کرد بۆ وتنەوەی ناوەڕۆکی مەنهەجە نوێیەکە، و 39 لە سەتا هاوڕێکانی خۆیان بە هەمان شێوە وەسف کرد (شێوەی 4-1) کەمتر لە 40 لە سەتای مامۆستاکان خۆیان و هاوڕێکانیان بە ئامادەباش یان زۆر باش وەسف کد بۆ بەکارهێنانی کەرەستە و چوارچێوەی مەنهەجە نوێیەکە، و گۆڕان یان زیاترکردن بۆ مەنهەجەکە تا لەگەڵ پێویستیی قوتابیەکانیان بگونجێت، یان وردبنەوە یاخود گۆڕانکاری بکەن لە مەودا یان لە زنجیرەی مەنهەجەکە تا لەگەڵ پێویستییە فێرکارییەکانی قوتابییەکانیان بگونجێت.

هەروەها چەندین مامۆستا ئاماژەیان بەوە کرد کە پشتگیرییەکی کەمیان لێ کراوە بۆ جێبەجێکردنی مەنهەجە نوێیەکە. بە گشتیی، 50 لە سەتای ئەو مامۆستایانەی ڕووپێو کراون باسی ئەوەیان کرد کە کەرەستەی وتنەوەی وانە، کە لەگەڵ مەنهەجەکە هاتووە، وەک پێویست ڕێنمایی و ڕوونکردنەوە نادات (شێوەی 4-2). مامۆستاکان هەروەها نیگەرانی خۆیان دەربڕی لەوەی بتوانرێت بابەتەکانی وانەکان ڕووماڵ بکرێت لە ماوەی ساڵێکی خوێندندا، هەروەها نیگەرانی خۆیاند دەربڕی لە جۆرایەتی و هەبوونی کتێبی وانەکان و مەنهەجی تر. کەمتر لە مامۆستای وانەکانی ماتماتیک و زانستەکان ڕایانگەیاند کە دەتوانن هەموو مادەکە بڵێنەوە لە ماوەی ساڵێکدا، و 52 لە سەت مامۆستاکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و 63 لە سەت مامۆستاکانی ئینگلیزی و 65 لە سەت مامۆستاکانی عەرەبی، و 70 لە سەت مامۆستاکانی کوردی ڕایانگەیاند کە دەتوانن هەموو مەنهەجەکە بڵێنەوە لە ماوەی ساڵێکدا.

چاوپێکەوتنە مەیدانییەکانمان ئەوەی ئاشکرا کرد کە زۆر مامۆستا وا هەست دەکەن شارەزایی پێویستیان نییە بۆ وتنەوەی مەنهەجە نوێیەکە. بۆ نموونە، باسی ئەوەیان کرد کە ئاشنا نین بە هەندێک چەمک و زاراوەی نوێ کە ئێستا داوایان لێکراوە بیڵێنەوە. سەرپەرشتیارانی سەر بە وەزارەت بۆچوونێکی هەمان شێوەیان دەربری، باسی ئەوەیان کرد کە زۆر مامۆستاکان ناتوانن کۆنترۆڵی بابەتەکەیان بکەن.

**مامۆستا موماریسەکان مەشقێکی زۆر کەم دەبینن.** لەگەڵ دانانی مەنهەجە نوێیەکە، وەزارەتی پەروەردە دەستی بە مەشقی مامۆستاکان کرد لە خولێکی پێنج ڕۆژەدا، بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ ئەوەی ئاشنایان بکەن بە کتێبی وانەکان. ئەگەرچی ئەم خولی مەشقانە هەندێک پێویستیی مامۆستاکانی دابین کرد لە بواری مەشقکردن لەسەر مەنهەجە نوێیەکە، بەڵام مامۆستاکان بە گشتی ئەوەیان ڕاگەیاند کە پێویستیان بە کاتی زیاتر و مەشقی تێروتەسەلترە بۆ ئەوەی ئاشنا ببن بە ناوەڕۆکی مەنهەجە نوێیەکە. کەمتر لە نیوەی مامۆستاکانی سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن ئەوەیان ڕاگەیاند کە مەشقیان پێکرابێت لە دوو ساڵی ڕابردوودا (شێوەی 4-3). بەڵام مامۆستاکان هەندێک جۆراوجۆر

**شێوەی 4-1**

**ڕێژەی سەدیی ئەو مامۆستایانەی کە ڕایانگەیاندووە باش ئامادە یان زۆر باش ئامادەن، بە گوێرەی وانەکانی مەنهەجە نوێیەکە، 2010**




سەرچاوە: 2010 ڕووپێوی مامۆستایان لە لایەن ڕەند و وەزارەتی پەروەردەوە.

سەرنج: نەوەد و پێنج لە سەتی مامۆستا ڕووپێوکراوەکان وەڵامی پرسیارەکەیان دایەوە سەبارەت بەوەی پێیان وایە تا چەند ئامادەن، و 80 لە سەت وەڵامی ئەو پرسیارەیان دایەوە کە پێیان وایە مامۆستا هاوڕێکانیان تا چەند ئامادەن.

RAND *MG1140-4.1*

**شێوەی 4-2**

**ڕێژەی سەدیی ئەو مامۆستایانەی کە ڕایانگەیاندووەناڕازین یان زۆر ناڕازین لە مەنهەجە نوێیەکە، 2010**




سەرچاوە: 2010 ڕووپێوی مامۆستایان لە لایەن ڕەند و وەزارەتی پەروەردەوە.
سەرنج: نەوەد و دوو لە سەتی مامۆستا ڕووپێوکراوەکان وەڵامی پرسیارەکەیان دایەوە.
**RAND** *MG1140-4.2*

بوون لە وانەی جیاوازدا. بەشێکی زۆری مامۆستایانی ئینگلیزی (58 لە سەتا)، مامۆستایانی زانست (52 لە سەتا)، و مامۆستایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان (54 لە سەتا) ئەوەیان ڕاگەیاند کە مەشق دەبینن، بە بەراورد لەگەڵ مامۆستایانی کوردی، عەرەبی، و پەروەردەی ئیسلامی. ئەمەش جێی سەرسوڕمان نییە بە ڕەچاوکردنی ئەو گۆڕانکاریانەی لە مەنهەجی پێشوودا کراوە.

مەشق و ڕاهێنانەکە تەنێ بەرتەسک و سنووردار نییە، بەڵکو هەروەها نیوەی ئەو مامۆستایانەی بەشدارییان لە مەشقدا کردووە باسی ئەوەیان کرد کە مەشقەکان وەک پێویست نەبوون (شێوەی 4-4).

بۆ پشتگیری لەجێبەجێکردنی مەنهەجە نوێیەکە، وەزارەتی پەروەردە شێوازی (مەشقکردن بە مەشقدەران) ی پەیڕەو کردووە بۆ ژمارەیەکی زۆر مامۆستایان. وەزارەتی گرێبەستی لەگەڵ بەڵێندەرێکی دەرەکی کردووە بۆ مەشقپێکردنی ژمارەیەکی سنووردار ستافی هەڵبژێردراو لەسەر مەنهەجە نوێیەکە. ئەم ستافە بریتین لە سەرپەرشتیارانی سەر بە وەزارەت، ئەو مامۆستایانەی خاوەن شارەزایین، و ناوبەناو، هەندێک پرۆفیسۆری زانکۆ. ئنجا ئەم ستافە هەڵبژێردراوانە دواتر مەشق بە مامۆستاکان دەکەن. ئەم مەشقدەرانە بە خۆیان زۆر جار وەک پێویست مەشق وەرناگرن لەسەر مەنهەجە نوێیەکە. هەروەها بەردەوام نۆرە (ڕۆتەیشن) یان پێدەکرێت. وەزارەت هەروەها ناوبەناو مەشقدەری لە لوبنانەوە هێناوە لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانەی کاریان کردووە لەسەر وەرگێڕانی کتێبەکانی هارکۆرت و ماکمیلیان بۆ کوردی. هەندێک مامۆستا ئەوەیان ڕاگەیاند کە بە زەحمەت لە خولی کۆرسەکان تێدەگەن چونکە بە عەرەبییە نەوەک کوردی.

بە گشتیی، ئامانجی ئەم مەشقە سنووردارە بریتی بوو لە دابینکردنی ڕێگەچارەیەکی کاتیی بۆ بەرسقی پێویستییە کورتخایەنەکانی مامۆستایان. ئەگەرچی ئەم مەشقە ئەنجام درا، بەڵام هیچ مەشقێکی ستاندارد لە ئارادا نییە کە بە تایبەت داڕێژرا بێت بۆ وەڵامدانەوەی پێویستیە درێژخایەنەکانی سیستمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان. ڕاهێنەری پسپۆڕژمارەیان کەمە، یان هەر نییە، و توانای دامەزراوەیی هێندە نییە کە مەشقی بەردەوام و گەشەپێدانی پرۆفیشنەڵ بکات بە سەرجەم مامۆستاکانی هەرێمی کوردستان. نە کەرەستەی مەشقی ستاندارد لە ئارادایە و نە شێوازێکی ستاندارد بۆ مەشقپێکردنی مامۆستاکان لەسەر وتنەوەی مەنهەجە نوێیەکە لە ئارادایە. بەم شێوەیە، ڕاهێنەرەکان بە خۆیان کەرەستە و بابەتیان داڕشتووە و مەشقیان لەسەر داوە بە گوێرەی توانای خۆیان. لە کاتی چاوپێکەوتنەکاندا مامۆستاکان بۆچوونیان جیاواز بوو لەسەر کواڵیتیی مەشقەکان. ڕاستییەکەی، بەڕێوەبەری قوتابخانەکان و ئەو سەرپەرشتیارانەی سەرپەرشتی مامۆستاکان دەکەن وتیان زۆر مامۆستا هەیە ئامادەکاریی تەواوی نییە بۆ وتنەوەی مەنهەجەکە بە شێوەیەکی باش، تەنانەت لە بواری تایبەتمەندێتیی خۆیاندا.

**شێوەی 3-4**
**ڕێژەی سەتیی ئەو مامۆستایانەی لە دوو ساڵی ڕابردوودا مەشقیان بینیوە، بە گوێرەی ئەو وانەیەی دەگوترێتەوە، 2008-2010**




سەرچاوە: 2010 ڕووپێوی مامۆستایان لە لایەن ڕەند و وەزارەتی پەروەردەوە.
سەرنج: حەفتا و هەشت لە سەتی مامۆستایان وەڵامی ئەم بابەتەیان دایەوە. ئەو مامۆستایانەی چەند وانەیەکیان دەگوتەوە دابەش کران بۆ سێ گروپ: چەند وانەیەک لەناویاندا ماتماتیک فیزیا و زانست، زمان، و زانستە کۆمەلایەتییەکان، چەند وانەیەک کە تەنێ بواری زمان و کۆمەڵایەتی بوون، لەگەڵ ئەو وانانەی کە بریتین لە پەروەردەی وەرزشی و هونەر، و بابەتی تر (مافەکانی مرۆڤ، کۆمپیوتەر، و پۆلێنی "تر").
**RAND** *MG1140-4.3*

**چەندین مامۆستای موماریس داوایان لێکراوە لە بوارێکدا وانە بڵێنەوە کە لە دەرەوەی تایبەتمەندێتیی خۆیانە.** لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە کە پلە و دەرچوونی قوتابیان دادەبەزێت کاتێک مامۆستایەک وانەیان پێ بڵێتەوە کە مەشق و خوێندنی نەبینیبێت لەسەر ئەو بوارەی دەیڵێتەوە.[1] نزیکەی یەک-سێی ئەو مامۆستایانەی ئێمە ڕووپێومان کرد ڕایگەیاندووە ئەو بابەتەی دەیڵێنەوە لە دەرەوەی تایبەتمەندێتیی خۆیانە (شێوەی 4-5) جیاوازییەکی گەورەیە هەیە لە نێوان وانەکاندا. نزیکەی 40 لە سەتی مامۆستایانی زانست وانەی تری دەڵێنەوە، نزیکەی 25 لە سەتی مامۆستایانی بیرکاری و ئینگلیزییش وانەی تریان وتۆتەوە. سەرپەرشتیارێکی وەزارەت کە لە مەیدان چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کرا باسی ئەوەی کرد کە 20 تا 30 لە سەتای مامۆستایانی قوتابخانەکانی بنەڕەتی وانەیەک دەڵێنەوە کە جیاوازە لە تایبەتمەندێتی (ئیختساس)ەکەی خۆیان و شایستەی ئەوە نەبوون ئەو بابەتانە بڵێنەوە. وتی لەبەر دەگمەنیی مامۆستایە لە هەندێک وانەدا کە داوا لە مامۆستای وانەی تر دەکرێت وانەیەک بڵێتەوە کە ئیختساسی خۆی نییە.[2]

1 ئینستیتوێتی ئاماری UNESCO، 2006.

2 ئەو 15 لە سەتی مامۆستایانە کە "ئیختساسی عام"یان هەیە ڕەنگە شارەزاییان نەبێت هەندێک وانە بڵێنەوە.

**شێوەی 4-4**
**ڕێژەی سەدی ئەو مامۆستایانەی کە ڕاپانگەیاندووە مەشقەکەیان وەک پێویست نەبووە، بە گوێرەی ئەو وانەیەی دەیڵێنەوە، 2008 - 2010**




سەرچاوە: 2010 ڕووپێوی مامۆستایان لە لایەن ڕەند و وەزارەتی پەروەردەوە.
سەرنج: نەوەت و پێنجی مامۆستایان وەڵامی ئەم بابەتەیان دایەوە.
**RAND** *MG1140-4.4*

**شێوەی 5-4**
**ڕێژەی سەدیی ئەو مامۆستایانەی کە ڕاپانگەیاندووە وانەیەک دەڵێنەوە کە تایبەمەندێتی (ئیختساس)ی خۆیان نییە، بە گوێرەی ئەو وانەیەی دەیڵێنەوە، 2010**




سەرچاوە: 2010 ڕووپێوی مامۆستایان لە لایەن ڕەند و وەزارەتی پەروەردەوە.
سەرنج: نەوەت و پێنجی مامۆستایان وەڵامی ئەم بابەتەیان دایەوە.
**RAND** *MG1140-4.5*

**مامۆستا موماریسەکان بە زەحمەت دەتوانن شێوازی فێرکاریی (قوتابی-تیشکۆ) پیادە بکەن.** شێوازی پەروەردەی (قوتابی-تیشکۆ) ئاماژەیە بە مۆدیلێکی فێرکاری کە بە گشتیی بریتییە لە "کەمترین وانەبێژی لە لایەن مامۆستاکەوە، چالاکیی بە گروپیی بچووک کە قوتابییەکان تێیدا کار لەسەر چارەسەرکردنی گیروگرفت دەکەن، و پرسیار و تاوتوێی بەردەوام ئەنجام دەدرێت.[3] وەک بەشێک لە سیاسەتەکانی ریفۆرمی 2008-2009 ی هەرێمی کوردستان، پێشبینی ئەوە لە مامۆستاکان دەکرێت شێوازی فێرکاری نوێی قوتابی-تیشکۆ بەکاربهێنن. لەگەڵ ئەمەشدا بەرپرسانی وەزارەت و قوتابخانەکان لە چاوپێکەوتنەکانماندا دانیان بەوەدا نا کە تێگەیشتنێکی کەم لە ئارادایە لە سەرتاسەری سیستەمی (باخچەی ساوایان-پۆلی 12) لە چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەو کارە. راستییەکەی، ناڕوونییەک هەیە لەلای توێژەرەکان و موماریسەکان لە ئاستی جیهان لەسەر ئەوەی کە ئاخۆ رێنمایی قوتابی-تیشکۆ جی دەگرێتەوە و چۆن جێبەجێ بکرێ.[4] هەموو ئەمەش دەبێتە مایەی بەدحاڵیبوون لە چۆنیەتی پیادەکردنی ئەم شێوازە و بەم شێوەیەش مامۆستاکان لەناو پۆل جێبەجێی بکەن.

گرفتێکی تر ئەوەیە کە بارودۆخی پۆلەکان لە هەرێمی کوردستان دەبێتە مایەی ئەوەی مامۆستاکان نەتوانن شێوازەکانی قوتابی-تیشکۆ پیادە بکەن. قەبارەی پۆلەکان گەورەیە، و بەم شێوەیەش بە زەحمەت مامۆستاکان دەتوانن وەک پێویست بایەخ بدەن بە تاکی قوتابییەکان بە گوێرەی شێوازی فێرکاریی قوتابی-تیشکۆ. قوتابییەکان لەسەر کورسیی بچووک لە پۆلێکی قەرەباڵغ دادەنیشن کە بوار نییە بۆ کاری گروپی بچووک بە گوێرەی شێوازی فێرکاریی قوتابی-تیشکۆ. زیاتر لە 60 لە سەتای ئەو مامۆستایانەی رووپێو کران ئاماژەیان بەوە کرد کە ژمارەی زۆری قوتابیان لەناو پۆل بووە بە ڕێگر لە پێش جێبەجێکردنی فێرکاریی قوتابی-تیشکۆ (شێوەی 4-6) مامۆستا ڕووپێوکراوەکان هەروەها ڕایگەیاند کۆتوبەندی تریش هەیە لەسەر جێبەجێکردنی فێرکاریی قوتابی-تیشکۆ وەک نەبوونی مەشقی پێویست و گونجاو (49 لە سەت)، کاتی ناو پۆل بەش ناکات و گونجاو نییە (48 لە سەت)، و نەبوونی رێنمایی فێرکاریی (41 لە سەت).

**شێوەی 4-6**
**رێژەی سەدیی ئەو مامۆستایانەی باسی هەبوونی کۆتوبەندیان کرد لەسەر پیادەکردنی شێوازی قوتابی-تیشکۆ، بە گوێرەی جۆری کۆتوبەندەکان، 2010**




سەرچاوە: 2010 ڕووپێوی مامۆستایان لە لایەن رەند و وەزارەتی پەروەردەوە.
سەرنج: نەوەت و پێنجی مامۆستایان وەڵامی ئەم بابەتەیان دایەوە.
RAND *MG1140-4.6*

---

3 لیو و پرایس روم (LeuandPrice-Rom)، 2006.

4 ریچاردسن، 2003، لامپارت، هۆڵت رینۆلد، 2000، ماکینن و سکراف سیتەر1997.

**ئەو مامۆستا نوێیانەی دێنە ریزی فێرکارانەوە وەک پێویست ئامادە نەکراون**

تەحەددای ئامادەکردنی مامۆستای نوێ بۆ فێرکاریی مەنهەجە نوێیەکە لە کۆلیژەکانی مامۆستایان جیاوازە لەوانەی ڕووبەڕووی مامۆستا موماریسەکان دەبێتەوە.

**سیستمی ئێستای تەرخانکردنی قوتابی بۆ پەروەردەی دوای ئامادەیی نابێتە مایەی ئەوەی ئەو قوتابیانەی پلەیان بەرزە لە پیشەی مامۆستایەیی وەربگیرێن.** لە هەرێمی کوردستان-عێراق، ئەو قوتابییانەی (باخچەی ساوایان-پۆلی 12) تەواو دەکەن خۆیان خوێندنی پاش ئامادەیی هەڵنابژێرن. لە جیاتی ئەمە، وەزارەتی پەروەردە ئەو قوتابییانە لە زانکۆکان لە بوارێک وەردەگرێت بە گوێرەی ئەو پلەیەی بە دەستیان هێناوە لە تاقیکردنەوەی کۆتایی ئامادەیی. بە گوێرەی ئەوانەی قسەمان لەگەڵ کردوون لە بەرنامەکانی خوێندنی زانکۆ و کۆلیژەکانی مامۆستایان، ئەو قوتابیانەی وەردەگیرێن تا ببن بە مامۆستا ئەو قوتابییانەن کە لە تاقیکردنەوەکان کەمترین پلەیان هێناوە[5]. پێناچێت ئەم پرۆسەیە هاندەرێکی باش و بەهێز بێت بۆ توێژی فێرکاری.

**کۆلیژەکانی مامۆستایان هێندەی پێویست پەروەردە و مەشق نادەن لەسەر مامۆستایەتی و شێوازەکانی فێرکاری.** زیاتر لە 60 لە سەتی ئەو مامۆستایانەی ڕووپێو کران ئاماژەیان بەوە کرد کە هاوشانەکانیان لە بوارەکانی فێرکاریی ناو پۆلدا "بە هیچ شێوەیەک" ئامادە نین یان "تا ڕادەیەک" ئامادەن، وەک پیادەکردنی شێوازە فێرکارییەکانی قوتابی-تیشکۆ، بەکارهێنانی شێوازی جۆراوجۆر بۆ پێکهێنانی گروپ لە قوتابییەکان، بەشدارپێکردنی قوتابییان بۆ بیرکردنەوە بە شێوازی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، و فێرکردنی مەنهەجە نوێیەکان[6]. کۆدەنگییەکی گشتیی هەیە لە وڵاتانی پیشەسازی و وڵاتانی تر کە پێویستە مامۆستای ئایندە لەبواری شێوازەکانی فێرکارییدا ئامادە و شارەزا بێت، لەناوییدا هەبوونی ئەزموونی عەمەلی زۆر گرنگە، ئەگەرچی بڕی پەسەندکراوی ئامادەکارییەکە بابەتێکە بۆچوونی جیاوازی لەسەرە.[7]

وەک شێوازێک بۆ هەڵسەنگاندنی بڕی ئامادەکردن لە بواری مامۆستایەتی و شێوازەکانی فێرکاریی کە پێشکەش بە مامۆستایانی ئایندە دەکرێت لە کۆلیژە نوێیەکانی مامۆستایەتی، ئێمە مەنهەجەکانی ئەم کۆلیژانەمان لەگەڵ دوو کۆلیژی مامۆستایانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەراورد کرد. ئێمە بەشێکی لەبەرئەوە ئەمانەمان هەڵبژارد چونکە ئەو مەنهەجە نوێیەی لە هەرێمی کوردستان پیادە دەکرێت کە لە کتێبی وەشێنەران (ناشر، publisher) ی ویلایەتە یەکگرتووەکان وەرگیراوە، و بەشێکی لەبەرئەوەی بە ئاسانی ئەم مەنهەجانە پەیدا دەکرێن. بۆ پیشاندانی بە هێڵکاری، ئێمە مەنهەجی ماتماتیکمان بەراورد کرد (بڕوانە خشتەی 4-1).[8]

لە بواری کۆی ژمارەی ئەو یەکە (وحدە) پێویستانەی کە دەبێت بخوێندرێن، کۆلیژەکانی هەرێمی کوردستان و کۆلیژەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان مایەی بەراوردن –تەنانەت مەرجەکانی هەرێمی کوردستان زیاترن. لە کۆلیژەکانی هەرێمی کوردستان، یەکە پێویستەکان جۆراوجۆرن و ڕەنگە 138 یەکە بن بۆ مامۆستایانی ماتماتیک تا دەگاتە 160 یەکە بۆ مامۆستاکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان. لە دوو کۆلیژەکەی ویلایەتە یەکگرتووەکان پێویستە قوتابی 128 تا 141 یەکە بخوێنێت. لەگەڵ ئەمەشدا سێ جیاوازی سەرەکی هەیە لە نێوان بەرنامە فێرکارییەکانی هەرێمی کوردستان و ویلایەتە یەکگرتووەکان کە ڕەنگە بە شێوەیەکی نەرێنی کار بکاتە سەر گونجاوێتیی ئامادەکردنی مامۆستای کورد بۆ فێرکاری لە پۆلەکان:

**خشتەی 4-1**

**بەراوردی مەنهەجی کۆلیژی مامۆستایانی هەرێمی کوردستان و چەند کۆلیژێکی مامۆستایانی ویلایەتە یەکگرتووەکان**

| مەرجەکان | کۆلیژەکانی مامۆستایانی هەرێم | کۆلیژی مامۆستایان لە ئەمریکا |
|---|---|---|
| کۆی یەکە | 160–138 | 141–128 |
| شێوازی فێرکاری و ڕاهێنان (ژمارەی یەکە) | 12 | 43–24 |
| ڕاهێنان لە کەشی قوتابخانەدا (بە کات) | 0– $\frac{1}{2}$ کۆرس | $\frac{1}{2}$ 1 کۆرس تا |
| پسپۆڕی لە وانە (ژمارەی یەکە) | 60 | 34–28 |

---

5 بەرزترین نمرە لە کۆلیژی پزیشکی وەردەگیرێت، ئنجا لە دوای ئەم لە کۆلیژەکانی ئەندازیاری، و بەم شێوەیە بۆ کۆلیژەکانی تر (بۆ نموونە کۆلیژی کارگێڕی) و تاد.

6 ڕووپێوی مامۆستایانی ڕەند، و وەزارەتی پەروەردە.

7 ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ پێدانی ئیعتیماد بە مامۆستا، OECD, 2005; Stoeland Thant 2002; Morey, Bezuk, andChiero,1997;2008

8 زانکۆی مێشیگن، 2011a and 2011b ، زانکۆی وسیکۆنسن، Wisconsin–Madison

- قوتابیانی کۆلیژەکانی هەرێمی کوردستان وانەی کەم دەخوێنن لەسەر شێوازەکانی فێرکاری و عەمەلی، لە کۆی 138 یەکە تەنێ 12 یەکە تەرخان کراوە بۆ فێرکاری لەم بوارەدا. قوتابیانی کۆلیژەکانی مامۆستایان دوو تا سێ ئەوەندە یەکە دەخوێنن لەسەر شێوازەکانی فێرکاری.
- کۆلیژەکانی مامۆستایان لە هەرێمی کوردستان وانەی کەمی راستەقینەی عەمەلی بە قوتابییەکان دەڵێنەوە پێش ئەوەی کۆلیژ تەواو بکەن. بۆ نموونە، یەکێک لە کۆلیژەکانی مامۆستایان لە هەرێمی کوردستان، تەنێ نیو کۆرس مومارەسەی فێرکاری (تطبیقی عەمەلی) بە قوتابییەکان دەڵێنەوە. لە بەرامبەردا، یەکێک لە کۆلیژەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بە پێویستی دادەنێت سێ چارەکی ساڵێک بە تەواوەتی فێرکاریی لەژێر سەرپەرشتیارییدا پێشکەس بکرێن لە بارودۆخی پۆلدا، ئەوەی تریان بە پێویستی دەزانێت یەک ساڵی تەواو مومارەسە (تەتبیق) ی فێرکاری بکرێت.
- قوتابیانی کۆلیژەکانی مامۆستایان نزیکەی دوو ئەوەندە یەکە لەسەر بابەتی پەیوەست بە بواری پسپۆڕێتییەکە سەرف دەکەن. پیویستە ماتماتیکی باڵا بخوێنن (جیاکاری و تەواوکاری و جەبر)، ئەگەرچی تەنێ وانەی ماتماتیکی سەرەتایی دەڵێنەوە لە قوتابخانە بنەڕەتییەکان. بەم شێوەیەش، ئەم بەشەی فێرکردنیان ڕەنگە زێدەڕۆیی بێت، و ڕەنگە وا باشتر بێت لەحیاتی ئەو یەکانە، مەشق و راهێنانیان پێبکرێت لەو بوارەی کە زیاتر پەیوەندداره بە کارەکەیانەوە وەک مامۆستای بنەڕەتی.

**کۆلیژەکانی مامۆستایان هێندەی پێویست مەشق لەسەر مەنهەجە نوێیەکە پێشکەش ناکەن.** ئەگەرچی کۆلیژەکانی مامۆستایان لە هەرێمی کوردستان کۆرسێکی گشتیی بۆ مامۆستا نوێیەکان دەکەنەوە لەسەر مەنهەجە نوێیەکە، بەڵام پێناچێت ئەمە وەک پێویست بێت. پێدەچێت بە مەبەست (لە ئەنقەست) ناوەڕۆکی مەنهەجە نوێیەکە و خولەکانی بابەتی وانەکە جێگۆڕکێیان پێکرابێت. ئەو مامۆستایانەی ئێمە ڕووپێومان کردن ئاماژەیان بەوە کرد کە چوار ئەولەوییەتە سەرەکییەکەیان بریتی بوو لە مەشقکردن لە بواری (1) ناوەڕۆکی مەنهەجەکە تایبەت بەو وانەیەی ئیختساسی تێدا وەردەگرن، (2) چۆن کەرەستە و چوارچێوەی مەنهەجەکە بەکاربهێنرێت، (3) چۆن پلانی وانەی رۆژانە دابنرێت و فێرکارییەکانی ناو پۆلەکە بەڕێوەببرێت، و (4) بابەتەکانی ئەرکی ماڵەوە (هۆم ۆرک) ئامادە بکات بۆ قوتابیان.[9]

**ڕەنگە ئەو مامۆستا نوێیانەی لە پەیمانگەکانی تری بەدەر لە کۆلیژی مامۆستایان دەخوێنن هێندەی پێویست ئامادە نەکرێن لە بواری شێوازەکانی فێرکارییدا.** چەندین مامۆستای قۆناغی بنەڕەتی کە بۆ دە ساڵی داهاتوو پێویستن لە هەرێمی کوردستان لە کۆلیژی تری زانکۆکان مەشقیان پێدەکرێت، بەڵام ئەو قوتابیانە کە تایبەتمەند دەبن لە وانەکانی وەک ماتماتیک و زانست هیچ مەشقێکیان پێناکرێت لەسەر مامۆستایەتی و شێوازەکانی فێرکاری پێش ئەوەی بچنە پۆلێک بۆ وانە وتنەوە. و مەشقیان لەسەر مەنهەجە نوێیەکە پێناکرێت. بەم شێوەیە ڕەنگە بە شێوەیەکی گونجاو ئامادە نەبن بۆ وانە وتنەوە بە شێوەیەکی کارا.

## ڕاسپاردە بۆ مەشقکردن بە مامۆستا مومارسەکان

ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین هەرێمی کوردستان پێنج ڕێوشوێن پیادە بکات بۆ باشتر ئامادەکردنی مامۆستایانی مومارس بۆ وتنەوەی مەنهەجە نوێیەکە بە شێوەیەکی کارا:

- دامەزراندنی بنکەی مەشقی هەرێمایەتی لە مەشقدەری پسپۆڕ و کەرەستە و شێوازی ستانداردی فێرکاریی.
- مەشقەکان جەخت بخەنە سەر وتنەوەی وانەکان، تەبا لەگەڵ مەنهەجە نوێیەکان.
- جەخت خستنە سەر مەشقکردن لەسەر ئەو تەکنیکانەی پێدەچێت زۆر کارا بن لە پۆلە گەورەکانی هەرێمی کوردستان.

---

9 رووپێوی مامۆستایان لە لایەن ڕەند، و وەزارەتی پەروەردە، هەروەها بڕوانە خشتەی 4- 2خوارەوە.

- داڕشتنی نەخشەی مەنهەج بۆ یارمەتیدانی مامۆستا موماریسەکان تا بە وردی ناوەڕۆکی مەنهەجە نوێیەکە بگەیەنن بە قوتابیان.
- دابینکردنی پشتگیرییەکی بەردەوام بۆ مامۆستا موماریسەکان لە کاتی پیادەکردنی مەنهەجە نوێیەکە.

بناغەی ئەم ڕاسپاردانە بریتییە لە چاوپێکەوتنەکان، گروپی هەڵبژاردە، و ڕووپێوەکان، هەروەها پێداچوونەوەی ئەدەبیاتی مەشقی مامۆستایان لە وڵاتە پێشکەوتووەکان و تازە گەشەسەندووەکان. ئێمە بە تایبەت سوودمان لە دەستپێشخەرییەکانی مەشق و گەشەی پیشەیی بینیوە بۆ پێشنیارکردنی ڕێگەچارەی کۆنکریتی بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی نێوان شارەزایی و ئامادەکاریی مامۆستاکانی هەرێمی کوردستان و بۆ بەدیهێنانی ئەو شتانەی لە دوایین ریفۆرمەکانی بواری پەروەردەدا داواکراون.

**دامەزراندنی بنکەی مەشقی هەرێمایەتی و دابینکردنی مەشقدەری پسپۆڕ و کەرەستە و شێوازی فێرکاریی ستاندارد**

توێژینەوەکە پێشنیاری ئەوە دەکات پلە و دەرچوونی قوتابیان باشتر بکرێت، پێویستە ناوبەناو بە شێوەیەکی ڕێکوپێک مەشق بە مامۆستاکان بکرێت. بنکەکانی مەشقی هەرێمایەتی دەستگا بۆ ئەم مەبەستانە تەرخان دەکەن. دەتوانرێت ستافی پسپۆڕی ئەوتۆیان بۆ تەرخان بکرێت کە کاریان تەنێ مەشقکردن بێت (بە پێچەوانەی سیستمەکەی ئێستاوە کە نۆرە بە پسپۆڕەکانی بەشەکانی تری سیستمی پەروەردە دەکات) و کەرەستەی ستاندارد بەکاربهێنن.

بۆ جەختکردنەوە لە پرۆفیشنەڵیزم، پێویستە مەشقدەرەکان بە خۆیان مەشقی بەردەوامی بەرایی ئامادەکردن بە شێوەیەکی چڕوپڕ ببین بۆ گەشەدان بە پسپۆڕێتییان لە بواری ناوەڕۆکی وانەکان و لەسەر شێوازی فێرکاریی، ئنجا درێژەدان بە مەشقەکە ناوبەناو بۆ نۆژەنکردنەوەی زانیارییەکانیان. ڕەنگە ئەمە بریتی بێت لە بەشداریکردن لە بەرنامەی (مەشقکردن بە مەشقدەر) کە لە هەرێمی کوردستان یان لە هەندەرەوە پێشکەش بکرێت، هەروەها سازکردنی کۆنفرانس، وۆرکشۆپ، و خولی تری ئامادەکردنی مەشقدەر. بە وتەی دیمانەکراوەکان، وەزارەتی خوێندنی باڵا ساڵانە بری 120 ملیۆن دۆلاری تەرخان کردووە بۆ ڕەوانەکردنی قوتابیانی هەرێم بۆ زانکۆی وڵاتانی تر بۆ خوێندنی باڵا. بۆ داڕشتنی توانای ناوخۆیی بۆ ئامادەکردنی مەشقدەرەان، وەزارەتی پەروەردە دەتوانێت هەندێک لەو زەمالەی خوێندنانە وەربگرێت بۆ ناردنی کەسانی ئایندەگەش بۆ هەندەران بۆ بەدەستهێنانی ماستەر یان دکتۆرا لە پەروەردە، لەگەڵ جەختکردنەوە لە، بۆ نموونە، مەنهەج، یاخود مامۆستایەتی و فێرکاری.

دانانی ستاندارد بۆ مەشق دەبێتە مایەی جەختکردنەوە لەوەی سەرجەم مامۆستاکانی هەرێمی کوردستان هەمان ئاستی فێرکاری وەردەگرن و هەمان مادەی مەشقیان پێدەگات. هەروەها بوار دەڕەخسێنێت وەزارەتی پەروەردە جەخت لەوە بکاتەوە بابەتەکان هەموو ناوەرۆکی پێویست و پەیوەست بە مەنهەجە نوێیەکە لەخۆدەگرن لەگەڵ هەر ئامانجێکی فێرکاریی وەزارەت.

**پێویستە مەشقەکە جەخت بخاتە سەر ئەو وانەیەی دەگوترێتەوە، تەبا لەگەڵ مەنهەجە نوێیەکە.**

زۆر گرنگە بە باشترین شێوە کاتی مەشقەکان بەکاربهێنرێت چونکە مەشق پارەیەکی زۆری تێدەچێت، و مامۆستاکانیش دوور دەخاتەوە لە ئەرکەکانیان. مەنهەجە نوێیەکە پێویستی بەوەیە مامۆستا شارەزایی هەبێت لەسەر وانەکە و هەروەها لەسەر تەکنیکی گونجاوی فێرکاریی. بەڵام پێدەچێت کاتێکی ئێجگار کەم لەبەردەست بێت لە هەر خولێکی مەشقدا بۆ ڕووماڵکردنی هەردوو بوارەکە بە تێروتەسەلی. بەم شێوەیەش، پێویستە وەزارەتی پەروەردە ئەولەوییەت دابنێت بۆ هەردووکیان لە دابەشکردنی کاتی مەشقەکەدا.

شارەزایی مامۆستا لەسەر ئەو وانەیەی دەیڵێتەوە پەیوەستە بە پلە و دەرچوونی قوتابییانەوە[10]. پلە و دەرچوون دەگاتە ئەوپەڕی کاتێک مامۆستا مەعریفەیەکی باشی هەبێت لەسەر وانەکە – بە بێ ڕەچاوکردنی ئەو شێوازی فێرکارییەی بەکاریدەهێنێت (وانەبێژی، گروپی بچووکی کار، کاری تاکەکەس، کاری بە گروپ لەسەر تەختەی ڕەش، تاد).[11] مەشقکردن بە تایبەتی بە مامۆستاکان لەسەر ناوەڕۆکی وانەکان، لە بەرامبەر بە مەشقکردن لەسەر شێوازەکانی فێرکاری، پردی

---

[10] هیل، رۆوان، و بۆڵ، 2005، یون و هاوڕێیانی 2007، گلووی و کرێمەر، 2005، کلیویل و هاوڕێیانی 2004.

[11] گلووی و کرێمەر، 2005، هیل، ئوملاند و کاپیتولا 2009، لویس 2010.

پەیوەندی بووە بۆ قوتابیان بۆ گەیشتن بە پلە و دەرچوون[12]. پێویستە مەشقەکە کارا بێت و بە گوێرەی ئەولەویەتەکان دابڕێژرێت پێویستە وەزارەت لە مەشقەکاندا لە بەراییدا جەخت بخاتە سەر پتەوترکردنی شارەزایی لەو وانەیەی دەگوترێتەوە. لەناو ئەو مامۆستایانەدا کە ڕووپێو کراون، 38 لە سەتی مامۆستاکانی قۆناغی 1-6، و 1 لە سەتی مامۆستای قۆناغی 7-9، و 49 لە سەتی پۆلەکانی 10-12 پێیان وایە مەشقکردن لەسەر ناوەڕۆکی مەنهەجەکە تایبەت بەو وانەیەی دەیڵێنەوە هەرە ئەولەوییەتی یەکەم بووە لە ریزی 14 ئەولەویەتەکەی بواری مەشقەکە. ئەولەوییەتی تری بواری مەشق بریتی بووە لە داڕشتنی پلانی وانەی ڕۆژانە، بەکارهێنانی کەرەستەکانی مەنهەجەکە و چوارچێوەکە، و دەستکاریکردن یان زیاترکردن بۆ مەنهەجەکە. بە بۆچوونی مامۆستاکانی ڕووپێوەکە ئەو بابەتانەی کەمتر جێگەی بایەخ بوون بریتی بوون لە مەشقکردن لەسەر هەڵسەنگاندنی قوتابیان و مەشقکردن بە بەکارهێنانی ستراتیجی تر بۆ کارکردن لەسەر پێویستیە جۆراوجۆرەکانی قوتابییەکان (بڕوانە خشتەی 2-4)

تەنێ هەندێک جیاوازی هەبوو لە نێوان بۆجوونی مامۆستای قۆناغە جۆراوجۆرەکان، بێجگە لە یەک حاڵەت: مامۆستاکانی پۆلە بەرزەکان (9-12) زیاتر لە مامۆستایانی پۆلەکانی خوار (1-6) پلەیەکی بەرزتریان دابوو بە مەشقکردن لەسەر "دەستکاریکردن یان زیاترکردن بۆ سەر مەنهەجەکە تا لەگەڵ ئاستی قوتابییەکان و لەگەڵ پێداویستییەکانی فێرکاریی بگونجێتت.

پێویستە بنکەکان ناوبەناو (بۆ نموونە هەموو سێ تا پێنج ساڵێک) زانیاری لە مامۆستاکان کۆبکەنەوە لەسەر پێویستییەکانی گەشەدان بەشارەزاییان و پێویستییەکانی مەشقەکان. ئەمە ڕێگە بۆ مامۆستاکان خۆش دەکات خاڵە بەهێز و لاوازەکانی خۆیان بزانن، هەروەها ئەو پشتگیرییە دەستنیشان بکەن کە پێویستیان پێیەتی بۆ بەرەوپێشبردنی پسپۆڕێتی و گەشەیان لە ئیش و کارەکانیان".

**خشتەی 2-4.**
**ئەولەوییەتی مەشقەکان بە گوێرەی بۆچوونی مامۆستایان، 2010**

| بواری مەشق | کافة الصفوف الدراسية<br>ڕێژەی سەتیی | <br>پلە |
|---|---|---|
| ناوەڕۆکی مەنهەجەکەی دەیڵێمەوە | 40 | 1 |
| ڕۆژانە داڕشتنی پلانی وانە بۆ ڕێنمایی فێرکاریی پۆل | 34 | 2 |
| بەکارهێنانی کەرەستە و چوارچێوەی مەنهەجەکە | 33 | 3 |
| دەستکاری یان زیاترکردن بۆ مەنهەجەکە بۆ ئەوەی | 30 | 4 |
| لەگەڵ ئاست و پێویستییەکانی قوتابی بگونجێت | 29 | 5 |
| ئامادەکردنی ئەرکی ماڵەوە بۆ قوتابیان | 26 | 6 |
| پیادەکردنی شێوازی قوتابیی تیشکۆ | 23 | 7 |
| بەشدارپێکردنی قوتابیان لە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە | 19 | 8 |
| بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای فێرکاری | 18 | 9 |
| وردبوونەوە یان گۆڕینی مەودا و ڕیزبەندیی هەندێک بابەتی دیاریکراوی مەنهەجەکە | 15 | 10 |
| بەڕێوەبردنی پۆل و دسیپلینی قوتابیان | 14 | 11 |
| بەکارهێنانی شێوازی جۆراوجۆر بۆ گروپەکانی قوتابیان | 13 | 12 |
| دەستنیشانکردنی ئەو قوتابییانەی پێویستیان بە فێرکاریی تایبەت | 12 | 13 |
| داڕشتنی هەڵسەنگاندنی قوتابیان و شیکردنەوەی ئەنجامەکان بۆ دیاریکردنی فێرکارییەکە | 11 | 14 |

سەرچاوە: ڕووپێوی مامۆستایان لە لایەن ڕەند، و ڕووپێوی مامۆستایان لە لایەن وەزارەتی پەروەردە، 2010.

سەرنج: نەوەت و یەک لە سەتی مامۆستاکان وەڵامیان داوەتەوە. پلەکان پشت دەبەستن بە ڕێژەی مامۆستای قۆناغەکە و هەموو قۆناغەکان بوارەکە بە سێ ئەولەوییەتەکە دادەنێن بە بەراورد لەگەڵ بوارەکانی تر.

12 یوون و هاوڕێیانی، 2007، گلووی و کرێمەر 2005، کلوبول و هاوڕێیانی 2004، لێکۆڵینەوەکان لە ئاستی قۆناغی سەرەتاییدا هەندێک دەستکەوتی مامناوەندیی ئاشکرا کردووە (21 نمرەی سەتیی) لە ئەدای قوتابییەکان لە ئەزموونە ستانداردەکانی ماتماتیک، زانست، زمان/خوێندنەوە لای قوتابیی ئەو مامۆستایانەی کە مەشقی چڕوپڕیان بینیوە لەسەر ناوەڕۆکی مەنهەجەکان (Yoonet al., 2007, p.2)

**ئەگەر زۆرە مەشقەکانی فێرکاری و مەشق لەسەر تەکنیکەکان لە پۆلەکانی کوردستان کارا بێت**

شێوازی فێرکاریی قوتابی-تیشکۆ کە داوا لە مامۆستاکانی هەرێمی کوردستان دەکرێت پیادەی بکەن وەک بەشێک لە چاکسازی سیاسەتی پەروەردە رەنگە باشترین هەڵبژاردە نەبێت بۆ پۆلەکانی هەرێمی کوردستان. یەکەم، لەبەرئەوەی مامۆستا موماریسەکانی هەرێمی کوردستان نازانن شێوازی قوتابی-تیشکۆ چییە یان چۆن پێشکەشی بکەن ئەوسا هەوڵدانیان بۆ پیادەکردنی ئەم شێوازانە لە پۆلەکانی خوێندندا زیانبەخش دەبێت مەگەر مەشقی زیاتریان پێبکرێت. توێژینەوەی وڵاتانی تر ئەوەیان دەرخستووە کە کاتێک مامۆستاکان هەوڵیان داوە بە ئەم شێوازانە پیادە بکەن بە بێ ئەوەی لێی تێگەیشتبن مامۆستاکان بارێکی گران دەکەوێتە ئەستۆیان و ئەنجامەکە بریتی دەبێت لە فێرکاریی لاواز.[13] هەروەها، لێکۆڵینەوەکان کەمتر بەڵگەیان لایە کە ئەنجامەکانی فێرکایی قوتابی-تیشکۆ دەرەنجامی فێرکاری باشتری دەبێت وەک لە شێوازی تەقلیدی.. بەم شێوەیە، ڕەنگە کارێکی دانایی نەبێت کە شێوازێکی لەم جۆرەی فێرکاریی ببێت بە کۆڵەکەی سەرەکیی چاکسازیی پەروەردە.[14]

دووەم. 65 لە سەتای مامۆستا ڕووپێوکراوەکان باسی ئەوەیان کرد کە قەبارەی گەورەی پۆلەکان کۆتوبەندە لەسەر جێبەجێکردنی فێرکاریی قوتابی-تیشکۆ (بڕوانە شێوەی 4-6). لە شێوازی فێرکاریی قوتابی-تیشکۆدا وا پێویستە مامۆستا بە شێوازی جۆراوجۆر قوتابییەکان ڕێک بخات لە چالاکی ئەوتۆدا کە جەخت دەخاتە سەر فێرخوازەکە. هەروەها پێویستە مامۆستاکە وەک پێویست بایەخ بە تاکە تاکەی قوتابییەکان بدات بۆ ئەوەی هەر یەکێکیان بە چالاکیی بەشداری بکەن لە پرۆسەی فێرکارییدا. زەحمەتە بتوانرێت ئەم شێوازانە جێبەجێ بکرێت چونکە بۆشایی پۆلەکانی کوردستان زۆر بەرتەسک و سنووردارە، و بەتایبەتیش کە مەشق بە مامۆستاکان نەکرابێت لەسەر ئەم شێوازانە.

شێوازێکی تری گونجاو لەم کاتەدا ئەوەیە کە مامۆستا موماریسەکان ئاشنای بن (بۆ نموونە شێوازی تەقلیدی) هاوکات هێنانە ئارای ئەو شێوازانەی لە شوێنی تر سەرکەوتوو بوون. توێژینەوەکان پیشانی داوە کە یەکێک لە هەرە کاریگەرەکانی شێوازی فێرکاری بریتییە لەوەی شێوازەکە بە ڕوونی و لە چوارچێوەی خۆیدا پێشکەش بکرێت – بۆیە، پێویستە مەشقی مامۆستایەتی جەخت بخاتە سەر ئامادەکردنی مامۆستایان بۆ ئەوەی بتوانن پێداچوونەوەیەکی ناوەڕۆکی وانەکان لە سەرەتای پۆلدا پێشکەش بکەن، بە شێوەیەکی زنجیرەیی و هەنگاو هەنگاو ناوەڕۆکەکە ئامادە بکەن، بە ڕێکوپێکی لە بەشێکی وانەکەوە بچنە سەر بەشێکی تری، جەخت بخەنە سەر خاڵە سەرەکییەکان، نموونە بەکاربهێنن بۆ ڕوونکردنەوەی خاڵە سەرەکییەکان، لە کاتی گونجاودا ڕابوەستن بۆ هەڵسەنگاندنی تێگەیشتنی قوتابیان، خۆیان نەدەن لە قەرەی زانیاری ناپێویست، و ناوبەناو پێداچوونەوەی ناوەرۆکی وانەکان بکەن لە کاتی وانەکان و لە کۆتایی وانەکاندا.[15]

لە درێژخایەنییدا، کاتێک مامۆستاکان ئاشنا دەبن بە ناوەرۆکی مەنهەجە نوێیەکە، ئەوسا وەزارەت و مامۆستاکان دەتوانن بە وردی لێکۆڵینەوە بکەن لە شێوازی بەدیلی فێرکاریی.

---

[13] وەک لە قەتەر و بۆلیڤیاوە دەرکەوتووە، کە زێلمان (2009) و کۆنتیرا و تالا ڤیراسیمۆنی (2003) لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردووە.

[14] ریچاردسۆن، 2003، دین و ویتلی، 2007، لی و هاوڕێیانی 2009، ویلسن و هاوڕێیانی 2010.

[15] شیرینز، 2004، چیلکۆت، 1989، یونسۆک 2004.

**داڕشتنی نەخشەی مەنهەج بۆ هاوکاریکردنی مامۆستا موماریسەکان تا بە وردی ناوەڕۆکی مەنهەجە نوێیەکە بڵێنەوە**

نەخشەی مەنهەج بۆ چاکترکردنی پلە و دەرچوونی قوتابی داڕێژراوە[16]. ئەم نەخشانە بریتین لە ناوەڕۆکەکان، پێشنیار لەسەر شێوازی فێرکاری و ڕاهێنانی ناو پۆل، هەڵسەنگاندنی قوتابی، چاودێری، و پلانی فێرکاری، هەروەها ڕێنمایی هەنگاو بە هەنگاو لەخۆدەگرێت بۆ مامۆستایان چی بڵێنەوە و چۆن بیڵێنەوە. بە شێوەیەکی بنەڕەتی، نەخشەی مەنهەج بریتییە لە فۆرمێکی گەشتی ڕێنمایی تایبەت بە پۆلێک، و خشتەی چڕوپڕی تێدایە بۆ پێشبینییەکان و بۆ وادەی وانەکانی کۆرسێک. دەتوانرێت هەر بابەتێکی مەنهەجەکە بۆ ژمارەی ڕۆژ، ماوەی ناوپۆل، و تەنانەت بۆ خولەک بەش بەش بکرێت[17]. بەم شێوەیە نەخشەی مەنهەج جەخت دەکاتەوە لەوەی مەنهەجەکە بە شێوەیەکی ستاندارد پێشکەش بکرێت.[18]

وەزارەت پێش ئەوەی نەخشەکانی مەنهەج دابڕێژێت، پێویستە پەیوەندی بە وەشێنەران (ناشر، publisher) ی کتێبەکانەوە بکات تا بزانێت ئاخۆ ئەوان نەخشەی مەنهەجی ئەو کتێبانەیان هەیە. هەروەها ڕەنگە وەزارەت بیەوێت شەراکەت دروست بکات لەگەڵ شارێک یان ویلایەتێکی ویلایەتە یەکگرتووەکان کە نەخشەی مەنهەج بەکاربهێنێت بە مەبەستی تەبەننیکردنیان بۆ هەرێمی کوردستان.[19] یەکەمین هەنگاوی گرنگ ئەوەیە لیژنەیەک دابنرێت لە باشترین مامۆستا و سەرپەرشتیارانی هەرێمی کوردستان، ئنجا ئەمانە بکرێن بە بەرپرسیار لە داڕشتنی نەخشەی مەنهەج بۆ هەر وانەیەک لە وانەکانی مەنهەجە نوێیەکە.

**داینکردنی پشتگیری بەردەوام بۆ مامۆستا موماریسەکان لە کاتی جێبەجێکردنی مەنهەجە نوێیەکەدا**

ئاوێتەکردنی خولی مەشقی فەرمی لەگەڵ ئەزموونی عەمەلی و ڕاوێژی بەردەوام تەنانەت دوای تەواوبوونی خولی مەشقەکان ڕێگەیەکی زۆر کاریگەرترە وەک لەوەی تەنێ مەشق ئەنجام بدرێت.[20] مامۆستایانی هەرێمی کوردستان ئەوەیان ڕاگەیاند کە دەستیان ناگات بە پشتگیری و هاوکاری، وەک کارکردن لەگەڵ مامۆستایانی هەمان وانە، کارکردن لەگەڵ مامۆستای وانەی تر، و وەرگرتنی بۆچوون و سەرنجی هاوڕێیان، سەرۆک مامۆستایان، و کارگێریی قوتابخانە لەسەر شێوازەکەیان (شێوەی 4-7). تەنێ زیاتر لە نیوەی مامۆستاکان ڕایانگەیاند کە کاریان لەگەڵ مامۆستای تر کردووە لەسەر بابەتی تر بۆ یەکخستنی مەنهەجەکە و جەختکردنەوە لە درێژەی فێرکاری. سەرەڕای ئەمە، پێدەچێت ژمارەیەکی زۆر مامۆستا سەرنج و بیروبۆچوونیان بۆ نەچێت لە لایەن هاوشانکانیان یان بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانەوە.

وەزارەتی پەروەردە دەتوانێت بە چەند شێوازێک هاوکار بێت لە پیادەکردنی مەنهەجە نوێیەکە. ئەم ڕاسپاردانە لە لێکۆڵینەوەی چەندین وڵاتەوە سەرچاوە دەگرن کە لێکۆڵینەوەیان کردووە لەسەر چۆنیەتی پێشخستن و پاراستنی کارایی مامۆستاکانەوە. [21]

**تەرخانکردنی ڕاهێنەرێک بۆ مامۆستا نوێیەکان.** مامۆستا مومارسەکان دەتوانن ببن بە ڕاهێنەری مامۆستایانی لاو و لە ساڵانی یەکەمی کارەکەیاندا هاوکارییان بکەن. ئەم ساڵانەی سەرەتا لای زۆر مامۆستای لاو ترسێنەر و بارێکی گرانن. ڕاهێنەر دەتوانێت پرۆسەکە ئاسان بکات و هاوکاریی مامۆستاکە بکات لە باشترکردنی ئاستەکەی. لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە کە زۆر گرنگە پشتگیریی مامۆستا نوێیەکان بکرێت، چونکە ئەو ئاستەنگانەی تووشیان دەبێت لە چەند ساڵی یەکەمدا ڕەنگە کار بکاتە سەر ئەدایان و مانەوەی مامۆستا باشەکان. لەو وڵاتانەی کە بەرنامەی ڕێنمایی بۆ مامۆستایانی نوێ دانراوە، تەرخانکردنی

---

[16] فیریس، 2008، لوکاش، 2005، شاناهان و هاوڕێیانی، 2005، نیومان، برایک، و ناگۆکا، 2001، و ڕۆهەریگرێگ و گارۆ، 2007، دێڤیدی 2008.

[17] دێڤید، 2008.

[18] لایەنێکی نەرێنی نەخشەی مەنهەج ئەوەیە کە ڕەنگە کۆتوبەند بن لە پێش مامۆستاکە ئەگەر بیەوێت بابەتی ئەوتۆ باس بکات کە لە نەخشەکەدا نەبێت و هاوکات پێویست بێت بۆ قوتابییەکان

[19] ڕەنگە ئەمە دەرفەتێک بێت بۆ ئەنجامدانی مەشق و پێکەوە فێربوون.

[20] کلین، 2004، کرێمەر، واڵکەر، و شولتەر، 2007، پلیفیاک، 2007، جۆیس و شاوەر، 2002.

[21] OECD، 2005.

**شێوەی 4-7**

**ڕێژەی سەدیی ئەو مامۆستایانەی پشتگیرییان پێشکەش کراوە، بە گوێرەی جۆری پشتگیرییەکە، 2009 2010-**




سەرچاوە: 2010 ڕووپێوی مامۆستایان لە لایەن ڕەند و وەزارەتی پەروەردەوە.

**RAND** *MG1140-4.7*

ڕاهێنەرێک بۆ ماوەی ساڵێک شێوازێکی باوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم نیگەرانییانە[22]. دەتوانرێت ئەم ڕاهێنەرانە بریتی بن لە مامۆستای ئەزموونديتەی هەمان قوتابخانە، مامۆستای قوتابخانەی تر، یان مامۆستای خانەنشین. لە هەندێک وڵات، لە بەرامبەر بە ئەنجامدانی چالاکی لە بواری ڕاهێناندا، مووچە دەدرێت بە ڕاهێنەرەکان، یان هەندێک ئەرک و کاری تریان لەسەر لادەبەن.

جەختکردنەوە لە بەردەوامیی دابینکردنی راوێژی پسپۆڕان. ڕەنگە مامۆستاکان بە تەواوەتی لە بابەتەکانی مەشقەکە تێنەگەن یان نەتوانن ئەوەی لە مەشقەکان فێری بوون، پیادەی بکەن. ڕەنگە پرسیاریان لا دروست ببێت کاتێک هەوڵ دەدەن شێوازی فێرکاری خۆیان بگۆڕن لەناو پۆل. دابینکردنی راوێژپی پسپۆڕان بۆیان دەبێتە مایەی لابردنی ئەم گیروگرفتانە. ئەم راوێژ و ئامۆژگارییە ڕەنگە لە میانی سەردانی نیمچە ناوبەناوی ڕاهێنەرەکانەوە پێشکەس بکرێت کاتێک سەردانی قوتابخانەکان دەکەن بۆ راوێژ و بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، و دووبارەکردنەوەی مەشقەکان ناوبەناو.

دروستکردنی هاوکاریی هاوڕێ-بۆ-هاوڕێ لە نێوان مامۆستایان. مامۆستاکان دەتوانن راوێژی پڕبەهای پسپۆڕانە پێشکەشی یەکتری بکەن. وەزارەت دەتوانێت بۆ ئاسانکردنی ئەم چالاکییە دوو ڕێوشوێن بگرێتە بەر:

- مەشقکردن بە هەموو مامۆستاکانی یەک قوتابخانە لە یەک کاتدا. ئەو مامۆستایانەی بەشداری لە مەشقی پێکەوەییدا دەکەن زیاتر ئەو بابەتانەیان لەلا دەچەسپێت کە فێری بوون و شێوازە نوێیەکانی ڕێنمایی لەناو پۆلەکانیان پیادە دەکەن.[23]
- دامەزراندنی کۆمەڵگەی فێرکاریی پسپۆڕانە کە مامۆستاکانی هەمان قوتابخانە پێکەوە کۆبکاتەوە لەگەڵ مامۆستای قوتابخانە نزیکەکان. پێکەوە کارکردنی قوتابخانەکان —وەک پلاندانان بۆ وانە بە هاوبەشی، چاودێری پۆل، و کۆبوونەوەی ناوبەناو- دەبنە مایەی بەرەوپێشبردنی یەکخستنی مەنهەجەکە و ئاڵوگۆڕی شارەزایی و مەعریفە[24]. ئامانجەکە بریتییە لە ئاسانکاریی بۆ کۆبوونەوەی ناوبەناوی مامۆستای قوتابخانەی جیاواز بۆ تاوتوێی مەنهەجەکە و ئاڵوگۆڕی بیروبۆچوون لەسەر شێوازەکانی فێرکاری.

---

22 .OECD, 2005

23 بۆرکۆ، 2004، دیزمۆن و هاوڕێیانی، 2002، ل102، گرێیت و هاوڕێیانی 2001، هیڵ 2001.

24 بۆرکۆ، 2004، دیزمۆن و هاوڕێیانی، 2002، ل 102، گارێت و هاوڕێیانی، 2001، هیڵ 2001، لۆکەس-هۆرسلی، ستایلس و هیوسۆن، 1996، ناپ، 1997.

## ڕاسپاردە لەسەر بەرەوپێشبردنی مەشقی مامۆستا نوێیەکان

ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین لە هەرێمی کوردستان چەند ڕێوشوێنێک پیادە بکرێت بۆ بەرەوپێشبردنی مەشقی مامۆستا نوێیەکان:

- دانانی مەرجی بەرزتر بۆ وەرگرتنی دەرچووەکانی ئامادەیی لە کۆلیژەکانی مامۆستایان و پەروەردە.
- دابینکردنی مەشقی فێرکاری بۆ ئەو مامۆستا نوێیانەی کە دەرچووی بەشە جۆراوجۆرەکانی زانکۆن.
- داڕشتنەوەی هەیکەلییەتی مەنهەجی کۆلیژی مامۆستایان.

بە هەمان شێوەی ڕاسپاردەکانی باشترکردنی خولی مەشقی مامۆستا موماریسەکان، سەرچاوەی ئەم راسپاردانە بریتییە لە چاوپێکەوتن، ڕووپێوی مامۆستایان، و پێداچوونەوەی ئەدەبیاتی فێرکاری.

**دانانی مەرجی بەرزتر بۆ وەرگرتنی دەرچووانی ئامادەیی لە کۆلیژەکانی مامۆستایان و پەروەردە**

هەرێمی کوردستان پێویستی بەوەیە خەڵکی کارامە و پەرۆش بهێنێتە ناو پیشەی فێرکارییەوە. لەگەڵ ئەمەشدا سیستمی ئێستا ئەو قوتابییانە لە کۆلیژەکانی مامۆستایان وەردەگرێت کە کەمترین پلەیان بەدەست هێناوە لە تاقیکردنەوەی کۆتایی ئامادەیی، ئەمەش خاڵێکی لاواز و ئاستەنگێکە. دوو ڕێگە هەیە ئەم گۆڕانکارییە ئەنجام بدرێت بە بێ ئەوەی پێویست بە چاکسازیی گەورە بکات: یەکێکیان بریتییە لە بەرزکردنەوەی ئەو پلەی پێویستە قوتابی لە تاقیکردنەوەی کۆتایی پۆلی 12 بەدەست بهێنێت تا شایستە بێت بۆ وەرگیرانی لە بواری پەروەردە، بە شێوەیەک کە ڕێک بکەوێتە پاش پلەی وەرگیران لە کۆلیژی ئەندازیاری. بەم شیوەیەش ئەو قوتابیانەی دێنە بواری پەروەردە پلەیان بەرزتر دەبێت وەک لەوانەی ئێستا. دووەم ڕێگە بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری بریتییە لە بواردان بەو قوتابیانەی کە پلەی بەرز بەدەست دەهێنن لە تاقیکردنەوەی کۆتایی پۆلی 12 بتوانن بچنە کۆلیژی مامۆستایان یان کۆلیژی پەروەردە ئەگەر بیانەوێت، لە جیاتی ئەوەی بخرێنە بوارێکی تری خوێندن.[25]

ڕێوشوێنێکی تری هەمەلایەن و گشتگیر –کە گۆڕانکارییەکی گەورە لەخۆدەگرێت- بریتییە لە چاکسازی لە سیستمی وەرگرتنی قوتابیان. ئامانجەکە بریتی دەبێت لەوەی گۆڕانکاری بکرێت بەرەو بەدیهێنانی سیستمی خۆهەلبژێری کە تێیدا قوتابییەکان بە خۆیان بڕیار دەدەن دوای ئامادەیی لە کام بوار بخوێنن، بە گوێرەی لای کەمی هەندێک ڕێوشوێن کە هەر کۆلیژێک بە خۆی دایدەڕێژێت. ئەگەرچی ئەمە نابێتە مسۆگەرکردنی ئەوەی هەموو ئەو قوتابیانەی بواری پەروەردە هەڵدەبژێرن ئەوانە بن کە پلەیان بەرزە، بەڵام ئەوانە دەبن کە پەرۆشن و کارزانییان زیاتر دەبێت لە ریزی ئەوانەی لە بواری پەروەردە کار دەکەن.

دەتوانرێت ژمارەی وەرگرتنی ئەوانە زیاتر بکرێت کە پەرۆشن و حەزیان لە بوارەکەیە، بەو هۆیەی کە حکومەت کاریان بۆ دەدۆزێتەوە و لەبەرئەوەی ئیشێکی سەقامگیرە، دەرماڵە و سوودی زۆرە بە بەراورد لەگەڵ کەرتی تایبەت، وەک لە چاپتەری سێ باس کرا .[26] لێرەدا ڕێگرێک هەیە: گۆشەنیگا، نزیکەی نیوەی ئەو مامۆستایانەی ڕووپێو کران گۆشەنیگایان وابوو کە فێرکاری و پەروەردە پیشەیەک نییە لە کوردستان باش ڕێزی لێ بگیرێت.[27] بەڵام، ڕەنگە ئەم گۆشەنیگایە لەگەڵ تێپەڕینی کات و بە وەرگرتنی قوتابیانی پلە بەرز لە بواری پەروەردە، گۆڕانکاری بەسەردا بێت.

---

[25] گۆڕانکارییەکی لەم جۆرە پێویستی بە هەماهەنگیی دەستگا پەیوەندداره جۆراوجۆرەکانە.

[26] ڕەنگە لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا ئەم هەلومەرجە پەسەندەی ئێستا گۆڕان بەخۆیەوە ببینێت، چونکە ئابووری گەشە دەستێنێت و فرەچەشن دەبێت، بەڵام ئەم پرۆسەیە کات دەخایەنێت.

[27] ڕەند، 2010، و ڕووپێوی مامۆستایان لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە.

**داینکردنی خولی مەشق لەسەر شێوازی فێرکاری بۆ ئەو مامۆستایانەی لە کۆلیژی جۆراوجۆرەوە دەردەچن**

پێویستە وەزارەتی پەروەردە خولێک یان دوو خولی مەشق بکاتەوە لەسەر مامۆستایەتی و شێوازەکانی فێرکاری بۆ ئەو دەرچووە نوێیانەی زانکۆ کە وەک مامۆستا دادەمەزرێن بۆ وانە وتنەوە لە قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی، هاوکاتیش بواریان بۆ برەخسێنێت هەفتەی 2.5 رۆژ وەک مامۆستای یاریدەدەر کار بکەن لە پۆلەکان.بەم شێوەیە، مامۆستاکانی ئێستا هاوکاریی لەو مامۆستا یاریدەدەرانە وەردەگرن و مامۆستا نوێیەکانیش ئەزموونی گەورەی فێرکاری وەردەگرن. ئەو مامۆستا مومارسانەی ئێمە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کردن ئاماژەیان بەوە کرد کە پێشوازی لە هاوکاریەکی لەو جۆرە دەکەن، چونکە پۆلەکانیان زۆر گەورەیە. مامۆستای یاریدەدەر بواریان بۆ دەڕەخسێنێت بایەخی زیاتر بدەن بەو قوتابییانەی ئاستیان نزمە و وانە بە گروپی بچووکی قوتابیان بڵێنەوە.

**داڕشتنەوەی مەنهەجی کۆلیژی مامۆستایان**

پێویستە وەزارەتی پەروەردە ڕەچاوی پێداچوونەوەی مەنهەجی کۆلیژی مامۆستایان بکات و ئەم خاڵانە بگرێتەوە:

- زیاترکردنی ژمارەی ئەو کۆرسانەی لەسەر شێوازەکانی فێرکاری دەگوترێنەوە.
- مەرج بێت یەک یان دوو سیمیستەر (کۆرس)ی ئەزموونی تەتبیقی ئەنجام بدرێت لە ژینگەیەکدا کە وەک پۆلی قوتابخانە بێت.

وەک پێشتر باس کرا، لە زۆربەی وڵاتان ستانداردەکە ئەوەیە کە جەختێکی بەرچاو دەخرێتە سەر فێرکاری، شێوازەکانی فێرکاری، و ئەزموونی تەتبیقی (ئەزموونی عەمەلی). ڕاستییەکەی، ئەگەرچی پشتگیرییەکە سنووردارە بەلام پشتگیری لە ئارادایە لەو بیرۆکەیەی کە بەشداریکردن لە شێوازەکانی فێرکاریدا رۆڵی دەبێت لەسەر داینکردنی فێرکارییەکی کاریگەرتر، بە تایبەتی ئەگەر بۆ ئەوە داڕێژرابێت کە تایبەت بێت بە وانەکان (بۆ نموونە، لەسەر ئەوەی چۆن ماتماتیک یان زانستەکان بگوترێتەوە).[28] سەرەڕای ئەمە، هەروەها پێویستە ئەم خاڵانە ڕەچاو بکرێت:

- ڕێکخستنی مەنهەجە نوێیەکە بە شێوەیەک کە زیاتر تەبا و نزیک بێت لە ناوەڕۆکی ئەو کۆرسانەی تایبەتن بە تایبەتمەندییەکی دیاریکراو (بە وانەیەکی دیاریکراو). ئەمە دەبێتە مایەی ئامادەکردنی مامۆستا نوێیەکان بە شێوەیەکی باشتر بۆ وتنەوەی مەنهەجە نوێیەکە و بوار دەڕەخسێنێت بۆ کۆلیژەکانی مامۆستایان ئەو کۆرسانە لاببەن کە پەیوەست نین بە ناوەڕۆکی خوێندنی مەنهەجی قۆناغی بنەڕەتییەوە.
- داواکردن لە قوتابییەکان دوو پسپۆڕیتی (تایبەتمەندێتی، ئیختساس) هەڵبژێرن، تایبەتمەندێتی سەرەکی (وەک ئەمەی ئێستایان) و تایبەتمەندێتی لاوەکی. ئەمە مەرج نییە ببێتە مایەی زیاترکردنی کۆی ژمارەی یەکەی پێویست بۆ دەرچوون، بەڵام دەبێتە مایەی دابەشکردنەوەی جۆری کۆرسە داواکراوەکان (بۆ نموونە، خولی کەمتر لە تایبەتمەندێتیی سەرەکی بۆ ئەوەی کات پەیدا بکرێت بۆ کۆرس لە تایبەتمەندێتی لاوەکی). زیاترکردنی ئەم مەرجە دواجار دەستی وەزارەتی پەروەردە باشتر ئاوەڵا دەکات لە تەرخانکردنی مامۆستا نوێیەکان بۆ قوتابخانەکان، چونکە ئەوسا دەتوانن دوو وانەی جیاواز بڵێنەوە. هەروەها بوار دەڕەخسێنێت بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانەکان مامۆستا تەرخان بکەن بۆ پۆلەکان.

---

[28] کۆمیسیۆنی پەروەردە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، 2003، ویلسۆن، فلۆدین، و فێرینی موندی، 2001.

بۆ داڕشتنەوەی مەنهەج بە گوێرەی ئەو خاڵانە پێویستە چەند ڕێکخراوێک پێکەوە پلان دابنێن و بە وریایەوە هەماهەنگی بکەن. وەک وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی خوێندنی باڵا (کە ئەم سەرپەرشتیی کۆلیژەکانی مامۆستایان دەکات) و ڕاگری کۆلیژەکانی مامۆستایان. ڕەنگە هێندەی پێویست ژمارەی کۆلیژ پسپۆڕ و خاوەن ئەزموونەبێت کە ڕووماڵی دابەشکردنەوەی کۆرسەکانی مەنهەجەکە بکەن. لەم حاڵەتەدا، دەتوانرێت کۆلیژێکی نوێ پێک بهێنرێت یان دابمەزرێندرێت، لەگەڵ هێشتنەوەی کۆلیژەکەی پێشوو، بە تایبەتی بۆ شێوازەکانی فێرکاری. بۆ هاوکاری لە دانانی پلان بۆ داڕشتنەوەی لەم جۆرە، پێویستە لایەنە بەشدارەکان هەوڵ بدەن ڕاوێژ بە کۆلیژە نێودەوڵەتییە بەناوبانگەکانەوە بکەن. لەبەر فرەچەشنێتی ئەو گۆڕانکارییە پێشنیارکراوانە، ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین لە بەراییدا لە یەک کۆلیژ پیادە بکرێت بۆ پەیداکردنی ئەزموون و هەڵسەنگاندنی کارایيان پێش ئەوەی لە سەرجەم کۆلیژەکانی مامۆستایان پیادە بکرێت.

## قوتابیان پێویستیان بە کاتی زیاتری تافی فێرکاریە

لە ئێستادا، بڕی ئەو کاتەی قوتابیان لەناو پۆل سەرفی دەکەن ئاستەنگێکی ترە لە پێش جۆرایەتیی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

### بە گشتیی (تافی فێرکاری)لە هەرێمی کوردستان کەمترە وەک لە هی ولاتانی (OECD) و زۆر وڵاتی تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان ساڵانە بڕێکی کەمتر تافی خوێندن دابین دەکەن بۆ قوتابییەکانیان بە بەراورد لەگەڵ زۆربەی ئەو وڵاتانەی قوتابی ئاست-بەرزیان هەیە. قوتابخانەکانی ولاتانی ئەندام لە OECD، بۆ نموونە، نزیکەی 100 کاتژمێر یان لە ساڵێکدا لە پۆلەکان وانە دەڵێنەوە بە قوتابیانی پۆلەکانی 1-6 بە بەراورد لەگەڵ قوتابخانە یەک شەفتییەکانی کوردستان، بە تێکڕا، و 250 کاتژمێر زیاتر لە قوتابخانە دوو شەفتییەکانی هەرێمی کوردستان (شێوەی 4-8)[29]. بە هەمان شێوە لە قوتابخانەکانی پۆلی 7-9 لە کوردستان تافی فیرکاریی کەمترە لەوەی ولاتانی OECD، کە نزیکەی 900 کاتژمێرە لە ساڵێکدا. لە قوتابخانە یەک شەفتییەکانی هەرێمی کوردستان لە قۆناغی 7-9 سالانە 765 کاتژمێر تەرخان کراوە بۆ تافی فێرکاری، قوتابخانە دوو شەفتییەکانیش 595 کاتژمێر.

هەروەها لە قوتابخانەکانی وڵاتانی تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ساڵانە تافی فێرکاری زیاترە وەک لە هی قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان. بۆ نموونە لە میسر، قوتابییەکان نزیکەی 1,200 کاتژمێر لە ساڵێکدا لەناو پۆل بەسەر دەبەن. مەغریب 800 کاتژمێری تەرخان کردووە بۆ ناو پۆل. لە هەرێمی کوردستان کە لە قوتابخانەی یەک شەفتی 693 کاتژمێر تەرخان کراوە بۆ ناو پۆل، تافی فێرکاری زیاترە وەک لە قوتابخانەکانی لوبنان، تونس، و یەمەن. هەر یەکێکیان نزیکەی 600 کاتژمێریان داناوە. بەڵام ئەو کاتەی ئەم سێ ساڵە تەرخانیان کردووە هێشتا 60 کاتژمێر زیاترە وەک لە قوتابخانە دوو شەفتییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.[30]

سەرچاوەی سەرەکی ئەم گرفتە ئەوەیە کە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان ناچارن بە شەفت دەوام بکەن[31]. لە سەرجەم قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان دەوام لە هەفتەیەکدا شەش ڕۆژە. بەڵام لە کاتێکدا ئەو قوتابخانانەی یەک دەوامیان تێدا دەکرێت ڕۆژانە پێنج کاتژمێر وانەیان تیدا دەگوترێتەوە، ئەوانەی دوو شەفتن ڕۆژی چوار کاتژمێریان تەرخان کردووە بۆ دەوام (بەیانیان و پاش نیوەڕوانان). سەرەرای ئەمە، ساڵی خوێندن لە هەرێمی کوردستان 170 ڕۆژە، کە ئەمەش کورتترە لە هی ولاتانی OECD کە 180 ڕۆژە. کاتێک ئەم ساڵە کورتەی خوێندن تێکەلاو دەکرێت لەگەڵ ژمارەی کاتەکانی دەوام لە قوتابخانە دوو شەفتییەکان، کەموکووڕیەکی بەرچاو دەبیندرێت.

ئەو کاتە کەمەی تەرخانکراوە بۆ (تافی فێرکاری) کار دەکاتە سەر جۆرایەتیی فێرکارییەکە. لە ڕووپێوی مامۆستاکاندا، 48 لە سەتای مامۆستاکان ئەوەیان ڕاگەیاند کە هێندەی پێویست کاتیان نییە لەناو پۆل تا بتوانن مەنهەجە نوێیەکە بڵێنەوە (بڕوانە شێوەی 4.2). سەرەڕای ئەمە، لە چاوپێکەوتنەکاندا چەندین مامۆستا ئەوەی

---

29 OECD, 2009a.

30 Abadzi, 2009.

31 زۆربەی جار ئەو قوتابخانانەی کە لە یەک بینایە دەوام دەکەن، ڕەوش و بارودۆخیان وەک یەکترییە

**شێوەی 4-8**
**ژمارەی کاتژمێری تافی خوێندن لە یەک ساڵدا لە ولاتانی OECD و هەرێمی کوردستان، پۆلەکانی 1-6**




سەرچاوە: 2009a، وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەرواری لەسەر نییە.
RAND *MG1140-4.8*

ڕاگەیاند کە کاتی پێویستیان لەبەردەست نییە تا بتوانن بە تەواوەتی هەموو وانەکانی مەنهەجە نوێیەکە بڵێنەوە. لە جیاتی ئەمە، یان دەبێت کەمتر بە تێروتەسەلی باسی وانەکانیان بکەن یان دەبێت هەندێک بەشی مەنهەجەکە تەرک بکەن. سەرەڕای ئەمەش، ئەو کتێبانەی بۆ مەنهەجە نوێیەکە بەکاردەهێنرێن بریتین لە وەرگێڕانی کتێبی ئەمریکی، ئەم کتێبانەش بە شێوەیەک داڕێژراون کە کاتی زیاتری تافی خوێندن لەبەردەست بێت بە بەراورد لەگەڵ ئەو کاتەی کە لە هەرێمی کوردستان تەرخان کراوە و دەستکاریشی نەکراوە تا لەگەڵ بارودۆخی کوردستان بگونجێت.

## ڕاسپاردە بۆ زیاترکردنی (تافی فێرکاری)

لێکۆڵینەوەکان ئەوە دەردەخەن کە زیاترکردنی (تافی خوێندن) لەناو پۆلەکان ڕۆڵێکی کاریگەری دەبێت لەسەر باشترکردنی پلە و دەرچوونی قوتابیان.[32] بەو مەرجەی ئەو کاتە زیادەیە بۆ ئەرک و کارەکان سەرف بکرێت. زیاترکردنی (تافی فێرکاری) بوار بۆ مامۆستاکانی هەرێمی کوردستان دەڕەخسێنێت باشتر مەنهەجە نوێیەکە ڕووماڵ بکەن، و ئەگەر پەلە لە مامۆستاکان نەکرێت ئەوسا توانا و خزمەتی فێرکاریان زۆر باشتر دەکات. هەروەها دەبێتە مایەی ئەوەی قوتابیانی یەک شەفتی و دوو شەفتی یەکسان بن چونکە هەموویان هەمان بڕ کاتی (تافی خوێندن) یان پێدەدرێت لە ساڵێکدا.

هەرێمی کوردستان چوار ڕێکاری لە پێشە بۆ زیاترکردنی کاتی فێرکاری لە (باخچەی ساوایان-پۆلی 12):

1. زیاترکردنی ژمارەی ڕۆژانی ساڵی خوێندن لە سەرجەم قوتابخانەکان.
2. زیاترکردنی درێژایی ڕۆژی دەوام لە قوتابخانە دوو شەفتییەکان.
3. زیاترکردنی ژمارەی ڕۆژانی ساڵی خوێندن لە سەرجەم قوتابخانەکان و درێژایی ڕۆژانی دەوام لە قوتابخانە دوو شەفتییەکان.
4. زیاترکردنی کاتی ناوپۆل بۆ هەر یەکەیەک و ڕێکخستنی کاتی تەرخانکراو بۆ وانەکان.

[32] سیردان-ئنفانتیس و ڤیمرسخ، 2007، بیناڤۆت و هاوڕێیانی، 2004، میلۆت و لێین، 2002، ڤالینزولا، 2005، بێلی، 2009.

**ڕێگەی 1: زیاترکردنی ژمارەی ڕۆژانی ساڵی خوێندن لە سەرجەم قوتابخانەکان**

زیاترکردنی ژمارەی ڕۆژەکانی دەوامی قوتابخانە بۆ 190 ڕۆژ (لە 170 ڕۆژەوە) لە ساڵێکدا جیاوازییەکی گەورە دروست دەکات لە بڕی ئەو کاتەی قوتابیان لەناو پۆل سەرفی دەکەن. لە پۆلەکانی 1-6 تافی فێرکاری بە بڕی 12 لە سەتا زیاتر دەکات لە شەفتی تاک و لە شەفتی دوانیش، و لە پۆلەکانی 7-9 بە ڕێژەی 11 و 18 لە سەتا زیاتر دەکات، یەک لە دوای یەک. ئەوسا قوتابخانە یەک شەفتییەکان تەنێ جیاوازییەکی کەمی ساڵانەیان دەبێت لەگەڵ قوتابخانەکانی وڵاتانی OECD. بەڵام، هێشتا ئەو کاتەی لە قوتابخانە دوو دەوامییەکان سەرف دەکرێت کەمترە لە تێکڕای OECD، زیاترکردنی کاتژمێرەکان بە نزیکەی 63 کاتژمێر لە ساڵێکدا لە پۆلەکانی 1-6 و 68 کاتژمێر لە پۆلەکانی 7-9 (بڕوانە شێوەی 4-9).

**ڕێگەی 2: زیاترکردنی درێژایی ڕۆژانی خوێندن لە قوتابخانە دوو شەفتییەکان**

قوتابخانەی دوو شەفتی لە وڵاتانی قوتابیانی پلە بەرزیش بەکاردەهێنرێت وەک سنغافورە، باشووری کۆریا، و هۆنگ کۆنگ. لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە کە قوتابخانە دوو شەفتییەکانی ئاسیا، ئەمریکای لاتین، و ئەفریقیا قوتابی ئەوتۆی پلە پێشکەوتوو بەرهەم بهێنن کە یەکسان بن لەگەڵ پلە و دەرچوونی قوتابخانە یەک شەفتییەکان، ئەگەر وەک پێویست تافی فێرکارییان پێبدرێت.[33] ئەگەرچی جیاوازییەکی ئاسایی هەیە لە هەندێک حاڵەتدا لە پلە و دەرچوون، ئەدەبییاتەکان بە شێوەیەکی گشتیی گەیشتوونەتە ئەو سەرەنجامەی کە لەبەر کەموکووڕیی ژێرخان، منداڵان لە قوتابخانەیەکی دوو شەفتی دەوام بکەن لەوە باشترە کە هەر دەوام نەکەن. قوتابخانەی دوو شەفتی دەبنە مایەی ئەوەی ژمارەیەکی زۆرتر قوتابیان بچنە قوتابخانە و قەبارەی پۆلەکانیش بچووکتر دەکاتەوە، و ئاسانتر دەبێت سەرفیات بکرێت لەسەر کتێبخانە، تاقیگە، و ژێرخانی تری قوتابخانەکان ئەگەر قوتابخانەکان دوو دەوامیان لێ بکرێت، بەم شێوەیەش جۆرایەتی پەروەردە لە سیستمێکدا بە گشتیی باشتر دەکرێت.[34]

**شێوەی 4-9**
**کاتژمێرەکانی فێرکاری لە ساڵێکدا لە قوتابخانەکانی وڵاتانی OECD و لە کوردستان، بە گوێرەی قۆناغی خوێندن، درێژایی ساڵی خوێندن، و درێژایی ڕۆژی خوێندن**




سەرچاوە: OECD, 2009a
RAND *MG1140-4.9*

---

33 برێی، 2008 (Bray,2008).

34 Bray, 2008; Fuller et al., 1999; Valenzuela, 2005; Garcia and Concha, 2009; PASEC, 2003; Batra, 1998.

قوتابخانە دوو شەفتییەکان لە ئەمریکای لاتین، ئاسیا و هندستان وا باوە بە دوو شەفتی پێنج کاتژمێریی کار دەکەن.[35] لە قوتابخانە دوو شەفتییەکانی هەرێمی کوردستان دەتوانرێت کاتی فێرکاری زیاتر بکرێت لە رێی زیاترکردنی یەک کاتژمێر دەوام بۆ دەوامە چوار کاتژمێرییەکەی ئێستا. بۆ نموونە، شەفتی یەکەم لە 7:30 ی بەیانییەوە دەوام بکات بۆ 12:30 ی پاش نیوەڕۆ، دووەمیش لە 1:00 ی پاش نیوەڕۆوە بۆ 6:00 ی پاش نیوەڕۆ.[36] بەم شێوەیە تافی فێرکاریی سالانە زیاد دەبێت بۆ 693 کاتژمێر بۆ پۆلەکانی 1-6 و بۆ 725 کاتژمێر بۆ پۆلەکانی 7-9 و زیادبوونەکە بە بڕی 25 لە سەت دەبێت (شێوەی 4-9).

لایەنە خراپەکانی ئەم ڕێوشوێنە ئەوەیە کە زوو دەوام دەست پێدەکات و درەنگ کۆتایی دێت و رەنگە ئەمە قورس بێت بۆ هەندێک منداڵ و مامۆستا ئەگەر وا پێویست بێت زوو بگەن یان درەنگ بڕۆنەوە کاتێک تاریک دادێت، یان ڕەنگە هەندێک مامۆستا کارێکی تریش بکەن.

**ڕێگەی 3: زیاترکردنی ژمارەی رۆژانی خوێندن لە هەموو قوتابخانەکان و زیاترکردنی کاتی دەوامی رۆژانە لە قوتابخانە دوو شەفتییەکان.**

وەک لە سەرەوە باس کرا، ئەمانە چەند راسپاردەیەکن تا لێیان هەڵبژاردرێت. ئاوێتەکردنی دەوامی پێنج کاتژمێر لە رۆژێکدا ( و شەش رۆژ لە هەفتەیەکدا) و 190 رۆژ دەوامکردن لە ساڵێکدا، لە قوتابخانەی یەک شەفت و دوو شەفتیش، کاریگەرێکی گەورەی دەبێت. لە قوتابخانە یەک شەفتییەکان، کاتژمێرەکانی فێرکاری بە رێژەی 12 لە سەت زیاد دەکات. لە قوتابخانە دوو شەفتییەکان زیادبوونەکە بە بڕی 44 لە سەت دەبێت (شێوەی 4-9). لە ئەنجامدا، سەرجەم قوتابییەکانی هەرێمی کوردستان هەمان بڕ تافی فێرکارییان پێدەدرێت:

- 775 کاتژمێر بۆ پۆلەکانی 1-6
- 860 کاتژمێر بۆ پۆلەکانی 7-9

جێبەجێکردنی ئەم ڕێوشوێنانە ژمارەی کاتژمێری ناو پۆلەکانی قوتابیانی هەرێمی کوردستان بەرز دەکاتەوە بۆ ئاستی ئەوانەی قوتابیانی وڵاتانی OECD.

**ڕێگەی 4: زیاترکردنی کاتی هەر یەکەیەک و رێکخستنی کاتی تەرخانکراو بۆ وانەکان**

ئەم رێوشوێنە دەبێتە مایەی زیاترکردنی کاتژمێرەکانی فێرکاری لە رێی کەمکردنەوەی پشوو (کاتی نێوان وانەکان) و تەرخانکردنی کاتی زیاتر بۆ هەر یەکەیەک (وحدة) کە وەزارەت بە گرنگی دابنێت. لە ئێستادا، ماوەی وانەیەک 50 خولەکە لە قوتابخانەی یەک شەفتیی هەرێمی کوردستان و 40 خولەکە لە قوتابخانە دوو شەفتییەکان. بە درێژکردنەوەی ماوەی وانەکان و هاوکات کەمکردنەوەی کاتی پشوو لە رۆژێکدا، وەزارەتی پەروەردە دەتوانێت کاتی فێرکاری زیاتر بکات.

بۆ نموونە، وەزارەت دەتوانێت کاتی پشوو لە قوتابخانە یەک شەفتییەکان بکات بە 10 خولەک (وانەکان لە 50 خولەکەوە بکرێن بە 60 خولەک) و پێنج پشوو هەبێت لە رۆژێکدا لە جیاتی شەش. ئەمەش ژمارەی پشووەکان یەک دانە کەم دەکاتەوە لە رۆژێکدا، و بەم شێوەیەش لە هەفتەیەکدا یەک کاتژمێر زیاد دەبێت بۆ تافی فێرکاری. قوتابییەکان لە رۆژێکدا 10 خولەک کاتی فێرکارییان دەست دەکەوێت – لە ساڵێکدا 34 تا 38 کاتژمێر، یان بە کات بە رێژەی 5 لە سەتا لە کۆی گشتیی تافی فێرکاری. بەڵام، بە گوێرەی درێژیی ساڵی خوێندن، ڕەنگە ئەم ماوەیە کەمترین بێت.

هاوکات، پێویستە جارێکی تر وەزارەت خشتەی کاتبەندی ئێستا دابڕێژێتەوە. گۆڕینی خشتەکە بەم شێوەیە مانای ئەوەیە هەندێک وانە کاتیان دەست دەکەوێت، و هەندێک تر کاتیان لە کیس دەچێت. پێویستە وەزارەت ئەولەوییەت دابنێت بۆ هەر پۆلێک کە کام وانە کاتی پێبدرێت و کام وانە کاتی لە کیس بچێت. سەرەڕای ئەمە، خاڵێکی تر کە پێویستە ڕەچاو بکرێت ئەوەیە کە قوتابیانی قوتابخانەکانی کوردستان هەموو رۆژەکە لەگەڵ یەک مامۆستا بەسەر

[35] برێی، 2008، لیندن، 2001 (Bray,2008;Linden,2001).

[36] برێی، 2008، لیندن، 2001 (Bray,2008;Linden,2001).

نابەن کە بتوانێت دەستکاری بکات و بڕیار بدات چۆن کاتەکە وەک پێویست سەرف بکات. بەڵکو، هەر مامۆستایەک وانەیەک دەڵێتەوە و لەگەڵ پشوودا مامۆستاکە دەگۆڕێت. درێژکردنەوەی کاتی پشوووی هەندێک پۆل لە قۆناغێک کاریگەری دەبێت لەسەر خشتەی رۆژەکەی هەموو قوتابییەکانی تری قوتابخانەکە. بۆیە، ئەم دەستکارییانە ئاسان نابن و زەحمەت دەبن. بە بەراورد لەگەڵ سێ رێگەکەی تر، ڕەنگە کاتێکی کەم لەم ڕێوشوێنەوە دەست بکەوێت، و کۆششێکی زۆریشی دەوێت، تا بەهایەکی باشی هەبێت.

**رێگەی پێشنیارکراو**

لەو چوار رێگەیەکی کە لە سەرەوە پێشنیارمان کرد بۆ زیاترکردنی (تافی فێرکاری) لە (باخچەی ساوایان - پۆلی 12) ئێمە سێیەم دانە پەسەند دەکەین: پێویستە هەرێمی کوردستان ژمارەی رۆژانی ساڵی خوێندن زیاتر بکات لە سەرجەم قوتابخانەکان لە برِی 170 رۆژەوە بۆ 190 رۆژ و پێویستە دەوامی قوتابخانە دوو شەفتییەکان زیاتر بکات لە چوار کاتژمێرەوە بۆ پێنج کاتژمێر، بەم شێوەیەش ماوەی دەوامکردنی قوتابخانە دوو شەفتییەکان نزیک دەکاتەوە لە قوتابخانە یەک شەفتییەکان. جێبەجێکردنی هەردوو ڕێوشوێنەکە دەبێتە مایەی ئەوەی (تافی فێرکاری) لە هەرێمی کوردستان بگاتە ئاستی نەریتی نێودەوڵەتی، بەڵام بێگومان هەندێک کولفە و هەندێک ئاستەنگیش هەیە. کولفەکان بریتین لە زیادبوونی مووچەی مامۆستا و ساڵێکی خوێندنی درێژتر، مەسرەفی تر بۆ چاککردنەوە و خزمەتگوزاریی بۆ بینایەکە چونکە قوتابیان دەوامی زیاتری تێدا دەکەن، گەیاندنی سیاسەتە نوێیەکە بە قوتابخانە، دایکوباوکان، و قوتابیان. پێشبینی دەکرێت زۆرترین گۆڕانی کولفە بریتی بێت لە زیاترکردنی مووچەی مامۆستایان لە بەرامبەر زیادبوونی کاتی خوێندن. پێشبینی ناکەین لە ئەنجامی درێژکردنەوەی دەوامی رۆژانە مووچەی مامۆستایانی قوتابخانە دوو شەفتییەکان زیاتر ببێت چونکە مامۆستای قوتابخانە یەک شەفتییەکان دەوامی زیاتر دەکەن و هەر هەمان مووچە وەردەگرن. کولفەی چاککردنەوەش پێناچێت کاریگەرێکی گەورەی هەبیت لەسەر بودجە، و کولفەی گەیاندنی گۆڕانکارییەکان بە دایک و باوکان تەنێ مەسرەفێکی بەراییە.

## قوتابیانی ئاست-بەرز پێویستیان بە دەرفەتی زیاترە لە بواری خوێندنی خێرا

نەبوونی دەرفەتی خوێندنی پڕ تەحەددی بۆ ئەو قوتابییە کوردانەی کە بەهرەیان لەسەروو ئاساییە و مژدەبەخشن فاکتەرێکی تری سێهەمە کە لە ئێستادا ئاستی پلە و دەرچوونی قوتابیانی کوردستان نزمە.

**قوتابیانی ئاست-بەرز لە کوردستان دەرفەتی کەمیان لە پێشە بۆ خوێندنی خێرا**

ئێمە لە چاپتەری دووەمدا بە تێروتەسەلی باسی ئەوەمان کرد کە دەرفەتی کەم هەیە لە پێش قوتابیانی ئاست-بەرزی هەرێمی کوردستان. نەبوونی دەرفەتی خوێندنی خێرا بۆ قوتابیانی ئاست بەرز لەبەر چەند هۆیەک ئاریشەیە. پێویستە مامۆستاکان پێداویستییە فێرکارییەکانی چەندین جۆر قوتابی دابین بکەن (لەناویاندا ئەوانەی دەرناچن و دەمێننەوە) لە پۆلەکانیاندا. لە ئەنجامدا، رەنگە نەتوانن ئەزموونێکی قووڵ بۆ قوتابیانی ئاست بەرز دابین بکەن کە رێگەیان بدات بە گوێرەی تواناکانی خۆیان بخوێنن. کاتێک قوتابییەکی بەهرەدار هەلێکی لەو جۆرەی بۆ نارەخسێت ئەوسا هەرێمی کوردستان دەکەوێتە مەترسی بەرهەمهێنانی سەرکردەکانی داهاتووی حکومەت، بزنس، تەندروستی، و پەروەردە کە پێویستی پێیان دەبێت بۆ پێشخستنی ئابووری و کۆمەڵگەکەی و دواجار بۆ کێبڕکێ لەگەڵ بازاڕی جیهانی. گەشەپێدانی کەسانی لەو جۆرەی ئاست بەرز و بە توانا وەک سەرکردە، خاوەنکار، و ئەندازیار ڕەنگە یارمەتی هەرێمی کوردستان بدات ئابووریەکەی بنیات بنێت و فرەچەشنی بکات.

## ڕاسپاردە بۆ بەرفراوانکردنی دەرفەت بۆ قوتابیانی ئاست-بەرز

دانانی قوتابی لە پۆل بە گوێرەی ئاستی خوێندنیان شتێکی باوە لە وڵاتانی OECD و وڵاتانی تر، وەک ئەڵمانیا، ویلایەتە یەکگرتووەکان، فەرەنسا، سویسرا، ئینگلتەرا، تونس، و تورکیا. هەروەها لە وڵاتانی ئاسیاش، وەک کۆریای باشوور و تایوان. ڕەنگە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دانانی قوتابی ئاست بەرز لە پۆلەکانی خوێندن جۆراوجۆر بێت وەک ئەوەی بخرێتە قوتابخانەی جیاواز، پۆلی جیاوازی ناو هەمان قوتابخانە، یان لەناو یەک پۆلدا گروپێکی جیاواز بن. هەروەها ساڵی جیاکردنەوەی قوتابییەکەش جۆراوجۆرە، هەندێک وڵات هەر لە پۆلی -7 ەوە جیایان دەکەنەوە و وڵاتی تر لە پۆلی 9 یان 10. هەروەها ژمارەی ئەو قوتابیانەی جیا دەکرێنەوە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوزە: لە هەندێک وڵات، بۆ نموونە فلنەندا و تونس، تەنێ ڕێژەیەکی سەدیی بچووک قوتابی دەخرێنە سەر ڕێچکەی ئەدا بەرزەکان، بەڵام وڵاتی تر، وەک ئوردن، کۆریا و تورکیا بوار بۆ ژمارەیەکی بەرفراوانتر دەڕەخسێنن.[37]

دانانی قوتابیە ئاست بەرزەکان لەسەر ڕێچکەیەکی جیاواز لە لایەک کاریگەری ئەرێنی هەیە و لە لایەک کاریگەری نەرێنی هەیە، تا ئێستا مشتومڕیان لەسەرە. بەڵام کۆدەنگییەک لە ئارادایە لە ئەدەبییاتدا لەسەر ئەوەی کە وتنەوەی بابەتی فێرکاری بە گوێرەی ئەدای قوتابییەکان سوودی هەیە لە لایەن مەعریفیەوە بۆ ئەو قوتابیانە چونکە بواریان بۆ دەڕەخسێنێت لە ژینگەیەکی پڕ تەحەددیدا بخوێنن. لایەنێکی گەورەی باشەی دەستنیشانکردن و جیاکردنەوەی قوتابیانی ئاست بەرز بریتییە لەوەی بوار بۆ مامۆستاکان دەڕەخسێنێت بە شێوەیەکی باشتر وانەکانی بۆ ئاست و توانای ئەو قوتابیانە دابڕێژێت و کاری پێشکەوتووتریان پێسپێرێت. لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە کە ئەو قوتابییانەی ئەم دەرفەتەیان پێدەدرێت زیاتر فێر دەبن و دەگەنە ئاستی بەرزتر، فێرکاریی درێژخایەنیان و لایەن پرۆفیشنەڵەکانیان پتەوتر و زیاتر دەکەن.[38] خاڵێکی تری باشەی ئەم جیاکردنەوەیە بریتییە لەوەی توێژێکی چالاکتر و کاراتر لە نەوەی داهاتووی سەرکردە و خاوەنکار بەرهەم دەهێنێت وەک لەو سیاسەتە گشتییەی کە بۆ بەرەوپێشبردنی هەموو قوتابییەکان دایڕشتووە، لەناویدا هەروەها زۆر ڕاسپاردەی تری ناو ئەم ڕاپۆرتە.[39]

بەڵام جیاکردنەوە هەروەها هەندێک لایەنی نەرێنی هەیە. هەندێک لێکۆڵینەوە باسی ئەوە دەکەن کە دەبێتە مایەی شکاندنی ئەو قوتابییانەی کە لە ڕیزی ئەدا-بەرز دانەنراون و دەرفەت کەم دەکاتەوە کە قوتابیانی ئاست بەرز دەتوانن وەک نموونەی بەرز پیشانی بدەن. هەروەها ڕەنگە جیاوازییەکانی نێوان ئەدا بەرز و ئەدا نزم زیاتر بکات.[40] بەڵام، هەندێک دەرەنجام باسی ئەوە دەکەن کە زۆربەی ئەو نایەکسانییەی لە جیاکردنەوەی قوتابییە ئەدا بەرزەکانەوە دروست دەبێت کەم بکرێتەوە یان تەنانەت بنبڕ بکرێت ئەگەر ئاستی فێرکاری لە ڕێچکەی نزم و لە ڕێچکەی بەرز کەم نەکرێتەوە. هەروەها، تا ڕادەیەکی زۆر پشت بە ژمارەی ئەو قوتابیانە دەبەستێت کە جیا دەکرێنەوە بۆ سەر ڕێچکەی ئەدا بەرز و چۆن جیا دەکرێنەوە. لە سەرەنجامی راپۆرتێکی ئەم دواییەی OECD دا هاتووە ئەو وڵاتانەی دەرفەتی کەمتریان هەیە بۆ جیاکردنەوەی قوتابی و ژمارەیەکی کەم قوتابی جیا دەکەنەوە بە گوێرەی توانایان بە شێوەیەکی سەرکەوتووتر کارەکە ئەنجام دەدەن و هەروەها نایەکسانی کۆمەڵایەتی-ئابوورییان کەمترە. خوێندنەوەی ئێمە بریتییە لەوەی، وەک لە خوارەوە هاتووە، ژمارەی ئەو قوتابییانەی بۆ ڕێچکەیەک جیا دەکرێنەوە ژمارەیان کەمە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی OECD کە تێکڕای 12 لە سەتی کۆی ئەو قوتابییانە بۆ هەموو ڕێچکەکان جیا دەکرێنەوە، و 55 لە سەتی ئەو قوتابیانەدەخرێنە ناو پۆلێکی تری ناو قوتابخانەکە بۆ هەندێک وانە.[41]

بۆ بەرفراوانکردنی دەرفەتەکانی فێرکاریی بۆ قوتابیانی ئاست بەرزی هەرێمی کوردستان، ئێمە ئەم ڕێوشوێنانەی خوارەوە پێشنیار دەکەین:

---

[37] OECD, 2010.

[38] بڕوانە Ariga and Brunello, 2007; Duflo, Dupas, and Kremer, 2009; Gamoran, 2009.

[39] بڕوانە Pritchett and Viarengo, 2009.

[40] بڕوانە Hallinan, 1994; Gamoran, 1992; Braddock and Slavin, 1992; Dweck, 2006; Hesson, 2010

[41] بڕوانە OECD, 2010; Gamoran, 1996; Broaded, 1997.

**بە شێوەیەکی شەفاف قوتابی هەڵبژێردرێت بۆ ڕێچکەی قوتابیانی ئەدا بەرز.** پێویستە بەردی بناغەی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە بریتی بێت لە هەڵسەنگاندن لە لایەن مامۆستاکانەوە، تاقیکردنەوەی ئیجباری یان ئیختیاری، یاخود ئاوێتەیەک لە هەردووکیان. بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانی لە جیاکاری یان هەر سیمایەکی نادادپەروەریی، ڕەنگە وا پەسەند بێت جیاکردنەوەکە لەسەر بناغەی تاقیکردنەوەیەک بێت کە یەک جۆر بێت بۆ هەمووان. ئەگەر تاقیکردنەوەکە خۆبەخشانە بێت نەوەک بە زۆر ئەوسا بڕیار بە دەست قوتابی یان دایک وباوک دەبێت کە ئاخۆ داواکاری پێشکەش بکەن بۆ پێگەی ئەدا بەرز. لایەنە خراپەکەی ئەوەیە کە ڕەنگە بە شێوەیەکی نەگونجاو سوود بگەیەنێت بە منداڵی دەوڵەمەندەکان یان خاوەن بڕوانامەکان. ئەگەر تاقیکردنەوەکە ئیجباری بێت ئەوسا پرۆسەی هەلبژاردنەکە یەکسانانەتر دەبێت و هەروەها هەڵبژاردنی قوتابییەکان بۆ ریزی ئەدا بەرز لەناو گروپێک قوتابیی زیاتردا دەبێتت.

**لە پۆلی 7 یان -10ەوە قوتابییەکان جیابکەرەوە بۆ ڕێچکەی ئەدا بەرز.** پێویستە کاتێک جیاکردنەوەکە دەست پێبکات کە قوتابییەکە دەچێتە پۆلی 7 یان پۆلی 10. لەبەرئەوەی زۆربەی قوتابیانی هەرێمی کوردستان لە ئێستادا پاش خوێندنی بنەڕەتی درێژە بە خوێندن نادەن بۆ ئامادەیی، ڕەنگە وا پەسەند بێت کە هەڵبژاردنی جیاکردنەوەکە لە کاتی وەرگیران لە پۆلی 7 ئەنجام بدرێت. ئەگەر قوتابییەکی ئاست-بەرز لەم تەمەنەدا بچێتە ریچکەیەکی ئەدا بەرز ئەوسا ئەگەری زۆرە بناغەیەکی پتەو بۆ خۆی دابمەزرێنێت لە نایابێتیی خوێندن، باشتر ئامادەکردنیان بۆ قوتابخانەی ئامادەیی و دواتریش زانکۆ. ڕەنگە لە هەرێمی کوردستان دەرفەتێکی تریش بدرێت بە قوتابیان لە پۆلی 10 بۆ ئەوەی قوتابیانی ئاست بەرز کە پێشتر هەلی پۆلی -7 یان لە کیس چووە، ئەم دەرفەتەشیان پێبدرێت.

**بە گروپی بچووک دەست پێبکە ئنجا وردە-وردە بەرفراوانی بکە تا ئەو کاتەی 10 بۆ 15 لە سەتای کۆی قوتابییەکان دەخرێنە سەر ڕێچکەی ئەدای بەرز.** ڕەنگە وا پەسەند بێت لە دەستپێکدا بەرنامەکە بچووک بێت وەک ئەزموونگەرایی. ئەمە دەبێتە مایەی کەمکردنەوەی هەر ئەگەرێکی کاریگەری پێچەوانە. ئامانجێکی مەعقول ڕەنگە بریتی بێت لە بەرفراوانکردنی بەرنامەکە بۆ 10 تا 15 لە سەتای کۆی گشتیی قوتابییەکانی ئەو تەمەنە لە دە ساڵی داهاتوودا.

**ئەدا بەرزەکان لە قوتابخانەی جیاواز دابنێ.** جیاکردنەوەی قوتابیانی ئەدا بەرز لە پۆلی تری هەمان قوتابخانە کە قوتابی ئاسایی لێی دەخوێنن تەنێ کاتێک گونجاوە کە هێندەی پێویست قوتابی هەبێت بتوانرێت چەند پۆلێک بۆ هەر قۆناغێکیان پێکبهێنرێت. بەڵام، لەبەرئەوەی تا ڕادەیەک قوتابخانە بنەڕەتییەکانی هەرێمی کوردستان بچووکە، پێناچێت ئەم شێوازە سەرکەوتوو بێت. لە بەرامبەردا، ئەگەر وەزارەت قوتابییە ئاست بەرزەکان بخاتە قوتابخانەیەکی جیاواز، ئەوسا وەک ئەو قوتابخانە نموونەییانە دەبن کە ئێستا لە ئارادان. ئەم شێوازە دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ وەزارەت ئەزموونی ناوەڕۆکی مەنهەجەکە بکات لەم قوتابخانانە و دەستکارییان بکات. پێویستە ئەو وانە و پەندانەی فێری دەبین لە پەروەردە و خوێندنی ئاست بەرز لە قوتابخانە جیاکراوەکان بەکاربهێنرێت بۆ چاکترکردنی جۆرایەتیی قوتابخانەی تر لەئاییندەدا.

# سێیەم ئەولەوییەتی ستراتیجی: پتەوترکردن و باشترکردنی بەرپرسیاربوون و حەوافزەکان

بانکی جیهانی لە ڕاپۆرتێکی ساڵی 2008 دا بە ناونیشانی *"ئەو ڕێگەیەی کەس پێیدا نەڕۆیشتووە: چاکسازیی پەروردە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا"* مشتومڕی ئەوە دەکات کە هۆی ئەوەی ڕیفۆرمی پەروەردە لەم ناوچانە ئەنجامی خۆی نەپێکاوە بریتییە لەوەی وەک پێویست بایەخ نەدراوە بە نیگەرانییەکانی بواری هاندان و بەرپرسیاربوون، لە راپۆرتەکەدا رادەی کاریگەری ڕەفتاری مامۆستا و بەرپرسانی قوتابخانە و دایک و باوکان خراوەتە دووتوێی(ئامانجی نیشتمانیی بەرفراوان لە چاکترکردنی پەروەردە).[1] بە پشتبەستن بە کارەکانی سیستمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان-عێراق، ئەم چاپتەرە تاوتوێی ڕۆڵی ڕێوشوێنی بەرفراوانکراوی بەرپرسیارێتی و حەوافز دەکات لە بەرەوپێشبردنی کواڵیتی سیستمی خوێندنی هەرێمی کوردستان.

ئێمە لە سەرەتادا باسی ئەو کەموکوڕییە سەرەکییانە دەکەین کە لە سیستمی ئێستای هەڵسەنگاندنی ئەدا هەیە لەگەڵ کەموکووڕیی ئەو حەوافزانەی دەدرێن بە بەرپرسانی قوتابخانە، مامۆستایان، و دایکوباوکان بۆ ئەوەی ببن بە فاکتەرێکی گۆڕانکاری. ئنجا چەند ڕاسپاردەیەک پێشکەش دەکەین بۆ گۆڕانکاری بە مەبەستی پتەوکردن و کاراکردنی ئەو سیستەمەی ئێستا هەیە. بە بێ ئەوەی پێشنیار بکەین بۆ سەرلەنوێ داڕشتنەوەیەکی چڕوپڕی سیستەمەکەی ئێستا، هەوڵ دەدەین هاوسەنگی بپارێزین لە نێوان پێداویستبوونی پتەوترکردن و باشترکردنی ڕێوشوێنەکانی بەرپرسیاربوون و حەوافز بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی چاکسازییەکان، لەگەڵ گونجاوێتیی جێبەجێکردنی ئەم ڕێوشوێنانە بە بێ ئەوەی بارێکی ئەوتۆی گران بخرێتە سەر سیستمێک کە وەک پێشتر لەم ڕاپۆرتەدا باسمان کرد، چەندین پێداویستیی تری بەپەلە لەسەر شانییەتی.

## بابەتەکانی بەرپرسیاربوون و حەوافز

کۆکردنەوە و نووسینی زانیاری بابەتیانە لەسەر چۆنیەتی ئەدای توخمە جۆراوجۆرەکانی سیستمی پەروەردە کارێکی ئێجگار پڕبایەخە بۆ دەرکردنی بڕیاری ستراتیجیی پێویست بۆ بەرەوپێشبردنی چاکسازییەکانی پەروەردە. هەڵسەنگاندنی ئەدا و چاودێری تەنێ بەس نین بۆ بەرەوپێشبردنی چاکترکردن و هەنگاونان بۆ باشترکردن. زۆر پێویستە حەوافزی گونجاویش لە ئارادا بێت، ئەو حەوافزانەی کە هانی مامۆستاکان، بەرپرسانی قوتابخانە، و دایکوباوکان دەدات هەندێک ڕەفتار بکەن و واز لە هەندێک ڕەفتاری تر بهێنن.

لە ئێستادا ئەو سیستمە سەرەتاییەی کە لە هەرێمی کوردستان پیادە دەکرێت بۆ هەلسەنگاندنی ئەدا، بۆ کۆکردنەوە و بەکارهێنانی زانیاری، و هاندانی رەفتاری گونجاوی لایەنە بەشدارەکان، نابێتە مایەی هاندانی چاکسازی و بەرەوپێشبردنی پەروەردە (بڕوانە چاپتەری دوو). ئەم سیستمە چەند گرفتێکی سەرەکی هەیە: هەڵسەنگاندنەکە پتەو نییە، هەیکەلییەتی پشتگیری و حەوافزی مامۆستایان و بەڕێوەبەران لاوازە، و زانیاری لەبەردەست نییە بۆ پێوانەکردنی بەرەوپێشچوون و ئەدای قوتابخانەکان. سەرەڕای ناگونجاوێتی توانای هەنووکە تا شانبەشانی زیادبوونی داخڵبوونی قوتابیان و کواڵیتیی فێرکاری هەنگاو بنێت، ئەم بابەتانە هەرە سەختترین ئەو گرفتانەن کە ئەمڕۆ ڕووبەڕووی سیستمی پەروەردەی (باخچەی ساوایان-پۆلی 12) دەبێتەوە.

---
[1] بانکی جیهانی، 2008

**پرۆسەی هەڵسەنگاندنی مامۆستاکان ناتوانێت ئەو مامۆستایانە دەستنیشان بکات کە ئەدایان لاوازە، و هیچ بەدواداچوونێکی ئەوانە ناکرێت کە ئەدایان لاوازە، یان بەدواداچوونێکی کەم دەکرێت**

سەرپەرشتیارانی وەزارەتی پەروەردە دوو ڕۆڵ دەبینن لە پەروەردەی (باخچەی ساوایان-پۆلی 12): نەوەک هەر تەنها بەرپرسیارن لە لە پشتگیری ئەو مامۆستایانەی پێویستیان بە هاوکارییە لە مەنهەجەکەی 2008 و شێوازەکانی فێرکاری، بەڵکو هەروەها ئەدای مامۆستاکانیش هەڵدەسەنگێنن. لە چاوپێکەوتنە مەیدانییەکانمان، مامۆستایان و ستافی وەزارەت وەک یەکتری ئەوەیان ڕاگەیاند کە سەردانەکانی سەرپەرشتیارەکان هێندە کەم و کورتخایەنە (وا باوە یەک ڕۆژ بێت) سەرپەرشتیارەکان بواریان نابێت هەردوو ڕۆڵەکە ببین —لە لایەک بە شێوەیەکی بابەتیانە مامۆستاکان هەڵبسەنگێنن و لە لایەکەی تر زانیاری بگەیەنن. لە ڕووپێوی مامۆستاکاندا بە گشتیی جەخت لەم هەڵسەنگاندنە کرایەوە. بیست و هەشت لە سەتای مامۆستاکان ڕایانگەیاند کە سەرپەرشتیارەکان چاودێریی وانەوتنەوەکەیان نەکردوون یان کۆبوونەوەیان نەکردووە لە ساڵی خوێندنی 2009-2010 (شێوەی 5-1). هەروەها، 29 لە سەتای تریش ڕایانگەیاند کە سەرپەرشتیارەکە تەنها یەک جار یان دوو کۆبوونەوەی لەگەڵ کردوون یان چاودێری کردوون لە ساڵەکەدا، بەو مانایەی کە وەک پێویست بەدواداچوون ڕوونادات لە نێوان سەرپەشتیاران و مامۆستایان.

بەرپرسانی وەزارەت هەروەها داوایان کرد لێکۆڵینەوە بکرێت لە سیستمی پلە (سیستمی ڕیزبەندی)، ئەو سیستمەی پلە دادەنێت بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدای مامۆستاکان (لە چاپتەری دووەمدا باس کرا). گومانی خۆیان دەربڕی لە کارایی سیستمەکە لە دەستنیشانکردنی ئەو مامۆستایانەی ئەدایان لاوازە و لە دەستنیشانکردنی خاڵەکانی لاوازییان. بۆ نموونە، لە ئێستادا لە کۆی 89,000 مامۆستای سیستمی (باخچەی ساوایان-پۆلی 12) تەنێ 2 لە سەتا تا 3 لە سەتای مامۆستاکان پلەی "لاواز"یان وەرگرت. لەگەڵ ئەمەشدا هاوکات بەڕێوەبەرەکان ڕایدەگەیەنن کە زۆر مامۆستا هێندە زانیارییان نییە کە مەنهەجە نوێیەکە جێبەجێ بکەن.

**شێوە 5-1**
**ڕێژەی سەدی ئەو مامۆستایانەی لەگەڵ سەرپەرشتیارەکان کارلێک دەکەن، بە گوێرەی ماوەی سەردانەکان و قۆناغی خوێندن، 2009-2010**




سەرچاوە: 2010 ڕووپێوی مامۆستایان لە لایەن ڕەند و وەزارەتی پەروەردە
سەرنج: پرسیارەکە بەو شێوەیە بوو کە چەند جار سەرپەرشتیارەکە چاودێری پۆلی مامۆستاکەی کردووە، یان لەگەڵ کۆبۆتەوە. ئەوانەی یەکەم ساڵی مامۆستایەتییان بوو بەشدار نەبوون. حەفتا و شەش لە سەدی مامۆستا ڕووپێکراوەکان وەڵامیان دایەوە.
**RAND** *MG1140-5.1*

هەروەها، هەڵسەنگاندنی مامۆستایان شانبەشانی گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەی ناو مەنهەجی نیشتمانی هەنگاو نانێت. بۆ نموونە، ئەو فۆرمی هەلسەنگاندنەی کە سەرپەرشتیاران بەکاریدەهێنن بۆ دانانی پلە بۆ مامۆستایان بە تەواوەتی پێداچوونەوەی نەکراوە تا لەگەڵ ئەو ستانداردە نوێ و بەرزانە بگونجێت کە دانراون بۆ هەڵسەنگاندنی

ئەوەی مامۆستاکان چی و چۆن وانە دەڵێنەوە. ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی بە زەحمەت ئەو مامۆستایانە دەستنیشان بکرێن کە گیروگرفتی زۆریان هەیە لە پیادەکردنی سیستمە نوێیەکە.

دواجار، ئەو پرۆسەیەی ئێستا پیادە دەکرێت بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدای مامۆستایان هیچ بەدواداچوونێک لە خۆناگریت بۆ ئەو مامۆستایانەی ئەدایان لاوازە. لایەنە بەرپرسەکان لە وەزارەت و بەرپرسانی قوتابخانە ئەوەیان ڕاگەیاند کە بە دەگمەن مامۆستایەک دەردەکرێت لەبەر نزمیی ئەدا. ئەگەرچی مەفروزە ئەوانەی ئەدایان نزمە بخرێنە ناو کۆرسی مەشق، بەڵام دیمانەکراوان ئەوەیان ڕاگەیاند کە بە دەگمەن مەشقیان پێدەکرێت.

لە ئێستادا، تاکە ئامرازی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانەی ئەدایان نزمە بریتییە لەوەی بگوازرێنەوە بۆ قوتابخانەیەکی تر. هەندێک بەڕێوەبەر دەتوانن مامۆستا لە قوتابخانەکەیان دەربکەن، و ناوبەناو ئەمە ڕوودەدات. بەڵام زۆربەی زۆری بەرپرسانی قوتابخانەکان دەسەڵاتێکی سنوورداریان هەیە بۆ کارکردن لەسەر ستافی ئەدا-نزم. هەروەها "ڕێگەچارە" هەر بریتییە لەوەی گیروگرفتەکە لە قوتابخانەیەکەوە بگوازرێتەوە بۆ قوتابخانەیەکی تر.

**هەیکەلییەتی پشتگیری لە مامۆستایان وەڵامی پێویستییەکانیان ناداتەوە**

سێ نیگەرانی سەرەکی لە ئارادایە لە بابەتی لاوازێتیی هەیکەلییەتی پشتگیریکردن لە مامۆستایان: ئەو سەرپەرشتیارانەی پێویستە مەشق و پشتگیری لە مامۆستایان بکەن بە خۆیان شایستەییان وەک پێویست نییە، ڕۆڵی دژبەیەک (متناقض)ی سەرپەرشتیارەکان کە دوو ڕۆڵی ناکۆک لەگەڵ یەکتری دەبینن، و ئەو ڕۆڵە سنووردارەی کە بەڕێوەبەرەکان دەیبینن لە هەڵسەنگاندنی ئەدای مامۆستاکان و دەرکردنی بڕیار لەسەر کارمەندان.

**چەندین سەرپەرشتیار وەک پێویست شایستە نین بۆ مەشقپێکردن و پشتگیریی لە مامۆستاکان.** جێبەجێکردنی مەنهەجە نوێیەکە تەحەددایەک بوو بۆ مامۆستاکانی (باخچەی ساوایان-پۆلی 12) لە هەرێمی کوردستان. چەند مامۆستایەک کە دیمانەیان لەگەڵ کرا وتیان هەست بە گۆشەگیری دەکەن و هەست دەکەن ئەو ئەرکانە بارێکی گرانن لەسەر شانیان. سیستمی ئێستای سەردانی سەرپەرشتیارانی وەزارەت بە شێوەیەکی ناوبەناو و کورت، وەک پێشتر باسمان کرد، بەشی وەڵامدانەوەی پێویستییەکانی مامۆستاکان ناکات.

تەنانەت کاتێک کە سەرپەرشتیارەکان سەردانی قوتابخانەکان دەکەن، بە دەگمەن زانیاری یان بۆچوون و سەرنج دەدرێت بە مامۆستاکان لەسەر ڕێنمایی یان هاوکاریی بۆ وتنەوەی مەنهەجە نوێیەکە. بۆ نموونە، 44 لە سەتای مامۆستاکان ئەوەیان ڕاگەیاند کە بە تەنێ لەگەڵ سەرپەرشتیارەکە دانەنیشتوون بۆ تاوتوێی مەنهەجە نوێیەکە یان بۆ تاوتوێی ڕێگە و شێوازەکانی فێرکاری. لەناو باقیی 56 لە سەتەکەی تر، نزیکەی نیوەیان ئاماژەیان بەوە کرد کە کارلێکردنەکە هاوکار نەبووە یان تا ڕادەیەکی کەم هاوکار بووە. هەروەها، زیاتر لە نیوەی مامۆستاکان ئەوەیان ڕاگەیاند کە سەرپەرشتیارەکان وەک گروپ کۆبوونەوەی لەگەڵ نەکردوون بۆ تاوتوێی شێوازی فێرکاری یان مەنهەجەکە، و زیاتر لە 30 لە سەتای مامۆستاکان وتیان چاودێرییان نەکراوە یان سەرنج و بۆچوونیان پێ نەدراوە لەسەر بەکارهێنانی کەرەستەکانی مەنهەجەکە و چاکترکردنی شێوازی فێرکارییان (شێوەی 5-2). مامۆستای پۆلە بەرزەکان (7-12) کەمتر لە مامۆستای قۆناغی سەرەتایی کارلێک دەکەن لەگەڵ سەرپەرشتیارەکان لەسەر فێرکاری یان مەنهەجە نوێیەکە.

بە بۆچوونی وەڵامدەرەکان، بەشێکی گیروگرفتەکە ئەوەیە کە چەندین سەرپەرشتیار وەک پێویست شارەزا نین لە ئەنجامدانی ڕۆڵی پشتگیریکارانە چونکە مەشقی چڕوپڕیان نەدیوە تا ببن بە پسپۆڕ لە بوارەکەدا. بەرپرسانی وەزارەت بە گشتی لەسەر ئەوە کۆک بوون کە ئەو مەشقەی بۆ سەرپەرشتیاران ساز دەکرێت، وەک پێویست نییە.

ئەو پرۆسەیەی بەکاردەهێنرێت بۆ هەڵبژاردنی کەسێک بە سەرپەرشتیار پێویستی بە دەستکاری و چاکترکردنە. ئێستا بە شێوەیەکی ستاندارد نییە. بەرپرسانی وەزارەت ئاماژەیان بەوە کرد کە پێویستە سیستمێکی تۆکمەتر لە ئارادا بێت بۆ هەڵسەنگاندنی گونجاوێتی پاڵێوراوەکان، یەکێکی خاوەن شایستەیی ئەکادیمی، ئەزموونی کار و پیشەی گونجاو، ئەزموونی کارگێری، سەرکردایەتی، و خەسڵەتە کەسییەکان.

**سەرپەرشتیارەکان ڕۆڵێکی دوولایەنە دەبینن کە ڕەنگە ببێتە مایەی دروستبوونی پێکدادانی بەرژەوەندی.** چاوەڕێی ئەوە لە سەرپەرشتیاران دەکرێت کە دوو ڕۆڵ ببینن، وەک مەشقدەر و وەک هەڵسەنگێنەری هەمان مامۆستا لە یەک کاتدا، ڕاستییەکەی ئەوانە مەشقدراوەکەی خۆیان هەڵدەسەنگێنن. ڕۆڵیان وەک ڕاهێنەر ڕێگر دەبێت لەوەی بە شێوەیەکی بابەتییانە ئەرکی خۆیان لە بواری هەڵسەنگاندندا ئەنجام بدەن.

**شێوەی 2-5**

**ڕێژەی ئەو مامۆستایانەی کارلێک لەگەڵ سەرپەرشتیاران دەکەن، بە گوێرەی بابەتی تاوتوێکراو و سوودی کارلێکەکە، 2009-2010**




سەرچاوە: 2010 ڕووپێوی مامۆستایان، ڕەند و وەزارەتی پەروەردە

سەرنج: مامۆستای یەکەم ساڵە بەشداری دەکرد، 83 لە سەد لە مامۆستایانی ڕووپێوکراو وەڵامیان داوەتەوە

RAND *MG1140-5.2*

**ڕۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانە سنووردارە لە بواری ڕێنمایی و پشتگیریی ڕەفتاری مامۆستا.** بەڕێوەبەری قوتابخانە تەنها بایی 25 لە سەتا بۆچوونی هەیە لە کۆی هەڵسەنگاندنی مامۆستاکانی قوتابخانەکەی، باقیی 75 لە سەتاکە بە دەست سەرپەرشتیارەکانە. لەگەڵ ئەمەشدا سەرپەرشتیارەکان بە دەگمەن چاودێریی پۆلەکان دەکەن یان لەگەڵ مامۆستاکان کۆدەبەنەوە، وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، ئەمە لە کاتێکدا کە بەڕێوەبەرەکان بەردەوام لە شوێنی کارەکەن. تەرخانکردنی پلەی هەڵسەنگاندنەکە بەم شێوە نارێژەییە بۆ کێشی هەڵسەنگاندنی هەر لایەنێک دەبێتە مایەی ئەوەی بەڕێوەبەرەکان حەوافزێکی کەمیان لەبەردەست بێت و نەتوانن ڕۆڵی گەورە ببین لە بڕیار لەسەر کارمەندەکان و بوارەکانی سەرکردایەتیی فێرکاریی لە بواری ڕەفتاری مامۆستادا. ئەو بەڕێوەبەرانەی دەستپێشخەری دەکەن و ڕۆڵی سەرکردەی فێرکاریی دەبینن بە خۆیان ئەم ڕۆڵە دەبینن نەوەک لە ڕێی هەیکەلییەتێکی پشتگیری و حەوافزەوە.

**بەرپرسانی قوتابخانە، دایک و باوکان، و لایەنی تری بەشدار زانیارییەکی کەمیان هەیە لەسەر سیستمی ئەدای قوتابخانە**

کلیلی بەرەوپێشبردنی سیستمی پەروەردە بریتییە لە پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیاری سەرەتایی لەسەر ئەدا و بۆ ئەوەی لایەنە بەشدارەکان (بەڕێوەبەری قوتابخانە، مامۆستاکان، دایکان و باوکان، و بڕیاربەدەستان) زانیارییان هەبێت کە ببێت بە پەنجەرەیەکی بەرفراوان بۆ سەر چۆنیەتی ئەدا و کارکردنی سیستمەکە، لە ئێستادا هەندێک زانیاری لەسەر ئەدا هەیە، بەڵام لایەنە بەشدارەکان بە شێوەیەکی سنووردار دەستیان دەگاتە ئەم زانیاریە سەرەتاییانە بە شێوەیەک کە بواریان بۆ بڕەخسێنێت ڕەفتاری خۆیان بگۆڕن و بەرەو چاکتربوون هەنگاو بنێن. بۆ نموونە، بەرپرسانی قوتابخانە دەستیان ناگات بە زانیاری ستاندارد لەسەر ئەدای سەرجەم قوتابخانەکانی (باخچەی ساوایان-پۆلی ١٢) ی هەرێمی کوردستان. بەم شێوەیەش، ناتوانن بەرەوپێشچوون

و گەشەی قوتابخانەکەی خۆیان بپێون بە بەراورد لەگەڵ قوتابخانەکانی تر و حەوافزیان نییە بۆ ئەنجامدانی چاکترکردن لە قوتابخانەکانیان.

دایکان و باوکان و لایەنی تری بەشداری کۆمەڵگە ڕووبەڕووی دیویکی تری ئەم گرفتە دەبنەوە: سترەکچەرێک لە ئارادا نییە کە بواریان بۆ برەخسێنێت دەستیان بگات بە زانیاریی ئەوتۆ کە بزانن ئەدای منداڵەکانیان لە خوێندنگە و قوتابخانەکان چۆنە بە بەراورد لەگەڵ خوێندنگە و قوتابخانەکانی تر. لە ئەنجامیشدا، ناتوانن بە پشتبەستن بە زانیاری حوکم لەسەر کوالیتی ئەو فێرکارییە بدەن کە منداڵەکانیان وەریدەگرێت. ئەمەش ڕەنگە ساردیان بکاتەوە لەوەی بەشداری بکەن لە چالاکییەکانی پەروەردە و فێرکردنی منداڵەکە و لە چالاکییەکانی قوتابخانەکە و لەوەی کە فشار بخەنە سەر قوتابخانەکان بۆ بەرزکردنەوەی ئەدایان.

## ڕاسپاردە بۆ چاکترکردنی بەرپرسیاربوون و حەوافزەکان بۆ مامۆستایان، بەڕێوەبەری قوتابخانەکان، و دایکان و باوکان

ئێمە پێشنیاری ریزێک ڕاسپاردە دەکەین کە دەتوانرێت قۆناغ بە قۆناغ جێبەجێ بکرێت بۆ زیاترکردنی پشتگیریی لە مامۆستایان و بەرپرسانی قوتابخانەکان و جێبەجێکردنی چاکسازی لە سیستمی هەڵسەنگاندنی ئەدای (باخچەی ساوایان-پۆلی 12):

- داڕشتنەوەی سیستمی هەلسەنگاندنی ئەدای مامۆستایان
- خەڵاتکردنی ئەو قوتابخانە و مامۆستایانەی ئەدایان بەرزە
- داڕشتنەوەی هەیکەلییەتی رۆڵی سەرپەرشتیارەکان بۆ جیاکردنەوەی رۆڵی هەڵسەنگاندن لە ئەرکی مەشقپێکردن.
- رۆڵێکی گەورەتر بدرێت بە بەڕێوەبەری قوتابخانە لە بواری هەڵسەنگاندن و دامەزراندن و دەرکردنی مامۆستا.
- پێوانەکردنی گەشە و بەرەوپێشچوونی گشتیی پلە و دەرچوونی قوتابی و ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان.
- زیاترکردنی بەشداریی دایک و باوک و جەماوەر لە پەروەردەدا.

### داڕشتنەوەی سیستمی هەڵسەنگاندنی ئەدای مامۆستا

پێویستە پێداچوونەوەی فۆرمی هەڵسەنگاندنی ئەدای مامۆستا بکرێت و بە گوێرەی مەنهەجە نوێیەکە رێک بخرێت، بە ڕوونی ببەسترێتەوە بە ستانداردەکانی فێرکاری و پێوەرەکانی ئەداوە بە گوێرەی ئامانجەکانی سیستمی (باخچەی ساوایان-پۆلی 12). پێویستە پرۆسەی هەڵسەنگاندن شەفاف بێت، و پێویستە مەشق بە هەڵسەنگێنەر و بەڕێوەبەری قوتابخانەکان بکرێت تا بە شێوەیەکی باشتر پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن پیادە بکەن. هەروەها پێویستە سیستمی هەڵسەنگاندن میکانیزمێکی هەبێت بۆ گواستنەوەی بیروبۆچوون و سەرنجەکان بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگیرێت بۆ داڕشتنی ناوەڕۆکی بەرنامەکانی مەشق و گەشەی پیشەیی ساڵ بە ساڵ.

پێویستە توخمێک بخرێتە ناو دیزاینی سیستمەکە کە شێوازێک دابنێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مامۆستایانی ئەدا بەرز و ئەدا نزم. پێویستە سیستمی هەڵسەنگاندن ببەسترێتەوە بە چوارچێوەی بەرفراوانی بەرپرسیاربوونەوە کە خەڵات و پلەبەرزکردنەوە ببەخشێت بەو مامۆستایانەی نایابن (بڕوانە خوارەوە) و رێگە خۆش دەکات بۆ دەستپێشخەری و سزای ئەوانەی ئەدایان لاوازە. ڕەنگە وەزارەتی پەروەردە هەوڵ بدات نوێنەرانی مامۆستایان دابنێت لە پێداچوونەوە بە هەڵسەنگاندنەکەدا بۆ ئەوەی جەخت لەوە بکرێتەوە کە مامۆستاکان پشتگیری لەم گۆڕانکارییانە بکەن.[2]

---

[2] بڕوانە Avalos and Assael, 2006.

**خەلاتکردنی ئەو قوتابخانە و مامۆستایانەی ئەدایان بەرزە**

لە وڵاتانی جیهان لە ئاستی گەورە و بچووکدا ئەو حەوافزە بەکاردەهێنرێت کە پشتیان بە ئەدا بەستووە. بەڵگەکانی جێبەجێکردنی ئەم سیستمانە ئەوە دەردەخەن کە کاریگەرەکانی جۆراوجۆرە لەسەر پلە و دەرچوونی قوتابیان، بەڵام بە گشتیی لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەم سیستمانە، ئەگەر بە شێوەیەکی لەبار دابرێژرێن، ئەوە کاریگەریان زیاتر دەبێت و هەرزانتر دەکەون لە ڕێگەی تەقلیدیی سەرمووچە و زیادکردنی مووچە.[3] ئەو حەوافزانەی پشت بە ئەدا دەبەستن زۆر کاریگەرن کاتێک لەسەر بناغەی دەرەنجامی ئەدای ڕوون دابڕێژرێن بە گوێرەی بەرەوپێشچوون لە ماوەیەکی دیاریکراودا و کاتێک چەند پێوەرێک لەخۆبگرن (بۆ نموونە، ئەو پلەیەی قوتابیان لە تاقیکردنەوەکان بەدەستی دەهێنن، هەلسەنگاندنی مامۆستایان). دەکرێت ئامانجی حەوافزەکان بریتی بێت لە خەلاتکردنی ئەدای تاکەکەس یان ئەدای گروپێک، وەک خەلاتکردنی سەرجەم قوتابخانەیەک لەبەرئەوەی نیشاندەرێک یان زیاتریان بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینیوە. ئەو ئاستەنگانەی لە کاتی داڕشتنی سیستمی حەوافز بۆ تاکەکەس سەرهەڵدەدەن دەبنە مایەی ئەوەی کە شێوازی حەوافزی جەماعی گونجاوتر بێت بۆ هەرێمی کوردستان.

سوودی بەکارهێنانی حەوافزی تاکەکەس بە بەراورد لەگەڵ حەوافزی جەماعییدا ئەوەیە کە ئەم سیستمە بە ئەو حاڵەتە کەم دەکاتەوە کە کەسانێک لە خۆڕایی خەلات بکرێن. لەگەڵ ئەمەشدا، بە بەراورد لەگەڵ حەوافزی جەماعی، خەڵاتکردنی تاکەکەس پێویستی بە زانیاریی وردتر و زیاترە بۆ ئەوەی بە وردی ئەدای تاکەکەس دیاری بکرێت. حەوافزی جەماعی، یان پێدانی حەوافز بە سەرجەم قوتابخانەکە، هێندە وردبوونەوەی ناوێت لە کاری تاکەکەسەکان، بەڵام ئەم جۆرە سیستمە لەوانەیە هانی هەرەوەزی و پێکەوە کارکردنی سەرجەم مامۆستاکان و بەڕێوەبەر بدات کار بکەن بۆ ئامانجی هاوبەشی بەرەوپێشبردنی پەروەردە.[4] لە حاڵەتی هەرێمی کوردستانی عێراقدا، بەخشینی حەوافز بە گوێرەی ئەدای هەموو قوتابخانەکە هەنگاوێکی بەرایی گرنگە کە دەبێتە مایەی ئەوەی دواتر لە ئاییندەدا بتوانرێت بە شێوەیەکی باشتر خەڵات دابنرێت بۆ ئەدا. سەرەڕای ئەمە، هەندێک لێکۆڵینەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە لەناو کۆمەڵگەی پەروەردەدا حەوافزی تایبەت بە قوتابخانە پەسەندترە وەک لە حەوافزی تاکەکەسی.

بۆ نموونە لە چیلی، (سیستمی نیشتمانی بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدای قوتابخانە، SNED) بە مەبەستی بەرەوپێشبردن و چاکترکردنی دەرەنجامەکانی پەروەردە بە گشتیی، حەوافزی قوتابخانەی جێبەجێ کرد. ئەو قوتابخانانەی قوتابییەکانیان لە تاقیکردنەوەی نیشتمانییدا باش بوون، خەڵاتی پارەیان وەرگرت. بە گوێرەی ئەم ڕێوشوێنانە، قوتابخانەکان بە گوێرەی بارودۆخ پۆلێن دەکرێن (وەک، فاکتەری کۆمەلایەتی-ئابووری – سۆسیۆ ئابووری)، و قوتابخانە ئەدا بەرزەکانی هەر پۆلێنێک خەلاتی دارایی دەکرێن لە بەرامبەر ئەدای باشیان. نەووەد لە سەتا لە خەڵاتی داراییەکە وەک مووچەی زێدە دەدرێت بە هەموو ستافەکەی قوتابخانە براوەکە. دەتوانرێت باقیی 10 لە سەتاکە لەسەر ڕێنمایی بەڕێوەبەرەکە بۆ زیاتر پێزانینی مامۆستایەکی دیاریکراو/یان چەند مامۆستایەکی دیاریکراوی خۆی بەکاربهێنێت.[5]

**داڕشتنەوەی ڕۆڵی سەرپەرشتیارەکان بە مەبەستی جیاکردنەوەی ڕۆڵیان لە بواری هەڵسەنگاندن و ڕۆڵیان لە بواری مەشقپێکردن**

پێداویستبوونی دابینکردنی مەشقی باشتر بۆ مامۆستا موماریسەکان پێداویستییەکی بەپەلەیە لە هەرێمی کوردستان. لە چاپتەری چواردا، ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین چەند بنکەیەکی مەشقی هەرێمایەتی دابمەزرێندرێت بۆ بەرسفدانەوەی ئەم پێداویستییە. پێشنیار دەکەین ستاف بۆ ئەم بنکانە دابین بکرێت، وەزارەتی پەروەردە بە شوێن سەرپەرشتیاری ئەوتۆدا بگەڕێت کە خاوەن شارەزایی گونجاو بێت لە بواری مەشقدا. پێویستە ئەم کارمەندانە بە تەواوەتی خۆیان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکەن، پۆست و پایەی تازەیان پێبدرێت و چیتر کاری هەڵسەنگاندن ئەنجام نەدەن وەک سەرپەرشتیار. ڕاستییەکەی، ئەم ڕێوشوێنە ڕۆڵی دەبێت لە دروستکردنی دەستی کاری پرۆفیشنەڵ لە مامۆستای ڕاهێنەر.

تەبا لەگەڵ ئەمە، پێویستە لە کاری هەڵسەنگاندندا، سەرپەشتیارەکان هەروەها چاودێریی پابەندبوونی قوتابخانەکان بکەن بە سیاسەت و مەرجەکانی کەمکردنەوەی ڕۆڵی خۆیان وەک هەڵسەنگێنەری مامۆستاکان.

---

3 بڕوانە McEwan and Santibanez, 2005 ;Santibanez, 2010.

4 سانتیبانێز، 2010، گلیوی و کریمەر، 2005، بریدسا، لیڤین و ئیبراهیم، 2005

5 ماکین، 2000، سانتیبانێز، 2010

**سپاردنی رۆڵێکی گەورەتر بە بەرێوەبەرەکان لە هەڵسەنگاندن، دامەزراندن، و دەرکردنی مامۆستاکاندا**

نابێت بەرپرسانی قوتابخانەکان وەک رایەڵەیەک بۆ گۆرانکاری فەرامۆش بکرێن لە چاکترکردنی دەرەنجامەکانی قوتابخانەکە، بە تایبەتی کە ئەمان چاودێری کاری رۆژ بە رۆژی قوتابخانەکان دەکەن.[6] بۆیە، راسپاردەی ئێمە ئەوەیە کە بەرێوەبەری قوتابخانەکان قسەیەکی زیاتریان هەبێت وەک لەوەی ئێستا هەیانە لە هەڵسەنگاندنی مامۆستاکانیاندا. لە جیاتی ئەوەی بۆچوون و سەرنجی بەرێوەبەر 25 لە سەتای کۆی نمرەکان پێک بهێنێت (کە ئێستا بەم شێوەیەیە)، پێویستە بەرز بکرێتەوە بۆ 50 یان 75 لە سەتی کۆی نمرەکان. هەروەها پێویستە دەسەڵاتێکی زیاتر بدرێت بە بەرێوەبەرەکان لە بریاردان لەسەر کارمەندان، بۆ نموونە، پێویستە بتوانن مەشق و پشتگیری دابین بکەن بۆ مامۆستا ئەدا-نزمەکان. سەرەرای ئەمەش، پێویستە بتوانن راسپاردە پێشکەش بکەن لەسەر لابردنی ئەو مامۆستایانەی بەردەوام ئەدایان نزمە. بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەم رێوشوێنانە، وا پێویستە توانای بەرێوەبەری قوتابخانە زیاتر بکرێت لە رێی بەرنامەی مەشقەوە و وردە وردە بەرپرسیارێتییان لە سەرکردایەتیکردنی قوتابخانەکە زیاتر بکرێت. ئەمە دەبێت مایەی گۆرانکاری لە رۆڵی بەرێوەبەرەکان بۆ ئەوەی ببێت بە رۆڵێکی چالاک و سەرکردایەتییەکی فێرکاریی هەمەلایەن کە کاریگەری دەبێت لە بەرەوپێشبردنی قوتابخانەکە.

**پێوانەکردنی بەرەوپێشچوونی گشتیی لە پلە و دەرچوونی قوتابیان، و بڵاوکردنەوەی ئەنجامەکان**

لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە ئەو سیستمانەی پەروەردە کە شێوازێکیان هەیە بۆ چاودێری و نووسینی راپۆرت لەسەر دەرەنجامە فێرکارییەکانی قوتابیان زیاتر پێشکەوتن بە خۆیانەوە دەبینن لەگەڵ تێپەرینی کاتدا بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی کە نییانە.[7] وەزارەتی پەروەردە لە ئێستادا زانیارییەکی زۆر کۆدەکاتەوە لەسەر ئاستی قوتابخانەکان کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێن بۆ چاودێری بەرەوپێشچوونی گشتیی چاکسازییە پەروەردییەکانی ئەم دواییە. بۆ نموونە، وەزارەتی پەروەردە تاقیکردنەوەی نیشتمانی بەرێوە دەبات بۆ پۆلەکانی 6، 8، و 9، کە ئامانجە سەرەکییەکەیان بریتییە لە پێوانەکردنی بەرەوپێشچوونی پەروەردەیی لە ئاستی قوتابخانەکاندا، دابینکردنی نیشاندەرێک بۆ بەرەوپێشچوونی گشتیی فێرکاریی قوتابیان، و دەستنیشانکردنی ئەو قوتابخانانەی پێویستیان بە دەستپێشخەری و هاوکارییە.

پێویستە وەزارەت بەردەوام بێت لەسەر بەرێوەبردنی ئەم تاقیکردنەوەیە، ئەنجامەکان کۆبکاتەوە و بیانخاتە سەر یەکتری لە ئاستی هەر قوتابخانەیەکدا، و توانا دابرێژێت بۆ ئەوەی ئەنجامەکانی قوتابخانەکە بدات بە بەرێوەبەرەکان، مامۆستایان، و دایک و باوکان.[8] رەنگە وەزارەت بیەوێت رەچاوی بەشداریکردن بکات لە یەکێک لە هەڵسەنگاندنە نێودەوڵەتییەکانی پلە و دەرچوونی قوتابیان، وەک (بەرنامەی پلەی قوتابیانی نێودەوڵەتی، PISA) یان لە (رەوتی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی ماتماتیک و زانست، TIMSS) وەک شێوازێک بۆ دەستنیشانکردنی قۆناغ و ئاستی قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ قوتابخانەی وڵاتانی تر.

رەنگە گەیاندنی زانیاری بە دایک و باوکی قوتابیان لەسەر ئەدای منداڵەکانیان لە قوتابخانە ببێت بە مایەی هاندانیان تا زیاتر بەشاری بکەن لە کاروباری قوتابخانەی منداڵەکانیان. ئنجا رەنگە ئەمە ببێتە مایەی باشتر بوونی دەرەنجامەکانی قوتابخانەکە.[9] رەنگە بڵاوکردنەوەی زانیاری سەرەتایی لەسەر ئەدای سیستمی پەروەردە بە گشتیی ببێتە مایەی بەشدارییپێکردنی جەماوەر لە پەروەردەدا.

---

[6] ئۆگستین و هاورێیانی، 2009

[7] هانوشک و رێیمۆند، 2004

[8] لە ئێستادا بەرێوەبەرایەتیی گشتیی هەڵسەنگاندن لە توانایدا نییە ئەنجامی تاقیکردنەوەکان بکات بە دیجیتەڵ (ئەلیکترۆنی) (بە دەست رێک دەخرێن)، بۆ ئەوەی زانیاری سەرەتایی لە کاتی خۆیدا لە ئاستی قوتابخانەکان ئامادە بکرێت، پێویستە وەزارەت کار بۆ بەدیهێنانی ئەم توانایە بکات.

[9] بروانە Gunnarsson et al., 2009; Gertler, Patrinos, and Rubio-Codina, 2008; Andrabi, Das, and Khwaja, 2009; Duflo, Dupas, and Kremer, 2007

**زیاترکردنی بەشداریی لایەنە پەیوەنددارەکان و جەماوەر لە پەروەردەدا**

بەشداریی چالاکانەی کۆمەڵگە لە پەروەردەدا دەبێتە مایەی جەختکردنەوە لەوەی پەروەردە ئاوێنەی بەها و ئەولەوییەتە ناوخۆییەکان بێت، بەشداریی جەماوەر زیاتر بکات لە جۆرایەتیی پەروەردە، و دەبێتە مایەی زیاتربوونی داواکاریی لەسەر پەروەردە.[10]

یەکەم هەنگاوی پڕبایەخ لە بەشدارییپێکردنی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان، مامۆستاکان، و لایەنی تری گرنگی پەیوەنددار لە پرۆسەی بڕیاردان (دروستکردنی بڕیار) لەسەر چاکسازیی پەروەردە بریتییە لە دانانی پرۆسەیەک بۆ وەرگرتنی ڕاوێژ و ئامۆژگارییان. ڕاوێژی لەم جۆرە بیروبۆچوون و سەرنجەکان کۆدەکاتەوە بۆ باشترکردنی دابینکردنی پەروەردە و جۆرایەتی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان. هەروەها دەبنە مایەی جەختکردنەوە لەوەی ئەو کەسانەی پێویستە گۆڕانکارییەکان لە مومارەسەکانی ئێستا پیادە بکەن، لە هۆی ئەم گۆڕانکارییانە تێبگەن.

بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی چەکدار بە زانیاری بەشێکی تری پڕبایەخە لە زیاترکردنی بەشداریی لایەنە پەیوەندیدارەکان تا زیاتر زانیاری سەرەتایی و زانیاری بخرێتە بەردەست بۆ ئاگادارکردنی کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان لە ئامانجەکانی وەک پەروەردەیەکی گشتگیر، ئەوسا زیاتر تاوتوێی نیشتمانی بەرفراوان دەبێت و زیاتریش بەرچاو دەبێت. بۆ ئەم مەبەستە، ڕەنگە لە هەرێمی کوردستان ڕەچاوی ئەنجامدانی هەڵمەتی ڕۆشنبیری بکرێت لەسەر ئەم بابەتانەی خوارەوە:

- بایەخی پەروەدە لە بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی
- رۆڵ و بەرپرسیارێتییەکانی دایکان و باوکان لە پەروەردە و خوێندنی منداڵەکانیان
- بایەخی کۆمەڵگەیەکی رۆشنبیر بۆ گەشەی ئاییندەی ئابووریی و خۆشگوزەرانیی کورستان.

[10] بڕوانە Birdsall, Levine, and Ibrahim, 2005, p.341

# ڕێنمایی بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان

چاپتەری سێ، چوار، و پێنج بە تێروتەسەلی جەختیان خستە سەر سێ ئەولەوییەتی ستراتیجیی بۆ هەرێمی کوردستان کە ئێمە لە شیکردنەوەکەی سیستمی ئێستای پەروەردەی کوردستاندا دەستنیشانمان کردن. لەگەڵ دەستنیشانکردنی هەر ئەولەوییەتێک، ئێمە ڕاسپاردەمان پێشکەش کرد بۆ ئەنجامدانی کار و چالاکی لەو بارەیەوە. ڕەنگە لە سەرەتادا بڕی ئەو چالاکی و کۆششانەی پێویستن بۆ جێبەجێکردنی گۆڕانکارییە پێشنیارکراوەکانمان بنە مایەی ساردبوونەوە، پێویستە ئەوەمان لەبیر بێت کە پێویست ناکات هەموو گۆڕانکارییەکان دەستبەجێ و پێکەوە ئەنجام بدرێن. دیدی ئێمە ئەوەیە وەزارەتی پەروەردە زیاتر قووڵ ببێتەوە لە ئەولەوییەتەکاندا و کار بکات لەسەر ڕاسپاردەکانمان لە ماوەی چەند ساڵێکدا، بە شێکی بۆ ئەوەی بارێکی گران لە ژمارەیەکی زۆر گۆڕانکاری نەخرێتە سەر شانی بەڕێوەبەران و مامۆستایان، و بەشێکی چونکە چالاکی و کۆششەکانن پێویستی بە بڕێکی زۆر کارگێریکردن و بەڕێوەبردنە.

هەمیشە گۆڕانکاری گەورە لە سیستمی پەروەردە پێویستی بە سەرکردایەتی بەهێز و توانای تەکنیکییە- بۆ ئەوەی کۆششەکان ئاڕاستە بکات، لە ئاستەنگەکان ورد ببێتەوە، بڕیار بدات، و کۆدەنگی لە نێوان لایەنە بەشدارەکان دروست بکات. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە هەماهەنگییەکی پتەو لە ئارادا بێت لەنێوان لایەنە جۆراوجۆرەکان، کە ڕەنگە بەرژەوەندیی جۆراوجۆریان هەبێت. لە حاڵەتی هەرێمی کوردستاندا، ئەم لایەنانە بریتین لە چەند وەزارەتێک، چەند نووسینگەیەکی ناو وەزارەتی پەروەردە، پارێزگا و قەزاکان، و قوتابخانەکان. گۆڕانکاری هەروەها پێویستی بە دانوستانە، پێویستی بە پلانێکی باشی گەیاندن، و ئیرادەی سیاسییە. هەندێک گۆڕانکاری پێویستیان بە دابینکردنی تەمویلی ترە، هەندێکی تریان ڕەنگە پێویستی بە مەشقپێکردنی ستافی وەزارەت بێت. بۆ جێبەجێکردنی هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی ئێمە پێشنیارمان کردووە، بۆ جێبەجێکردنیان بە شێوەیەکی کارا، پێویستە پلانێکی ورد دابڕێژرێت، بە ڕوونی ئامانجەکان دابڕێژرێت، ئەرکەکان بە شێوەیەکی باش دیاری بکرێت، پێوانە بەکاربهێنرێت بۆ پێوانەکردنی بەرەوپێشچوونەکان، و هەروەها پێویستە کاتبەندی دابڕێژرێت. لە هەندێک حاڵەتدا، ڕەنگە وا پەسەند بێت (لێکۆڵینەوەی گونجاوێتی) ئەنجام بدرێت لە چەند قوتابخانەیەک، یان لێکۆڵینەوە لەسەر دەستپێکردنی چەند قوتابخانەیەک ئەنجام بدرێت، بۆ بینینی ئەو ئاستەنگانەی کە ڕەنگە سەرهەڵبدەن و پێویستیان بە چارەسەرە، پێش ئەوەی گۆڕانکارییەکان بەسەر هەموو سیستمەکەدا پیادەبکرێن.

لەم چاپتەرەدا، ئێمە شێوازێک پێشنیار دەکەین تا وەزارەتی پەروەردە پیادەی بکات بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان بە شێوەیەک بتوانرێت بەڕێوە ببرێن. ئەم شێوازە سێ کۆڵەکەی سەرەکیی هەیە:

- دەستنیشانکردنی تیمی کار بۆ هەر ڕاسپاردەیەک لە ڕاسپاردە سەرەکییەکان بۆ ئەوەی بڕیاری سەرەکی لەسەر دەربکەن، سیاسەت و بەرنامە و ڕێنامیی تەشغیلی بۆ دەربکەن، و پلانی تێروتەسەلی جێبەجێکردنی بۆ دابڕێژن.
- جێبەجێکردنەکە بە چەند قۆناغێک ئەنجام بدرێت.
- هەماهەنگی لەگەڵ تیمەکانی تری کار بکرێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەشانەی پەیوەندیی هەیە بە هەموو تیمەکانەوە.

لە سەرەتادا بە تێروتەسەلی وەسفی پێکهاتە و جێبەجێکردن و داڕشتنی بەرپرسیارێتییەکانی پێنج تیمی کار دەکەین، کە پێشنیار دەکەین وەزارەت دایانبنێت. ئنجا چوارچێوەیەک پێشکەش دەکەین بۆ پلاندانان و جێبەجێکردنەکە بە چەند قۆناغێک. دواجار، باسی هەندێک کار و ئەرک دەکەین کە ڕەنگە بەدەر بێت لە سنووری بەرپرسیارێتی هەر تیمێک لە تیمەکانی کار، بەڵام پێویستیشن بۆ جەختکردنەوە لە سەرکەوتنی جێبەجێکردنەکە.

## کۆکردنەوەی هەر پێنج تیمی کارەکە بۆ پلاندانان بۆ جێبەجێکردنەکە

ئێمە پێشنیار دەکەین وەزارەت پێنج تیمی کار پێکبهێنێت بۆ ئەوەی پلانی ورد دابڕێژن بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان:

- تیمی کاری توانای قوتابخانەکان
- تیمی کاری مەشقی مامۆستایان
- تیمی کاری تافی فێرکاری و سیاسەتی هێشتنەوەی قوتابی
- تیمی کاری بەرپرسیاربوون (مسائەلە) و حەوافز.

هەر یەکێک لەم تیمی کارانە بەرپرسیارن لە یەکێک لە پێنج ڕاسپاردەکە: (1) بەرفراوانکردنی توانای سیستمی قوتابخانە، (2) باشترکردنی مەشق و ئامادەکردنی مامۆستایان، (3) زیاترکردنی تافی فێرکاری، (4) بەرفراوانکردنی هەلی خوێندن بۆ قوتابیانی ئاست-بەرز (لە چوارچێوەی ئامانجی ستراتیجیی چاکترکردنی جۆرایەتیی خوێندن)، (5) پتەوترکردنی بەرپرسیاربوون و حەوافزی لایەنە بەشدارەکان.

کاری تیمەکانی کار پێویستی بە هەماهەنگی چڕوپڕە، نە تەنها لە نێوان بەڕێوەبەرایەتییەکانی ناو وەزارەت، بەڵکو هەروەها لەگەڵ دەستگای دەرەوەی وەزارەت. بە شێوەیەکی نموونەیی، پێویستە ئەندامانی هەر تیمێک (ئەگەر گونجاو بێت) نوێنەرایەتی ئەمانە بکەن» سەرجەم وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، بەڕێوەبەرایەتیی تەریب لە وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردەی پارێزگاکان، بەڕێوەبەران، سەرپەرشتیاران، مامۆستایان، و دایک وباوکان. دانانی کارگێڕان، بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان، و مامۆستاکان دەبێتە مایەی ئەوەی ئەو گۆڕانکارییانە بە ڕەوا دابنرێن، و ئەمەش هاوکار دەبێت لە جێبەجێکردنی کارای پلانەکان.

لەبەرئەوەی ڕەنگە تا ڕادەیەک هەندێک کاری تیمەکان تێکەڵاوی یەکتر ببن، وەزیری پەروەردە دەتوانێت چاودێری و هەماهەنگی نێوان هەر پێنجیان ڕێک بخات، هەر تیمێک سەرۆکێکی بۆ دابنێت کە ڕاستەوخۆ ڕاپۆرت بۆ بەڕێزیان یان جێگرەکەی بەرز بکەنەوە، پێویستە ئەو تیمی کار و لیژنانەی کە بەرپرسیارێتییەکانیان تێکەڵاوی یەکتر دەبێت لە نێوان خۆیاندا هەماهەنگی بکەن. هەڵبژاردنی سەرکردایەتی زۆر پربایەخە: هەر سەرۆکێک بەرپرسیار دەبێت لە ئەرک و کاری گرنگی وەک داڕشتنی سیاسەت، پاراستنی جەختی هێزی کارەکە لە ماوەی چەند ساڵێکدا، و بەدەستهێنانی پشتگیریی بۆ گۆڕانکارییەکان. بەم شێوەیە، پێویستە هەر سەرۆکێک بە تەواوەتی پابەند بێت بەو گۆڕانکارییانەی جێبەجێ دەکرێن، سیفاتی ڕێکخەری و هەماهەنگی و کارگێڕی باشی هەبێت، و دەسەلاتی پێویستی هەبێت (یان دەسەڵاتی پێویستی پێبدرێت) بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کارا هەماهەنگی بکات لەگەڵ سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان، ئاستە جیا جیاکانی حکومەت، و تەنانەت لەگەڵ وەزارەتەکان.

**تیمی کاری (توانای قوتابخانەکان)**

(تیمی کاری توانای قوتابخانەکان) بەرپرسیارە لە پلاندانان بۆ بەرفراوانکردنی قوتابخانەکان، پۆلەکان، و مامۆستاکان بۆ ئەوەی بتوانن باوەش بۆ ئەو قوتابییە نوێیانە بکەنەوە کە لە دە ساڵی داهاتوودا داخڵی قوتابخانە دەبن، و بۆ کەمکردنەوەی قەرەباڵغیی قوتابخانەکان. بە ڕەچاوکردنی مەودای ئەو بەرفراوانکردنەی پێشبینی دەکرێت، ڕەنگە وا پێویست بێت ئەم تیمی کارە بکرێت بە دەستگا و بۆ چەند ساڵێک بەردەوام بێت لەسەر کارەکانی. پێویستە ئەم تیمە ئەمانە لەخۆبگرێت: نوێنەرانی بەڕێوەبەرایەتییە جۆراوجۆرەکانی: وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی پلاندانان، وەزارەتی دارایی، و وەزارەتی خوێندنی باڵا، پارێزگا و قەزاکان، و شارەوانییەکان. هەر یەکێک لەم لایەنە پەیوەندیدارانە دەسەلاتی بەسەر بەشێک یان زیاد لە بەشێکی ئەم چالاکییەدا هەیە.

تیمی کارەکە سێ بواری بەرپرسیارێتی لەسەر شانە: بەکارهێنانی توانای ئێستای قوتابخانەکان، دروستکردنی قوتابخانە، و دامەزراندن و گرێبەستکردنی مامۆستای نوێ. پێویستە لیژنەی لاوەکی بۆ هەر یەکێک لەوانە دروست بکرێت.

**لیژنەی لاوەکیی بۆ بەکارهێنانی توانای ئێستا.** بەرپرسیارە لە دانانی پلان بۆ شەفتی دووەم لە چەند قوتابخانەیەکی یەک دەوامی و دابەشکردنەوەی قوتابیان بۆ کەمکردنەوەی قەرەباڵغیی، پێویستە ئەم لیژنە لاوەکییە هەماهەنگی لەگەڵ (لیژنەی لاوەکیی تافی فێرکاری) بکات. ئەرکەکانی بریتین لە:

- بەکارهێنانی زانیاری سەرەتایی بەردەست بۆ دەستنیشانکردنی قوتابخانە یەک شەفتییەکان لە شارەکان کە دەتوانرێت شەفتی دووەمیان تێدا بکرێت.
- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی گونجاوێتی (دراسة الجدوى) بۆ جەختکردنەوە لەوەی قوتابییەکان دەتوانن بگەنە قوتابخانەکانیان.
- داڕشتنی پلان بۆ دروستکردنی شەفتی دووەم لە قوتابخانە یەک شەفتییەکان، لەناویاندا دامەزراندنی بەڕێوەبەر و مامۆستا و تەرخانکردنی قوتابیان بۆیان.
- بەکارهێنانی زانیاری سەرەتایی بەردەست بۆ دەستنیشانکردنی قوتابخانە قەرەباڵغەکان و ئەو قوتابخانانەی لێیان نزیکن و کەمتر قەرەباڵغن.
- داڕشتنی پلان بۆ گواستنەوەی قوتابیان لە قوتابخانە قەرەباڵغەکانەوە بۆ ئەوانەی کەمتر قەرەباڵغن.
- پەیوەندی کردن بە دایکان و باوکانەوە سەبارەت بە گواستنەوەی قوتابییەکان لە قوتابخانەکەوە بۆ قوتابخانەیەکی تر.

**لیژنەی لاوەکی بۆ بنیاتنانی قوتابخانە.** ئەم لیژنە لاوەکییە بەرپرسیار دەبێت لە:

- بڕیاردان لەسەر ژمارەی ئەو قوتابخانانەی کە بنیات دەنرێن
- دانانی پلان و چاودێریکردنی چاککردنەوە و هەر کاروبارێکی تری قوتابخانەکانی ئێستا
- داڕشتنی پلانێک لە چەند قۆناغێک بۆ دروستکردنی قوتابخانە لە هەر ناحیەیەک بۆ بەرسڤدانەوەی داواکاریی هەنووکەداڕشتنی پلانێک لە چەند قۆناغێک بۆ دروستکردنی قوتابخانە لە هەر ناحیەیەک بۆ بەرسڤدانەوەی داواکاریی هەنووکەی و ئایندەیی لە قوتابخانە. پێویستە پلانەکە پشت بە زانیاری سەرەتایی ژمارەی دانیشتوان ببەستێت لەگەڵ ڕەوتی زیادبوونی دانیتوان لە هەر قەزا و ناحیەیەک.
- دابینکردنی پابەندێتی بودجە بۆ چوار-پێنج ساڵی داهاتوو.
- بڕیاردان لەسەر هەرە ستاندارده گونجاوەکان و شێوازی بنیاتنانی قوتابخانەکان، بە ڕەچاوکردنی پێویستییەکان و بەرتەسکێتیی بودجە.
- داڕشتنی تەندەر (داواکاری بۆ پێشکەشکردنی پرۆژە)، هەڵبژاردنی بەڵێندەر، و چاودێری گرێبەستەکان و بیناسازییەکان لە لایەن بەڵێندەرەکانەوە
- هەماهەنگی لەگەڵ پارێزگاکان، قەزا و شارەوانییەکان بۆ جەختکردنەوە لەوەی ژێرخانی پێویست ئامادەیە بۆ پشتگیری لەو قوتابخانانەی دروست دەکرێن (بۆ نموونە، ئاو، ئاوەڕۆ، کارەبا، و ڕێگەوبان)
- نۆژەنکردنەوەی پلانەکانی بیناسازی بە شێوەیەکی ساڵانە بۆ ڕەچاوکردنی گەشەی ڕاستەقینەی ژمارەی قوتابییەکان
- دانانی ئامانجی ساڵانە بۆ ئەوەی بتوانرێت چاودێری بڕی بەرەوپێشچوون بەرەو ئەو ئامانجانە بکرێت.

**لیژنەی لاوەکیی بۆ مامۆستای نوێ.** ئەم لیژنەیە بەرپرسیارە لە دانانی پلان بۆ ژمارەی ئەو مامۆستا نوێیانەی لە دە ساڵی داهاتوودا پێویستن و پێویست دەبن بۆ هەماهەنگی لە نزیکەوە لەگەڵ (تیمی کاری مەشقی مامۆستایان). ئەرکەکانی بریتی دەبێت لە:

- دیاریکردنی کۆی ژمارەی مامۆستای پێویست لە هەر ساڵێک بۆ قوتابخانە نوێیەکان
- دیاریکردنی ژمارەی مامۆستایان بە گوێرەی تایبەتمەندێتی (ئیختساس)ی جۆراوجۆریان بۆ قوتابخانە نوێیەکان و پڕکردنەوەی کەموکووڕیی هەنووکەیی لە تایبەتمەندێتییە سەرەکییەکان.
- هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەی خوێندنی باڵا و کۆلیژەکانی مامۆستایان بۆ ئەوەی پلان دابنێن بۆ ژمارەی ئەو تازە دەرچووانەی پێویستن لە کۆلیژەکانی مامۆستایان
- داڕشتنی پلانی تەرخانکردنی مامۆستایان بۆ هەر قوتابخانەیەک کە لە نوێ دروست دەکرێتەوە
- دروستکردن و تەرخانکردنی ستاف بۆ شەفتی دووەم لە هەندێک قوتابخانە
- دانانی ئامانجی ساڵانە بۆ ئەوەی بتوانرێت چاودێری بڕی بەرەوپێشچوون بەرەو ئەو ئامانجانە بکرێت.

**تیمی کاری (مەشقی مامۆستایان)**

(تیمی کاری مەشقی مامۆستایان) پلانێک دادەڕێژێت و جێبەجێی ئەکات بۆ جەختکردنەوە لەوەی مامۆستاکان هێندەی پێویست پسپۆڕییان هەیە کە مەنهەجە نوێیەکە بڵێنەوە و پەروەردەیەکی باش دابین بکەن. ڕەنگە ئەم تیمی کارە بۆ چەندین ساڵ پێویست بێت. دەبێت نوێنەری ئەم لایەنانە لەخۆبگرێت: وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی خوێندنی باڵا، کۆلێژەکانی مامۆستایان، و ڕەنگە ڕاوێژکار لە کۆلێژی مامۆستای نێودەوڵەتی، سەرەڕای بەڕێوەبەری قوتابخانە و مامۆستایان و سەرپەرشتیاران.

پێویستە ئەم تیمی کارە هەماهەنگی لەگەڵ سەرجەم تیمەکانی تربکات: لیژنەی سیاسەتی هەڵسەنگاندنی مامۆستا سەر بە تیمی کاری بەرپرسیاربوون و حەوافز بۆ جەختکردنەوە لەوەی هەماهەنگی هەیە لەسەر ئەوەی چۆن مەشق بە مامۆستاکان بکرێت و چۆن هەڵدەسەنگێندرێن و ئەو پێوەرانەی بەکاردەهێنرێن پێوەری چەسپاو و تەبان، لەگەڵ لیژنەی سیاسەتی هێشتنەوە، بۆ جەختکردنەوە لەوەی مامۆستاکان وەک یەکتری مەشقیان پێدەکرێت بۆ دەستنیشانکردنی ئەو قوتابییانەی ڕەنگە پێویستیان بە یارمەتی زیاتر هەبێت و ئەوانەی پێویستە بهێڵرێنەوە.

ئەم تیمی کارە سێ بواری بەرپرسیارێتیی سەرەکی لە ئەستۆیە: مەشقکردن بە مامۆستا نوێیەکان، بڕوانامەدان بە دەرچوانی زانکۆ کە دەتوانن وەک مامۆستا کار بکەن، و گەشەی پیشەیی مامۆستا موماریسەکان—پێویستە لیژنەیەکی لاوەکی بۆ هەر یەکێک لەم بەرپرسیارێتیانە دابمەزرێت.

**لیژنەی لاوەکی بۆ مەشقپێکردنی مامۆستای نوێ.** بەرپرسیارە لە چاکترکردنی مەشقکردن بە مامۆستای نوێی دەرچوانی کۆلێژی مامۆستا، ئەرکەکانی ئەم لیژنەیە بریتین لە:

- پێداچوونەوەی مەنهەجی کۆلێژی مامۆستایان. ئەو بوارانەی پێداچوونەوەیان پێویستە بریتین لە زیاترکردنی مەشق لەسەر شێوازەکانی فێرکاری، دانانی مەرجێک کە پێویستە ئەزموونی کارکردن هەبێت وەک مامۆستا وەک بەشێک لە پێویستییەکانی دەرچوون (تخرج)، جەختکردنەوە لەوەی مامۆستا نوێیەکان وەک پێویست زانیارییانە هەیە بۆ وتنەوەی مەنهەجە نوێیەکە، و بە مەرجدانانی تایبەتمەندێتی سەرەکی و تایبەتمەندێتیی لاوەکی.
- داڕشتنی سیاسەت بۆ ئەو جۆرانەی شێوازی فێرکاری کە دەگوترێنەوە لە کۆلێژ، بۆ جەختکردنەوە لەوەی مامۆستاکان شێوازی گونجاو بەکاردەهێنن لە پۆلەکانی کوردستان.
- هەماهەنگی لەگەڵ تیمی کاری توانای سیستمی قوتابخانەکان بۆ کاروباری ژمارەی پێویستی ساڵانەی مامۆستا نوێیەکان لە بواری تایبەتمەندێتی جۆراوجۆردا
- هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ بەرزکردنەوەی مەرجەکانی وەرگرتنی قوتابی لە کۆلێژی مامۆستایان.

**لیژنەی لاوەکی بڕوانامەدان بە دەرچووانی زانکۆ بۆ کارکردن وەک مامۆستا.** ئەم لیژنە لاوەکییە بەرپرسیارە لە بەرزکردنەوەی مەشقکردن بەو مامۆستا نوێیانەی کە تازە لە زانکۆکان دەرچوون نەوەک دەرچووانی کۆلێژەکانی مامۆستایان، ئەرکەکانی بریتین لە:

- داڕشتنی پلان بۆ دابینکردنی مەشقی زیاتر لەسەر شێوازەکانی فێرکاری و ئەزموونی کاری مامۆستا-قوتابی بۆ ئەو دەرچووانەی زانکۆ کە وەک مامۆستا دادەمەزرێن. پێویستە ئەو شێوازە فێرکارییانەی دەگوترێنەوە تەبا بن لەگەڵ ئەوانەی لە کۆلێژی مامۆستایانی بنەرەتی دەگوترێنەوە.

**لیژنەی لاوەکی بۆ گەشەی پیشەیی مامۆستا موماریسەکان.** ئەم لیژنە لاوەکییە بەرپرسیارە لە دانانی پلان بۆ چۆنیەتی مەشقکردن بە مامۆستا موماریسەکان بۆ ئەوەی باشتر مەنهەجە نوێیەکە بڵێنەوە، ئەرکەکانی بریتی دەبن لە

- دامەزراندنی پەیمانگەی مەشقی مامۆستایان لە هەر سێ پارێزگاکە
- داڕشتن و جێبەجێکردنی پلانێک بۆ دامەزراندن و مەشقپێکردنی مەشقدەری پسپۆڕی مامۆستایان. دەشێت ئەم مەشقدەرانە باشترین مامۆستا، سەرپەرشتیار بن لەگەڵ خەڵکی تر لە ڕێی پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی وردەوە.

دەتوانرێت ئەم کارە بە هاوکاری بکرێت لەگەڵ کۆلێژی مامۆستایان یان لە میانی مەشقکردن بە مەشقدەرە نوێیەکانەوە لە ڕێی ناردنیان بۆ وڵاتانی تر بۆ خوێندنی ماستەر لە وانەوتنەوە (فێرکاری)دا.

- داڕشتنی بابەتی مەشقی ستاندارد کە پشت بەستن بە ئەولەوییەتەکان (وەک دانانی ئەولەوییەت بۆ ناوەڕۆکی وانەکە و شێوازی فێرکاریی گونجاو بۆ پۆلەکانی هەرێمی کوردستان)
- داڕشتنی پلان بۆ نۆرە پێکردن (ڕۆتەیشن)ی مامۆستاکان بە ناردنی مامۆستاکان بە نۆرە بۆ بەشدارییکردنیان لە مەشقی ستانداردا بۆ ماوەیەکی درێژتر.

**تیمی کاری (تافی فێرکاری و سیاسەتی هێشتنەوەی قوتابی)**

تیمی کاری (تافی فێرکاری و سیاسەتی هێشتنەوەی قوتابی) پلان دادەنێت و جێبەجێی دەکات بۆ زیاترکردنی تافی فێرکاری و گۆڕانکاری لە سیاسەتی هێشتنەوەی قوتابی. ڕەنگە وا پێویست بکات بۆ ماوەیەکی کەم دابمەزرێت—هێندەی کە بڕیارەکان دەربکات و جێبەجێیان بکات. دوای ئەوە، دەتوانرێت هەڵبوەشێندرێتەوە، ناوبەناویش چاودێری بەرەوپێشچوونەکە بکرێت. پێویستە نوێنەرانی ناو ئەم تیمی کارە بە شێوەیەکی سەرەکی لە وەزارەتی پەروەردەوە وەربگیرێن لەگەڵ هەندێک بەڕێوەبەری قوتابخانە، سەرپەرشتیار، و مامۆستا وەک ڕاوێژکار.

**لیژنەی لاوەکیی تافی فێرکاری.** بەرپرسیارە لە زیاترکردنی تافی فێرکاری لە پۆلەکانی کوردستان، ئەرکەکانی ئەم لیژنەیە بریتی دەبێت لە

- بڕیاردان لەسەر هەرە گونجاوترین شێوازەکانی زیاترکردنی ماوەی خوێندن—زیاترکردنی ماوەی دەوامی ڕۆژانە، زیاترکردنی ڕۆژەکانی دەوامکردن، یان هەردووکیان، و دانانی ڕۆژی دەستپێکردنی خوێندن و ڕۆژی کۆتاییهاتنی خوێندن.
- نووسینەوەی سیاسەتێک بۆ ئەو بڕە کاتەی پێویستە بۆ لەمەودوا و گەیاندنی بە قوتابخانەکان.
- دانانی پلانی گەیاندن بۆ پەیوەندی کردن بە جەماوەرەوە کە بایەخی ئەم گۆڕانکارییانە لە چیدایە بۆ بەدەستهێنانی پشتگیریی لە جێبەجێکردنەکە و کەمکردنەوەی ڕەخنە یان بەرەنگاربوونەوەی زیاترکردنی کاتەکە.

**لیژنەی لاوەکیی بۆ سیاسەتی هێشتنەوە.** ئەم لیژنە لاوەکییە بەرپرسیار دەبێت لە دەرکردنی بڕیار و دانانی سیاسەت سەبارەت بە هێشتنەوەی قوتابیان، پێویستە هەماهەنگی لەگەڵ (تیمی کاری مەشقی مامۆستایان) بکات لە بواری سیاسەتەکان و مەشقکردن، ئەرکەکانی بریتی دەبن لە:

- بڕیاردان لەسەر سیاسەتی هێشتنەوەی قوتابیان و کەی، و دانانی ئامانج بۆ کەمکردنەوەی هێشتنەوەی قوتابیان
- داڕشتنی سیاسەت و دابینکردنی سەرچاوە بۆ ئەوەی پشتگیری زیاتری فێرکاری پێشکەش بەو قوتابیانە بکرێت کە پێویستیان پێیەتی، بە تایبەتی بۆ چاکترکردنی پلە و دەرچوونی ئەوانەی ئەدایان زۆر نزمە.
- دروستکردن و بەکارهێنانی پێوەرێک بۆ چاودێریکردنی بەرەوپێشچوون لە کەمکردنەوەی ڕێژەی مانەوەی قوتابیان و چاکترکردنی پلە و دەرچوونی قوتابیە ئەدا هەرە نزمەکان لە ڕێی دابینکردنی پشتگیریی زیاتری فێرکاری
- گەیاندنی گۆڕانکاریی سیاسەتەکان بە قوتابخانەکان.

**تیمی کاری (دەرفەتی جۆراوجۆر)**

(تیمی کاری دەرفەتی جۆراوجۆر) بەرپرسیارە لە دانانی پلان بۆ دابینکردنی دەرفەتی زیاتر بە قوتابیانی ئاست-بەرز، و جێبەجێکردنی پلانەکە. پێویستە ئەندامەکانی ئەم تیمە بە شێوەیەکی سەرەکی لەم لایەنانە وەربگیرێن: وەزارەتی پەروەردە، لەگەڵ ڕاوێژکار لە مامۆستایان و سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەری قوتابخانە نموونەییەکان و بەهرەدارەکان لە کەرتی تایبەت. بەرپرسیارێتییەکانی بریتی دەبێت لە

- بڕیاردان لەسەر ئەو بەرنامەی خوێندن کە لە هەرێمی کوردستان بۆ قوتابیانی ئاست-بەرز پێشکەش بکرێت، ئنجا لە قوتابخانەی جیاواز بێت یان لەناو قوتابخانەکاندا

- دارشتنی پلان بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارانە، لەناویدا دانوستان لەسەر بینای قوتابخانەی تر کە بۆ ئەم قوتابخانانە تەرخان بکرێت، هەڵبژاردن و مەشقکردن بە مامۆستای زۆر باش، و داڕشتنی پلان بۆ هەڵبژاردنی قوتابییان بە شێوەیەکی شەفاف.
- داڕشتنی پلانێکی ستراتیجی بۆ ئەوەی جەماوەر تێبگات لە هۆیەکانی دابینکردنی دەرفەتی جیاوازی خوێندن بۆ قوتابیانی ئاست-بەرز یان بەهرەدار و دڵنیایی لەوەی کە هەڵبژاردنی قوتابیان بۆ ئەم بەرنامانە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و شەفافە.
- دانانی ئامانج بۆ ئەوەی 10 تا 15 لە سەتای قوتابیان لەم بەرنامانە وەربگیرێن لە ماوەی دە ساڵی داهاتوودا.

**تیمی کاری (بەرپرسیاربوون (مسائەلە) و حەوافز)**

(تیمی کاری بەرپرسیاربوون و حەوافز) بەرپرسیارە لە دانان و جێبەجێکردنی پلانی پیادەکردنی چاکسازی لە بەرپرسیاربوون و حەوافز بۆ قوتابخانەکان، مامۆستاکان، بەڕێوەبەرەکانی قوتابخانەکان، و قوتابییەکان. وا پەسەندە ئەم تیمە بە لای کەمەوە ماوەی پێنج ساڵ کار بکات بۆ ئەوەی کاتی هەبێت ئەم گۆڕانکارییانە دابڕێژێت، پیادەیان بکات، و ئنجا بەردەوام لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا کار بکات بۆ چاکترکردنی. پێویستە ئەندامانی ئەم تیمە بە شێوەیەکی سەرەکی لە وەزارەتی پەروەردە بن سەرەڕای نوێنەرانی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان، مامۆستایان، و سەرپەرشتیاران.

ئەم تیمە لە سێ بواری بەرپرسیارێتییدا کار دەکات، کە پێویستە بۆ هەر یەکێکیان لیژنەیەکی لاوەکی پێک بهێنێت: هەڵسەنگاندنی مامۆستایان، داڕشتنی نیشاندەرەکانی سەرکەوتن، و بڵاوکردنەوەی زانیاری بەسەر جەماوەردا لەسەر پەروەردە و فێرکردن. لە بواری هەڵسەنگاندنی مامۆستایاندا، پێویستە هەماهەنگی لەگەڵ (تیمی کاری مەشقکردن بە مامۆستایان) بکات.

**لیژنەی سیاسەتەکانی هەڵسەنگاندنی مامۆستایان.** بەرپرسیارە لە پێداچوونەوەی سیاسەتەکانی هەلسەنگاندنی مامۆستایان. ئەرکەکانی ئەم لیژنە لاوەکییە بریتی دەبێت لە:

- داڕشتنی سیاسەتی ڕوون بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدای مامۆستایان بە گوێرەی مەنهەجە نوێیەکە لەگەڵ مەشقی مامۆستایان
- پێداچوونەوەی پێوەرەکان و فەرمانەکانی هەڵسەنگاندنی مامۆستایان
- بڕیاردان لەسەرئەوەی کێ مامۆستاکان هەڵدەسەنگێنێت و چەند مامۆستا هەڵدەسەنگێنێت—ئاخۆ بەڕێوەبەری قوتابخانەکان هەڵدەسەنگێنیت یان سەرپەرشتیار، یاخود هەردووکیان. ڕەنگە بۆ ئەم مەبەستە وا پێویست بێت ڕۆڵی سەرپەرشتیارەکان دابڕێژرێتەوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سەرەکی جەخت بخاتە سەر هەڵسەنگاندن، و زیاترکردنی بایەخی هەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەرەکان
- ڕەچاوکردنی هەندێک ڕێگە بۆ خەڵاتکردنی مامۆستا و بەڕێوەبەری ئەدا بەرز، لە ڕێی پێزانین یان خەڵاتی داراییەوە
- ڕەچاوکردنی هەندێک ڕێگە بۆ مەشق و حەوافز بە مەبەستی چاکترکردنی ئەدای مامۆستایانی ئەدا-نزم

**لیژنەی لاوەکی بۆ نیشاندەرەکان (مؤشرات)ی سەرکەوتن.** بەرپرسیارە لە داڕشتنی نیشاندەر بۆ پێوانەکردنی بەرەوپێشچوونی سیستمی قوتابخانەی هەرێمی کوردستان لەسەر ڕێچکەی ئەولەوییەتەکان و سەرکەوتنی قوتابیان. ئەرکەکانی ئەم لیژنە لاوەکییە بریتی دەبێت لە:

- دانانی پلان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری سەرەتایی بە شێوەیەکی بەردەوام لەسەر پلە و دەرچوونی قوتابیان لە تاقیکردنەوەکانی پۆلەکانی 5، 8، و 11.
- داڕشتنی سیستمێک بۆ کۆکردنەوەی زانیاری سەرەتایی بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی بۆ ئەوەی لە ئاستی جۆراوجۆردا شی بکرێتەوە—لە ئاستی سیستم، ئاستی قوتابخانە، ئاستی هەرێمایەتی، و ئاستی قوتابیان.
- شیکردنەوەی زانیاری سەرەتایی ماوەیەکی دیاریکراو بۆ پێوانەکردنی بەرەوپێشچوون
- دانانی ڕێوشوێن بۆ بەشداریکردنی هەرێمی کوردستان لە هەلسەنگاندنە نێودەوڵەتییەکاندا بۆ دیاریکردنی ئەدای سیستمی قوتابخانەی هەرێمی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ ستاندارده جیهانییەکان
- دۆزینەوەی ڕێگە بۆ دەستنیشانکردن و دابینکردنی خەڵات بۆ قوتابخانە ئەدا-بەرزەکان.

**لیژنەی ئاشناکردنی جەماوەر بە پەروەردە.** بەرپرسیارە لە ئاڵوگۆڕی زانیاری سەبارەت بە ئەدای قوتابخانە و پلە و دەرچوونی قوتابیان. ئەرکەکانی ئەم لیژنە لاوەکییە بریتییە لە

- داڕشتنی پلان بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری سەرەتایی لەسەر ئەدای سیستمی قوتابخانە بە گشتیی لەگەڵ جەماوەر
- داڕشتنی پلان بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری سەرەتایی لەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانەکان لەسەر چۆنیەتی ئەدای قوتابخانەکان لە بواری جۆراوجۆردا بە بەراورد لەگەڵ قوتابخانەکانیتر
- داڕشتنی سیاسەت و میکانیزم بۆ بەرەوپێشبردنی بەشداریی دایکان و باوکان لە سیستمی قوتابخانەدا
- دامەزراندنی ڕاوێژی وەزارەتی پەروەردە لەگەڵ بەڕێوەبەرەکان و مامۆستایان لەسەر بڕیارەکان پێش دەرکردنی بڕیارە سەرەکییەکان و جێبەجێکردنیان
- داڕشتنی پلانی پەیوەندی و گەیاندن بۆ ئاشناکردن بە ڕۆڵی گرنگی پەروەردە و خوێندن لە بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی، و ئاشناکردنی دایکان و باوکان بە ڕۆڵیان لە پشتگیری فێربوونی منداڵەکانیاندا.

## جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان بە قۆناغ و بە کاتبەندی

لێکۆڵینەوە لە گۆڕانکاریی ڕێکخراوە گەورەکاندا ئەوەی دەرخستووە کە جێبەجێکردن کاتێک سەرکەوتوو دەبێت کە بە چەند قۆناغێک ئەنجام بدرێت[1]. شیکردنەوەیەکی لێکۆڵینەوەکان لەسەر جێبەجێکردن ئەوەی دەرخستووە گۆڕانکارییەکی شەش قۆناغی لە کەرتی گشتییدا ئەنجام بدرێت: گەڕان و تەبەنی کردن، دانانی بەرنامەکان، جێبەجێکردنی بەرایی، کارکردن بە تەواوەتی، داهێنان، و بەردەوامیێتی. ئێمە ئەم شێوازەمان تەبەنی کرد کە لە شەش قۆناغ پێک دێت، بۆ ئەوەی لە کوردستان بەکاربهێنرێت.بڕوانە شێوەی 6-1

**شێوەی 6-1**
**قۆناغەکانی جێبەجێکردنی گۆڕانکاریەکان بەسەر سیستمی خوێندن لە هەرێمی کوردستان - عێراق**




[A] بۆ جێبەجێکردنی ئەمە پێویستە لێکۆڵینەوە بکرێت لەسەر گونجاوێتی، کولفەکان، و بابەتی تر
RAND *MG1140-6.1*

---

[1] فیکسن و هاوڕێیانی (2005) شیکردنەوەیەکی هەمەلایەنی نزیکەی 6,000 بابەتیان کرد لەسەر جێبەجێکردنی دەستپێشخەرییەکانی گۆڕانکاری لە لایەن کەرتی گشتییەوە. هەروەها بڕوانە 2003, Harman and Harman، وNadler and Tushman1997

**قۆناغی I: کۆبوونەوەی تیمەکانی کار و دروستکردنی بڕیارە سەرەکییەکان**

لە قۆناغی I، پێویستە وەزارەتی پەروەردە پێنج تیمی کار دروست بکات، ئەم تیمانە ڕاستەوخۆ ڕاپۆرت بۆ وەزیری پەروەردە بەرز دەکەنەوە. یەکەم ئەرکی تیمەکانی کار بریتی دەبێت لە پێداچوونەوەی ڕاسپاردەکانی ڕەند RAND، لایەنە باش و خراپەکانی هەڵدەسەنگێنن، دوایین بڕیار دەدەن لەسەر ئەو گۆڕانکارییانەی کە تەبەننی بکرێن و ئەو کاتبەندییەی کە پیادە دەکرێت بۆ جێبەجێکردنەکان. تیمی کارەکان ئنجا بەرپرسیار دەبن لە ڕێنماییکردنی بەشەکانی پرۆسەی جێبەجێکردنەکە لە میانی پێنج قۆناغی جێبەجێکردنەوە.

**قۆناغی II: داڕشتنی سیاسەتەکان، بەرنامەکان، و ڕێنماییە تەشغیلییەکان**

قۆناغی II بریتییە لە دانانی سیاسەت و بەرنامە و ڕێنمایی تەشغیلی تێروتەسەل کە پێناسەی ئەم خاڵانە دەکات (1) ئەو شتانە کامانەن کە پێویستە بەرنامەڕێژییان بۆ بکرێت، و (2) ستافی پەروەردەیی (لەناویاندا کارگێڕییەکان، بەڕێوەبەری قوتابخانەکان، و مامۆستاکان) چی بکەن بۆ جێبەجێکردنی گۆڕانکارییە داواکراوەکان و چۆن ئەو گۆڕانکارییانە ئەنجام بدەن. بۆ نموونە، تیمی کاری بەرپرس لە بەرفراوانکردنی توانای قوتابخانەکان ژمارەی ئەو قوتابخانانە و ژمارەی پۆلەکانیان دیاری دەکات کە پێویستە سالانە دروست بکرێن، چۆن دروست بکرێن (بۆ نموونە، بە شێوازی تەقلیدیی بیناسازی یان بە کۆنکریت و کەرەستەی ئامادە) و کێ بەرپرسیار دەبێت لەوانە. تیمی کاری مەشق پێناسەی ئەرکەکانی بنکەکانی مەشقی هەرێم دەکات، ئاخۆ سەر بە کۆلیژەکانی مامۆستایان دەبن، چەند مەشقدەری پسپۆڕیان بۆ دابین دەکرێت، سالانە مەشق بە چەند مامۆستا دەکەن، ناوەڕۆکی گشتیی بەرنامەی مەشقەکان چی دەبێت، و بەم شێوەیە.

بە کورتی، پێویستە لەم قۆناغەدا هەموو سیاسەت و بەرنامە ئامادەکارییەکان دابڕێژرێت و ڕێنماییەکان بنووسرێنەوە بە شێوەیەک کە بە وردی پێناسەی ئەرکەکان و کردەوە پێشبینیکراوەکانی ئەو ستافە بکەن کە دواجار داوای لێدەکرێت گۆڕانکارییەکان ئەنجام بدات. پێویستە هەروەها تەمویل دابین بکرێت بۆ جێبەجێکردنەکە.

**قۆناغی III: داڕشتنی پلانی جێبەجێکردن**

پێویستە لە قۆناغی II پلانی تێروتەسەل دابڕێژرێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیاسەت و بەرنامە و ڕێنماییە تەشغیلییانەی لە قۆناغی II پێناسە کراون. ئەم پلانانە پێویستە ئەرکی دیاریکراو لەخۆبگرن، هەروەها دیاریکردنی ئەو کەسانەی بەرپس دەبن لە ڕاپەڕاندنی هەر ئەرکێک، و کاتبەندی (جدول زمنی) تەواوکردنی هەر ئەرکێک لەو ئەرکانە. بۆ نموونە، پێویستە پلانەکان ئەو کەسانە دیاری بکەن کە دیزاین بۆ قوتابخانەکان دادەنێن و بنیاتیان دەنێن یان ئەوانەی بەرنامەی نوێ دادەڕێژن، لەگەڵ کاتبەندییەکانیش، چۆ و لە کوێ مەشق بەو ستافە دەکرێت کە پێویستی بە مەشقە لەسەر ئەو گۆڕانکارییانەی کە جێبەجێی دەکەن، کێ ستافە نوێیەکە دادەمەزرێنێت و خشتەی کاتبەندییەکە، ئامانجە پێوراوەکان (الاهداف المقاسة) کامانەن تا پێوەریان بۆ دابنرێت و چاودێری بەرەوپێشچوونیان بکرێت.

هەروەها، پێویستە لەم قۆناغەدا هەر تیمێک لە تیمەکانی کار لایەنە پەیوەندداره‌کان دەستنیشان بکات و ستراتیج دابنێت بۆ باشترین شێوازی کارکردن لەگەڵ لایەنەکان،[2] داڕشتنی پلانی بەڕێوەبردنی لایەنە بەشدارەکان.

دواجار، پێویستە هەر تیمێکی کار ئەو ئاستەنگ و کۆتوبەند و مەترسیانە شی بکاتەوە کە ئەگەری سەرهەڵدانیان هەیە لە کاتی جێبەجێکردنەکەدا، و ئامادەباش بێت بۆ چارەسەرکردنیان وەک پێویست. پێویستە بەم شێوەیە پلانێک بۆ بەڕێوەبردنی مەترسییەکان دابڕێژرێت.

**قۆناغی IV: داڕشتنی پلانی گەیاندن و پەیوەندیکردن، و ڕاگەیاندنی بڕیارەکان**

لە قۆناغی IV، پێویستە وەزارەتی پەروەردەپلانێکی پەیوەندی و گەیاندن دابنێت بۆ پەیداکردنی پشتگیریی لەو گۆڕانکارییانەی ئەنجام دەدرێن. ئەمە هەنگاوێکی گرنگە، و پێویستە بۆ جەختکردنەوە لەوەی ئەو خەڵکانەی بەرپرسن لە جێبەجێکردنی گۆڕانکارییەکان بە سەرکەوتوویی (وەک دایک و باوک، بەڕێوەبەری قوتابخانەکان، و مامۆستاکان) لە هۆی گۆڕانکارییەکان تێدەگەن و پشتگیرییان لێ دەکەن. پێویستە هەر تیمێک لە تیمەکانی کار کۆبوونەوە بکات لەگەڵ لایەنە پەیوەنددارەکان بۆ

---

2 دیلانۆی، 2000 (Delannoy,2000).

کۆکردنەوەی سەرنج و بیروبۆچوونیان. بەشدارییپێکردنی ستافەکە زۆر پڕبایەخە بۆ ئاسانکردن و جەختکردنەوە لە جێبەجێکردنی کارامەی گۆڕانکاری لە سیاسەتەکان یان بەرنامەکان، بە تایبەتی ئەو ستافەی کە گۆڕانکارییەکان کاریان تێدەکات[3]. دوای ئەوە، ڕەنگە وەزارەت ستراتیجێکی پەیوەندی بەستن و گەیاندن دابڕێژێت بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرجەم پێنج تیمەکە، و پلانی تێدا بێت بۆ لابردنی ئاستەنگەکان و ڕەچاوکردنی سەرنج و بۆچوونە نەرێنییەکان.

ڕەنگە وەزارەت هەروەها کۆنفرانسێک ببەستێت بە ئامادەبوونی لایەنە بەشدار و پەیوەندیدارەکان بۆ ڕاگەیاندنی بڕیارەکان و ڕوونکرردنەوەی ئامانج و کارەکان. ئامانجەکانی کۆنفرانسەکە بریتی دەبێت لە بەرچاوخستنی ئەوەی کە کارەکان درێژەی چاکسازییەکانی -2008ن، بە بەشدارییپێکردنی بەرپرسانی پەروەردە، مامۆستایان، و بەڕێوەبەری قوتابخانەکان، و دەستکردن بە خاڵێکی گۆڕانکاری وتەوژم پێدانی.

**قۆناغی V: دەستکردن بە جێبەجێکردن، هەڵسەنگاندن، و گونجاندن**

پێویستە قۆناغی V دەستپێک بێت بۆ جێبەجێکردنی فعلیی گۆڕانکارییە پێشنیارکراوەکان. ئەم گۆڕانکارییانە یان بە گوێرەی قۆناغ داڕێژراون (بۆ نموونە، دەستکردن بە بەرنامەیەکی دەستپێک لەسەر ئاستی چەند قوتابخانەیەکی کەم) یان هەموویان پێکەوە. بۆ نموونە، دەتوانرێت ڕاسپاردە لەسەر زیاترکردنی تافی فێرکاری لە چوار کاتژمێرەوە بۆ پێنج کاتژمێر لە رۆژێکدا لە قوتابخانە دوو شەفتییەکان یان لە چەند قوتابخانەیەکی شار و گوند جێبەجێ بکرێت یان لە سەرجەم قوتابخانەکان پێکەوە. پێویستە مامۆستا و بەڕێوەبەرەکان ئاگادار بکرێنەوە لە ڕێنماییەکان بە نووسراو و پێیان بگوترێت چاوەڕێی چییان لێ دەکرێت. خاڵی باشەی بەرنامەیەکی سنووورداری لە چەند قوتابخانەیەکی کەم ئەوەیە کە جێبەجێکارەکان ئاشنا دەبن بە لایەنە نەرێنییەکانی گۆڕانکارییە لەسەر قوتابیان، مامۆستاکان، دایکان و باوکان و بەڕێوەبەرەکان، هەروەها ئاشنا دەبن بە هەر گیروگرفتێکی لۆجیستیک یان خشتەی کات ئەگەر سەرهەڵبدەن. ئنجا دەتوانرێت کار بکرێت بۆ ڕەچاوکردنی ئەم گیروگرفتانە کاتێک بەرنامەکە بە تەواوەتی و لەسەر ئاستی گشتیی جێبەجێ دەکرێت.

پێویستە لەم قۆناغەدا بڕیار بدرێت لەسەر ئەوەی لە ئاستێکی بچووکدا جێبەجێکردنەکە ئەنجام بدرێت ئەگەر پەسەند بێت، زانیاری سەرەتایی کۆبکرێتەوە و چاودێری بەرەوپێشچوونەکە بکرێت، فەرهەنگی فێربوون لە ئەزموونەوە بنیات بنرێت، هەڵسەنگاندن بکرێت لەسەر چۆنیەتی بەرەوپێشچوون، دەستکاری پلانەکان، ئامانجەکان، سیاسەت، و ڕێوشوێنەکان بکرێت بە گوێرەی ئەو وانانەی فێریان دەبین (الدروس المستقاة). هاوکات، زۆر گرنگە هاوسەنگی ڕابگیرێت لە نێوان باشتر کردن و داهێنان لەگەڵ درێژەدان بە سیاسەتی کاتەبندی. لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە کە لە پرۆسەی چاکسازیکردن لە کەرتی گشتییدا زۆر گرنگە سیاسەتەکان درێژخایەن بن و بەردەوام کاریان لەسەر بکرێت بۆ ئەوەی جێبەجێکردنەکە سەرکەوتن بەخۆیەوە ببینێت.[4]

**قۆناغی VI: جێبەجێکردنی بڕیارەکان لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا بە تەواوەتی**

لە قۆناغی VI، بە گوێرەی ئەو پلانی جێبەجێکردنەی لە قۆناغی III دا داڕێژراوە پێویستە وەزارەتی پەروەردە جێبەجێکردنەکەش بەرفراوان بکات. ئەمە بریتییە لە جێبەجێکردنی بڕیارەکان تا ئەوپەڕی وەک لە پلانەکاندا هاتووە و جێبەجێکردنی سیاسەت و بەرنامە نوێیەکان بە تەواوەتی لە لایەن وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی خوێندنی باڵا و کۆلێژەکانی مامۆستایان، بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانەکان، مامۆستایان، قوتابیان، دایکوباوکان و میدیاوە. پێویستە لە دوایین قۆناغدا جەخت لە درێژە و بەردەوامێتیی بەرنامەکان بکرێتەوە بۆ ئەوەی بەردەوام کاریگەری خۆیان بسەپێنن. لەم قۆناغەدا بودجەی پێویست بۆ ماوەیەکی درێژخایەن دەستنیشان دەکرێت، جەخت لەوە دەکرێتەوە کە بەڕێوەبەرایەتی و ستافەکە بە تەواوەتی مەشقیان پێبکرێت لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا. سیاسەتەکان، و دامەزراندن و درێژەدان بە پەیوەندی و گەیاندن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان دەچەسپێندرێت.

---

3 بڕوانە Bikson and Eveland, 1998; Nadler and Tushman, 1997; Mankin, Cohen, and Bikson, 1997.

4 زلمان، 2009، وینتەر و زولانسکی، 2001، کۆنتێراس و تالاڤیرا سیمۆنی، 2003، جۆرجیسکۆ و پالاد، 2003.

## هەماهەنگی جێبەجێکردنەکە لەنێوان سەرجەم تیمەکانی کار

وەک لە سەرەوە جەختی لێکراوەتەوە، پەیوەندی نێوان تیمەکانی کار زۆر گرنگە بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان بە سەرکەوتوویی. هەندێک بەرپرسیارێتی تیمەکانی کار تێکەڵاوی یەکتری دەبن یان یەکێکیان بریارێک دەر دەکات کە کار دەکاتە سەر کاری تیمەکانی تر. بۆ نموونە، تیمی توانای قوتابخانەکان ڕاسپاردە دەردەکات لەسەر ژمارەی پێویستی مامۆستایان لە هەر ساڵێکدا، هاوکات تیمی کاری مەشقی مامۆستایان بەرپرسیارە لە جەختکردنەوە لەوەی وەک پێویست مامۆستا هەیە کە خاوەن شارەزایی دروست بن بۆ وەلامدانەوەی پێویستییەکان. ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین وەزیری پەروەردە یان کەسێک کە بەڕێزیان دەستنیشانی دەکات هەماهەنگی بکات لە نێوان تیمەکانی کاردا بۆ جەختکردنەوە لەوەی پێکەوە بە ڕێکوپێکی کار بکەن. شێوەی 6-2 بریتییە لە هێڵکارییەک بۆ پیشاندانی ئەو تیمی کارانەی پێویستە هەماهەنگی لەگەڵ یەکتری بکەن.

پەیوەندیبەستن (تواصل)ی باش ڕێگە خۆش دەکات بۆ پشتگیریی هەموو لایەنەکان. پشتگیریی ئەو خەڵکەی بڕیار و گۆڕانکارییەکان کاریان تێدەکات و ئەو کەسانەی وەزارەتی پەروەردە پشتیان پێدەبەستێت بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکان بابەتێکی زۆر گرنگە بۆ جەختکردنەوە لە بەدیهێنانی گۆڕانکارییەکان بەو شێوەیەی دید کراون. لێکۆڵینەوەکان هەروەها ئەوەیان دەرخستووە کە جێبەجێکردنی گۆڕانکاری ڕێکخراوەیی (گۆڕانکاریی دامەزراوەیی) زۆر جار ناکۆکی و بەرەنگاری لێ دەکەوێتەوە.[5] چالاکیی پەیوەندیبەستنی سەرکەوتوو دەبێتە مایەی کەمترکردنەوەی ئەو ئاستەنگنەی لە ماوەی ئینتقالیید دێنە ئاراوە.

دەستنیشانکردن و تەرخانکردنی سەرچاوەکان بابەتێکی تری گرنگە کە پێویستە هەماهەنگیی گشتیی بۆ بکرێت. هەندێک ڕاسپاردە پێویستی بە سەرچاوەی گەورەیە، هەندێکی تریان پێویستی بە سەرچاوەی کەمە. ئەو سەرچاوانەی بۆ سەرجەم تیمەکان پێویستن دەبێت کۆبکرێنەوە، ئەولەوییەتیان بۆ دابنرێت، و بودجەیان بۆ دابنرێت. ئەمەش پێویستی بە هەرەوەزی و پێکەوە کارکردنی تیمی کارەکان، وەزیری پەروەردە، وەزارەتی دارایی، و پارێزگاکانە.

**شێوەی 6-2**

**تیمەکانی کار، لیژنە لاوەکییەکان و پردی هەماهەنگی**




RAND *MG1140-6.2*

5 بڕوانە Nadler and Tushman, 1997; Harman and Harman, 2003.

# ئاریشە درێژخایەنەکانی پەروەردە لە کوردستان

ئێمە لەم ڕاپۆرتەدا ئەو ئاریشە و گرفتانەمان ڕوون کردۆتەوە کە ئێستا ڕووبەڕووی دابینکردنی پەروەردەی بنەڕەتی و ئامادەیی باش دەبێتەوە بۆ منداڵانی کوردلە هەرێمی کوردستان. هەروەها هەندێک ڕێوشوێنمان پێشنیار کردووە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی زیاترکردنی دابینکردن و باشترکردنی پەروەردە و خوێندن، بە تایبەتییش جەختمان خستۆتە سەر قوتابخانە بنەڕەتییەکان. ڕاسپاردەکانی ئێمە لەسەر بناغەی ئەو چاکسازییە پەروەردەییە گەورانە داڕێژراوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە 2007 دەستی پێکرد

لە لێکۆڵینەوەکەدا، ئێمە ئاماژەمان بە دوو بابەتی گرنگ داوە کە دەکەونە دەرەوەی مەودای ئەم پرۆژەیە، بەڵام دەمانەوێت تیشکی بخەینە سەر چونکە لە لایەک ئاڵۆزن و لە لایەکی ترەوە بایەخێکی گەورەیان هەیە لە درێژخایەنیدا. یەکەم بریتییە لەوەی چۆن پەروەردەی هەرێمی کوردستان-عێراق دەتوانێت وەڵامی پێویستییە ئایندەییەکانی بازاڕی کار بداتەوە. ئەم بابەتە بە تایبەتی جێی بایەخی پەروەردەی پیشەییە لە ئاستی خوێندنگەی ئامادەییدا بۆ ئەو قوتابییانەی کە ناچنە کۆلێژ. دووەم بابەت بریتییە لە ئیدارە و کارگێڕیی سیستمی پەروەردەی (باخچەی ساوایان-پۆلی 12)، و ئەو حەوافزانەی دەدرێت بە بەڕێوەبەری قوتابخانەکان، مامۆستاکان، دایکان و باوکان بۆ پێکەوە کارکردن بەرەو چاکترکردنی پەروەردە.

### ئامادەکردنی قوتابیان بۆ بازاڕی کار

سەرجەم قوتابیانی هەرێمی کوردستان پێویستیان بە جۆرێک ئامادەکاریی پەروەردەیی هەیە تا بتوانن دواجار بەشداری بکەن لە بازاڕی کار و ئیش و کار پەیدا بکەن. زۆر قوتابی کورد پاش تەواوکردنی ئامادەیی لە خوێندن بەردەوام دەبن و دەچنە کۆلێژ، بەڵام زۆری تر ناتوانن یان نایانەوێت بچنە زانکۆ. ئابووریی هەرێمی کوردستان بە خێرایی گەشە دەسەنێت. زۆر ئیش و کار دروست دەکات کە پێویستی بە بڕوانامەی پەروەردەی پاش ئامادەیی نییە، بەڵام، لەجیاتی ئەمە، پێویستی بە پەروەردەی تەکنیکی و شارەزایی ترە. ئەمە بە تایبەتی بۆ کەرتی پیشەسازیی ڕاستە (بۆ نموونە، نەو و گاز، کارگە و کارخانە)، کەرتی بزنس و خزمەتگوزاری (وەک تەکنەلۆجیای زانیاری، گەشتوگوزار)، و کەرتی بازرگانی (گرێبەستی کارەبایی و کەلوپەلی ناوماڵ). دەتوانرێت قوتابییان ئامادە بکرێت بۆ ئەم کارانە لە ڕێی هەندێک خوێندنی پیشەییەوە. هەرە کاراترین سیستمی پیشەیی نەوەک تەنها ئەو بێکارانە ئامادە دەکات بۆ دامەزراندن لە بازاڕی کار، بەڵکو هەروەها بواریان بۆ دەڕەخسێنێتت خوێندنی باڵا بخوێنن، ئەگەر بیانەوێت ئەو ڕێگەیە بگرنە بەر.

لە هەرێمی کوردستان، هەمیشە وەک دووەم هەڵبژاردە سەیری پەروەردە کراوە، بۆ ئەو قوتابیانە بووە کە ناتوانن لە ئامادەیی پلەی باش بەدەست بهێنن. بەشێکی لەبەرئەوەی ئەم خوێندنە پیشەییانە هەلی کاری گونجاویان بۆ دەرچووەکان دابین نەکردووە. نیشاندەرێکی "پلە دوو"ی ئەم بوارە ئەوەیە کە لە پێنج ساڵی رابردوودا داخڵبوون لە خوێندنی پیشەیی ئاستی ئامادەیی بە ڕێژەی نیوە دابەزیوە، کەمتر لە 3 لە سەتی قوتابیانی کورد ئەم ڕێچکەیە دەگرنە بەر بەرەو بازاڕی کار. دەتوانین بڵێین لە ئێستادا ناتەباییەک هەیە لە نێوان ئامادەکردنی پیشەیی قوتابیان و پێویستییەکانی بازاڕی کار. لەنێو ئەوانەی چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کردن

هەندێکیان لە کەرتی تایبەت بوون و وا هەستیان دەکرد کە دەستی کاری هەرێمی کوردستان شارەزای پێویستی تێدا نییە بەشی پیشە و کارەکان بکات، باکگراوند نییە بۆ فێربوونی شارەزایی نوێ، و هاندان لە ئارادا نییە بۆ خوێندنی ئەم بوارە.[1] ڕاستییەکەی، ئەو مەنهەجەی لە قوتابخانە پیشەییەکان دەگوترێتەوە چەند دە ساڵێک کۆنە، شانبەشانی بازاری کاری هەنووکە و تەکنەلۆجیای نوێ ناڕوات.

لە درێژخایەنیدا، ئەگەر هەرێمی کوردستان بیەوێت ئابووریەکەی گەشە بکات و فرەچەشن بێت، ئەم ڕەوشە هاوکار نابێت و نابێت بەردەوام بێت. پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبوونی دەرفەت چارەسەر بکات لە پێش ژمارەیەکی زۆر لە گەنجانی هەرێمی کوردستان کە مەشقی پێویستیان لەسەر شارەزایی و کارزانییەکان پێبکرێت کە دوای خوێندنی ئامادەیی لە بازاڕی کار بەکاریبهێنن. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە بە وردی پێداویستییەکانی ئایندەی ئابووری و چارەسەری ئەوتۆ دروست بکرێت کە خوێندنی پیشەیی نەوەک هەر بکەن بە خوێندنێکی ڕاکێشەری قوتابیان بەڵکو هەروەها کاریگەریش بێت لە ڕێی چەکدارکردنیان بە شارەزایی پێویست.

## پتەوکردنی هەیکەلییەتی ئیداری و سیستمی حەوافز بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئیدارەکردنەکە و ئاستی جۆرایەتیی خوێندن

هەبوونی هەیکەلیەتێکی کارگێڕی و بەڕێوەبەرایەتیی پتەو کە سێ توخمی سەرەکی بە شێوەیەکی هاوسەنگ ڕابگرێت بریتییە لە سیستمێکی بەهێزی پەروەردە: سەرکردایەتییەکی پەروەردە کە بتوانێت سیستمەکە بەڕێوە ببات، بەرپرسیارێتی و دەسەڵاتەکان کە لە هەموو ئاستەکاندا بە شێوەیەکی گونجاو و دروست دابەش کرابێت، و حەوافزی ئەوتۆ هەبێت بۆ بەڕێوەبەرەکان، مامۆستاکان و دایک و باوکن کە بەردەوام هەوڵ بۆ چاکترکردنی پەروەردە بدەن. بەڵام لە هەرێمی کوردستان چەندین ڕێوشوێنی بڕیردانی بواری پەروەردە و ئیداری هەن کە دژی بەڕێوەبردنێکی کارا، بەرپرسیاربوون (مسائەلە) ێکی کارا، و حەوافزی سەرکەوتوو دەوەستنەوە.

ئێمە لە دووتوێی لێکۆڵینەوەکەدا چەند ئاستەنگێمان لەو ئاستەنگانە دەستنیشان کردووە بەڵام ڕێگەچارەمان بۆ داناون. بەڵام وەڵامی پرسیارە بەرفراوانەکەمان نەداوەتەوە کە ئاخۆ هەیکەلییەتی ئێستای دابەشکردنی ئەرک و کارەکانی وەزارەتی پەروەردە، پارێزگاکان، بەڕێوەبەرایەتییەکانی قەزا و ناحیەکان، و قوتابخانەکان هەرە کاراترین و چوستترین هەیکەلییەتە.

وەک باسمان کردووە، پێدەچێت خوێندنی بنەڕەتی و سەرەتایی لە هەرێمی کوردستان گەشەیەکی مەزن بەخۆیەوە ببینێت لە دە ساڵی داهاتوو و دواتردا. گۆڕانکارییە پێشبینیکراوەکان بریتین لە زیاتر چاکسازی لە مەنهەجەکەدا، مەشقی زیاتر بە مامۆستایان، و بەرفراوانکردنێکی بەرچاوی ژمارەی قوتابخانەکان و قوتابییەکان. بە ڕەچاوکردنی ئەم کاروبارانە، وەزارەتی پەروەردە پێویستی بە هەیکەلییەتێکی ئیداریی کاراترە.

---

[1] هانسن و هاوڕێیانی، 2010 (Hanson et. al., 2010).

# ئامرازەکانی پێشبینیکردنی داواکاری (طلب) لەسەر خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و ئامادەیی لە هەرێمی کوردستان

تایتۆس گالاما
دەزگای ڕەند

بۆ تێگەیشتن لە داواکاری (طلب)ی ئایندە لەسەر خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی، و ئامادەیی (پۆلەکانی 1–12) لە هەرێمی کوردستان، تیمی ڕەند مۆیدیلێکی پێشبینیکردنی دروست کرد. کە بریتییە لە ژمارەیەکی بەرفراوان لە تەکنیکی شیکاری و بە گشتیی پێی دەگوترێت مۆدیلی پێشبینیکار[1]. بۆ ئەو دیاردەیەی کە ئێمە دەمانەوێت پێشبینی بکەین—ژمارەی قوتابینی سەرەتایی، ناوەندی و ئامادەیی لە کوردستان لە دە سالی داهاتوودا—ئێمە لە ژینگەی مۆدیلێکدا بووین کە تێیدا زانیاری سەرەتایی بابەتییانەی پێویستمان لەبەردەست بوو بۆ دروستکردنی مۆدیلێکی ماتماتیکی، و زانیاری لەسەر ئەگەرەکانی گۆڕانکاری لە بەشەکانی سیستمە هەنووکەییەکە. ئەمەش بووە مایەی ئەوەی ئەو مۆدیلەی کە پێی دەگوترێت مۆدیلی کاژواڵ (ئاسایی)، لەگەڵ توخمەکانی مۆدیلێکی خوێندنەوە (استقراء).

مۆدیلەکانی خوێندنەوە گریمانەی ئەوە دەکەن کە ئاکاری ڕابردوو پێشبینکارێکی باشە بۆ ئاکاری ئایندە.[2] لە کوردستان، هێندەی پێویست زانیاریی هەیە لەسەر پەیوەندیی مێژوویی نێوان ژمارەی ئەو قوتابیانەی لە پۆلی 1 داخڵ دەبن لەگەڵ ژمارەی ئەو قوتابییانەی دەچنە پۆلەکانی تر، ئەوانەی لە سەرەتایی دەردەچن یان دەگوازنەوە بۆ ناوەندی و لە ناوەندیشەوە بۆ ئامادەیی. بە سوود وەرگرتن لەم کڵێشە مێژووییانە، دەتوانین ڕێژەیەک بۆ تێکڕای گواستنەوەی نێوان پۆلەکان و نێوان قۆناغەکانی سەرەتایی، ناوەندی، و ئامادەیی دابنێین. سەرەڕای ئەمە، زانیاری هەیە لەسەر ڕێژەی گەشەی ژمارەی دانیشتوان. ئەم کڵێشە مێژوویانە بناغەی سیناریۆیەکمان پێدەدەن—نوسخەیەک لە ئایندە ئەگەر هەموو شتێک وەک خۆی بمێنێتەوە و ڕەوتە مێژوویەکە لەسەر هەمان ئاراستە بڕوات.

مۆدیلەکانی خوێندنەوە هەروەها گریمانەی ئەوە دەکەن کە بێجگە لە بەهاکانی پێشوو هیچ شتێکی تر بە پەیوەندندار دانانرێت. بەڵام زۆر جار زانیاری ئەوتۆ لەسەر ئایندە هەیە کە ئەوە دەردەخات ڕەنگە کڵێشە مێژوویەکان وەک خۆیان نامێننەوە. بەم شێوەیەش، ئێمە پرەنسیپی شاووڵی مۆدیلی خوێندنەوەمان بەکارهێنا و بوارمان دا گۆڕانکاری ڕوودبدات لە مۆدیلی ئاساییدا. لە مۆدیلی ئاساییدا گۆڕاوێکی سەربەخۆ دەبەسترێتەوە بە گۆڕاوی جۆراوجۆری ئاساییەوە بە گوێرەی تیۆرێکی دیاریکراو، لێکۆڵینەوەیەکی پێشتر، یان بواری مەعریفیی پسپۆڕێک.[3]

---

[1] شێوازەکان بریتین لە شێوازی دیلفی، یان پێشبینی بازاڕ، شیکردنەوەی چەند لایەنە، نیاز یان پێشبینیی بڕیاربەدەستان، نمایش کردن، ئەنالۆگی چەندایەتی، سیستمە پسپۆڕەکان، پێشبینی بە گوێرەی ڕێسا، هەڵکۆڵانی زانیاری سەرەتایی، و مۆدیلی لابەلا. هەر جۆرێک لەم جۆرە پێشبینییە ئەدەبیاتی زۆر و باشی لەسەر هەیە (بڕوانە Armstrong, 2001 بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم شێوازانە)

[2] Armstrong, 2001.

[3] Armstrong, 2001.

ئەمەش بواری بۆ ئێمە ڕەخساند سیناریۆی ئەوتۆ دابڕێژین کە پشتیان بەستبێت بە زانینی زنجیرەبەندیی ئەو گۆڕانکارییانەی لە سیستمی خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و ئامادەیی ڕوودەدەن لە ئەنجامی چاکسازیی لە سیستمەکە، و گۆڕانی دیمۆگرافی و گۆڕانکاریی تری کوردستان. ئەم گۆڕانکارییانە وەک لادان لە سیناریۆ بنەڕەتییەکە پیشان دراون.

وەک هەموو مۆدیلێکی تر، هیچ ڕێگەیەک نییە بتوانێت بەوپەڕی دڵنیاییەوە ئایندە وەسف بکات. لەگەڵ ئەمەشدا، بڕوامان وایە مۆدیلەکەی ئێمە هێندەی پێویست وردەکارە کە بتوانێت دیدگایەکی سوودبەخش بێت بۆ بڕیاربەدەستان و ئەوانەی سیاسەت دادەڕێژن و بەکاری بهێنن بۆ داڕشتنی سیاسەت. هیوادارین جەخت بخەینە سەر ئەوەی کە ئامانجی ئێمە بریتی نەبووە لە دابینکردنی پێشخوێندنەوەی ورد، بەڵکو، ئێمە ئامرازێک دەخەینە بەردەست کە دەتوانێت ئەگەری داواکاری (طلب)ی ئایندەیی پیشان بدات لەسەر خوێندن و پەروەردەی سەرەتایی، ناوەندی و ئامادەیی، و ئەو گۆڕانکارییەی لە داواکارییدا ڕوودەدات لە ئەنجامی گۆڕینی سیستەمەکەدا. ئامرازەکە ئێجگار بەسوودە بۆ جیاکردنەوەی ئەو پاڵپێوەرانەی کە پڕبایەخن لەو فاکتەرانەی کە پڕبایەخ نین، بەم شێوەیەش بوار بۆ بڕیاربەدەستان دەڕەخسێنێت جەخت بخەنە سەر ئەو توخمانەی سیاسەت کە گەورەترین کاریگەریان هەیە لەسەر بەدەستهێنانی ئامانجە خوازراوەکان.

## ئامرازی پێشبینیکردن

ئامرازی پێشبینیکردنەکە بریتییە لە زنجیرەیەک فایلی ئەکسل (سپرێدشییت)، کە ئێمە لێرەدا بە خشتە پیشانیان دەدەین

#### زانیاری سەرەتایی

یەکەم سپرێدشیت (خشتەی ژمارە A.1) بریتییە لە ژمارەی ئەو قوتابییانەی چوونەتە سەرەتایی (پۆلەکانی 1–6)، ناوەندی (پۆلەکانی 7–9) و ئامادەیی (پۆلەکانی 10–12)ی خوێندن لە ماوەیەکی دیاریکراوی مێژوودا. ژمارەی قوتابییە کوڕەکان لە سەرەوەی خشتەکەیە و ژمارەی کچەکان لە ناوەڕاستی خوارەوەیە. ڕێژەی داخڵبوون بۆ ماوەی ساڵانی 2004–2005 تا 2009–2010 لەبەردەست بوو. کۆی ژمارەکان بۆ کۆی گشتیی داخڵبوون لە سەرەتایی، ناوەندی، و ئامادەیی بە گوێرەی هەر ساڵێک و بە گوێرەی جێندەر (نێر و مێ) حساب کراوە.

#### گریمانەکان (افتراضات)

دووەم و سێیەم سپرێدشییت (خشتەی A.2 و A.3) بریتیین لە گریمانەی کوڕان و کچان. لەبەرئەوەی سپرێدشیتی کوڕان و کچان وەک یەکترین، ئێمە لێرەدا جەختمان خستۆتە سەر سپرێدشییتی کوڕان (خشتەی A.2).

سێ گریمانەی سەرەکی هەیە:

1. *ڕێژەی ساڵانەی زیادبوونی دانیشتوان (بە ڕێژەی سەدی)ی ئەو دانیشتوانەی کە شایستەن بچنە قوتابخانەی سەرەتایی (پۆلی 1).* ئەم ژمارەیە لە سووچی سەرەوە–چەپ پیشان دراوە لە سپرێدشییتەکە. لە نموونەکەدا، مەزەندەکە بریتییە لە ڕێژەی 5 لە سەتا.
2. *ڕێژەی چوونە پۆلی یەکی قوتابخانە و ئەو زیادبوونەی لەم ژمارەیەدا ڕوودەدات لە 11 ساڵی داهاتوودا (لە 2010–2011 تا 2020–2021).* ئەم ژمارەیە لە لای چەپی سێیەم دێڕ پیشان دراوە. لە نموونەکەدا، هیچ زیادبوونێک مەزەندە نەکراوە لە ڕێژەی داخڵبووندا (فاکتەری دووپات بوونەوە بریتییە لە 1 بۆ هەموو ساڵەکان).
3. *ئەگەری گواستنەوەی نێوان پۆلەکان بۆ ماوەی 11 ساڵ (تا 2020–2021)* (واتە دەرچوون لە پۆلێکەوە بۆ پۆلەکەی دوای ئەو). ئەم شیمانەیە لە بیرخەرەوەی خشتەکەدا پیشان دراون. لە نموونەکەدا، شیمانەی گواستنەوەی قوتابیانی پۆلی 1 بۆ پۆلی 2 لە ساڵی 2010–2011 فاکتەری دووپاتبوونەوەی 1.017 پیشان دەدات (یان 1.7 لە سەت گەشە). شیمانەی گواستنەوەکە لە زانیاری سەرەتایی ڕابردوو وەرگیراوە.

## خشتەی A.1
## مێژووی ژمارەی داخڵبوونی قوتابیان بە گوێرەی جێندەر و پۆل، 2003–2004 تا 2009–2010

مەزەندە

| سال | | 2004/05 | 2005/06 | 2006/07 | 2007/08 | 2008/09 | 2009/10 | 2010/11 | 2011/12 | 2012/13 | 2013/14 | 2014/15 | 2015/16 | 2016/17 | 2017/18 | 2018/19 | 2019/20 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سال ژمارە (2009/10=0) | | | | | | | | **1** | **2** | **3** | **4** | **5** | **6** | **7** | **8** | **9** | **10** |
| **کوڕان** | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| سەرەتایی | 1 | 65589 | 69119 | 70407 | 71935 | 69340 | 66374 | | | | | | | | | | |
| | 2 | 61554 | 61720 | 70094 | 68838 | 77266 | 69355 | | | | | | | | | | |
| | 3 | 57112 | 58029 | 61420 | 67404 | 75622 | 76228 | | | | | | | | | | |
| | 4 | 58674 | 57626 | 62430 | 65246 | 74777 | 81556 | | | | | | | | | | |
| | 5 | 64156 | 65348 | 63683 | 66774 | 71480 | 70875 | | | | | | | | | | |
| | 6 | 53575 | 55178 | 53246 | 54041 | 64423 | 64189 | | | | | | | | | | |
| گشتیی سەرەتایی | | 360660 | 367020 | 381280 | 394238 | 432908 | 428577 | | | | | | | | | | |
| ناوەندی | 7 | 59739 | 61795 | 60036 | 60939 | 61540 | 68567 | | | | | | | | | | |
| | 8 | 51708 | 54063 | 55311 | 55051 | 53504 | 60634 | | | | | | | | | | |
| | 9 | 33108 | 43752 | 49245 | 50889 | 49347 | 49804 | | | | | | | | | | |
| گشتیی ناوەندی | | 144555 | 159610 | 164592 | 166879 | 164391 | 179005 | | | | | | | | | | |
| ئامادەیی | 10 | 28248 | 32922 | 25931 | 26459 | 38811 | 44167 | | | | | | | | | | |
| | 11 | 18703 | 21352 | 26924 | 24821 | 26401 | 34063 | | | | | | | | | | |
| | 12 | 19749 | 23391 | 26719 | 29942 | 32833 | 36870 | | | | | | | | | | |
| گشتیی ئامادەیی | | 66700 | 77665 | 79574 | 81222 | 98045 | 115100 | | | | | | | | | | |
| **کچان** | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| سەرەتایی | 1 | 62587 | 61936 | 65460 | 67186 | 64559 | 61095 | | | | | | | | | | |
| | 2 | 55790 | 56294 | 62068 | 63444 | 70558 | 64437 | | | | | | | | | | |
| | 3 | 52120 | 51847 | 55491 | 59144 | 69221 | 70562 | | | | | | | | | | |
| | 4 | 49809 | 48458 | 53648 | 56374 | 66520 | 70345 | | | | | | | | | | |
| | 5 | 51903 | 51225 | 51593 | 55299 | 61895 | 62372 | | | | | | | | | | |
| | 6 | 42620 | 44799 | 43870 | 45130 | 55286 | 56150 | | | | | | | | | | |
| گشتیی سەرەتایی | | 314829 | 314559 | 332130 | 346577 | 388039 | 384961 | | | | | | | | | | |
| ناوەندی | 7 | 43744 | 46954 | 47204 | 47439 | 46052 | 51702 | | | | | | | | | | |
| | 8 | 39244 | 42199 | 46063 | 45052 | 42504 | 46127 | | | | | | | | | | |
| | 9 | 26214 | 34384 | 40719 | 42862 | 39034 | 39664 | | | | | | | | | | |
| گشتیی ناوەندی | | 109202 | 123537 | 133986 | 135353 | 127590 | 137493 | | | | | | | | | | |
| ئامادەیی | 10 | 28733 | 32062 | 22169 | 24873 | 35610 | 38202 | | | | | | | | | | |
| | 11 | 16685 | 18713 | 25061 | 22973 | 23677 | 31350 | | | | | | | | | | |
| | 12 | 17044 | 19823 | 23463 | 26742 | 30034 | 33989 | | | | | | | | | | |
| گشتیی ئامادەیی | | 62462 | 70598 | 70693 | 74588 | 89321 | 103541 | | | | | | | | | | |

## خشتەی A.2

**گریمانە– کوڕان: ڕێژەی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و شیمانەکانی گواستنەوە (دەرچوون لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێکی تر)**

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | | | | | 5.00% | ڕێژەی زیادبوونی دانیشتوان |
| **2020/21** | **2019/20** | **2018/19** | **2017/18** | **2016/17** | **2015/16** | **2014/15** | **2013/14** | **2012/13** | **2011/12** | **2010/11** | | | |
| 11 | 10 | 9 | 8 | 7 | 6 | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 | | | |
| 90.00% | 90.00% | 90.00% | 90.00% | 90.00% | 90.00% | 90.00% | 90.00% | 90.00% | 90.00% | 90.00% | 90.00% | | داخڵبوون لە پۆلی 1 |
| 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | | | بەکارهێنانی فاکتەری داخڵبوون |
| 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | | 1 | ئەگەرەکانی گواستنەوە |
| 1.017 | 1.017 | 1.017 | 1.017 | 1.017 | 1.017 | 1.017 | 1.017 | 1.017 | 1.017 | 1.017 | | 2 | (دەرچوون) لە پۆلێک |
| 1.016 | 1.016 | 1.016 | 1.016 | 1.016 | 1.016 | 1.016 | 1.016 | 1.016 | 1.016 | 1.016 | | 3 | بۆ پۆلی دواتر |
| 1.083 | 1.083 | 1.083 | 1.083 | 1.083 | 1.083 | 1.083 | 1.083 | 1.083 | 1.083 | 1.083 | | 4 | |
| 1.038 | 1.038 | 1.038 | 1.038 | 1.038 | 1.038 | 1.038 | 1.038 | 1.038 | 1.038 | 1.038 | | 5 | |
| 0.904 | 0.904 | 0.904 | 0.904 | 0.904 | 0.904 | 0.904 | 0.904 | 0.904 | 0.904 | 0.904 | | 6 | |
| 1.116 | 1.116 | 1.116 | 1.116 | 1.116 | 1.116 | 1.116 | 1.116 | 1.116 | 1.116 | 1.116 | | 7 | |
| 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | | 8 | |
| 0.916 | 0.916 | 0.916 | 0.916 | 0.916 | 0.916 | 0.916 | 0.916 | 0.916 | 0.916 | 0.916 | | 9 | |
| 0.732 | 0.732 | 0.732 | 0.732 | 0.732 | 0.732 | 0.732 | 0.732 | 0.732 | 0.732 | 0.732 | | 10 | |
| 0.944 | 0.944 | 0.944 | 0.944 | 0.944 | 0.944 | 0.944 | 0.944 | 0.944 | 0.944 | 0.944 | | 11 | |
| 1.277 | 1.277 | 1.277 | 1.277 | 1.277 | 1.277 | 1.277 | 1.277 | 1.277 | 1.277 | 1.277 | | 12 | |

## خشتەی A.3

## گریمانە–کچان: ڕێژەی زیادبوونی دانیشتوانی شایستە بۆ داخڵبوون لە قوتابخانە و شیمانەکانی گواستنەوە بۆ کچان، 2010–2011 تا 2020–2021

| | | | 2010/11 | 2011/12 | 2012/13 | 2013/14 | 2014/15 | 2015/16 | 2016/17 | 2017/18 | 2018/19 | 2019/20 | 2020/21 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی زیادبوونی دانیشتوان | 5.00% | | | | | | | | | | | | |
| | | | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | 6 | 7 | 8 | 9 | 10 | 11 |
| داخڵبوون لە پۆلی 1 | | 90.00% | 90.00% | 90.00% | 90.00% | 90.00% | 90.00% | 90.00% | 90.00% | 90.00% | 90.00% | 90.00% | 90.00% |
| بەکارهێنانی فاکتەری داخڵبوون | | | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 |
| ئەگەرەکانی گواستنەوە | 1 | | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 |
| | 2 | | 1.006 | 1.006 | 1.006 | 1.006 | 1.006 | 1.006 | 1.006 | 1.006 | 1.006 | 1.006 | 1.006 |
| | 3 | | 1.015 | 1.015 | 1.015 | 1.015 | 1.015 | 1.015 | 1.015 | 1.015 | 1.015 | 1.015 | 1.015 |
| | 4 | | 1.052 | 1.052 | 1.052 | 1.052 | 1.052 | 1.052 | 1.052 | 1.052 | 1.052 | 1.052 | 1.052 |
| | 5 | | 1.022 | 1.022 | 1.022 | 1.022 | 1.022 | 1.022 | 1.022 | 1.022 | 1.022 | 1.022 | 1.022 |
| | 6 | | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 |
| | 7 | | 1.012 | 1.012 | 1.012 | 1.012 | 1.012 | 1.012 | 1.012 | 1.012 | 1.012 | 1.012 | 1.012 |
| | 8 | | 0.951 | 0.951 | 0.951 | 0.951 | 0.951 | 0.951 | 0.951 | 0.951 | 0.951 | 0.951 | 0.951 |
| | 9 | | 0.910 | 0.910 | 0.910 | 0.910 | 0.910 | 0.910 | 0.910 | 0.910 | 0.910 | 0.910 | 0.910 |
| | 10 | | 0.807 | 0.807 | 0.807 | 0.807 | 0.807 | 0.807 | 0.807 | 0.807 | 0.807 | 0.807 | 0.807 |
| | 11 | | 0.956 | 0.956 | 0.956 | 0.956 | 0.956 | 0.956 | 0.956 | 0.956 | 0.956 | 0.956 | 0.956 |
| | 12 | | 1.270 | 1.270 | 1.270 | 1.270 | 1.270 | 1.270 | 1.270 | 1.270 | 1.270 | 1.270 | 1.270 |

شیمانەکان لە سپرێدشیتەکەدا بریتین لە ڕێژەی تێکڕای زیادبوون لە ماوەی نێوان 2004–2005 تا 2009–2010 لە ژمارەی ئەو قوتابیانەی لە پۆلێکەوە چوونەتە پۆلەکەی تر.[4]

## مۆدیلی لێشاو Flow Model

سپرێدشیتی چوارەم و پێنجەم (خشتەکانی A.4 و A.5)بریتییە لە حساباتی ڕاستەقینەی مۆدیلەکە. لێرەدا، دیسان لەبەرئەوەی سپرێدشیتی کوڕان و کچان وەک یەکترین، ئێمە جەخت دەخەینە سەر سپرێدشیتی کوڕان (خشتەی A.4)

سەرەوەی سپرێدشیتەکە بریتییە لە ژمارەی ئەو قوتابییانەی داخڵی پۆلەکانی 1–12 بوون لە ساڵەکانی 2004–2005 تا 2009–2010 و ئەو ژمارەی قوتابییە کوڕانەی پێشبینی دەکرێت لە سالانی 2010–2011 تا 2020–2021 داخڵ ببن.[5]

لە خوار ئەم ژمارە پێشبینکراوانەوە چوار ماتریکسی یەکسان هەیە–کە بریتین لە کۆی فاکتەر، زیادبوونی دانیشتوان، داخڵبوون بۆ پۆلی 1، و ماتریکسەکانی گواستنەوە–کە لە دوایین پێشبینی دەگەن. ئنجا، یەک بە یەک تاوتوێی هەر ماتریکسێک دەکەین.

ماتریکسی زیادبوونی دانیشتوان بریتییە لە ڕێژەی گەشەی زیادبوونی دانیشتوان بە گوێرەی گریمانەکانی مۆدیلەکە (خشتەی A.2). لە نموونەکەدا یەکەم ریزی ماتریکسەکە بریتییە لە فاکتەری 1.05 بۆ سەرجەم ساڵەکان (2010–2011 تا 2020–2021)، باقی ماتریکسەکان بریتین لە فاکتەری 1.00. بڕی 5 لە سەتا بۆ زیادبوون دانراوە بۆ هەموو ساڵەکان بۆ پۆلی 1، واتە، گریمانەی ئەوە دەکرێت کە کۆی ژمارە داخڵبووەکانی پۆلی 1 بە ڕێژەی 5 لە سەتا زیاد دەکات لە ساڵێکدا لە ئەنجامی زیادبوونی دانیشتوان بەم ڕێژەیە). لەبەرئەوەی ئەو کەسانەی دەچنە پۆلی 1 دواجار دەچنە پۆلێکی بەرزتر (کە لە مۆدیلی –شیمانەکانی گواستنەوە– پیشان دراون) هیچ گەشەیەکی تر لە ئەنجامی زیادبوونی ژمارەی هاووڵاتیانەوە دانەنراوە بۆ پۆلەکانی (2–12) و باقی ماتریکسەکە فاکتەری1.00ی بۆ دانراوە.[6]

ماتریکسی داخلبوونی پۆلی 1 بریتیە لە ڕێژەی زیاتربوونی داخڵبوون کە لە مۆدیلی گریمانەکانەوە وەرگیراوە (خشتەی A.2). لە نموونەکەدا، فاکتەری 1.00 دانراوە بۆ هەموو ساڵەکان و هەموو پۆلەکان. واتە، مەزندەی ئەوە کراوە هیچ گۆڕانکارییەک ڕوونەدات لە داخڵبووندا.[7]

ماتریکسی گواستنەوە (دەرچوون لە پۆلێکەوە بۆ پۆلەکەی دوای ئەو، انتقال، transition)بریتییە لە ئەگەرەکانی تێپەڕین لە نێوان پۆلەکاندا (واتە ئەگەری دەرچوون لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێکی تر) بۆ سالانی 2010–2011 تا 2020–2021 و بۆ هەر تێپەڕینێک لە پۆلێک سوود لە مۆدیلی گریمانەکان وەرگیراوە (خشتەی A.2). لەم نموونەیەدا، ئەگەری گواستنەوەکان لە زانیاری سەرەتایی ماوەیەک وەرگیراوە (تێکڕای

---

4 لەبەرئەوەی دەستمان بە زانیارییەکانی خوێندکاران دەگەیشت، ئەو ئەگەری گواستنەوەیەی کە بەم شێوەیە حساب کراوە بریتییە لە:– ئاوێتەیەک لە ئەگەری گواستنەوە (بۆ نموونە دەرچوون لە پۆلی یەکەوە بۆ پۆلی دوو)، ئەگەری مانەوەی قوتابییەکی پۆلی دوو کە نەتوانێت بگوازێتەوە بۆ پۆلی سێ (واتە ڕاسب ببێت)، و ئەگەری ئەوەی قوتابییەک ڕاستەوخۆ بچێتە پۆلی دوو (بۆ نموونە وەک ئەوەی لە دەرەوەی کوردستانەوە بێت بۆ کوردستان). لە ئەنجامدا، لە کاتێکدا ئیستنزاف دەبێتە مایەی کەمبوونەوەی ژمارەی قوتابییان وردە وردە، دەبینین ژمارەی قوتابییەکان زیادی کردووە نەوەک کەم بکات، ئەمەش لە ئەنجامی کاریگەری فاکتەرەکانی تر، لەناو ئەم فاکتەرانەدا، مانەوە و داخڵبوونەوەی دواتری قوتابیان.

5 لەم نموویەدا، بەدەکاری (استثناء)ێک کراوە بۆ ژمارەکانی پۆلی 1 بۆ ساڵانی 2010–2011 تا 2015–2016، خوێندنەوە (استقراء)ی ئەم ژمارانە پشتی بە ژمارەی ئەو حاڵەتی لەدایکبوونانە بەستووە کە لە ساڵانی 2005 تا 2010 تۆمار کراون. پێشبینی دەکرێت ئەم گروپە تازە لەدایکبووانە لە ساڵانی 2010 تا 2016 بچنە پۆلی 1.

6 ئەگەرچی باقیی ماتریکسەکە بۆ ئەم نموونەیەی ئێستا بەکارناهێنرێت، بوار دەڕەخسێنێت سیناریۆی ئاڵۆزتریش دابنرێت بۆ زیادبوونی ژمارەکە لە ئەنجامی فاکتەری ترەوە (بۆ نموونە: کۆچ). لە ئێستادا، لەبەر بەرتەسکی و کەمیی زانیاری سەرەتایی بەردەست، سیناریۆی ئاڵۆزتر دانەڕێژراوە.

7 دیسان لێرەشدا هەیکەلییەتی ماتریکسەکە بوار دەڕەخسێنێت نەوەک هەر تەنێ سیناریۆی ئاڵۆز دابنرێت بۆ ئەگەری گۆڕانکاری لە داخلبوون لە پۆلی 1 ی سەرەتایی بە گوێرەی سیناریۆ بنەڕەتییەکە، بەڵکو هەروەها بۆ سیناریۆی تریش کە تێیدا داخڵبوون لە قوتابخانەی ناوەندی و ئامادەییش گۆڕانکاری بەسەردا بێت لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا.

## خشتەی A.4

## مۆدیلی لێشاو–کوڕان: کۆی فاکتەر، زیادبوونی دانیشتوان، داخڵبوونی پۆلی 1، و گواستنەوە بۆ کوڕان، ساڵانی 2010–2011 تا 2020–2021

| 2020/21 | 2019/20 | 2018/19 | 2017/18 | 2016/17 | 2015/16 | 2014/15 | 2013/14 | 2012/13 | 2011/12 | 2010/11 | 2009/10 | 2008/09 | 2007/08 | 2006/07 | 2005/06 | 2004/05 | ساڵ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 11 | 10 | 9 | 8 | 7 | 6 | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 | | | | | | | ساڵ (0=2009/10) |
| | | | | | | | | | | | | | | | | | کوڕان |
| 121,221 | 115,449 | 109,951 | 104,715 | 99,729 | 94,980 | 90,560 | 80,860 | 74,800 | 70,947 | 70,947 | 66,374 | 69,340 | 71,935 | 70,407 | 69,119 | 65,589 | سەرەتایی کوڕان |
| 117,451 | 111,859 | 106,532 | 101,459 | 96,628 | 92,131 | 82,263 | 76,098 | 72,178 | 72,178 | 67,525 | 69,355 | 77,266 | 68,838 | 70,094 | 61,720 | 61,554 | |
| 113,601 | 108,192 | 103,040 | 98,133 | 93,566 | 83,544 | 77,283 | 73,302 | 73,302 | 68,577 | 70,436 | 76,228 | 75,622 | 67,404 | 61,420 | 58,029 | 57,112 | |
| 117,213 | 111,631 | 106,316 | 101,368 | 90,510 | 83,727 | 79,414 | 79,414 | 74,296 | 76,309 | 82,584 | 81,556 | 74,777 | 65,246 | 62,430 | 57,626 | 58,674 | |
| 115,834 | 110,318 | 105,184 | 93,918 | 86,879 | 82,404 | 82,404 | 77,093 | 79,182 | 85,693 | 84,626 | 70,875 | 71,480 | 66,774 | 63,683 | 65,348 | 64,156 | |
| 99,705 | 95,065 | 84,883 | 78,521 | 74,476 | 74,476 | 69,676 | 71,564 | 77,449 | 76,485 | 64,056 | 64,189 | 64,423 | 54,041 | 53,246 | 55,178 | 53,575 | |
| 106,079 | 94,717 | 87,618 | 83,105 | 83,105 | 77,748 | 79,855 | 86,422 | 85,346 | 71,478 | 71,626 | 68,567 | 61,540 | 60,939 | 60,036 | 61,795 | 59,739 | ناوەندیی کوڕان |
| 87,778 | 81,200 | 77,017 | 77,017 | 72,053 | 74,005 | 80,091 | 79,094 | 66,242 | 66,379 | 63,544 | 60,634 | 53,504 | 55,051 | 55,311 | 54,063 | 51,708 | |
| 74,360 | 70,529 | 70,529 | 65,983 | 67,771 | 73,345 | 72,432 | 60,662 | 60,787 | 58,191 | 55,526 | 49,804 | 49,347 | 50,889 | 49,245 | 43,752 | 33,108 | |
| 51,604 | 51,604 | 48,277 | 49,586 | 53,663 | 52,995 | 44,384 | 44,476 | 42,576 | 40,626 | 36,440 | 44,167 | 38,811 | 26,459 | 25,931 | 32,922 | 28,248 | کوڕان ئامادەیی |
| 48,725 | 45,585 | 46,820 | 50,670 | 50,039 | 41,908 | 41,995 | 40,201 | 38,360 | 34,407 | 41,703 | 34,063 | 26,401 | 24,821 | 26,924 | 21,352 | 18,703 | |
| 58,218 | 59,795 | 64,713 | 63,907 | 53,523 | 53,633 | 51,343 | 48,992 | 43,943 | 53,261 | 43,503 | 36 870 | 32,833 | 29 942 | 26,719 | 23,391 | 19,749 | |
| 1.050 | 1.050 | 1.050 | 1.050 | 1.050 | 1.050 | 1.050 | 1.050 | 1.050 | 1.050 | 1.050 | | | | | | | کۆی فاکتەر |
| 1.017 | 1.017 | 1.017 | 1.017 | 1.017 | 1.017 | 1.017 | 1.017 | 1.017 | 1.017 | 1.017 | | | | | | | |
| 1.016 | 1.016 | 1.016 | 1.016 | 1.016 | 1.016 | 1.016 | 1.016 | 1.016 | 1.016 | 1.016 | | | | | | | |
| 1.083 | 1.083 | 1.083 | 1.083 | 1.083 | 1.083 | 1.083 | 1.083 | 1.083 | 1.083 | 1.083 | | | | | | | |
| 1.038 | 1.038 | 1.038 | 1.038 | 1.038 | 1.038 | 1.038 | 1.038 | 1.038 | 1.038 | 1.038 | | | | | | | |
| 0.904 | 0.904 | 0.904 | 0.904 | 0.904 | 0.904 | 0.904 | 0.904 | 0.904 | 0.904 | 0.904 | | | | | | | |
| 1.116 | 1.116 | 1.116 | 1.116 | 1.116 | 1.116 | 1.116 | 1.116 | 1.116 | 1.116 | 1.116 | | | | | | | |
| 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | | | | | | | |
| 0.916 | 0.916 | 0.916 | 0.916 | 0.916 | 0.916 | 0.916 | 0.916 | 0.916 | 0.916 | 0.916 | | | | | | | |
| 0.732 | 0.732 | 0.732 | 0.732 | 0.732 | 0.732 | 0.732 | 0.732 | 0.732 | 0.732 | 0.732 | | | | | | | |
| 0.944 | 0.944 | 0.944 | 0.944 | 0.944 | 0.944 | 0.944 | 0.944 | 0.944 | 0.944 | 0.944 | | | | | | | |
| 1.277 | 1.277 | 1.277 | 1.277 | 1.277 | 1.277 | 1.277 | 1.277 | 1.277 | 1.277 | 1.277 | | | | | | | |
| 1.050 | 1.050 | 1.050 | 1.050 | 1.050 | 1.050 | 1.050 | 1.050 | 1.050 | 1.050 | 1.050 | | | | | | | گەشەی دانیشتوان |
| 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | | | | | | | |
| 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | | | | | | | |
| 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | | | | | | | |
| 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | | | | | | | |
| 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | | | | | | | |
| 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | | | | | | | |
| 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | | | | | | | |
| 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | | | | | | | |
| 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | | | | | | | |
| 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | | | | | | | |
| 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | | | | | | | |
| 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | | | | | | | داخڵبون لە پۆلی 1 |
| 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | | | | | | | |
| 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | | | | | | | |
| 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | | | | | | | |
| 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | | | | | | | |
| 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | | | | | | | |
| 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | | | | | | | |
| 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | | | | | | | |
| 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | | | | | | | |
| 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | | | | | | | |
| 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | | | | | | | |
| 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | | | | | | | |
| 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | | | | | | | گواستنەوە |
| 1.017 | 1.017 | 1.017 | 1.017 | 1.017 | 1.017 | 1.017 | 1.017 | 1.017 | 1.017 | 1.017 | | | | | | | |
| 1.016 | 1.016 | 1.016 | 1.016 | 1.016 | 1.016 | 1.016 | 1.016 | 1.016 | 1.016 | 1.016 | | | | | | | |
| 1.083 | 1.083 | 1.083 | 1.083 | 1.083 | 1.083 | 1.083 | 1.083 | 1.083 | 1.083 | 1.083 | | | | | | | |
| 1.038 | 1.038 | 1.038 | 1.038 | 1.038 | 1.038 | 1.038 | 1.038 | 1.038 | 1.038 | 1.038 | | | | | | | |
| 0.904 | 0.904 | 0.904 | 0.904 | 0.904 | 0.904 | 0.904 | 0.904 | 0.904 | 0.904 | 0.904 | | | | | | | |
| 1.116 | 1.116 | 1.116 | 1.116 | 1.116 | 1.116 | 1.116 | 1.116 | 1.116 | 1.116 | 1.116 | | | | | | | |
| 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | | | | | | | |
| 0.916 | 0.916 | 0.916 | 0.916 | 0.916 | 0.916 | 0.916 | 0.916 | 0.916 | 0.916 | 0.916 | | | | | | | |
| 0.732 | 0.732 | 0.732 | 0.732 | 0.732 | 0.732 | 0.732 | 0.732 | 0.732 | 0.732 | 0.732 | | | | | | | |
| 0.944 | 0.944 | 0.944 | 0.944 | 0.944 | 0.944 | 0.944 | 0.944 | 0.944 | 0.944 | 0.944 | | | | | | | |
| 1.277 | 1.277 | 1.277 | 1.277 | 1.277 | 1.277 | 1.277 | 1.277 | 1.277 | 1.277 | 1.277 | | | | | | | |

## خشتەی A.5

## مۆدیلی لێشاو، کچان، پێشبینی، کۆی فاکتەر، گەشەی دانیشتوان، داخڵبوون لە پۆلی 1، و گواستنەوەی کچان، 2010–2011 تا 2020–2021

| سال | 2004/05 | 2005/06 | 2006/07 | 2007/08 | 2008/09 | 2009/10 | 2010/11 | 2011/12 | 2012/13 | 2013/14 | 2014/15 | 2015/16 | 2016/17 | 2017/18 | 2018/19 | 2019/20 | 2020/21 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ساڵ (2009/10=0) | | | | | | | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | 6 | 7 | 8 | 9 | 10 | 11 |
| **کچان** | | | | | | | | | | | | | | | | | |
| سەرەتاییکچان | 62,587 | 61,936 | 65,460 | 67,186 | 64,559 | 61,095 | 65,750 | 65,750 | 69,320 | 74,940 | 83,930 | 88,020 | 92,421 | 97,042 | 101,894 | 106,989 | 112,338 |
| | 55,790 | 56,294 | 62,068 | 63,444 | 70,558 | 64,437 | 61,451 | 66,134 | 66,134 | 69,724 | 75,377 | 84,420 | 88,534 | 92,960 | 97,608 | 102,489 | 107,613 |
| | 52,120 | 51,847 | 55,491 | 59,144 | 69,221 | 70,562 | 65,382 | 62,353 | 67,104 | 67,104 | 70,747 | 76,483 | 85,658 | 89,832 | 94,324 | 99,040 | 103,992 |
| | 49,809 | 48,458 | 53,648 | 56,374 | 66,520 | 70,345 | 74,252 | 68,801 | 65,613 | 70,612 | 70,612 | 74,446 | 80,482 | 90,137 | 94,529 | 99,256 | 104,218 |
| | 51,903 | 51,225 | 51,593 | 55,299 | 61,895 | 62,372 | 71,901 | 75,894 | 70,323 | 67,064 | 72,174 | 72,174 | 76,093 | 82,262 | 92,130 | 96,620 | 101,451 |
| | 42,620 | 44,799 | 43,870 | 45,130 | 55,286 | 56,150 | 57,833 | 66,668 | 70,371 | 65,205 | 62,184 | 66,922 | 66,922 | 70,555 | 76,275 | 85,426 | 89,589 |
| ناوەندیی کچان | 43,744 | 46,954 | 47,204 | 47,439 | 46,052 | 51,702 | 56,842 | 58,545 | 67,490 | 71,238 | 66,008 | 62,950 | 67,746 | 67,746 | 71,424 | 77,215 | 86,478 |
| | 39,244 | 42,199 | 46,063 | 45,052 | 42,504 | 46,127 | 49,152 | 54,038 | 55,657 | 64,160 | 67,723 | 62,752 | 59,844 | 64,404 | 64,404 | 67,901 | 73,406 |
| | 26,214 | 34,384 | 40,719 | 42,862 | 39,034 | 39,664 | 41,977 | 44,730 | 49,176 | 50,650 | 58,388 | 61,631 | 57,107 | 54,461 | 58,610 | 58,610 | 61,793 |
| ئامادەیی کچان | 28,733 | 32,062 | 22,169 | 24,873 | 35,610 | 38,202 | 32,000 | 33,866 | 36,087 | 39,674 | 40,864 | 47,106 | 49,722 | 46,072 | 43,938 | 47,285 | 47,285 |
| | 16,685 | 18,713 | 25,061 | 22,973 | 23,677 | 31,350 | 36,528 | 30,598 | 32,383 | 34,506 | 37,936 | 39,073 | 45,042 | 47,544 | 44,054 | 42,013 | 45,214 |
| | 17,044 | 19,823 | 23,463 | 26,742 | 30,034 | 33,989 | 39,814 | 46,390 | 38,859 | 41,125 | 43,822 | 48,178 | 49,622 | 57,203 | 60,380 | 55,948 | 53,355 |
| کۆی فاکتەر | | | | | | | 1.050 | 1.050 | 1.050 | 1.050 | 1.050 | 1.050 | 1.050 | 1.050 | 1.050 | 1.050 | 1.050 |
| | | | | | | | 1.006 | 1.006 | 1.006 | 1.006 | 1.006 | 1.006 | 1.006 | 1.006 | 1.006 | 1.006 | 1.006 |
| | | | | | | | 1.015 | 1.015 | 1.015 | 1.015 | 1.015 | 1.015 | 1.015 | 1.015 | 1.015 | 1.015 | 1.015 |
| | | | | | | | 1.052 | 1.052 | 1.052 | 1.052 | 1.052 | 1.052 | 1.052 | 1.052 | 1.052 | 1.052 | 1.052 |
| | | | | | | | 1.022 | 1.022 | 1.022 | 1.022 | 1.022 | 1.022 | 1.022 | 1.022 | 1.022 | 1.022 | 1.022 |
| | | | | | | | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 |
| | | | | | | | 1.012 | 1.012 | 1.012 | 1.012 | 1.012 | 1.012 | 1.012 | 1.012 | 1.012 | 1.012 | 1.012 |
| | | | | | | | 0.951 | 0.951 | 0.951 | 0.951 | 0.951 | 0.951 | 0.951 | 0.951 | 0.951 | 0.951 | 0.951 |
| | | | | | | | 0.910 | 0.910 | 0.910 | 0.910 | 0.910 | 0.910 | 0.910 | 0.910 | 0.910 | 0.910 | 0.910 |
| | | | | | | | 0.807 | 0.807 | 0.807 | 0.807 | 0.807 | 0.807 | 0.807 | 0.807 | 0.807 | 0.807 | 0.807 |
| | | | | | | | 0.956 | 0.956 | 0.956 | 0.956 | 0.956 | 0.956 | 0.956 | 0.956 | 0.956 | 0.956 | 0.956 |
| | | | | | | | 1.270 | 1.270 | 1.270 | 1.270 | 1.270 | 1.270 | 1.270 | 1.270 | 1.270 | 1.270 | 1.270 |
| زیادبوونی دانیشتوان | | | | | | | 1.050 | 1.050 | 1.050 | 1.050 | 1.050 | 1.050 | 1.050 | 1.050 | 1.050 | 1.050 | 1.050 |
| | | | | | | | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 |
| | | | | | | | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 |
| | | | | | | | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 |
| | | | | | | | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 |
| | | | | | | | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 |
| | | | | | | | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 |
| | | | | | | | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 |
| | | | | | | | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 |
| | | | | | | | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 |
| | | | | | | | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 |
| | | | | | | | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 |
| داخڵبوونی پۆلی 1 | | | | | | | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 |
| | | | | | | | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 |
| | | | | | | | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 |
| | | | | | | | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 |
| | | | | | | | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 |
| | | | | | | | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 |
| | | | | | | | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 |
| | | | | | | | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 |
| | | | | | | | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 |
| | | | | | | | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 |
| | | | | | | | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 |
| | | | | | | | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 |
| گواستنەوە | | | | | | | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 | 1.000 |
| | | | | | | | 1.006 | 1.006 | 1.006 | 1.006 | 1.006 | 1.006 | 1.006 | 1.006 | 1.006 | 1.006 | 1.006 |
| | | | | | | | 1.015 | 1.015 | 1.015 | 1.015 | 1.015 | 1.015 | 1.015 | 1.015 | 1.015 | 1.015 | 1.015 |
| | | | | | | | 1.052 | 1.052 | 1.052 | 1.052 | 1.052 | 1.052 | 1.052 | 1.052 | 1.052 | 1.052 | 1.052 |
| | | | | | | | 1.022 | 1.022 | 1.022 | 1.022 | 1.022 | 1.022 | 1.022 | 1.022 | 1.022 | 1.022 | 1.022 |
| | | | | | | | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 | 0.927 |
| | | | | | | | 1.012 | 1.012 | 1.012 | 1.012 | 1.012 | 1.012 | 1.012 | 1.012 | 1.012 | 1.012 | 1.012 |
| | | | | | | | 0.951 | 0.951 | 0.951 | 0.951 | 0.951 | 0.951 | 0.951 | 0.951 | 0.951 | 0.951 | 0.951 |
| | | | | | | | 0.910 | 0.910 | 0.910 | 0.910 | 0.910 | 0.910 | 0.910 | 0.910 | 0.910 | 0.910 | 0.910 |
| | | | | | | | 0.807 | 0.807 | 0.807 | 0.807 | 0.807 | 0.807 | 0.807 | 0.807 | 0.807 | 0.807 | 0.807 |
| | | | | | | | 0.956 | 0.956 | 0.956 | 0.956 | 0.956 | 0.956 | 0.956 | 0.956 | 0.956 | 0.956 | 0.956 |
| | | | | | | | 1.270 | 1.270 | 1.270 | 1.270 | 1.270 | 1.270 | 1.270 | 1.270 | 1.270 | 1.270 | 1.270 |

ڕێژەی زیادبوونی ژمارەی قوتابیان کە لە پۆلێکەوە دەچنە پۆلێکی تر بۆ سالانی 2004–2005 تا 2009–2010)، و وا مەزەندە کراوە کە ئەگەری گواستنەوەکە وەک خۆی دەمێنێتەوە و ناگۆڕێت لە ئاییندەدا.

ماتریکسی کۆی فاکتەر بریتییە لە بەرهەمی سێ ماتریکسەکەی تر (زیادبوونی دانیشتوان، داخلبوون بۆ پۆلی 1، و گواستنەوە) و دوایین فاکتەر کە زیاد کراوە بۆ ژمارەی سالانی تری قوتابیان کە چوونەتە پۆلەکانی 1–12 بۆ ساڵەکانی 2004–2005 تا 2009–2010.

کۆی ژمارەی پێشبینیکراوی ئەو قوتابیانەی داخڵ دەبن بۆ پۆلەکانی 1–12 لە سەرەوەی خشتەکە دانراوە.

پاشگری B

# دابەشبوونی ئەو خوێندکارانەی قوتابخانەیان بەجێهێشتووە بە گوێرەی ناحیە

**پاشگری B.1**

**رێژەی بەجێهێشتنی قوتابخانە لە تەمەنی 6–12 ساڵان، 2009–2010**




RAND *MG1140-B.1*

**شێوەی B.2**

**ڕێژەی ئەو گەنجانەی وازیان لە قوتابخانە هێناوە تەمەن 16-18 ساڵ، 2009-2010**




RAND *MG1140-B.2*

# شیکردنەوەی شێوازەکانی دروستکردنی قوتابخانە لە هەرێمی کوردستان - عێراق

کۆنستانتین سەماراس
دەزگای ڕەند

حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرقاڵی هەڵسەنگاندنەوەی دابینکردنی پەروەردەی سەرەتایی و ئامادەییە بە مەبەستی چاکتر دابینکردنی پەروەردە. لە ئێستادا ژمارەی ئەو قوتابخانانەی لەبەردەستن نەگونجاوە و ناتوانێت وەڵامی پێویستییەکە بداتەوە، شێوازی بیناسازی تەقلیدی بە شێوەیەکی گشتی کات دەخایەنێت و پارەی زیاتری تێدەچێت. ئەم پاشکۆیە هێڵکاریی هەندێک لایەنی باشە و خراپەی بەکارهێنانی قوتابخانەی کۆنکریتی ئامادە لە خۆدەگرێت وەک ستراتیجێک بۆ کەمکردنەوەی خەرجییەکان و ئەو کاتەی بەسەر دەچێت بە دروستکردنی قوتابخانەکانەوە.

لە ئێستادا 4,468 قوتابخانەی سەرەتایی هەیە بۆ پۆلەکانی 1–9 لە هەرێمی کوردستان (حکومەتی هەرێمی کوردستان، 2010a).[1] زیاتر لە 65 لە سەتی ئەم قوتابخانە لە ناوچە دوور و لادێکانن، ئەو قوتابخانەی تر لە شارەکانن (خشتەی C.1). قوتابخانەکانی گوندەکان بە گشتیی خزمەتی ژمارەیەکی کەمی دانیشتوانەکە دەکەن. 60 لە سەتی قوتابخانەکانی لادێکان خزمەتی کەمتر لە 50 قوتابی دەکەن، و 50 لە سەتی سەرجەم قوتابخانەکان خزمەتی کەمتر لە 100 قوتابی دەکەن.

لەبەرئەوەی داواکاری(طلب)ێکی زۆر هەیە لەسەر قوتابخانەکان لە هەرێمی کوردستان–عێراق و لەگەڵ دابینکاری (عرض) نەگونجاو و ناتەبایە، زۆر قوتابخانە بە دوو شەفت دەوام دەکەن، ئەمەش دەبێتە مایەی کەمبوونەوەی کاتی ناو پۆل و گرفتی کاتبەندیی بۆ قوتابییەکان دروست کراون. لە هەرێمی کوردستان بیناکردنی قوتابخانەی نوێ لە ئارادایە، و پلان هەبوو لەناو بودجەی 2010 بۆ دەستکردن بە بنیاتنانی 46 قوتابخانە. بەڵام، ئەو بودجەیەی داواکرابوو تەنێ 37 لە سەتی خەرجیی بیناکردنی 46 قوتابخانە بوو، زۆر لەو قوتابخانانە لە ساڵی داراییدا تەواو نابن (حکومەتی هەرێمی کوردستان، 2010b). سەرەڕای ئەمە 6 لە سەت لە قوتابخانەکانی ئێستا پێویستیان بە نۆژەنکردنەوەیە، ئەمەش بارێکی ترە بۆ سەر ئاستەنگەکانی وەلامدانەوەی پێداویستبوونی دروستکردنی قوتابخانە. ڕێژەی ئەو قوتابخانانەی پێویستە نۆژەن بکرێنەوە جۆراوجۆرە، لە 0.5 لە سەتەوە بۆ زیاتر لە 17 لە سەت لە سلێمانی.

**خشتەی C.1**
**ژمارە و شوێنی قوتابخانە سەرەتاییەکان**
**(پۆلەکانی 1–9) ی هەرێمی کوردستان-عێراق**

| شوێن | دەرەوەی شار/گوند | شارەکان |
|---|---|---|
| هەولێر | 1,013 | 551 |
| سلێمانی | 797 | 539 |
| دهۆک | 916 | 385 |
| گەرمیان | 205 | 62 |
| کۆ | 2,931 | 1,537 |

سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، 2010a.

[1] هەموو زانیاری سەرەتایی ئەو ژمارەی قوتابخانانە، ڕەوش و شەفتەکان، کە خراونەتە پێش ڕەند تا ڕادەیەکی زۆر نوێنەرایەتی هەموو ئەوانەی تر دەکات، بەڵام لەبەرئەوەی زانیاریە سەرەتاییەکە بە شێوەیەکی سەربەخۆ ساخ نەکراوەتەوە، پێویستە وەک زانیاری سەرەتایی خاو و بەرایی مامەلەی لەگەڵ بکرێت

بە ڕەچاوکردنی ئەو ئاستەنگانەی دێنە پێش چاکترکردنی پەروەردە لە کوردستان، ڕەنگە وا پێویست بێت شێوازی جۆراوجۆر پیادە بکرێت بۆ بیناکردن یان نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان، ئەمەش بە گوێرەی قەبارە و شوێن و داواکاریی لەسەر قوتابخانەکان. پێنج ڕێگە بۆ چاکترکردنی دابینکردنی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان بریتین لەمانەی خوارەوە:

1. بەکارهێنانی بینای کەرەستە/کۆنکریتی ئامادە کە نرخەکەی هەرزانتریشە و بە زووتریش تەواو دەبێت.
2. دانانی تاقیگەی زانستیی ئامادە لەناو قوتابخانەکانی ئێستا
3. بەکارهێنانی دیزانی بیناسازیی ستاندارد و گرێبەست بۆ لابردنی کولفەی کات و کولفەی پارە لە بەرامبەر دیزاینی بەرایی و قۆناغی ستانداردەکانی دروستکردنی قوتابخانەکە. بۆ نموونە، (دەستگای بیناسازیی قوتابخانە)ی فەرمانگەی پەروەردەی شاری نیویۆرک بە خۆڕایی پلانی تەلارسازیی دروستکردنی قوتابخانە بڵاو دەکاتەوە (فەرمانگەی پەروەردەی شاری نیویۆرک، 2010).
4. داڕشتنی پلانێک بۆ زیاترکردنی دروستکردنی قوتابخانە و ئەو قوتابییانەی خزمەتیان دەکرێت، هاوکات کەمترکردنەوەی ئەو قوتابخانەی دوو شەفت دەوامیان لێ دەکرێت، و ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان کولفەی بینایەکە، خشتەی کاتەکە، و جۆرایەتییەکەی.
5. دابەشکردنەوەی قوتابیانی قوتابخانە چەند شەفتییەکان بە بەکارهێنانی شێوازی پلاندانانی لۆجیستیی شوێنزانی.

دەتوانرێت ئەم ستراتیجانە لەسەر ئاستی نیشتمانی و لەسەر ئاستی هەرێمایەتییش پیادە بکرێن. لێرەدا، بە کورتی باسی چەمکی قوتابخانەی کەرەستەی ئامادەکراو و تاقیگەی زانستی کراوە، و باسی خاڵە لاوازەکانی و خاڵە بەهێزەکانی کراوە. حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت لە شیکردنەوەی ئاییندەدا ڕەچاوی سێ ستراتیجەکەی تر بکات.

## دروستکردنی قوتابخانە بە شێوازی تەقلیدی بیناسازی و بە کەرەستەی ئامادە

### دروستکردنی قوتابخانە بە شێوازی بیناسازیی تەقلیدیی

زۆربەی قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بە شێوازی بیناسازیی تەقلیدی دروستکراون. لەگەڵیشیدا تاقیگە و هۆڵی چالاکییەکان، وەک دیوار و سەقفەکان. قوتابخان سەرەتاییەکان بە شێوەیەکی گشتیی 50,000 تا 100,000 پێ چوارگۆشەن و یەک قاتن و بە خشت یان دیواری چیمەنتۆ دروست کراون. کولفەی قوتابخانەکان جۆراوجۆرە، هەروەها ئەو ماوەیەی کە بیناسازییە خایاندوویەتی جۆراوجۆرە، بە گشتیی نزیکەی 14 تا 26 مانگی تێدەچێت. بە گوێرەی شوێنەکە، مۆڵەتپێدان لە هەرێمەکە، ڕەزامەندیی ئاژانسەکان، دیزاینی ئەندازیاری و تەلارسازی، و چالاکیی تری بەدەر لە بواری بیناسازی، هەموویان ڕۆڵی خۆیان هەیە و رەنگە پرۆسەکە درێژتر بکەنەوە، کۆی گشتیی کاتەکە لەو ساتەوەی زەوییەکە تەرخان دەکرێت تا ئەو کاتەی قوتابخانەکە دەکرێتەوە هەندێک جار نزیکەی 34 تا 50 مانگ دەخایەنێت (سیستمی قوتابخانەی گشتیی هەرێمی وێیک، 2006).

کولفەی بیانسازیی تەقلیدی قوتابخانەیەکی سەرەتایی تا ڕادەیەکی زۆر پشت بە کرێی کرێکاران دەبەستێت، کولفەی گشتیی قوتابخانەیەکی سەرەتایی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ یەک پێ چوارگۆشە لە 140 دۆلار ەوەیە تا زیاتر لە 350 دۆلار (RSMeans, 2010; Saylor, 2010). قەبارەی پۆلێک بە گشتیی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان 960 پێ دووجایە، لەگەڵ هەندێک ڕووبەری تر بۆ چالاکی و دەستگای تر. بە شێوەیەکی گشتیی، قوتابخانە سەرەتاییەکان بە لای کەمەوە بە کۆی 100 پێ دووجا دروست کراون بۆ هەر قوتابییەک، بەڵام، هەندێک قوتابخانەی تر 150 پێ دووجا تا 250 پێ چوارگۆشەن بۆ هەر قوتابییەک. کرێکار و دەستی کار نزیکەی 65 لە سەتی کولفەی گشتیی پرۆژەکە پێک دەهێنێت.

کرێکاری خاوەن پسپۆڕێتی جیاواز، وەک کرێکاری بەستنی ئێرکۆندیشن و هەواگۆڕکێ، بۆریچی و ئاوەڕۆ، و کارەبا، هەر یەکێکیان نزیکەی 10 لە سەتی کولفە گشتییەکەن. کولفەی تریش هەیە وەک کەرەستە و کەلوپەلی ناو پۆلەکان، و کرێی دیزاینی ئەندازیاری/تەلارسازیی.

**دروستکردنی قوتابخانە بە کەرەستە و کۆنکریتی ئامادە**

شێوازی بیناسازیی قوتابخانە بە کەرەستە و کۆنکریتی ئامادە بریتییە لە بەکارهێنانی چەند دیزاینێکی ئامادە، کە دەتوانرێت دەستکارییان بکرێت و ڕێک بخرێن بە گوێرەی هەر قوتابخانەیەک. توخمە سەرەکییەکان، هەندێک جار بەشەکان، لە کارگەکە دەبەسترێت و ئنجا ڕەوانە دەکرێت بۆ شوێنەکە بۆ بەستنی، بەم شێوەیەش لە شوێنی بیناسازییەکە خاشاک و شەخەڵی کەمی لێ دەبێت. ئەم شێوازە دەبێتە مایەی کەمبوونەوەی کولفەکان بە بڕی 25 تا 60 لە سەت، بە شێکی زۆری لە ئەنجامی کەمبوونەوەی کولفەی خزمەتگوزاریی ئەندازیاری و تەلارسازی و کولفەی گرانی کرێکاران لە شوێنی بینایەکە. لەبەرئەوەی پێشوەخت بینایەکان بە گوێرەی ستانداردی نەخشەکێشان دیزاین کراون، تەلارسازی بینایەکە هەر هێندەی بەسە کە پێویستییەکانی داواکارەکە بزانێت، و مۆدیلێک هەڵبژێرێت بگونجێت. ئەگەری بەرزبوونەوەی نرخ و کولفە لە کاتی دروستکردنەکەدا لە ئەنجامی گۆڕینی فەرمان یان لەبەر پێشهاتی چاوەڕوان نەکراو ئێجگار کەمە. دوای تەواوبوونی دیزاینەکە (مانگێک تا چوار مانگ) و ئیمزاکردنی گرێبەستەکە، کۆنکریتی بناغەی بینایەکە دادەڕێژرێت و لە کارخانەکەش هاوکات بەشەکان دروست دەکرێت. ئەوسا ستیلی هەیکەلەکە لە شوێنی کارەکە دەبەسترێت، بەشەکان دەگەیەنرێتە شوێنی کارەکە، دەبەسترێن، و سیستمەکانیان بۆ دادەنرێت. هەموو پرۆسەکە شەش مانگ تا ساڵێک دەخایەنێت.

بیناسازیی بە کەرەستەی ئامادەکراو لە ویلایەتە یەکگرتووەکان زۆر بەربڵاوە، بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ ئەوەی بە خێرایی قوتابخانەکان بەرفراوانتر بکرێن، بەڵام هەروەها بۆ دروستکردنی قوتابخانەی نوێش بەکاردەهێنرێت. جۆرایەتی، دیزاین، خەسڵەتەکان، و کولفەی قوتابخانەی کەرەستەی ئامادەکراو ئێجگار لە یەکتری جیاواز و جۆراوجۆرن (شێوەی C.1). کولفەی یەک پێ چوارگۆشە لە قوتابخانەیەکی جۆری باش و مۆدرێنی کەرەستەی ئامادەکراو لە 200 دۆلار تا 300 دۆلارە، بە کولفەی دیزاینە سەرەکییەکانیش ئێجگار کەمە.

زۆر قوتابخانەی بیناکراو لە کەرەستەی ئامادە بە توخمی "سەوز" دروست دەکرێن، و وزە و ئاوی کەمتر سەرف دەکەن، وەک لە شێوەی C.2 ڕوون کراوەتەوە. بە گوێرەی کەش و بارودۆخی شوێنی قوتابخانەکە، بینایەکە بە شێوەیەک دیزاین دەکرێت و دروست دەکرێت کەمترین گەرمکردن و ساردکردنی بوێت، و زۆرترین تیشکی خۆری تێبکەوێت بۆ سوود وەرگرتن لە وزەی خۆر بۆ ڕووناک کردنەوە و بۆ سارد و گەرمیی. هەندێک قوتابخانە پەنجەرەی وزەی خۆری هەیە بۆ دابینکردنی بەشێک یان هەموو کارەبای قوتابخانەکە.

**شێوەی C.1**
**شێوەی جۆراوجۆری نموونەی قوتابخانەی کەرەستە/کۆنکریتی ئامادە**



سەرچاوە: لای چەپ American Modular Systems, 2011a، لای ڕاست Yorkon, 2011
سەرنج: ئەوەی لای چەپ بریتییە لە قوتابخانەیەکی کەرەستەی جاهیز لە کالیفۆرنیا، ویلایەتە یەکگرتووەکان،
ئەوەی لای ڕاست بریتییە لە قوتابخانەیەکی پێشکەوتووی کەرەستەی ئامادە لە یۆرک، شانشینی یەکگرتووە

RAND *MG1140-C.1*

**شێوەی C.2**
**نموونەی جۆری باشی قوتابخانە، بە پاراستنی سەوزاییەوە**



سەرچاوە: لای چەپ American Modular Systems,2011a، لای ڕاستProjectFrog, 2011
سەرنج: لە لای چەپ، لە دەرەوەی پۆلەکانی قوتابخانەکە شانەی وزەی خۆر هەیە، لە لای ڕاست، ناوەوەی قوتابخانەیەکی کەرەستەی جاهیز کە تێیدا تاقیکردنەوەی ڕووناکیی سروشتی دەکرێت

## تاقیگەی زانستی لە کەرەستەی ئامادە بۆ قوتابخانەکان

**تاقیگەی ئامادە ڕێگەچارەیەکی باشە بۆ قوتابخانەکان**

قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان زۆر جار تاقیگەی زانستییان نییە، دابینکردنی تاقیگەی زانستیی بۆ قوتابخانە کۆنەکان و نوێیەکان بە یەکێک لە ئەولەوییاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەنرێت. دانانی تاقیگەی دروستکراو لە کەرەستەی ئامادە ڕێگەیەکە بۆ دابینکردنی تاقیگە بۆ قوتابخانە کۆنەکان بە بێ ئەوەی بیناسازییەکەی ببێتە مایەی ڕاگرتنی دەوام. پۆلی زانست پۆلی تایبەتن و سیستم و مەسرەفی تایبەتیی خۆیان هەیە بە گوێرەی ستانداردەکانیان. حکومەتی هەرێمی کوردستان بە خۆی بڕیار دەدات لەسەر ئاستی تایبەتمەندێتی و خەرجیی تاقیگەکان. لە ویلایەتە یەکگرتووەکان تاقیگەکان جۆراوجۆرن، هەیانە تەنها کەرەستە و ئامێرە بنچینەییەکانیان تێدایە لە هەندێک قوتابخانەی سەرەتایی و هەندێک ئامادەییش تاقیگەی زۆر پێشکەوتووی گرانبەهایان تێدایە. پۆلی زانست لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بە گشتیی خەرجی وەک ئیشی بۆریی و ئاوەڕۆی تایبەتمەندیان هەیە، هەواگۆڕکێی تایبەت، ئامێر و کەرەستەی سەلامەتیی و فریاکەوتن، کەلوپەلی دژە–ترشەڵۆک، و کەلوپەلی تر کە لە پۆلی ئاسایی نابینرێن (بڕوانە شێوەی C.3). پۆلێکی وێی زانست کولفەکەی لە نێوان 180 دۆلارە بۆ یەک پێ چوارگۆشەی پۆلێکی ئاسایی زانست تا دەگاتە 350 دۆلار بۆ یەک پێ چوارگۆشەی پۆلێکی پێشکەوتوو، هەندێک جاریش پۆلێکی زانستی پێشکەوتوو 100,000 دۆلاری تێدەچێت و دەچێتە سەر کولفەی بینای قوتابخانە نوێیەکە.

ئەگەر بینای قوتابخانەیەکی کۆن گونجاو بێت بۆ ئەوەی پۆلێکی زانستی بۆ دابنرێت، ئەوسا ڕەنگە بنیاتنانی پۆلەکە کەمتری تێبچێت و خێراتر بنیات بنرێت وەک لە دروستکردنی موشتەمەلێکی پۆلی زانستی بۆ قوتابخانەکە. زیاترکردنی بەشێک بۆ تاقیگەیەکی زانستی پێویستی بە دیزاینی هەیکەلی و تەلارسازیی هەیە بۆ دەستکاریکردنی ئەو بینایەی کە هەیە، سەرەڕای ئەگەری ئەوەی ڕەنگە ببێتە مایەی ڕاوەستاندنی خوێندن لە دەوروبەری شوێنە زیادکراوەکە. بۆ ئەو قوتابخانانەی پێشنیار کراوە لەمەودوا دروست بکرێن، کولفەکە کەم دەبێتەوە ئەگەر پۆلی زانست بخرێتە ناو دیزاینە ستانداردەکە، لە جیاتی ئەوەی هەیکەلێکی تازە و بە جیا دروست بکرێت. بەڵام، ڕەنگە ڕوودات کە دیزاینەکە تەواو کراوە بە بێ پۆلی زانست، بەم شێوەیە پۆلێکی ئامادە ڕێگەچارەیەکی باشە لە ئاییندەدا. پێویستە هەڵسەنگاندن بکرێت لەسەر بەکارهێنانی پۆلی زانست لە کەرەستەی ئامادە بۆ بەکارهێنانی وەک تاقیگەی زانست لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان.

**شێوەی C.3**
**نموونەی پۆلی زانستی دروستکراو لە کەرەستەی ئامادە**




سەرچاوە: American Modular Systems,2011c، لای ڕاستGrayson, 2010
سەرنج: لای چەپ، پۆلێکی زانستیی لە کالیفۆرنیا، ویلایەتە یەکگرتووەکان، لای ڕاست،
سێ پۆلی خوێندنی زانست و لێکۆڵینەوەی جیهان، کۆنێکتیکەت، ویلایەتە یەکگرتووەکان
**RAND** *MG1140-C.3*

## مەزەندەی کولفەی بەرایی قوتابخانە بە کەرەستەی ئامادە لە کوردستان

ئێمە پەیوەندییمان بە چەند بەڵێندەرێکی قوتابخانەی ئامادە کرد، لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و لە تورکیاش، بۆ تاوتوێی تەکنەلۆجیاکە و کولفەکە (بڕوانە خوارەوە بۆ ناونیشان و زانیاری پەیوەندیی پێوەکردن). کۆمپانیایەکی تورکی، ڤیفا پریفاب، Vefa Prefab، پێشتر لە عێراق قوتابخانەی ئامادەی دروست کردووە –بڕوانە وێنەکەی لای ڕاستی شێوەی C.4. هەروەها لە شێوەی C.4 وێنەی ناوەوەی هەیە، قوتابخانەیەکی هەشت پۆلیی ئامادە، لە عێراق لە لایەن کۆمپانیای کۆزمۆپۆلیتان کە کۆمپانیایەکی عێراقییە دروست کرا، لە 120 ڕۆژدا دروست کرا بە کولفەی 312,000 دۆلار (U.S. Forces–Iraq, 2010)

وەک لە وێنەکان دیارە، ڤیفا پریفاب مەزەندەی بەرایی کولفەی قوتابخانەیەکی دا بە ئێمە بۆ کوردستان. مەزەندەی بەرایی ئەوان نزیکەی 275,000 دۆلار بوو بۆ قوتابخانەیەکی 12 پۆلی و نزیکەی 400,000 دۆلار بوو بۆ قوتابخانەیەکی 20 پۆلی، کاتی دروستکردنەکەش لە نێوان سێ تا شەش مانگ بوو. کولفەی تری نەخرابووە سەر وەک کڕینی زەوییەکە، ئامادەکردنی شوێنەکە، بناغەی بینایەکە، گەرم و سارد کردن، و خزمەتگوزاریی تر، کە هەموویان ڕەنگە 25 لە سەتا تا 50 لە سەتا کولفەی پرۆژەکە زیاد بکات. شێوەکانی C.5 و C.6 پلانی تەلارسازیی ڤیفا پریفابن بۆ قوتابخانەیەکی 12 و 21 پۆلی، یەک لە دوای یەک.

**شێوەی C.4**
**نموونەی قوتابخانەی لە کەرەستەی ئامادە دروستکراو لە عێراق**




سەرچاوە: لای چەپScheck, 2010، لای ڕاستNestavilla, 2011
سەرنج: لای چەپ، قوتابخانەیەک کە کۆمپانیای کۆزمۆپۆلیتان دروستی کردووە، لای ڕاست،
قوتابخانەیەک لە لایەن ڤێفا پریفابی تورکییەوە دروست کراوە.
**RAND** *MG1140-C.4*

## لایەنە باش و خراپەکانی بیناسازیی بە کەرەستەی ئامادەکراو

بیناسازیی بە کەرەستەی جاهز/ئامادە تا دێت لە ویلایەتە یەکگرتووەکان پەرەدەستێنێت لەبەرئەوەی بە خێرایی بینایەی قوتابخانەی نوێی پێ دروست دەکرێت، و بەرفراوان دەکرێت،هەروەها لەبەر کەمیی کولفەکەی چونکە لە کارگەیەکی مەرکەزیی دوور لە شوێنی قوتابخانەکە دروست دەکرێت، بەم شێوەیەش کرێی دەستی کاری ناوچەکەی بەسەردا ناسەپێت. دروستکردنی بەش و پارچەکانی قوتابخانەکە دوور لە شوێنی قوتابخانەکە دەبێتە مایەی ئەوەی دواکەوتن ڕوونەدات لە ئەنجامی کەشوهەوای نەگونجاوی شوێنی قوتابخانەکە، بەفیڕۆدانی کەرەستە و کەلوپەل کەم دەبێتەوە، و بوار دەڕەخسێنێت بەرهەمهێنان باشتر بێت و هەماهەنگی بکرێت لە نێوان بەڵێندەرە لاوەکییەکان (Engineering News-Record,2010).

کولفەی بیناسازیی قوتابخانە تا ڕادەیەکی زۆر پشت دەبەستێت بە شوێنە هەڵبژێدراوەکە، و نرخی دەستی کاری ناوخۆیی. ڕووپێوێکی لێکۆڵینەوە لە حاڵەت، بڵاوکراوە بازرگانییەکان، و تاوتوێی نافەرمی لەگەڵ دیزاینەر و بەڕێوەبەرایەتیی کۆمپانیاکانی بیناسازیی ویلایەتە یەکگرتووەکان کە تایبەتمەندن لە دروستکردنی بینای کەرەسەتی ئامادە بەکارهێنرا بۆ دۆزینەوەی مەزەندەی کولفەی بیناسازی. خشتەی (C.2) تایبەتە بە قوتابخانە و بریتییە لە ڕێژەی کولفەی بیناسازیی تەقلیدی و بیناسازیی بە کەرەستەی ئامادە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان.

**شێوەی C.5**
**نموونەی پلانی تەلارسازیی قوتابخانەی کەرەستە/کۆنکریتی ئامادە بۆ قوتابخانەی 12 پۆلی لە عێراق**




RAND MG1140-C.5

**شێوەی C.6**

**نموونەی پلانی تەلارسازیی بۆ قوتابخانەی 21 پۆلیی لە کەرستەی ئامادە لە عێراق**




RAND MG1140-C.6

لەبەرئەوەی لە هەرێمی کوردستان دەستی کار گران نییە تا ڕادەیەک، کەمبوونەوەی مەسرەف لە ئەنجامی دەست کار هێندە نابێت وەک ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان. مەزەندەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ قوتابخانەی نوێ لە نێوان 1.2 – 2.6 ملیۆن دۆلارە، ئێجگار کەمترە لە مەزەندەکانی خشتەی C.2. لێرەوە، پێدەچێت بڕیاردان لەسەر بەکارهێنانی کەرەستەی ئامادە بۆ بیناسازیی قوتابخانە زیاتر بکەوێتە ژێر کاریگەری خشتەبەندی وەک لە کەمکردنەوەی کولفە.

ئەگەر ئێمە ڕەچاوی ئەو مەزەندەی کولفانە بکەین کە لە بودجەی 2010 ی حکومەتی هەرێم پێشنیار کراون، 30 قوتابی لە یەک پۆل، و کۆی 100 پێ دووجا بۆ هەر قوتابییەک، ئەوسا دروستکردنی قوتابخانەیەک بە ڕووبەری 81,000 پێ چوارگۆشەی 27 پۆلی و 54,000 ی 18 پۆلی کەمتر لە 40 دۆلاری تێدەچێت هەر پێ چوارگۆشەیەکی.

**خشتەی C.2**

**کولفەی نزیکەیی دروستکردنی قوتابخانەیەکی سەرەتایی ئەمریکی بە شێوازی تەقلیدی و بە کەرەستەی ئامادە**

| | کولفە ( بە ملیۆن دۆلار) | | | |
|---|---|---|---|---|
| | بیناسازیی تەقلیدی | | بیناسازیی بە کەرەستەی ئامادە/جاهز | |
| ژمارەی پۆل | کەم($\$140/\text{ft}^2$) | زۆر($\$350/\text{ft}^2$) | کەم($\$200/\text{ft}^2$) | زۆر($\$300/\text{ft}^2$) |
| 12 | 5.0 | 12.6 | 7.2 | 10.8 |
| 18 | 7.6 | 18.9 | 10.8 | 16.2 |
| 27 | 11.3 | 28.4 | 16.2 | 24.3 |

سەرنج: ژمارەکان بۆ 30 قوتابین لە یەک پۆل و بە کۆی 100 پێ چوارگۆشە بۆ یەک قوتابی، لەناویدا هەموو بۆشاییە هاوبەش و دەستگاکانیش.

ڕوون نییە ئاخۆ لەم ژینگەیەدا بیناسازیی بە کەرەستەی ئامادە کولفە بگەڕێنێتەوە. بەڵام، وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد، مەزەندە بەراییەکانی بیناسازیی بە کەرەستەی ئامادە بە شێوەیەکی بەرچاو کەمترە لە مەزەندەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دروستکردنی قوتابخانە بە شێوازی تەقلیدی، و وا پەسەندە حکومەتی هەرێمی کوردستان لێکۆڵینەوەی زیاتر بکات لەسەر پەنا بردن بۆ بیناسازیی جۆری ئامادە.

